# دیوان

ژمارە (٢) تەممووزی ٢٠٢١ زایینی
گەلاوێژی ٢٧٢١ی کوردی

لەدوای ڕاپەڕین قۆناغێکی تازە هاتە پێشەوە کە لەبواری ڕۆژنامەگەریدا بێ وێنە بوو، دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار دەرچوون، ئەمەش بە قۆناغێکی پرشنگدار دەژمێردرێت لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ئەمە وێڕای هەڵکشان و داکشانی زۆر لەو ماوەیەداو تێپەڕین بەبارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکی دژوار، کە هەموو ئەم هەڵبەزو دابەزەش کاری زۆری کردە سەر ڕەوت و ڕەوشی ڕۆژنامەگەری بەگشتی و ڕۆژنامەگەری کاغەز بەتایبەتی.
ئەو پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆژیاو دواجاریش سەرهەڵدانی سۆشیال میدیا، کە یەکێکە لەو هۆکارانەی وایکرد میدیای کاغەز دوابکەوێت، بەشێوەیەک بەشێک لەنووسەران و ڕۆشنبیران پێیان وابوو ئیتر کۆتایی بەمیدیای کاغەز دێت و سۆشیال میدیا جێگای دەگرێتەوە، بەڵام ماوەیەکە هەست دەکەین میدیای کاغەز بوژانەوەیەکی بەخۆوە بینیووەو لێرەولەوێ دەست بەدەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی کاغەز کراوەتەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هیچ شتێک جێگای شتی دیکە ناگرێتەوەو هەرشتەو تاموچێژی خۆی هەیە، بەتایبەتی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە لەبواری تەکنۆلۆژیادا دروستبووە مەترسی ئەوەی لێدەکرا، ئازادی ڕاگەیاندن بەشێوەیەک لەشێوەکان کۆنترۆڵ بکرێ، بۆیە دەکرێ بڵێم میدیای کاغەز ڕۆڵی خۆی هەر دەمێنێت و ئیستاش زۆربەی ئەوانەی توێژینەوە دەکەن، ناچارن بگەڕێنەوە سەر ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە لەبیستەکان و دواتر دەرکراون بۆ ئاگاداربوون لەڕەوتی سیاسی و ڕۆشنبیری و کلتووریی ئەو سەردەمی کوردستان.
بەتێگەیشتن لەو ڕاستییە تێهەڵچووینەتەوەو بە هاوکاری هەندێک لە هاوڕێیان لە ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیارماندا گۆڤاری دیوان دەربکەین، ئەمەش دوای ئەوەی بینیمان لەڕابردوودا زۆر گۆڤاری سیاسی وروژێنەر دەرچوون، بەڵام زۆربەیان بۆ ماوەیەکی کاتی بوون و نەمان و هیچیان لەدوای خۆیاندا بەجێ نەهێشت، بەڵام ئێمە لەدەرکردنی گۆڤاری (دیوان)دا دەمانەوێ شوێن پەنجەمان دیاربێت.

**سەرنووسەر**


**گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە**
**ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات**

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**




کاری هونەرمەند
**عەزیز سەلیم**


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری
نزیک کۆلێژی دەرمانساز

govaridiwan@gmail.com



دیزاین: **ئاسۆ حەسەن ئەحمەد**

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠٤٤٨٣٨٦٣



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## لەم ژمارەیەدا

*** دۆسییە:**


١- مەعرووف جیاووک (١٨٨٥-١٩٥٨) یاسا ناس و پەرلەمانتار، پارێزەر/ طارق جامباز ........ ل٤
٢- مەعرووف جیاووک (١٨٨٥-١٩٥٨)، عەبدولهادی ڕەحمان قەساب ........ ل١٢
٣- مەعرووف جیاووک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەندێک لە هەڵوێستەکانی، د بەختیار سەعید ........ ل١٨
٤- مەعرووف جیاووک –ئاوڕدانەوەیەک لە بیر و بۆچوونەکانی، سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل٢٠
٥- دیدارێک لە گەڵ دکتۆر ئازاد عوبێد، سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل٢٢


*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**


١- خوێندنەوەیەکی نیشانەناسی بونیادگەری بۆ شیعری (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا)ی ەباح ڕەنجدەر (نیشانەکانی گیان لەبەران)، ڕزگار جەباری ........ ل٣٠
٢- چیرۆک و شیعری وێنەیی لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، سابیر ڕەشید ........ ل٤٤
٣- ڕۆمانی (فریشتەی دۆزەخ)ی باهۆز مستەفا، زانا خەلیل ........ ل٤٩
٤- ئیرۆتیک، لەلای قبادی جەلی زادە/بەشی دووەم، فەریدون سامان ........ ل٥٤


*** دەق:**


شیعر: ١- ڕاستییەکی ڕەها، حەمە عەباس ........ ل٦٤
٢- حەزم لە باوەشی تۆیە، هەندرێن ئەحمەد ........ ل٦٦
٣- فرمێسکی ڕەش، وان حەیدەری ........ ل٦٧
چیرۆک: ٤- پەیکەری فریشتەی خۆشەویستی، ئازاد ئەرگوشی ........ ل٦٨
٥- هێلکە، و/ مقداد شاسواری ........ ل٧٢


*** ڕۆشنبیریی گشتی:**


١- ئەفسانە لەڕۆشنبیریی مرۆڤدا، عەبدولڕەحمان فەرهادی ........ ل٧٦
٢- نیشانە و تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی گەلان لە سەدەی بیست و یەک، ستار باقی ........ ل٨٠
٣- نامەکانی کاک ئەحمەدی شێخ بۆ حاجی عومەر ئەفەندی، ئیحسان موفتی ........ ل٨٤
٤- مزگەوت، خانەقا و زاناکانی هەولێر لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم، موحەمەد گەلاڵەیی ........ ل٩٦


*** دیدار:**


١- لەگەڵ (گۆران سەباح)دا، سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل١٠٢


*** خوێندنەوەی کتێب:**


١- کچانی دوکەڵ ئاگر، گەڕان بەدوای ناسنامە، یان ونبوون لە نێو چەوسانەوەدا، مەسعودی مەلا هەمزە ........ ل١١٢
٢- هەڵوەستەیەک، ئامانج غازی ........ ل١١٨


*** هونەری:**


١- هەولێر و مۆسیقای مەجلیسی، فەرهەنگ غەفوور ........ ل١٢٠
٢- گۆرانی، سالار کۆشار ........ ل١٢١


*** لەبری بیرەوەری:**


١- ڕەسول بێزار گەردی، میری حەیرانی کوردی، ستار محەمەد ئەمین ........ ل١٢٤
٢- نووسەران و خەباتی شاخ، سەباح شوکر ........ ل١٢٨
٣- (بوزیسینا) و (دالامپەر)، فەرهاد جەمیل ........ ل١٣٠


*** وێستگەی دیوان:**


١- زۆرن ئەوانەی ڕووداوێک ژیانی گۆڕیوون ........ ل١٣٢
٢- موحسین حەمرا ........ ل١٣٤
٣- لە یادی فەرید زامداردا ........ ل١٣٥


*** باخچەی دیوان:**


١- لە ئێوارەیەکی قەشەنگدا ژمارە (١)ی گۆڤاری دیوان بڵاوکرایەوە ........ ل١٣٨
٢- ساڵۆنی لاپەڕە نۆ ........ ل١٤١
٣- دوالاپەڕە، بێکەس حەمە قادر ........ ل١٤٤

# دۆسییە

# مەعرووف جیاووک

- **مەعرووف جیاووک (١٨٨٥- ١٩٥٨) یاساناس و پەرلەمانتار**

پارێزەر تارق جامباز

- **مەعرووف جیاووک (١٨٨٥- ١٩٥٨)**

عەبدولهادی ڕەحمان قەساب

- **ڕۆڵی گفتوگۆکانی مەعرووف جیاووک لەنێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەندێک لە هەڵوێستەکانی**

پ.ی.د.بختیار سعید محمود

- **مەعرووف جیاووک و ئاوڕدانەوەیەک لە بیر و بۆچوونەکانی**

سمکۆ عەبدولکەریم

- **د. ئـازاد عوبێد: بەڕاستی ئێمە بێ ئینساف بووین بەرامبەری، ئەوە دەقی قسەی عەزیز محەمەد بوو**

# یاساناس و پەرلەمانتار

# مەعرووف جیاووک

## (١٨٨٥– ١٩٥٨)



نەتەوەکان لە هەموو سوچێکی دونیادا بایەخ و گرنگییەکی تایبەت بە کەستایەتییەکان دەدەن و بەشێوە و شێوازی جیاجیا، بەیادکردنەوە یان چاپکردنەوەی بەرهەمەکانیان، یان ناویان لە شوێن و هۆڵ و سەنتەر و شەقام دەنرێت، یان پەیکەریان بۆ دروست دەکەن و ماڵەکانیان دەکەنە مۆزەخانەو...هتد. ئەمەش دەبێ بە پلان و نەخشە بۆ دارێژراو ئەنجام بدرێ، بەداخەوە دەڵێم تاکو ئەمڕۆش ناوی ناوداران لە پارێزگای هەولێر بەرێک و پێکی لەدوو تۆیی بەرهەمێک چاپ و بڵاونەکراونتەوە، تاکو نەوە دوای نەوە کەستایەتییەکان بناسن و بزانن چییان کردوە.

مەعرووف جیاووک خاوەنی هەڵوێستی بوێر و ڕاشکاوانە بووە، لەهەر پلەو پایەیەکدا بووبێ پارێزەری نەتەوەو زمانەکەی بووە، چ لە پارێزەرایەتی، یان دادوەری، یان داواکاری گشتی، یان ئەندامی تەمیزی عێراق، یان پەرلەمانتار لە پەرلەمانی عێراق (١٩٢٨– ١٩٣٠). هەڵوێستەکانی جێگای شانازی و سەرفرازی و سەربڵندی گەلی کوردستانن، بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندار یادی کەڵە مرۆڤەکانی بکاتەوە، وەک (ئەمین ڕواندزی ١٨٩٨– ١٩٥٥) و (سمایل بەگی ڕواندزی ١٨٩٥– ١٩٣٣)... هتد.



پارێزەر

**طارق جامباز**

ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

مەعرووف جیاووک وەک پاکترین فەرمانبەری دەوڵەت و سەرڕاستترین یاساناس و دارایزانی بێوێنەی سەرتاسەری عێراق .

لە ساڵی (١٩١٢) ڕۆژنامەیەکی بەناوی (الحقوق) دەرچواندووە و بیست و شەش ژمارەی لێدەرچووە، دادوەری لەزۆر لەدادگاکانی عێراق کردووە، لە دادگای کەرکوک (١٩٢٣)، لە دادگای بەرایی هەولێر (١٩٢٤)، لە دیوانیە (١٩٢٥) لەحەی دیوانیە (١٩٢٦) و لە موسەیب (١٩٢٧) لە کەربەلا (١٩٣١) بەرایی کەرکوک (١٩٣٢) پاشان دەبێتە جێگری سەرۆکی دادگاکە. لە ساڵی (١٩٢٦) دەبێتە پشکێنەری دادوەری و دوایی ساڵی (١٩٣٦)ش دەبێتە جێگری سەرۆکی دادگای بەرایی حیللە، دیسان پشکێنەری دادوەری و لە ساڵی (١٩٣٨) دەبێتە داواکاری گشتی (مدعی عام) و لە (١٩٤١) ئەندامی دادگای تەمیز کە باڵاترین دادگابووە لەعێراق.

بەڵام ئێمە هەر تەنیا لایەنی یاساناسی و پەرلەمانییەکەی وەردەگرین و باسیان لێوە دەکەین. سەرەتا دەمەوێ سێ هەڵوێستی مەعرووف جیاووک باس بکەم کە بۆیان گێڕاومەتەوە:

هەڵوێستی یەکەم: کە لەشکری ئینگلیز لە هەولێر بوو، سەربازی هیندیان تیا دەبێ و لەدووری شار کچێک بە تەنیا دەبێ، سەربازەکە لە پەنایەک دەستدرێژی دەکاتە سەر کچەکە و دواتر دەیکوژێ، ئەم هەواڵە بڵاو دەبێتەوە و دەگاتە مەعرووف جیاووک، کە ئەو کات دادوەری دادگا بووە، یەکسەر دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن سەرەنجام بۆیان دەردەکەوێ، بەشاهیدی بینەران کە ئەو سەربازە ئەو تاوانەی ئەنجامداوە، سەربازەکە دەگیرێ و دان بە تاوانەکەیدا دەنێ،

دادگای باڵاش بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەکات و دواتریش جێبەجێ دەکرێ.

هەڵوێستی دووەم: سەبارەت بە گومانلێکراوی کوشتنی مەلیک غازی: دوای کوژرانی مەلیک غازی، دادگای عورفی دامەزرا و چەند ئەفسەرێکیان گرت، بۆ ئەوەی کوشتنی مەلیکی تیا بزر بکەن، چونکە نوری سەعید وەسی (الوصی) لەم ئەفسەرانە دەترسا، نەوەک دژی حکومەت جولانەوەیەک ئەنجام بدەن، بەتایبەتی کە شیاوی ئەو کارە بوون، گیراوەکان ڕەوانەی دادگای عورفی کران، لەنێو گیراوەکانیشدا (حکمەت سلیمان) یشی تێدا بوو، کە لە سەربازخانەی ڕەشید گیرابوون، لەبەر ئەوەی بە چاوێکی ڕەگەز پەرستانە سەیری نەتەوەکانی تری دەکرد، بۆیە مەعرووف جیاووک بەینی لەگەڵ باش نەبوو، ئەو کات جیاووک (داواکاری گشتی- مدعی عام) بوو. ئەنجومەنی عورفی کە گوتیان (حکمت سلیمان) بێنن بۆ ئیفادە وەرگرتنی حکمەت گوتی: بەگوێرەی یاسا دەبێ مەلیک ئیفادەم لێوەربگرێ، چونکە سەرۆکی وەزیران بوو، لەلایەکی دیکەش دەترسا نەوەک جیاووک حوکمێکی قورسی بەسەردا بدات، بەڵام کە هێنایان مەعرووف جیاووک ڕووی تێ کردو پێی گوت: ئیفادە بدەو مەترسە.

(حکمت سلیمان)یش گوتی: تەنیا بۆ ویژدانی تۆ ئیفادە دەدەم.

ئینجا ئیفادی داو بردیانەوە بۆ گرتووخانە، پاشان حوکمێکی کەم درا، بەڵام ئەوانی دی کە لەسەر کوشتنی مەلیک گیرابوون، هەر هەموویان بە ئیعدام کردن حوکم دران، بەڵام کە بردیان بۆ ئەوەی (جیاووک)یش ئیمزای بکا، ئیمزای نەکرد و گوتی: من ئەو دۆسیەیە بەپێی یاسا و ویژدان ئیمزا دەکەم. مەعرووف جیاووک چووە ماڵ و دوای نان خواردن زەنگی دەرگا لێ درا، کە کردیانەوە، دیتیان شوفێری نوری سەعیدە، کاتێ کە هاتە ژوورەوە، جیاووک لێی پرسی بۆچی هاتووی؟

شوفێرەکە گوتی: قوربان، پاشا وا لەماڵەوە چاوەڕوانت دەکات. (محمد ڕوشدی دزەیی کە بەردەوام لەگەڵ مەعرووف جیاووک بوو) گوتی: چووە ماڵی نوری سەعید، کە چووە ئەو هۆدەی نوری سەعیدی لێ بوو.. گوێم لێبوو جیاووک بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد و دەیگوت: ئەو ئەفسەرانە خاوەن ماڵ و منداڵن، ئێوە بەخۆڕایی، بڕیاری خەڵک ئیعدام کردن دەر دەکەن؟ ئەمانە بێ تاوانن.. دوا قسەم ئەوەیە کە من ئیمزای ناکەم.. بۆ خۆتان داواکارێکی دی بدۆزنەوە.

> **گوێم لێبوو جیاووک بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد و دەیگوت: ئەو ئەفسەرانە خاوەن ماڵ و منداڵن، ئێوە بەخۆڕایی، بڕیاری خەڵک ئیعدام کردن دەر دەکەن؟**

لەوەڵامدا نوری سەعید گوتویەتی: (وصی) دەیەوێ ئەم مەسەلەیە تەواو بکرێت، پاشان بەهەمان ئۆتۆمبێلی نوری سەعید گەڕاندویانەتەوە ماڵ، ئینجا نوری سەعید تەلەفۆنی بۆ جیاووک کردوە و پێی گوتوە: (وصی) دەیەوێ بچێتە (قصر ڕحاب) و لەوێ چاوەڕێتە، بۆ ڕۆژی دواتر جیاووک چووە لای (وصی) و چاوی پێی کەوت.. لەبەر ئەوەی جیاووک بە سەروبەری ئیشەکەی دەزانی و بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێ، پێی گوتبوو: کەیفی خۆتە، هەرچۆنی بڕیار دەدەی بەکەیفی خۆت بکە. چونکە من (مەبەست مەعرووف جیاووکە) بەگوێرەی یاسا و ویژدانم بڕیار دەدەم.. پاشان ئەنجومەنی عورفی حوکمی جیاجیای بۆ دەرکردن.

هەڵوێستی سێیەم: هەڵوێستێکی یاسا پارێزانەی جیاووک:

پیاوێک کوژرا بوو، خەڵکیش دەیانزای کێ کوشتوویەتی.. بەڵام بەخاترانە لەسەر بکوژەکەیان لادا و کوڕە سەیدێکی هەژاریان، لەجیاتی بکوژەکە، بەکوشتنی ئەو پیاوە تاوانبار کردبوو، ئەوڕاقی ئەو کوڕە سەیدە هەر لە پۆلیسخانەو لێکۆڵینەوە و دادگاوە زۆر بەخراپی بۆیان تێکۆشیبوو.. وایان بۆ نووسیبوو، دەتوانرێ بگوترێ ئەو نووسینە بەرەو پەتی سێدارەی دەبات.. کە ئەوڕاقی گەیشتە دادگای تەمیزی عێراقی، ئەندامانی دادگای تەمیزیش ئیمزایان کردبوو، پاشان دایانە جیاووک تاکو ئەویش ئیمزای بکات، بەڵام ئەو گوتی: تاکو هەمووی بەوردی نەخوێنمەوە ئیمزای ناکەم، ئەو تاکو هەمووی خوێندەوە، نەنووست، ئینجا بۆی دەرکەوت هیچ بەڵگەیەکی

یاسایی نییە کە ئەو پیاوە تاوانبار بکات، بەیانی کە چووە دادگای تەمیز و لەگەڵ ئەندامانی دانیشت، پێی گوتن: ئێوە چۆن بێ خوێندنەوە، بڕیاری ئیعدامکردنی بێ تاوانێک ئیمزا دەکەن؟

ئینجا بیرخەرەوەکەی نووسی و ئاماژەی بە چەند مادەیەکی یاسایی کرد و ئەو پیاوە تاوانبار کراوەی (بەبێ تاوان ناساند) داواشی کرد دەبێ ئازاد بکرێ. بەیانی کە چووە دادگای تەمیز و لەگەڵ ئەندامانی دانیشت، پێی گوتن: ئێوە چۆن بێ خوێندنەوە بڕیاری ئیعدامکردنی بێ تاوانێک ئیمزا دەکەن؟

ئینجا بیرخەرەکەی دانێ، بۆ ئەوەی بیخوێننەوە، دوای خوێندنەوە و لێووردبوونەوەی ئەو بیرخەرەیە، بڕیاریاندا ئەو کەسە ئازاد بکرێ.


ئەم وێنەیە لەناوەڕاستی پەنجایەکانی سەدەی بیستەم لەباغی ئیبراهیم چیچو لە شەقڵاوە وەرگیراوە، لەناوەڕاستی وێنەکە (١) مەعرووف جیاووک وەستاوە و لای ڕاستیشی (٢) منداڵەکانین و لای چەپیش زۆربەیان ئەفسەرەن لەکانی فرەزیاتی سوپای عیراق و لەنێوانیان (٣) زەعیم عبدالکریم قاسم) دانیشتووە دەبینرێ.

دوای سێ ڕۆژان.. عەسرانێکی درەنگ کەسێک لە دەرگایماڵی جیاووکی دا، کە دەرگایان کردەوە و گەڕانەوە لای جیاووک پێیان گوت: مرۆڤێکی بەرگ دڕاوی هەژاری پشتێن کەسک لەدەرگا وەستاوە و دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ، دەڵێ: دوو قسەی لەگەڵدا دەکەم.. (جیاووک)یش گوتی: با بفەرموێ بێتە ژوورەوە لەژووری میوانان دابنیشێ. ئینجا کابرا هاتە ژوورەوە و جیاووک بەخێرهاتنێکی گەرمی کردو پێی گوت: فەرموو مام سەید چ قسەیەکت هەیە؟

سەید گوتی: قوربان جەنابت (مەعرووف جیاووک)ی؟
ئەمیش گوتی: بەڵێ.

مام سەیدیش، لەگیرفانی دەسرۆکێکی گرێدراوی دەرهێنا. کە خەریکی کردنەوەی بوو، بە (جیاووک)ی گوت: قوربان ئەوە چڵ ساڵ دەبێ من کاسبی دەکەم، تەنها ئەو چل لیرەیەم پێ پاشەکەوت کراوە.. ئەوەشم بۆ جەنابت هێناوە، چونکە کوڕەکەی منت لە ئیعدامکردن ڕزگارکرد.. جیاووک لە وەڵامدا گوتی: مام سەید ئەوە پارەکەم لەتۆ وەرگرت و دامەوە خۆت، لە منداڵەکانتی خەرج بکە هەرچەندی مام سەید هەوڵیدا، بەڵام جیاووک قەبوڵی نەکردو گوتی: مام سەید ئەم ئیشەم بۆ خودا کردووە، بۆ تۆم نەکردووە، چونکە هەرگیز نابێ بێتاوان لەجیاتی تاوانبار سزا بدرێ.

لە (١٩٢٨/٥/١٨) دەستی لە کاری دادوەری، کە لە موسەیب بوو کێشایەوە، لە (١٩٢٨/٥/١٩) وەکو پەرلەمانتار دەستبەکاربوو، ئەوسا عبدالمحسن سعدون سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای کرد کە ببێتە وەزیری داد، چونکە (وەزیری داد) دەستی لەکار کێشابووەوە بەڵام قایل نەبوو، چونکە دەیویست تەنیا کاری پەرلەمانتاری ئەنجام بدات، دواتر عبدالمحسن سعدون لە کۆبوونەوەیەکدا یەکێکی پێشنیاز کرد، پەرلەمانتارە کوردەکان پێی قایل نەبوون، چونکە ئەو کەسە چەندین پۆستی وەزارەتی وەرگرتبوو، دواتر گوتی: ئێوە لەنێوان خۆتاندا لەسەر یەکێک ڕێککەون، پەرلەمانتار سمایل بەگی ڕواندزی گوتی: لەبەر ئەوەی پۆستی وەزیری داد (چۆڵە) بۆیە من ناوی مەعرووف جیاووک پێشنیاز دەکەم و بۆ ئەو پۆستەی دەپاڵێوم، بەڵام مەعرووف جیاووک داوای لێبوردنی کرد.. سوپاسی ئەو متمانەی کردن و گوتی منیش مافدەدەم بەخۆم کە داود بەگی حەیدەری بۆ ئەو پۆستە بپاڵێوم، هیوادارم کە ئێوە لەسەری

ڕێککەون، هەموویان قایل بوون، ئینجا ناوەکەی پێشکەش بە سەرۆک وەزیران کرا، دواتر ئیرادەی مەلەکی بۆ دامەزراندنی دەرچوو.

لە پەرلەمانیش بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرۆک عبدالعزیز بەگی قەساب و جێگری دووەم ئیسماعیل سەفار بوون، بەڵام بۆ جێگری یەکەمی پەرلەمان، ئەندامان لەسەر ناوی یەکێک ڕێکنەکەوتن، بۆیە بۆ ڕۆژی دواتر تەنیا دوو پاڵێوراو (مەعرووف جیاووک و زەکی بەگ) مانەوە، دوای دەنگدان مەعرووف جیاووک زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

پەرلەمانتاری مەعرووف جیاووک کە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران عێراقیش (١٩٢٨- ١٩٣٠) بووە زۆر چالاکانە کاری پەرلەمانی بەجێگەیاندووە، لەم دوو ساڵەدا جێ پەنجەی لەڕاوبۆچوون و ڕامان و پێشنیاز و داکۆکی کردنی لەڕاستی و بەدرۆخستنەوەی ئەوەی دوورن لەڕاستی دیار بووە.

گەربێتو لەپرسیارەکانی ووردبینەوە کە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا ئاراستەی وەزیرەکانی کردووە، هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە هەر لەهەمووارکردنی پرۆگرامی خوێندن و گرنگی دان بەرێگاوبان و دروستکردنی پرد و فەرمانگەی تەندروستی و دامەزراندنی لیوای نوێ و زمانی کوردی و...هتد. ویستوویەتی ئەم کارانە بەتاق و تەنیا ئەنجام نەدا، بەڵکو داوای لە پەرلەمانتارانی کوردیش کردووە کە ڕای ئەوانیش و ئیمزایان لەسەر بێ، بەڵام زۆرینەیان لەگەڵیدا نەبوونە.

هەندێ نموونە لە پوختەی قسەکانی دەهێنمەوە دەنا بە باسێک دوان تەواو نابێ.
ئەو ڕوونکردنەوە و وەڵامدانەوانەی کە پێویست بوون ئەم وەڵامیان بداتەوە:
لەبارەی قەڵای هەولێرەوە

لەدانیشتنی (١٩٢٨/٧/١١) ئەم سێ پرسیارەی ئاراستەی وەزیری ئاودێری و کشتوکاڵ کردووە:

پ١/ هۆکاری ڕێگەپێدان بەهەڵکولینی دامێنی قەڵای هەولێر چییە؟ بۆ ئەوەی زەوی نوێ پەیدا بکرێ، بێ ڕەچاوکردنی مەترسی ڕووخانی خانووبەرەی دانیشتوانی قەڵا، لەبەر ئەوەی ئەو هەڵکۆڵینە بۆشایی لە بەدەنی قەڵا پەیدا دەکات، بەتایبەتی لەزستاندا بارنێکی زۆر دەبارێ و دەبێتە هۆی داماڵینی خۆڵەکەی و مسۆگەر دەبێتە هۆی داڕمانی و بەم جۆرەش زیان و زەرەری پتر دەبێ.

پ٢/ هۆکاری هونەری یا یاسایی بۆ هەڵکۆڵینی لەئارادا هەیە، پێشتر، پێش هەڵکۆڵینی پشکنینی بۆ کراوە یان نا؟

پ٣/ کێ کڕیاری ئەم زەوییە دروستکراوەیە لەهەڵکۆڵینی خۆڵی قەڵاو نرخەکەشی چەندە؟


لەڕاستەوە: طارق جامباز، د. کەمال مەزهەر، سیروان چیچو، فاروق ابراهیم شەریف، کاوە مەحمود (وەزیری ڕۆشنبری)، شەماڵ حەوێزی - دەستپێکی فیستڤاڵی مەعرووف جیاووک/ گوندی سرێشمە/ ٢٠١٠

وەزیر لە وەڵامدا دەڵێ: ئێمە فەرمانمان بە هەڵکۆڵینی داماڵینی قەڵا بە فەرمانگەی ئەملاک نەداوە و هیچ ئاگاداریش نین، کە زانیم بروسکەیەکم بۆ موتەسەریف کرد کە ڕێکارەکان بۆ ڕاگرتنی بگرێتەبەر، گەر هەڵکۆڵینیش ئەنجامدرابێ، نووسراوێکم بۆ وەزارەتی ئەشغال و ڕێگاوبان کردوە، بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئەندازیارێک بنێرێ و هیچ هۆکاری یاسایی لەئارادانییە و زەوی نوێ دروستکراو نییە تاکو کڕیاری هەبێ.

مەعرووف جیاووک لەوەڵامدا دەڵێ:

کاتی خۆی موتەسەریفی هەولێر دوو هەزار مەتری داوە بە حکومەت لەهەولێر، بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەک و فەرمانگەیەکی پۆستە، هەردوو وەزارەتی دارایی و ناوەخۆش قایل بوون بەگۆڕینەوە بە زەویەکی دیکە.

بەڵام هێشتا هەڵکۆڵینی دامێنی قەڵا بەشێوەیەکی زۆر خێرا بەردەوامە و دەڵێن لە داماڵینی قەڵا زەوی هەیە (لەنێوان ڕێگەی گشتی و قەڵا) بەڵام ئەم زەوییە بوونی نییە ئەم هەڵکۆڵینە بە مەبەستی زەویەکی نوێ پەیدا کردنە، تاکو دوکانی لێ دروست بکرێ و حکومەت جێگری بەڕێوەبەری ئەملاکی ئەمیری نارده هەولێر تا بزانێ ڕاستوخۆ چ کراوە، کە گەڕایەوە لەراپۆرتەکەیدا قسەکانی منی سەلماند، سەرەڕای بەدەرکەوتنی ڕاستی لە هەڵکۆڵینی قەڵا (زەویەکی نوێ) پەیدا کراوە و ئەمەش لەڕووی یاسایی نابێ، چونکە قەڵاکان سەر بە شارەوانین و هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ بیداتە کەس لەبەر ئەوەی سەر بەفەرمانگەی ئەملاک نییە.

(١٨/ک٢/١٩٣٠)

پرسیارێکی ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کرد لەبارەی پێکهێنانی دوو لیوای نوێ لەدهۆک و باجەلان:

ئایا گوژمەیەک لەبودجەی ساڵی نوێ بۆ هەردوو لیوای دهۆک و باجەلان، کە بڕیارە پلانی دامەزراندنیان (پێکهێنانی) ساڵێک دەبێ دراوە، پارە دانراوە یا نا؟

وەزیریش لەوەڵامدا: بڕیاری وا نەدراوە و لەبودجەش گوژمەی بۆ تەرخان نەکراوە، بەڵام مەعرووف جیاووک جەختی لەسەر دەکاتەوە کە دەبێ ئەم دوو لیوا نوێیە دابمەزرێن.

لە (١٤/ک٣/١٩٢٩)

ئەم پرسیارەی ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کردووە: لە بروسکەیەکدا بۆ سلێمانی لەبارەی ئەوەی فەرمانگەی شارەوانی چوارئانە (عانە) ڕسم لەهێنان و بردنی شتومەک بۆ سلێمانی وەردەگرێ، هیوادارین سەرچاوەی ئەم ڕەسمە چۆن وەردەگیرێ و چۆن سەپێنراوە کە وەربگرێ، ڕوون بکرێتەوە، ئایە یاسایەک بۆ وەرگرتنی هەیە، گەر نەبێ بۆچ وەردەگیرێ و چی کراوە بۆ هەڵگرتنی ئەم باجە، کە فەرمانگەی شارەوانی بەردەوامن لە وەرگرتنی؟!.

لە وەڵامدا وەزیری ناوخۆ دەڵێ: دوای لێ وردبوونەوە جارێ نەگەیشتوونەتە ئەنجام، کە لەوەرگرتنی پشت بە بنچینەیەکی یاسایی دەبەستن، بۆیە بڕیارماندا کە سەرەتای ساڵی نوێ هەڵبوەشێتەوە و فەرمانیشم لەم بارەوە دەرچواندووە.

مەعرووف جیاووک: بەتەواوی تێگەیشتم کە وەزیر دەڵێ سەری ساڵ چ سەری ساڵێک سەرە ساڵی ئاسایی کە لە (١/١/١٩٢٩) یا سەری ساڵی دارایی کەلە (١/٤/١٩٢٩) دەست پێ دەکات، گەر سەرەتای ساڵی ئاسایی بێ واتە (١/١) ئەو خەڵکەش سوپاسی دەکەن.

وەزیری ناوخۆ: لەسەرەتا سەری ساڵی دارایی دەست پێدەکات.


مەعرووف جیاووک: وەزیر ددان بەوەدا دەنێ کە وەرگرتنی ڕەسمەکە نایاساییە، ئەی بۆچی بەردەوامن لەوەرگرتنی، دەبوایە وەرگرتنی دوانەخرێ تاکو نیسان بەڵکو دەبوایە فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ڕەسمەکە هەر ئەمڕۆ بوایە یان لە (١/١/١٩٢٩) جێبەجێ بکرێ.


وەزیری ناوخۆ: فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ساڵی دارایی دەستپێدەکات بەڵام وەزارەت دەتوانێ چاو بەفەرمانەکەدا بخشێنێتەوە، بەگوێرەی گونجاندنی لەگەڵ یاسا ئینجا جێبەجێ دەکرێ.

(١٨/ک٢/١٩٣٠)

لەبارەی باجی زەوی، وەزیری دارایی دەیەوێ پرسیار بە بەڵگەی سەلمێنەر بێت و دەبێ وەڵامی پرسیاری هەڵێنجراو بێ لەوەڵامی بەرپرسی لایەنەکە.

مەعرووف جیاووک: دانیشتوانی هەردوو گوندی زەنگبار و پالانی لەبەر زۆر و زەوەندی









باج وەرگرتن و خراپی هەڵس و کەوتی فەرمانبەرانی باج وەرگرتن، گوندەکانیان چۆڵکردووە.

لە (١٩٢٨/٧/١٦)

کە باسی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی نێوان کەرکوک و موسڵ بەهەولێر دابچێ، کرا، یەکسەر مەعرووف جیاووک هاتەدوان و گوتوویەتی: دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی برادەرانم، چونکە هەمووتان دەزانن کە دەشتی هەولێر (سەنتەری وەبەرهێنانی گەنمە) زەوی و زاری شەمامک و کەندێناوە و مەخمور...هتد. بەرهەمی لەو شوێنانە داهاتی ساڵانەی یەکجار بەخێروبێرە، لەبەر ئەوەی لەهیچ شوێنێکی دیکە بەم جۆرە شین نابێ، بەڵام خەڵک و بازرگانان تەگەرە و کێشەیەکی زۆریان دێتەپێش ئەویش ڕێگاوبانی گواستنەوەیە، بەدروستکردنی ئەو هێڵە، داهاتێکی مەزن دەچێتە بودجەی حکومەت، بۆیە داواکارین لە پەرلەمان کە ئەم پێشنیازە بۆ حکومەت بنێرێ تاکو گرنگی زۆری پێبدات.

لە (١٩٣٠/٢/١٣)

لەو پەیمانەی عێراق بەنیازە مۆری بکات هەندێ نارەزایی هەیە لەو مەرجانەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لەبارەی ناوچەی باکور بڕیاری لەسەرداوە، ئایا حکومەت لەنێو کرۆکی پەیمانەکە جێگیری دەکات، هەروەکو خوالێخۆشبوو عبدالمحسن سعدون لەبەردەم پەرلەماندا پشتگیری لێ کرد ساڵی ١٩٢٦ یا نا؟

ناجی سویدی سەرۆک وەزیران بوو لەوەڵامدا گوتی:

جارێ دانوستاندن دەستی پێ نەکردووە کە ئەنجامدرا پێشکەشی پەرلەمان دەکرێت و هەست بە نارەزایی لەبارەی هیچ مەرجێک لەئارادا نییە.

مەعرووف جیاووک: هەندێ مافی سەرەتایی، کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری لەسەر داوە. حکومەتی عێراقیش سوورە لەسەر پشتگیری و جێگیرکردنی (خوێندن بەزمانی کوردی لەهەموو ناوچەی باکور، ئەو فەرمانبەرانەش کە دادەمەزرێن، دەبێ لەو کوردانە بن کە بەتەواوی کوردی دەزانن، بۆ لێکتێگەیشتن لەنێوان خەڵک و فەرمانبەراندا).

ئەم بڕیارانە لەکرۆکی یاسایی بنچینەی عێراقە کە سوێندمان بۆ جێبەجێکردنی خواردووە، بەیاننامەکە لە (١٩٢٢/١/٢٤) دەرچووە.

سەرۆک وەزیران، مەعرووف جیاووک دڵنیادەکاتەوە کە بێ دوو دڵی و گومان لەئایندەدا جێبەجێ دەکرێن و ڕێکەوتنامەکە لە (١٩٣٠/٦/٣٠) مۆرکرا.

١٩٢٩/١ک/١٩

پرسیارێک بۆ وەزیری بەرگری: گەر شتێکی شاراوە نەبێ بۆمان ڕوونبکاتەوە هۆکاری ئەوە چییە کە دەبێ ئەفسەرە کوردەکان بەتەواوی فەرهەنگی عەرەبی بزانن، دەنا لە سوپا دەردەکرێن و مووچەشیان نادرێتێ؟ ئەمە دەرئەنجامەکەی خراپ دەبێ، بەڵام وەزیر لەبەر ئەوەی نەهاتبوو، بۆیە وەڵام نەدرایەوە.

١٩٢٨/٨/١٦

پەرلەمانتارێک ڕەخنەی لە مووچەی سەید تەهای نەهری قائیمقامی ڕەواندوز گرتووە.

مەعرووف جیاووک: ئێوە ئەو مرۆڤە ناناسن کە مرۆڤێکی ناودار و گرنگە و جێگای تایبەتی لەنێو کورداندا هەیەو ئەو نەبوایە لە کوردستانی باشوور (کوردستان الجنوبية) ئەو بارودۆخەی ئێستا ئاڵۆز دەبوو، بەشێکی ئەو مووچە و دەرماڵەی کە وەریدەگرێ دەیداتە خەڵکەکە، گەر حکومەت سێ چوار هەزار ڕوپیەی بداتێ هێشتا بۆ ئەم مرۆڤە

کەمە، کە پەرلەمانتارەکە ویستی لەپایەی سەید تەها کەم بکاتەوە یەکسەر مەعرووف جیاووک گوتی: هەر تاکێکی کورد وەکو سەید تەها ئازایە، جگە لە ئازایەتی سەید تەها زانیاریشی هەیە و سوپاسی ئەنجومەن دەکەین کە ئەو هەستە بەرزەی بەرامبەر کوردان دەربڕی.

لە (١٩٢٨/٨/٣٠)

دوای شەش ڕۆژی تەواو لە دانیشتنێکی پەرلەماندا (مەعرووف جیاووک) ڕەخنەی لە موچەی (ساطح الحصری) گرت کە مرۆڤێکی داخ لەدڵ بوو بەرامبەر نەتەوەی کورد بۆیە گوتوویەتی ئەو مووچەی ئەو وەریدەگرێ یەکجار زۆرە ئەم رایەم نەک پەرلەمانتاران دەگرێتەوە، بەڵکو هەموو خەڵکی عێراقیش بەتایبەتی گشت کوردەکان، ئەوەی لەبارەی (سالح الحصری) گوتوومە هاوڕان لەگەڵمدا.


لەراستەوە: کەریم شارەزا، د. کەمال مەزهەر، طارق جامباز، ئازاد عوبێد،
(چوار لەوانەی لە فیستڤاڵەکە باسیان هەبوو)

لەژیانی پەرلەمانتاریشدا هەر نووسینێکی بەرچاو کەوتبێ و نووسینەکە دووربێ لەڕاستی بەرامبەر نەتەوە و زمانەکەی یەکسەر بەرێکوپێکی وەڵامی داونەتەوە.

دوای جولانەوەی ڕەشید عالی گەیلانی لەساڵی ١٩٤١ داوا لە مەعرووف جیاووک کرا کە پۆستی وەزارەتی داد وەربگرێ، بەڵام ڕەتی کردەوە.

گەر لە پرسیارەکانی وردبینەوە دەبینین زۆر بە وردی و قوولی و بەچڕی و پڕی ئاراستەکراون و هەموو لایەنەکانی ژیان و بوارەکانی گرتۆتەوە و گەرماوگەرم و لەئان و ساتی خۆیدا پرسیارەکانی کردووە، گەر وەڵامەکانیانیشی بەدڵ نەبووبێ، یان پڕ بە پیستی پرسیارەکانی نەبووبن، ئەوا بەشێوەیەکی فراوانتر بۆیانی ڕوونکردونەتەوە مەبەستی چییە؟ لەبەر ئەوەی وەڵامەکەی وەزیر وەڵامی پرسیارەکەی نییە.

خۆزیا هەموو پەرلەمانتارە کوردەکانی پەرلەمانی کوردستان یان عێراق و هەندەرانیش، کاری پەرلەمانیان تۆمار بکەن و چاپ و بڵاوی بکەنەوە، تاکو سوودی بۆ هەموان هەبێ وابزانم چاپکردنی (پەرلەمانتاری) مەعرووف جیاووک یەکەمین پەرلەمانتاری کوردە کە کاری پەرلمانی بەرێکوپێکی تۆمار کردبێ.

بەداخەوە زۆر لایەنی ژیانی ئەو کەلە مرۆڤە تاکو ئێستاش نادیارە. نەمزانیووە چ دەستنووسێکی یان دۆسییەی کەسییەتی مەعرووف جیاووک لەم شوێنانە هەن و تاکو نووکە بەردەست نەکەوتوون، بۆیە دەتوانین لەو پێنج شوێنە بەدوایاندا بگەڕێن و بیاندۆزینەوە و دواتر بڵاویان بکەینەوە:

١. ئەرشیفی پەرلەمانی عێراق.
٢. ئەرشیفی وەزارەتی داد.
٣. ئەرشیفی وەزارەتی ناوخۆ.
٤. ئەرشیفی وەزارەتی دارایی و ئابووری.
٥. ئەرشیفی وەزارەتی پەروەردە.

لەو بڕوایەدام گەر دۆسییەکان دەست بکەون، ئەوا زانیاری نوێمان دەکەوێتە بەرچاو و پەردە لەسەر زۆر لایەنی شاراوە و نەزانراو لادەدرێ و دوو دڵیمان دەڕەوێنێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

- وتەکانی پەرلەمانتار مەعرووف جیاووک لە لاپەڕە جیاجیاکانی (نیابتی) دەستبژێرو پۆلێن

کراوە.

- لەبەر ئەوەی مەعرووف جیاووک (١٠) ژنی هێناوە و پازدە منالّی هەبووە و (١٠) کوڕ و (٥) کچ بەم ناوانە: (نەریمان، بۆتان، سامان، سۆران، جوامێر (جوکل)، بەختیار، وشیار، زاگرۆس، سرود، ژیان، خیریە، پەیمان، پاکیزە، جیهان، نەزیهە) دوو منالّ نەبێ دەنا ئەوانی دیکە ناویان ناوی کوردییە، ئەمەش لە هەست و نەستی کوردایەتی هەڵقوڵاوە و بەردەوامیش چوار ژنی لابووە و ئەوانی دیکەی مردوون یان لێک جیابوونەتەوە، هەندێ جار بەخۆی شیوی بۆ منداڵەکانی تێدەکرد، تاکو ژنەکانی جیاوازی لەنێوان منداڵەکانیدا نەکەن، ڕۆژێ نوری سەعید هاتۆتە ماڵیان و کە پرسیویەتی (پاشا) لە کوێیە، گوتویانە لە (مطبخ) ناندینە ئەویش دەچێتە ئەوێ، دەبینێ خەریکی شیو تێکردنە، لێی دەپرسێ ئەوە چ دەکەی؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: دەبێ دادپەروەری لەمنداڵەوە دەستپێبکات، ئینجا ژیانی فەرمانبەری بگرێتەوە، نوری سەعیدیش پێی دەڵێ بەڕاستی شتێکی زۆر چاک دەکەی، هەر لە فەرمانبەری دادپەروەر نیت، بەڵکو لەماڵەوەش.

- مام سەید مەلود بێخاڵی نووسەر لەم بارەیەوە گوتی: پێدەچێ لەبەر ئەوەی مووچەی سەید تەها زیاد نەکراوە و بەشی نەدەکرد، بۆیە دەستی لەکار کێشایەوە.

- دوو وێنەکەی فیستڤاڵی ڕێزلێنان لە کەسایەتی ناوداری کورد (مەعرووف جیاووک) ٢٠١٠ لە ئەرشیفی نووسەری ئەم باسە وەرگیراوە.

نووسەری ئەم بابەتە لەبارەی دەڤەری سۆران دوو بەرهەمی چاپکراوەی بڵاوکردۆتەوە:

- ڕواندز شارەکەی پاشای گەورە لەگەڵ سەید مەلود بێخاڵی.

- لە ناودارانی دەڤەری سۆران (شێخ کاک ئەمینی سەران ١٨٧٤- ١٩٤٠) و چەندین بابەتی دیکەی لەبارەی ئەم دەڤەرە بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە.

- دوای داڕمانی ڕژێمی پێشوو لە (٢٠٠٣/٤/٩) پەیوەندیم بە هەردوو جێگری وەزیری داد و ناوەخۆی عێراق کرد کە (کوردبوون) بۆ دۆسییەکەی (مەعرووف جیاووک) زۆر چاوەڕان بووم.. وەڵامیان نەبوو.

---

**سەرچاوەکان**


١. ناودارانی کورد میر بەسری، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولخالیق عەلائەدین، هەولێر، چاپی دووەم/ ٢٠٠٩، ١چاپخانەی منارە.
٢. نيابتي (١٩٢٨ - ١٩٣٠) معروف جياووك، مطبعة الزمان، بغداد.
٣. حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، پارێزەر/ طارق جامباز، هەولێر/ ٢٠٠٥، چاپخانەی شەهاب.
٤. التشكيلات الادارية في جنوبي كردستان، جمع وتنسيق د. عبدالله عبالغفور- سليمانية- ٢٠٠٥.
٥. مأساة البارزان المظلومة، معروف جياووك، ١٩٥٤ بغداد، المطبعة العربية.
٦. القضية الكردية، معروف جياووك ١٩٣٩ بغداد، الطبعة الثانية، مطبعة النجاح.
٧. اعلام كورد العراق، جمال بابان، ٢٠٠٦، سليمانية، مطبعة شڤان.
٨. چاوپێکەوتنم لەگەڵ خاتوو گولیزار ئیبراهیم چیچۆ لە ٢٠١٠/١١/١٠ ئەنجامداو هەروەها داوام لێ کرد کە مۆڵەتم بدا ئەو وێنە دەگمەنە بڵاو بکەمەوە.
٩. سەربردەی ژیان و کەسایەتی مەعرووف جیاووک، د. ئازاد عبید صالح- ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم، ٢٠٠٩.
١٠. تاريخ الوزارات العراقية السيد عبدالرزاق الحسني، ١٩٨٨، الطبعة السابعة.

# مەعرووف جیاووک

# (١٨٨٥ -١٩٥٨)

ساڵی ١٩٥٨ تەرمەکەیان بردە قەد پاڵی زانای ناوداری هەولێر (شێخی چۆلی) بۆ ئەوەی لە گۆرستانی (تەعجیل) ی هەولێر بەخاکی بسپێرن.

لەو ساوە هەر چەند ناوی مەعرووف جیاووک دەبیستم، ئەو سیدارە ڕەشەم دێتەوە پێش چاو، کە لەگوێچکەی دارەبازەکەی هەڵواسرابوو.



عبدالهادی ڕەحمان قەساب

(مەعرووف کوڕی حاجی مەولوود ئەسعەد بەدیعولزەمانە، لەساڵی ١٣٠٢ک/١٨٨٥ زاینی لەبەغداد لەدایک بووە، هەروەکو لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە .

بەری نزیکەی ٨٠٠ ساڵ، چوار برا لەهۆزی باڵەکی، کە تا ئێستا لە ناوچەی ڕواندز و دەوروبەری، تا ناوچەی هەکاری دەژین، هاتنە ناوچەیەکی قەد پاڵی چیایەکی نزیک گەلی عەلی بەگ لە سەرەوەی خەلیفان، لەسەر ڕێگای کۆنی (خەلیفان -بارزان) لەوێ گوندەکیان ئاوەدان کردەوە، بەناوی (سرێشمە).

ئەو چوار برایە ناویان (عەباس، ئەلیاس، موسا، حەسەن ) بوو، کە لە دواییدا بوونە چوار بنەماڵە بەناوەکانی: ماڵە باس (عەباس) ماڵە لاس (ئەلیاس) ماڵە مووس (مووسی) ماڵە حەسەن .

ماڵە حەسەن بە جیاووک ناسرا بوون، ئەو بنەماڵانە خەڵکی غەوارەیان تێکەل بوو، وەک (ماڵە خوباسک) و (ماڵە موریک) پاش گەشەسەندنی گوندی سرێشمە، هەندێکیان باریان کرد و لە گوندەکانی نزیک هەولێر، وەک گوندی (بەرحوشتر) نیشتەجێ بوون.

ماڵی حەسەن جیاووک زانا و ئەدیبی زۆری لێ هەڵکەوتووە، وەک فەقێ داوود، مەلا مەولود، فەقێ سلێمان، فەقێ ئیمام، فەقێ وەلی، حاجی مەولود ئەسعەد، کە یەکێ لەزانا ناودارەکانی باشووری کوردستان بووە و بە زمانی عەرەبی کتێبی دەستنووسی هەبووە، لە بارەی ڕێزمانی عەرەبییەوە. هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕوشدییە بووە لە مووسل.

فەقێ وەلی جیاووک لەگەڵ منداڵەکانی، لەساڵی ١٢٥٢ک - ١٨٣٦ ز هاتۆتە هەولێر و لە دەوروبەری بوونەتە خاوەن زەوی و زار و خاوەن حەسار و گوند، وەک گوندی دارەتوو، کارێزی تەیموور بەگ، خانووی کورتەک، ئەو حەسارەی نزیک ( عوزێر پێغەمبەر) کە نەخۆشخانە بووە، موڵکی حاجی داوود جیاووک بووە.

حاجی مەولود ٤ کوڕ و ٥ کچی هەبووە، یەک لە کوڕەکانی ناوی (عەلی ئەسغەر) بووە، عەلی ئەسغەر لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، وانە بێژ و پێشنوێژ بووە لەسوپای عوسمانی، لە ئامادەیی ڕوشدیەی سەربازی و پاشایەتی مامۆستای زمانەکانی عەرەبی و تورکی وفارسی بووە، دانراویشی هەبووە بەناوی (الفوائد المعروفیة فی علم النحو واللغة العربیة) کە ناوی کوڕی (مەعرووف)ی لێناوە .

عەلی ئەسغەر بە حوکمی کاری (ئیمام طابووری) لە سەردەمی سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) زوو زوو شوێنی دەگۆڕزرایەوە، لەو کاتەی لە سلێمانی بووە هاوسەرگیری لەگەڵ (ڕەحمەخانی بابان) کردووە و سێ کوڕیان بووە (مەعرووف ، عارف ، عیرفان) مەعرووف کوڕی نۆبەرەبووە و عیرفانیش هەر لە منداڵی کۆچی دوایی کردووە، مەعرووف عەلێ ئەسغەر لەسەر دەستی باوکی و چەند زانایێکی دیکە، دەرسی ئاینی خویندوە و خوێندنی سەرەتایی و ڕوشدیەی لە ساڵی ١٩٠٢ز لە بەغدا تەواو کردووە، پاشان لەساڵی ١٩٠٩ز لەگەڵ ڕەشید عالی گەیلانی و نوری سەعید، هەر سێکیان بەسواری وولاغ چوونەتە ئەستەنبول، بۆ تەواوکردنی خوێندن، ڕەشید عالی گەیلانی و مەعرووف جیاووک لە کۆلێجی ماف و نوری سەعیدیش لە کۆلێجی سەربازی وەرگیراون .

مەعرووف جیاووک، لەبەر ڕووداوێکی نەخوازراو و ئارەزووکردنی بۆ کورسی

**خودا لێی خۆشبوو (عبدالهادی ڕحمان سلیمان / کاکۆ قەساب)**

**– ساڵی ١٩٤٨ لەهەولێر لە گەڕەگی عارەب لە دایک بووە .**

**– لە٧/١٠/٢٠٢٠ لە شاری هەولێر بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد**

نوێنەرایەتی، ( ئەستانە) ی جێهێشتوەو گەڕاوەتەوە بەغدا.

مەعرووف جیاووگ، ماوەیەک کراوە بە بەڕێوەبەری ناحیەی (تەدمور- دێرزور) لەسوریا و یەکەم ژنی لەوێ هێناوە بەناوی پاکیزە.

لە ١٨ کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٢، ڕۆژنامەی (الحقوق) بەهەردوو زمانی عەرەبی وتورکی لەبەغدا دەرکردوە .

لە ساڵی ١٩١٣ز ، وەزارەتی معاریف دەیکاتە یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە خانەی مامۆستایان لەبەسرە .

لە ٢٦ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٤، پاش گرتنی (بەسرا) لەلایەن ئینگلیزەوە، بەدیل دەگیرێ و دەبردرێتە (بۆرما) لەوێ پێنج ساڵ دەهێڵدرێتەوە و تووشی نەخۆشی مێشکە تا (الحمى الدماغية) دەبێت. دوو ساڵ لەنێو جێگادا لە نێوان ژیان و مردندا بووە، پاشان چاک دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بەغداد، هێندە لاواز بووە، بە شێوەیەک ئەگەر بەکوردی هاواری نەکردبا، کەس و کاری نەیاندەناسییەوە.

دوای باشبوونی تەندروستییەکەی، سەر لەنوێ دەست دەکاتەوە بەخوێندن، لەخوێندنگای ماف کە بریتانییەکان پێویستی زۆریان بە دادوەر هەبوو، بۆیە لەسەر بنەمایەکی نوێ دایدەمەزرێنن.

لە ساڵی ١٩٢٨ بەنوێنەری (هەولێر) هەڵدەبژێردرێ و دەبێتە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق.

لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ بە دادوەری شارستانی لەعێراق دامەزراوە، پاش ١١ ڕۆژ لەسەر داوای شا فەیسەلی یەکەم کراوەتە دادوەری پلە یەک لە (کەربەلا).

لە ساڵی ١٩٣٣ ز دەبێتە دادوەری بەرایی ( کەرکووک).

لە ساڵی ١٩٣٤ز دەبیتە جێگری یەکەمی سەرۆکی دادگای بەرایی کەرکووک .

لە ساڵی ١٩٣٦ دەبێتە پشکێنەری دادوەر وجێگری سەرۆکی دادگای بەرایی لە(حیللە).


لە ساڵی ١٩٣٨ ز دەکرێتە پشکێنەری داواکاری گشتی.

لە ساڵی ١٩٤١ دارێژەری یاسایی ( مدون قانونی) بووە، پاشان دەبێتە ئەندامی دادگای پێداچوونەوە.

لە ساڵی ١٩٤٤ دەکرێتە موتەسەریفی ( سلێمانی) تا ساڵی ١٩٤٦ز.


مەعرووف جیاووک، لەساڵی ١٩٤٦ز دەست لە موتەسەریفی سلێمانی دەکێشێتەوە، بەڵام هەر لەو ساڵەدا، دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی ئینحیساری تووتن، تا لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٧ز، بەیەکجاری واز لە کاری میری دێنێت.

لە ساڵی ١٩٥٣ مەعرووف جیاووک باری تەندروستی تێک دەچێت و بەرەو لاوزی دەچێت، بۆ چارەسەرکردن دووجار کوڕەکانی دەیبەنە (لەندەن) جاری یەکەم لەساڵی ١٩٥٣ و جاری دووەمیش لەساڵی ١٩٥٧ز، بەڵام ئەجەل دەگاتە سەری و دواجار لە کاتژمێر چوار و نیوی ڕۆژی سێشەممە ی ٢١ی کانونی دووەمی لە ساڵی ١٩٥٨ لەشاری بەغداد کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی لە ڕۆژی پێنج شەممەی ٢٣ی کانوونی دووەمی لە ساڵی ١٩٥٨ بەئامادە بوونی سەدان کەس لەخەڵکی هەولێر و موتەسەریفی ئەو کاتەی هەولێر، خالد نەقشبەندی و سەرۆکی فەرمانگەکانی هەولێر، لەگۆڕستانی شێخی چۆلی بەخاک سپێردرا.


وەڵامی جەمال عەبدولناسر بۆ مەعروف جیاووک ١٩٥٥

لەسەر ژمارەی ژنەکانی مەعرووف جیاووک ڕای جیاواز هەیە، هەندێک دەڵێن ١٠، یان ١١، هەندێکیش دەڵێن دوازدە هاوسەرگیری کردووە، لەو هاوسەرانە، دوو هاوسەری خەڵکی ماردین و یەکێکیان ئەلبانی و چواری عەرەب و چواریشیان خەڵکی باشووری کوردستان و خەڵکی هەولێر بوونە. خێزانە هەولێرییەکەی لە بنەماڵەی (چیچۆ)بووە. هەروەها ڕای جیاوازیش هەیە لەسەر ژمارەی منداڵەکانی. هەندێک


ناسنامەی قوتابخانەی ماف لە ئەستەمبوڵ ١٣٢٥


الفوائد المعروفية في علم النحو واللغة العربية
تأليف الإمام
علي أصغر جياووك
عربي ١٨٩٥
بغداد







دەڵێن (١٠) کوڕ و چوار کچی هەبووە، هەندێکیش دەڵێن (١٢) کوڕ وشەش کچی هەبووە.

مەعرووف جیاووگ، سەرەڕای ئەوەی ئێش و ئازاری جەستەیی زۆر بووە، بەڵام چووست و چالاک بووە، بە تایبەتی لەڕووی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە، ئەو هەستە نیشتمانییەی کە هەیبوو، لەکتێبی (کارەساتی بارزانی زوڵم لێکراو- مأساة بارزان المظلومة) بەڕوونی دیارە.

هەر چەند بچینە ناو قوولایی هەڵویستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی، ناگەینە کۆتایی، لێرەدا باسی هەندی لەو هەڵوێستانەی دەکەین:

- لە ساڵی ١٩٢٨ یەکەم یانەی فەرمانبەرانی هەولێر بە هەوڵ و ماندوو بوونی مەعرووف جیاووگ کرایەوە. پاش ئەوەی بینی کە فەرمانبەرە عەرەبەکان زۆرن و دەستیان زۆرتر دەڕوات و فەرمانبەرە کوردەکانیش پەرت و بلاون، شتێک نەبوو کە کۆیان بکاتەوە، مەعرووف جیاووگ بیری لەو مەسەلەیە کردەوە و هەوڵیدا فەرمانبەرەکانی هەولێر لە یانەیەک کۆ بکاتەوە، دوای هەوڵێکی زۆر توانی ڕەزامەندی دامەزراندنی (یانەی فەرمانبەران لە هەولێر) وەدەست بینێ.

- ئەوەی شایانی بیر خستنەوەیە، ئەو بەتەنها نەبوو، بەڵکوو فەرمانبەر و کەسایەتییەکی زۆری خەڵکی هەولێر و دەوروبەری لەم هەوڵانەیدا بەشدار بوون.

بەم شیوەیە، بەئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەر و بازرگان و کەسایەتی و بە ئامادە بوونی کەسایەتی گەورەی هەولێر (مەلا ئەفەندی) و شاعیری گەورەی کورد (فایق بێکەس) مەڕاسیمەکە دەستی پێکرد و مەعرووف جیاووک وتارێکی تیادا خوێندەوە، فایق بێکەس-یش شیعرێکی لەسەر خەڵکی هەولێر خوێندەوە .

- لە ڕۆژی ٢٦ ی ئاداری لە ساڵی ١٩٣٠ پیاو ماقوولانی شارۆچکەی ئامێدی، سکالانامەیەکیان ئیمزا کرد و تێدا داوایان لە مەعرووف جیاووگ کرد هەولیان بۆ بدات و بەدوای کێشەکانیاندا بچێت، بۆ ئەوەی ئەو کارەی حکومەت لە گواستنەوەی مەڵبەندی قەزا بۆ گوندی بێباد سەرنەگرێت، مەعرووف جیاووگ-یش بە هانایانەوە چووە.

- مەعرووف جیاووک کاتێ موتەسەریفی سلێمانی بووە، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ (شێخ مەحمود)دا هەبووە، ئەو پەیوەندییە بەردەوام بووە، بەشێوەیەک کاتێک شێخ مەحمود لە بەغدا دەستبەسەر کراوە، جیاووک ڕۆژانی هەینی لەگەڵ (عەبدولڕەزاق حەسەنی) سەردانیان کردووە، هەروەها شێخ مەحموودیش لەبەهاری لە ساڵی ١٩٥٦ سەردانی ماڵی مەعرووف جیاووکی کردووە و بە شکۆمەندییەوە پێشوازی لێکراوە، بە شێوەیەک کۆڵانەکەیان شووشتووە و خەڵک تا (باب المعظم) لەپێشوازیدا بوونە، بەڵام ئەو پەوەندییە کاری نەکردووەتە سەر مەعرووف جیاووک. بۆ نموونە لەمەسەلەی شێخ قادری برای (شێخ مەحمود) دا، کاتێ کە زێدەڕۆیی کردبووە سەر زەوی وزاری شارەوانی و شوورەیەکی بەدەوری زەویەکەدا کێشا بوو، جیاووک فەرمانیدا، هەر بەشەو شوورەکەیان ڕووخاند و شێخ قادریش-ی دەست بەسەر کرد، تا شێخ مەحمود کاغەزی بۆ نەنووسی بەری نەدا .

لە نامەیەکی (شێخ مەحموود)دا بۆ مەعرووف جیاووک، کە لە ڕۆژی ٧ی ئاداری لە ساڵی ١٩٤٥ نیردراوە، سەبارەت بەوەی کە هاوولاتییەک لە لایەن شێخ سەلامەوە غەدری لێکراوە:

((بۆ سەعادەتی متصرف مەعرووف بەگ

بە واسطەی بەعضی نامەردەوە مەحجوبم ئێستە لطیف(١٤) عەرضی کردوون کە جەوابم عەرضی نەکردوون، من هەر نەوعە کارێک سەعادەتی ئێوەی تێدابێ حاضرم.

هەڵگرتووی کاغەز، سەید نووری ئینسانێکی فەقیر و ڕەعیەتە لەطەرەف شێخ سەلامەوە مەغدور کراوە، ئەو ظالمە کە ئیسمەن

سەلامە خۆتان مەعلوومتان هەیە کە خوا سەلامەتی نەکا زۆر ظالمە، مشار الیە ئەلبەتە مەغدووریەت خویتان عەرضی ئەکا ، ئومێدم بەخوا هەیە کە ڕەفع مەغدووریەت بفەرموون، باقی حورمەت))

**برای مخلصتان مەحموود**

- مەعرووف جیاووگ، مرۆیەکی کوردی نەتەوەخواز بووە، ئەگەرچی دژی سیاسەتی بریتانیا بوو بەرامبەر کورد و لایەنگیری ئینگلیز نەبووە، بەڵام هەمیشە دەیگووت: هەر شتێک کە ئینگلیزەکان دژی بوەستن سەرناگریت.


پیاوێکی سەر ڕاست بووە، خاوەن هەڵوێست بووە، کوردایەتی کردوە و شانازی بە کوردایەتییەوە کردووە، ناوی کوردی لە منداڵەکانی ناوە، کە لەو سەردەمدا کەسایەتی لەو شێوەیەی ئەو کەم بوون.

لەمەڕ هەڵوێستەکانی مەعرووف جیاووگ، دوو بۆچوون هەن، یەکەمیان بۆچوونی چەپڕەوەکانی ئەو کاتە، کە دەیانگۆت: لەکوردستانی عێراق ئەگەر هاتوو دەرەبەگ و بورژواکان وەکو شێخ ڕەشید و شێخ ڕەقیب و نوری باویل و تۆفیق وەهبی و مەعرووف جیاووگ .. هتد قسەیەکیان بەسەفیری ئینگلیز گوتبا، ئێمە قەومی کورد تەمسیل دەکەین و دەبێ خێرا خۆتان ئیستقلالی بە ئێمە بدەن و ئەو مللەتە هەژارە لەزوڵم و غەدر نەجات بدەن، ئەو وەختە ئیستعماری ئینگلیزیش دەیگوت: بەسەرچاوان، دڵی ئێوە ناشکێنم و حکومەتێکتان بۆ دائەنێم، ئێوەش پێویستە چاکەی من لەبیر نەکەن.

بۆچوونی دووەمیش هەر وەکو جەماڵ نەبەز نووسیوویەتی: بەلای مەعرووف جیاووگەوە، هەموو دەرد و کوێرەوەرییەک کە بەسەر کورددا هاتووە، گوناهی ئینگلیز بووە، لە بەرامبەر هەموو ئەو چاکانەی شێخ مەحمود بۆ ئینگلیزی هەبووە، کە بەبێ شەر هاتنە کوردستان، ئینجا نیازیان وابوو کوردستان بکەنە ((ئاشورستان)) لەگەڵ ئەوەشدا دیارە کورد بەشەڕ و بەربەرەکانی دەرەقەتی بریتانیا نەدەهات، بۆیە دەبوو لەگەڵیان ڕێک بکەون، بەڵام نەبنە پیاوی ئەوان وەک هەندێ کەس، بەڵکو لەڕێی دروستکردنی دۆستایەتی، نەک نۆکەری.

لەمەڕ ئەو دوو بۆچوونەوە، هەندێ جار دەبووە مایەی بینە و بەردەی سیاسی. بۆ نموونە، لە وتارێکی بەرەی چەپدا، بەناوی (ثەورەی اکتوبەر و مەسەلەی قەومیمان) کە بەئیمزای (ئازادی) بڵاو کراوەتەوە، تیایدا هاتبوو: ئەم جیاووک -ە لەبرسا سگی قوڕەی ئەهات وحەسیرێکی نەبوو ڕاییخا، ئەمرۆ ماڵەکەی بە دە لۆری ناگوێزرێتەوە، میللەت نابێ بڕوا بە هاش و هوشی ئەمانە بکا، ئەمانە نۆکەری ئیستیعمارن، ئەمانە ئاگری بن کان.

پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی ژیان بە ووتارێک بە ناوی (بۆ حزبی شوعی عێراقی) وەڵامی


ناسنامەی مەعروف جیاووک لە پەرلەمانی عێراق ١٩٢٨

(ئازادی) دەداتەوە، تیایدا باسی خۆی و تۆفیق وەهبی دەکات و پاشان دە ڵێ: جیاووک-یش، باوەڕ بە من بکەن کوردە و کورد پەرستە، ئیتر کەیفی خۆتانە.

مەعرووف جیاووگ لە کوردایەتی هەر بەردەوام بووە، نەچوویتە نێو هیچ پارتێکی سیاسییەوە، هەر بۆیە فەرامۆش کراوە، لەماڵەوە منداڵەکانی ڕێز دەکردن و فێری دەکردن.

وەک سروودی:
(( ئەی کوردینە، ئەی مەردینە ....... بادەست لەناو دەس کەین هەموو))

- مەعرووف جیاووگ، جگە لە کێشەکانی وڵاتی خۆی، خەمی گەل و گرۆپی تری بێگانەشی خواردووە، ئەوەتا لە کێشەیەکی نێوان جەمال عەبدولناسر و سەرۆکی یەکەمی میسر پاش شۆڕشی لە ساڵی ١٩٥٣ لە میسر، محمەد نەجیب، کە ئەنجامەکەی لادانی محەمەد نەجیب بووە، بۆ عەبدولناسر دەنووسێ:

بێگباشی جەمال عەبدولناسر-

قاهیرە

(سەرهەڵدان لەسەر سەرۆک نەجیب و ئیخوان مسلمینەکان، جێگای پەشێویە و لە سێدارەدانی بێ تاوانان و زیندانی کردنی نەبەردان، سەرەرای دەستپێشخەری و داوای زاناکانی جیهان و سەرکردەکانی، کارەسات وفەرق و جودایی و ئیهانەیە قەرەبوو ناکرێتەوە و پێغەمبەری مەزنی دڵگران کردوە و گشت زانایەکانی ئیسلامی پەست کردوە و ئەوەش ویستی (غلادسۆ) و (زایونییەکانە) باوەرداران برانە و ستایش کردنی ئیخوانەکان سیاسەتە و ئەوەی زوڵم بکات تووشی تووڕەیی خودای دلۆڤان دەبیت، نابی مرۆڤ بۆ دونیا لەخۆ بایی بێت، چونکە ئەگەر دونیا ئەمرۆ یەکێکی هینایە پێکەنین، سبەینێ دەیگریێنیت، خوداش نزای زوڵم لێکراوەکان ڕەت ناکاتەوە، پاداشتی چاکەکەرەوەکانیش دەکات .

مەعرووف جیاووک
بەغداد گەرکی (الطوب)
ژمارەی خانوو ٤٩/٤٠

جەمال عەبدولناسر-یش بەنامەیەکی تایبەتی وەڵامی جیاووگ-ی دایتەوە تیایدا داوای لە جیاووگ کردوە کە بەر لەوەی ئەو سەرکۆنەی ئەوان بکات دەبوا کاروبارەکەی بەووردی هەڵبسەنگاندبایە، وەک نووسیوویەتی محەمەد نەجیب خۆی بۆتە مایەی لادرانی، چونکە لە ڕێبازی شۆڕش لایداوە، سەبارەت بە ئیخوان موسلیمینەکانیش، وەک دەڵێیت وێرای ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کردنیان، کەچی ئەوان هەر خەریکی خراپە و غافلکوژی بوونە.

- لەبەر خەبات و تێکۆشان و دڵسۆزی، مەعرووف جیاووگ بۆ میللەت و نیشتیمانی و جێ بەجێ کردنی ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی دەیەها وێژەوان و شاعیر، هەڵبەست و هونراوەیان لەسەری نووسیووە، بۆ نموونە :

- موفتی پێنجوێنی لەساڵی ١٩٤٥، بەبۆنەی کردنەوەی قوتابخانە لە پێنجوین، شیعرێکی بە ناونیشانی (بۆ مەعرووف جیاووک) نووسیووە:

سوپاسی خوا ئەکەین و شوکری عیززەت
کچی پێنجوێن بە مەکتەب گەییە عیززەت
- قانیع-یش لە شیعری (دەورەی ژیانم) دا دەڵێ:
شازدە سەرخێزان دەوریان داوم
منیش بۆ نانی شەوێ داماوم
ئێستا جیاووک هیممەت ئەنوێنێ
هەژار و فەقیری وولات ئەژیێنێ
چونکە بەڕاستی میللەت پەروەرە
بۆ لیواکەمان وەک تاجی سەرە
ئیتر هەر بژی سێبەری خاکمان
موتەسەریفی تەواو دڵ پاکمان

- لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) یش شیعرێک بەناوی ( هەر بژی جیاووک) بەدەست و خەت و ناوی حوسین حوزنی بڵاوکراوەتەوە و نووسراوە:

سزایە بۆ بەقای ناوتان بکەن ئایندەیی کوردان
لە بۆ تیمسالی میللەت ئەتۆی خێوی شەرەف و وجدان
بژی هەر تۆ بژی ئەی فەخری کوردان فەخری کوردستان
بە بوونتان سەر بڵندین ئەی (جیاووک) هەر بژی بۆمان.

نەجمەدین مەلا-ش، بەبۆنەی کۆچی دوایی مەعرووف جیاووگ بەناوی (شین وشەپۆر) دەڵێت:

کێ بێ بپرسی دادی مەزلوومین
مەحکەمەی تەمییز، زویر بووە و غەمگین
- مەلا صالحی گۆزەپابنکەیی دەڵێت :
نقلت الى منزل قيل فيه مخفوف
ولخلقك الكريم بين الحور محفوف
وأنت ضيف الله والناس مأسوف
كلا فإن ضيفها المعروف ملطوف
فلا يمنع الحجاب عن باب رحمته
الا من انكروه وهو ثم معروف

شێخ سەلامی گردعازەبان-یش شیعرێکی بەناوی (شیوەنی جیاووک) نووسیوە و دەڵێت:
میرم تۆ نامری ئاسارت دیارە
زۆر پایەدارە
قەومی کورد یەکسەر بۆ تۆ خەمبارە
لەژین بێزارە
میری شیرینم مەعرووف جیاووک
بۆ کورد بووی باووک
کورد بۆ تۆ ئەڵێ چەند بەندی لاووک
دڵ ئەسووتێنێ وەک چراووک

ئەسیری شاعیریس شیعرێکی بۆ جیاووک نووسیووە و دەڵێ:

مەعرووف جیاووک
کوردی گوردی ئەگەر دڵت پاکە
پێت بڵێم ڕێگەیی ڕاستی و چاکە
پێت نیشاندەم لە کوردەکان گەورا
سەروەری ڕاست و پاک و بێباکە
ناوی مەعرووفە، ناوبانگی جیاووک

مەعرووف جیاووک لە ژیانیدا، ئەم کتێبانەی بڵاو کردەوە، بەهەر دووزمانی کوردی و عەرەبی.

١- نووسینی کوردی، لەساڵی ١٩٣٠

٢-هەزار بێژ و بەند، لەساڵی ١٩٣٩

٣-القضية الكردية، بەشی یەکەم لەساڵی ١٩٣٥ و بەشی دووەم لەساڵی ١٩٣٩

٤-نیابتی، لەساڵی ١٩٣٨

٥- مأساة بارزان الظلومة، ساڵی ١٩٥٤

ئەگەرچی کتێبەکانی هەمووی بایەخ و سوودی خۆیان هەیە، بەڵام کتێبی کارەساتی بارزانی ستەم لێکراو (مأساة بارزان المظلومة) زیاتر لە هەموان بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەڕووی شیکردنەوەی ڕووداوەکانی ئەوسا و سیاسەتی ئینگلیز، کە ڕووبەڕووی دەڤەری بارزان ببوەوە، دەربارەی بەڵێنەکانی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بەمەرج و چۆنیەتی هەرەس هێنانی ئەو ئامانجانەی کە گشتیان پڕوپاگەندە بوون، زۆر جاریش حکومەتی عێراقییان لە بنەوە هاندەدا بۆ لێدانی کورد، تاوەکو کورد بە یەکجاری خۆی بهاوێتە باوەشی ئینگلیز و هەموو داخوازییەکانی جێبەجێ بکات.


ئەو بەلگەنامەیە هاندانی ئینگلیز، بۆ لێدانی کورد ئاشکرا دەکات:

بەڵگەنامەی ژمارە :١٩
سەرکردایەتی گشتی سوپا
بیرۆی دووەم
بەشی زانیاری
- نهێنی -
ئۆپەراسییۆنی سەربازی دژ بە کورد لە عێراق
سەرچاوەی ئاسایشی گشتی
٢٥ی نیسانی ١٩٣٢

بەگوێرەی چەند زانیارییەک کە لەسەرچاوەی جددییەوە هاتووە، شەڕێکی گەورە لە ڕۆژانی ١٢، ١٣، ١٤ ی نیسانی ئەم مانگە لە ناوچەی ئاکرێ لەنێوان چەکدارە شۆڕشگێرە کوردەکان و هێزەکانی عێراقیدا ڕوویداوە. لەهەر دوولا لەماوەی شەڕەکەدا زیانێکی زۆر دراوە. ٧٠ ئەفسەر کوژراون و ٥٠ کەسیش بریندار بوون. ئاماژە بەوە دەکرێ ڕاستییەکەی کەوا ژمارەیەکی زۆر لەوانە گەیێنرابنە مووسڵ و گوازرابنەوە .

لە لایەکی ترەوە هەواڵەکان ئەوە دەگەیەنن کە دوو فڕۆکە لەلایەن چەکدارە یاخی بووەکان لە ڕۆژی ١٣ی نیسان بەردراونەتەوە خوارەوە .

ئەمانە دوایی نزیکەی سەد و پەنجا کەسێکیان لەدەست داوە.


البكباشي جمال عبد الناصر
القاهرة
...
معروف جياووك

نامەی مەعروف جیاووک بۆ جەمال عەبدولناسر ١٩٥٤

مەعرووف جیاووک و چەند کەسانێکی دی هەڵویستیان هەبووە لە ئاشکرا کردنی مەرامی ئینگلیزەکان، لە تەرخان کردنی زێی بادینان وەک سنوورێک لە بەینی ئەو دەوڵەتەی بۆ کوردی دروست دەکەن و ئەوەی بۆ نەستوورییەکان (ئاشورییەکان)دروستی دەکەن لەو ناوچەیەدا .

**سەرچاوەکان:**


١-ئینسکلۆبیدیای هەولێر/ لاپەرە ٤٣٩٣/ سەربردەی ژیان و کەسایەتی مەعرووف جیاووک/دکتۆر ئازاد عوبێد صالح /کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەددین .

٢-تأريخ بلدية اربيل رؤسائها و مجالسها عام(١٨٧٥-٢٠١٤) م/نجاة ياسين النجار /ص٤٣

٣-گۆڤاری (الصوت الاخر) ژمارە (٩٨) لە ٢٠٠٦/٥/٣١ / نعمت مير صادق

٤-(ڕاپەڕینەکانی بارزان لە بەڵگەنامەکانی هەردوو حکومەتی فرەنسا و بریتانیا ١٩٣١-١٩٤٩ /لاپەرە ٥٥ / وەرگێرانی لە فرەنسییەوە د. نەجاتی عەبدوللا / بەرگی یەکەم.

# مەعرووف جیاووک

## لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەندێک لە هەڵوێستەکانی



پ.ی.د. بەختیار سەعید مەحمود
مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین

سەبارەت بە گفتوگۆ و هەڵوێست و مشتومڕەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق د.کمال مەزهەر لە کتێبی چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد بەرگی دووەم نووسیوویەتی: لەو ڕۆژەی ئەنجومەنی نوێنەران لە عێراق دامەزرا تاوەکو هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ هەمیشە ژمارەی نوێنەرانی کورد لەو ئەنجومەنە لە ١٠ کەس زیاتر نەبووە، بەڵام عەلی کەمال و مەعرووف جیاووک و ئەمین زەکی لێدەربکەی ئەوانی دیکەیان زۆر دەگمەن نەبێ وتەیان لەخۆیان بڕیوە، هی وایان تێدابووە لەبەر موچەی مانگانەی دەبووە نائیب. هی واشیان هەبووە دەتگوت لە جنسی کورد نیە، بەڵام مەعرووف جیاووک یەکێک بووە لە نوێنەرە هەرە قسەزان و چالاکەکان لە هەموو گفتوگۆکاندا بەشداری کردووە.

هەر بەهۆی هەڵوێستەکانیەوە بووە کاتێک لەساڵی ١٩٥٤ خۆی بۆ نوێنەرایەتی خەڵکی سلێمانی پاڵاوتووە نوری سەعید بەمە نیگەران بووە و خەڵکی ناردۆتە لای تا خۆی بکێشێتەوە. ناوبراو هێندە بە هەڵوێست بووە لەهەندێ لە ڕۆژنامەکاندا بە میرابۆی ناو پەرلەمان ناویان بردووە.

لە یەکێک لە هەڵوێستەکانی ئەوەبوو کاتێک لە ٢٦ی ئابی ١٩٢٨ هەندێ نوێنەری عەرەب ڕەخنەیان لە وەزیری ناوخۆ گرتووە کە بۆچی مووچەی سەید تەهای نەهری قایمقامی ڕەواندوز هەزار ڕووپیە و موچەی هەموو قایمقامەکانی تر ٥٠٠ ڕووپیەیە. لەبەرانبەردا مەعرووف جیاووک موچەی ساتح حوسەری هێناوەتە گۆڕێ و وتوویەتی: بۆچی موچەی ئەو ١٢٠٠ ڕوپیە و بەقەد وەزیرێک وەردەگرێ لەکاتێکدا ئەو مدیر عام بووە لەوەزارەتی مەعاریف وەک وتوویەتی : بەخۆی و لیفەیەکەوە لە سوریاوە هات، ئەو مووچە زۆرە وەردەگرێ و پارە و پولێکی زۆریشی کۆکردۆتەوە.

هەروەها لە دانیشتی ٣٠ ئابی 1928 مەعرووف جیاووک ڕەختەی توندی لە وەزارەتی مەعاریف گرتووە لەوەی ڕێگربووە لە کردنەوەی خانەی مامۆستایان لە موسڵ و بەسرە، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ساتح حوسەری ڕێگربووە، چونکە لای وابووە کردنەوەی خانەی مامۆستایان لە موسڵ و بەسرە دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی کوردە ڕۆشبیرەکان لە موسڵ و ڕۆشنبیرە شیعەکان لە بەسرە. مەعرووف جیاووک داوای کردنەوەی خانەی مامۆستایانی کردووە لە کەرکوک و هەولێر. لەڕووی ئابووریشەوە هەوڵی داوە دۆخی کشتوکاڵی تووتن لە کوردستان باش بکات، لەم ڕووەوە لەگەڵ محمد ئەمین زەکی چەندینجار هەڵوێستیان هەبووە.

لەلایەکی ترەوە مەعرووف جیاووک لای وابووە هەموو ئەو دەردو و کوێرەوەرییەی بەسەر کورددا هاتووە گوناهی ئینگلیزەکان بووە، لەبەرانبەر ئەو هەموو چاکەیەی شێخ مەحمود کە بەبێ شەر هاتنە کوردستان ئینجا نیازیان وابوو کوردستان بکەنە ئاشوورستان. سەرەڕای تێروانینی جیاووک بۆ ئینگلیزکان، لەگەڵ ئەوەشدا مەعرووف جیاووک لای وابوو هەر شتێک ئینگلیزەکان لەدژی بوەستن سەرناگرێ، هەربۆیە هەریەک لە پیرەمێرد و مەعرووف جیاووک و حوسێن حوزنی و تۆفیق وەهبی لایان وابوو دەبێت کورد لەگەڵ ئینگلیز دۆستایەتی بەهێز بکات تا بەهۆیەوە دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت. هەر ئەمەش وایکردووە چەپەکانی ئەو سەردەم لە نوسینەکانیاندا پەلاماری جیاووک بدەن و بە کلکی ئیستیعمار ناویان بردووە. دەبێ ئەوەش بزانین

کە جیاووک هیچ کاتێک پیاوی ئینگلیز نەبووە، تەنها لای وابوو کورد دەکرێ لەڕێگەی ئینگلیزەکانەوە بگاتە مافی خۆی. لەهەمان کاتدا دژایەتی شوعییەکانی نەکردووە، هەڵوێستەکانی کوردانە بوون، نەیدەویست سەر بە هیچ پارتێک بێت، بۆیە فەرامۆش کراوە، هەربۆیە لە کۆتایی پەنجاکاند لە بەغدا دەست کورت و بێ پارە بووە. کەریم زەند دەڵێ: ئەو پیاوێکی دەست پاک و داوێن پاک و دڵسۆز بوو، بۆیە خاوەنی هیچ نەبوو کاتێک مرد پارەی کفنی نەبوو. جەمال نەبەزیش دەڵێ: لە پەنجاکان لە بەغدا سەرم لێدەدا تەندروستی تێکچوبوو، دەستیشی زۆر کورت بووە.

ئەوەی ماوە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین لە ساڵی ١٩٣٠ ئینگلیز کەوتە گفتوگۆ لە گەڵ عێراق، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە (ڕژێمی ئینتیداب) و بوونی وڵاتەکە بە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان. خەڵکی کوردستان بە گشتی کەوتنە ناڕەزایی و ڕازی نەبوونی بەستنەوەیان بە عێراق و داوای مافە بنەڕەتیەکانی گەلی کوردیان دەکرد. تەنانەت کار گەیشتە پێکدادان و خوێن ڕژان لە ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ لە سلێمانی، خەڵکی هەولێریش بۆ دەربڕینی هاوسۆزی و پاڵپشتی ڕاپەڕینەکەی سلێمانی، بەهاندانی مەعرووف جیاووک کەوتنە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەردەم بینایەی موتەسەرفییە، بەڵام موتەسەریفی ئەو کاتی هەولێر ئەحمەد عوسمان بەپێی گێڕانەوەکانی معروف جیاووک، ڕۆڵێکی خراپی گێڕاوە و لە بەرژەوەندی بەریتانی و دەوڵەتی عێراق، دژایەتی داخوازی مافە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردی کردووە.

هەروەها لەکاتی ڕاپەڕینی بارزان بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا لەنێوان ساڵانی١٩٤٣-١٩٤٥، معروف جیاووک کە ئەو کاتە موتەسەریفی سلێمانی بووە پاڵپشتی ڕاپەرینەکەی کردووە و بەتوندی دژایەتی هەڵوێستی سەعید قەزازی موتەسەریفی ئەوکاتی هەولێری کردوە کە دژی ڕاپەڕینەکە هەڵسوکەوتی کردووە.

هەروەها مەعرووف جیاووک دژی گەندەڵی ئەحمەد عوسمانی یەکەم موتەسەریفی هەولێر وەستاوەتەوە، کاتێک لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ دەرفەتی ئامادەنەبوونی ڕاوێژکاری سیاسی بەریتانی (ڤالاس لاین)ی لە هەولێر دەقۆزێتەوە، لە دامێنی قەڵای هەولێر ڕیزێک دوکان بۆخۆی دروست دەکات لەسەر موڵکی گشتی. ئەو کەیسە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەجولێندرێت، لە دانیشتنی ١١ی تەموز ١٩٢٨، لە لایەن ئەندامی ئەنجومەنەکە لە دژی (ئەحمەد عوسمان-کە ئەو کاتە موتەسەریفی سلێمانی بووە). ناوبراو داوا دەکات کە زەوییەکە لە ناوبراو بسەندرێتەوە، چونکە ناوبراو کە زیانی بە بەرژەوەندی گشتی گەیاندووە، بەنرخێکی زۆر هەرزانی لە سەرخۆی تۆمار کردووە بە بێ ئەوەی بخرێتە نێو موزایەدەوە، ئەگەرچی سکاڵای (مەعرووف جیاووک) لەلایەن حکومەتی عێراق بەهەند وەردەگیرێت. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک لە لایەن وەزارەتەکانی دارایی، ناوخۆ، کشتوکاڵ و ئاودێری پێکدەهێنرێت، چەندین جار بۆ لێکۆڵینەوە، سەردانی مەیدانی دەکەن. بەڵام دواجار ئەحمەد ئەفەندی بەسەوداگەری و بەرتیلدان کەیسەکە دەباتەوە. ئەگەرچی مەعرووف جیاووک و عبدالله مفتي ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر موتەسەریفیەی هەولێر سەردانی بەڕێوەبەری ئەملاکی میری (مستەر هیجکوک) دەکەن. بە مەبەستی لێسەندنەوەی زەوی خانوبەرەکە لە (ئەحمەد عوسمان) بەڵام ئەو بەرگری لێدەکات و ئامادە نابێت هاوکاریان بێت لە دژی ئەحمەد عوسمان.

> **مەعرووف جیاووک هیچ کاتێک پیاوی ئینگلیز نەبووە، تەنها لای وابوو کورد دەکرێ لەڕێگەی ئینگلیزەکانەوە بگاتە مافی خۆی**

**لەنوسینی ئەم بابەتە سود وەرگیراوە لە:**

١. مەعرووف جیاووک، کارەساتی بارزان ی زوڵملێکراو ١٩٥٤، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر-٢٠٠٨.

٢. ئازاد عوبێد ساڵح: ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی و ڕوناکبیری مەعرووف جیاووک ١٨٨٥-١٩٨٥

## مەعرووف جیاووک

# ئاوڕدانەوەیەک لە بیر و بۆچوونەکانی



مەعرووف جیاووک یەکێکە لەو کەسایەتییە دەگمەنە کوردیانەی سەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی، کەسێک بووە لایەنگری ئەوە بووە ئەو بەشەی کوردستان، کە بە ویلایەتی موسل ناودەبرا، بەیەکجاری بە عێراقی تازە دامەزراوەوە بلکێندرێ.

**سمکۆ عەبدولکەریم**

ئەو تێگەیشتنەی جیاووک، تێگەیشتنێکی داماڵدراو نەبوو لە هەست و سۆزی نەتەوەیی، هەروەتر تێگەیشتنێکیش نەبوو لەدەرەوەی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی ئەو سەردەمی عێراق و ناوچەکە.

جیاووک لەو سەروەختەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لەسەر دەستی ئینگلیز، باش لە سیاسەت و هاوکێشە سیاسییەکەی ئەودەمی تێگەیشتبوو، بۆیە لە نووسین و هەڵوێستەکانیدا سەرسەختانە داکۆکی لەو بیروبۆچوونانە دەکرد کە لایەنگری بەستانەوەی ئەو بەشەی کوردستانی ویلایەتی موسل بوون بە عێراقەوە.

ئەوە بە هیچ مانایەک بۆ ئەوە نییە، بمەوێ هەڵسانگاندن بۆ بیروبۆچوونەکانی بکەم بە ئاراستەی ئەوەی ئەو بۆچوونانەی جیاووک، یان ئاراستە و تێکۆشانەکانی چەند دەچنە خانەی کوردایەتییەوە، ئەو کوردایەتییەی دواتر مانا و شێواز و ئاراستەی دیکە وەرگرت، جیاواز لەوەی مەعرووف جیاووک بەبیریدا هاتووە و بانگەشەی بۆ کردوە، چونکە بە خوێندنەوەی نووسین و وتارەکانی ئەودەمی جیاووک تێدەگەین ئەو لە چ گۆشەنیگایەکەوە لە مەسەلەی کورد گەیشتوە و دیەوێ کوردایەتی خۆی بکات، تێگەیشتنێک لە مەیدانی عێراقەوە، عێراقی سەردەمی پاشایەتی.

جیاووک بێ سڵمینەوە و بە ڕۆژی ڕووناک هانی کورد دەدات و داواش لە لیژنەی یەکلاییکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ دەکات، کورد نەخەنەوە باوەشی تورکیای کەمالی، بەڵکو باشتر وایە بیناخەنە باوەشی گەرمی عێراقی پاشایەتییەوە، تا ئەو کاتەی دەرفەتیک دەڕەخسێ و بە ئامانجی سەربەخۆیی دەگەن.

ئەو تێگەیشتنەی جیاووک تا ئێستاش جێگەی هەڵوەستە و لێکدانەوەی زۆرێک لە سیاسییەکان و ڕۆشنبیرانی کوردە، بەومانایەی ئێستاش دوای تێپەربوونی نزیکەی سەد ساڵ بەسەر ئەو سەردەمەی جیاووک تێدا وای بیرکردۆتەوە، بارودۆخی کورد هەم وەک نەتەوە، هەم وەک نیشتیمان بە لایکدا نەکەوتوە، بە درێژایی ئەو مێژووە، وێڕای هاتنە پێشی هەندێ گرفتی لە ئیرادە دانەبوودا، بەڵام هەم لەسەردەمی پاشایەتیدا و دواتریش لەسەردمی قۆناغی کۆمارییەکەی عەبدولکەریم قاسم-دا و دواترینیشیان سەردەمی دوای ڕووخانی بەعس، ئەو دەرفەتە دروست بووە، کورد بە تێگەیشتنێکی تەواو و یەکلاکەرەوە، بەوپەڕی قوراسایی و متمانە

بەخۆبوونەوە، تەنیا بۆ یەکجار بەغدا و عێراق بە هی خۆی بزانێ، لە ناوەندی بەغداوە درێژە بە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆی بدات، لە کاتێکدا دڵنیا بووە لە دەرەوەی هاوکێشە سیاسییە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا، دەرفەتێک نییە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، ئەمە جگە بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستانی دەبەشکراو بەسەر هەریەک لە تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا.

ئەمەش لە پەراوێزی ئەوەی، کە نزیکەی سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، مەعرووف جیاووک و کاسانی تریش هەبوونە، نەک هەر پشتگیریان لە وەها بۆچوونێک کردوە، بەڵکو کاریشیان بۆ کردوە و وەک ستراتیژیەتێکی سیاسی و جوگرافی و ئابوری لێیان ڕووانیوە.

هەموو ئەو ڕاستیانەش لەو وتارانەی مەعرووف جیاووکدا ڕەنگیان داوەتەوە، کە لەو سەردەمدا نووسیوونی و هەر لەو سەردەمیشدا لە ساڵی ١٩٢٥ لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی (دۆزی کورد) بڵاوی کردۆتەوە و لەبەر دەستدایە، ئێمەش دەتوانین ئەمڕۆ جارێکی تر جاو بەو وتارانەیدا بخشێنینەوە و لەم ڕێگەیەوە لە بارودۆخی ئەو سەردەمی تێبگەین و بە بارودۆخی ئەمڕۆمانی بەراورد بکەین.

خوێندنەوە و گرنگی ئەو تێگەیشتنەی مەعرووف جیاووک بۆ ئەمڕۆ لەوەدایە، کە ئێستاش دوای نزیکەی سەد ساڵ تێپەڕین بەسەر ئەو مێژووەدا، ئەمڕۆ جارێکی دیکە هەمان هاوکێشە سەر دەردێنێتەوە و بیر و لێدانەوەکانمان دەباتەوە هەمان ئەو ڕۆژگارەی جیاووک تێدا پاڵپشتی لکاندنی ئەو بەشەی کوردستانی بە عێراقەوە کردوە، لە بەرامبەردا زۆر توندڕۆیانە و سەرسەختانە دژایەتی تورکیای کەمالی کردوە، بە شێوەیەک دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقی بە وڵاتی عەرەب و کورد زانیوە، نکۆڵیشی لەوە کردوە کە نەتەوەیەکی دیکە لەو عێراقەدا هەبێت بە ناوی تورک، ئەو پێی وابووە هەموو ئەوانەی بە تورکی قسە دەکەن، لە بنچینەدا یان عەربن، یان کوردن(هەرکەسێک کە بە تورکی قسە دەکات لە بنەوانێکی عەرەبی، یاخود لە ڕەچەڵەکێکی کوردییە).

لەم چوارچێوەیەشدا پێی وابووە، ویلایەتی موسل هەرگیز بەشێک نەبووە لە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو هەر بەناو سەر بەو دەوڵەتە بووە، ( ویلایەتی موسڵ یەک سەدەش نەچۆتە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە، هەروەکو لە کتێبە مێژووییەکانی خۆیاندا جێگیرکراوە و ساخ بۆتەوە، چونکە بەشی ڕۆژئاوای ئەو ویلایەتە ملکەچی دەسەڵاتی بنەماڵەی «ئەلجەلیلی» بوون لە موسڵ. بەشی ڕۆژهەڵاتی بەدەستی دەسەڵاتدارانی بابانەوە بووە و بەشی باکوریش لە ژێر حوکمی میرانی ڕەواندوز دابوو، تاکو ڕۆژانی دوایی سوڵتان عەبدولمەجید، ئەم ناوچانە هیچیان ملکەچی دەوڵەتی عوسمانی نوبوون، تەنیا هەر بەناو نەبێ).

لە کۆی گشتی ئەو وتارانەیدا، مەعرووف جیاووک زۆر بەڕاشکاوی و بێ سەلمینەوە جەخت لەسەر بیروباوەڕی چەسپاوی خۆی لەمەڕ مەیلی بەلای عێراقدا دەکاتەوە و بانگەشەیەکی ئاشکرا دەکات بۆ پشتیوانی کردنی عێراقیکی بە هێز و یەکگرتوو، لە لایەن کورد و عەرەبەوە( ئێستا حکومەتێکی سەربەخۆی عێراقی دامەزراوە، وەک ئەرکێکی پێویست لەسەر شانی ئێمەی ڕۆڵەکانی عێراقە بە کورد و عەرەبەوە کە بە هۆی ئەوەوە یەکێتییەکی بەهێزمان هەبێ تا ئێمەش لە کۆڕی میللەتاندا بەهێز بین و لە بەرامبەر ئەوانیتردا شکۆمان هەبێ).

وەک بۆخۆی ئاماژەی بۆ کردوە، ئەو پێداگرییەی جیاووک بۆ پشتیوانیکردنی عێراق و ڕەتکردنەوەی تورکیای کەمالی، هەمووی بۆ ئەو زوڵم ستەمە دەگەڕێتەوە، کە کەمالییەکان بەسەر کوردیاندا هێنا بوو، ئەمەش دوای ئەو هەموو بەڵێنانەی بە کوردیان دابوو.

**خوێندنەوە و گرنگی ئەو تێگەیشتنەی مەعرووف جیاووک بۆ ئەمڕۆ لەوەدایە، کە ئێستاش دوای نزیکەی سەد ساڵ تێپەڕین بەسەر ئەو مێژووەدا، ئەمڕۆ جارێکی دیکە هەمان هاوکێشە سەر دەردێنێتەوە**



## د. ئازاد عوبێد:

# بەڕاستی ئێمە بێ ئینساف بووین بەرامبەری، ئەوە دەقی قسەی عەزیز محەمەد بوو

پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح لە پایزی ١٩٥٥ لە هەولێر لە دایک بووە، لە ٢٠٠٣ بڕوانامەی ماستەری لە بواری مێژووی هاوچەرخ بەناوونیشانی (کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردی لە باشووری کوردستان ١٩٦١-١٩٧٥) وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠٠٨ یش بڕوانامەی دکتۆرای بەناوونیشانی (ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕیی و ڕووناکبیریی مەعرووف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨) وەرگرتووە.

بۆ ئەو دۆسییەیەمان کە تایبەت بوو بە کەسایەتی (مەعرووف جیاووک) بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە دکتۆر ئازاد بدوێنین، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ئاماژە بۆ چەند لایەنێکی ژیانی جیاووک بکەین و چۆنیەتی نووسینی دکتۆراکەی سەبارەت بەو کەسایەتییەی کورد بخەینەڕوو.

**پ: دەمەوێت لەوە دەستپێبکەم بۆچی بۆ دکتۆرایەکەت ) مەعرووف جیاووک)ت هەڵبژارد؟**

د. ئازاد: هەڵبژاردنی ناوونیشانی نامەی دکتۆرا کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، سەرەتا بابەتی «مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی تاراوگە»م هەڵبژارد، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو بابەتە پێویستی بەگەشتکردن بوو بۆ دەرەوەی کوردستان، ئەوکاتەش، ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ ئەو کارە زۆر زحمەت بوو، پاش شەش مانگ، برادەران بەتایبەتی کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە و کاک تاریق جامباز پێشنیازیان بۆ کردم ناوونیشانەکە بگۆڕم، هانیاندام لەسەر کەسایەتی (مەعرووف جیاووک) بنووسم، هەرچەندە هەڵبژاردنی کەسایەتی بۆ نامەی دکتۆرا زۆر شیاو نییە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا، بەشایەتی لیژنەی گفتوگۆ، گوتیان بەڕاستی هەقی تەواوت داوەتێ. ئەو پیاوەش زۆر شایانی ئەوە بوو نامەی دکتۆرای لەسەر وەربگیرێت.

**پ: مەبەستت ئەوەیە هەڵبژاردنی توێژینەوەکەت لەسەر مەعرووف جیاووک پێشنیاری عەبدوڵڵا زەنگەنە و تاریق جامباز بوو؟**

د. ئازاد: بەڵێ هەروەک گوتم ئەو برادەرانە بەتایبەتی کاک عەبدوڵڵا هانیاندام لەسەر ئەو کەسایەتییە بنووسم، کە بەڕاستی خۆم دوودڵ بووم، چونکە کەسایەتی بۆ نامەی دکتۆرا تۆزێک قورسە و

دکتۆرا کاری وردتری دەوێت، بەڵام کە کەوتمە ناو کارەکە، دەرکەوت ئەو پیاوە زۆر کاری کردووە و زۆر بابەت و نووسینی هەیە، کە تا ئێستاش هەندێ لە بەرهەمەکانی دیار نین. ئەوەبوو ناوونیشانەکەمان هەڵبژارد (دکتۆر کەمال مەزهەر) یش کە سەرپەرشتیارم بوو، ئەویش بەوە ڕازی بوو، بۆخۆشی کاتی خۆی دەربارەی مەعرووف جیاووک و هەڵوێستەکانی لەپەرلەمانی عێراق بە تایبەتی دەربارەی سەید تەهای نەهری نووسیبووی، بۆیە دکتۆر (کەمال مەزهەر)یش زۆری پێخۆش بوو.


**پ: بەشێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی توێژینەوەکەت، تۆ چی لەو پیاوە تێگەیشتی؟**

د. ئازاد: ئەو پیاوە یەک لەو کەسایەتییە دیارانەی مێژووی کوردە، کە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، بۆیە ئەوە بۆ من وەک وەفایەک وابوو بۆ ئەو هەڵوێستانەی، بۆ نموونە ئەو لەسەردەمێکدا داکۆکی لەبارزانییەکان کردووە لە ساڵی ١٩٥٤، هیچ مەراییەکی تێدانەبووە، ئەوان لەوپەڕی ناخۆشی و ماڵوێرانی و دەربەدەریدا بوون، ئەو هاتووە کتێبی لە بارەوە نووسیوون، ئەوە ئەوپەڕی هەڵوێستە، هەڵوێستەکانی ناو پەرلەمانی عێراقی، دەربارەی نووسین و پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی کوردی، دەربارەی سەید تەهای نەهری، هەروەها مەعرووف جیاووک زۆر هەڵوێستی کوردانەی هەبووە، لە کاتی لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە لە ١٩٤٧/٦/١٩ لەبارەی پەیمانی عێراق و بەریتانیا لەساڵی ١٩٣٠ دا هەموو شارەکانی باشووری کوردستان گەڕاوە بۆ ئەوەی خەڵکی هانبدات کە داوای مافەکانیان بکەن، جگە لەوەش ئەو پیاوێکی سەرڕاست بووە، مووکوڕ بووە لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی، حکومەت ئیشی بەو بووە، نەوەک ئەو ئیشی بەحکومەت هەبووبێت، ئەگەر هەر کەمێک مەیلی بە لای حکومەتدا هەبووایە و سازشی کردبا پلە و پایەی گەورەیان دەدایێ، ئەو کە لەزۆربەی ئەوانی سەردەمی خۆی بەتواناتر و شارەزاتر و شیاوتر بوو، زۆر بەئاسانی پلە و پایەی بەرزیان پێدەدا. لەسەردەمێکدا کردیانە موتەسەریفی سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٤-١٩٤٦، هەر بۆ ئەوەی کە بتوانن سلێمانی ڕابگرن. جگە لەوەش سەردەمێک کردیانە بەڕێوەبەری تەموین، تەنیا لەبەر ئەوەی پیاوێکی دەستپاک و دڵسۆز و زۆر سەرڕاست بووە، بۆیە ئەویان هەڵبژارد و ئەو کارەیان پێی ڕاسپارد. لەکاتێکدا ئەوکات زۆربەی فەرمانبەران بەناوبانگ بوون بە بەرتیل خواردن و پارە وەرگرتن. بەدڵسۆزانە کاری دەکرد، جگە لەوەش لەسلێمانی ڕاستە لەگەڵ ماڵی شێخەکان تووشی هەندێک گرفت بوو، بەڵام نەچۆتە قاڵبی خراپەکاری و دژایەتی، پیرەمێرد زۆر بەباشی داکۆکی لێدەکات، ئەوکاتەی ڕۆژنامەی (ئازادی) پەلاماری هەندێ کەسی وەک تۆفیق وەهبی و مەعرووف جیاووک دەدات. من لە کاتی نووسینی نامەکەمدا، چاوپێکەوتنم لەگەڵ مامۆستا (عەزیز محەمەد)دا کرد گوتم: ئێوە ئەو هەڵوێستەتان هەبووە کاتی خۆی لەبەرامبەر (مەعرووف جیاووک).

وتی: بەڕاستی ئێمە بێ ئینساف بووین بەرامبەری، ئەوە دەقی قسەی عەزیز محەمەد بوو.

**پ : هەڵوێستەکەیان چی بووە لەگەڵ مەعرووف جیاووک لەوکاتدا، مەبەست هەڵوێستی حزبی شیوعییە؟**

د. ئازاد: بەڵێ، حزبی شیوعی کە لە ڕۆژنامەی (ئازادی) بەنهێنی پەلاماری داوە، وەک ئەوەی گوایە ئەو پیاوە موستەفید بووبێت، هەروەک گوتم، من


النظام الإساسي والداخلي
لنادي جمعية الارتقاء الكوردي
یانەی سەرکەوتن
طبعت ونشرت على حساب النادي
بغداد
مطبعة الشعب
١٣٤٩هـ ــ ١٩٣٠م

**«پیرەمێرد ڕەدی ڕۆژنامەی (ئازادی) داوەتەوە و داکۆکی لەمەعرووف جیاووک کردوە گوتوویەتی: لە ئەستەنبوڵەوە ئەو پیاوە دەناسم، کە دڵسۆز بووە بۆ کورد و زۆر کوردپەروەر بووە»**

لەمامۆستا عەزیز محەمەدم پرسی بۆ ئەوە و لە نامەکەشمدا دەقی ئەو قسەیەی مامۆستا عەزیز محەمەدم نووسیووە، بەتایبەتی بەرامبەر مەعرووف جیاووک، چونکە ئەو کەسێکی دڵسۆز و پاک بووە.

پیرەمێرد ڕەدی ڕۆژنامەی (ئازادی) داوەتەوە و داکۆکی لەمەعرووف جیاووک کردوە و گوتوویەتی: لەئەستەنبوڵەوە ئەو پیاوە دەناسم، کە دڵسۆز بووە بۆ کورد و زۆر کوردپەروەر بووە.

**پ: تۆ لەو نامەیەدا، چەند ئینتیمای نیشتمانی، ناڵێم ئینتیمای کوردایەتی ئەم پیاوەت بۆ دەرکەوتووە ؟**

د. ئازاد: ئەو پیاوە کەسێکی نیشتیمان پەروەر و دژی ئینگلیز بووە، بەتایبەت کاتێ مافەکانی کوردیان پشتگوێ خست و کوردیان بێبەشکرد، مەعرووف جیاووک تا سەر ئێسقان کوردایەتی کردووە، بگرە یەکێک لەو کەسە دەگمەنانەیە لە ساڵەکانی بیست و سییەکان ناوی کوردی لە منداڵەکانی ناوە، کە ئەوە بۆ ئەوکات ئەوپەڕی کوردایەتی بووە، لە کاتێکا بۆخۆی لە بەغدا لە دایک بووە، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ماڵەوەیان ئەوکاتیش هەر کوردی بووە، عەرەبی نەبووە، ئەو لەکەشوهەوایەکی کوردەواری گەورە نەبووە، کەچی ناوی کوردی لە منداڵەکانی ناوە، ئەوە ئەگەر ئەوپەڕی نیشتیمان



پەروەری و کوردایەتی نەبێت چییە؟

دواتر نووسینەکانی بەکوردی زۆرن، (بەرگی ئیملای کوردی) (هەزار بێژە و پەند)لە ساڵی ١٩٣٨ ئەوانە ئەگەر دڵسۆزی نەبێت بۆ زمانی کوردی و بۆ کەلەپووری کوردی، ئەدی چییە؟ جگە لەوەش هیچ هەڵوێستێکی وای ناکوردانەمان لێی نەبینی. بەداخەوە بیرەوەرییەکانی بزربووە، کە خۆی بەناوی (حیاتی) نووسیوویەتی و ئاماژەی پێکردووە، ئەمە جگە لە چەند دەست نووسێکی کە تا ئێستا بزرن، تەنانەت کاک تاریق جامباز لە یەکێک لە نووسینەکانی باسی ئەوە دەکات و دەڵێت: دەستنووسەکانی مەعرووف جیاووک لەکوێن؟

ئەوەی جیاووک خۆی لەپشتی بەرگی کتێبەکانی ئاماژەی بۆ کردوون، بەڵام بەداخەوە دیار نەماون، ئەوانە ئەگەر دڵسۆزی نەبن بۆ کورد و هەستی کوردایەتی، ئەی چین؟

**پ: دەتەوێ بڵێی مەعرووف جیاووک لەناو کورددا زۆر تیشکی نەخراوەتە سەر و گرنگی پێنەدرایە؟**

د. ئازاد: بێگومان تا ئەوکاتەی ئێمە نامەکەمان نووسی هەر ناوێکی ئاسایی بوو، وەک هەر کەسێکی ئاسایی ناوی دەهات، ئەو هەڵوێستانەی دیار نەبوون، ئەو نارەزایەتی بۆ عەبدولناسری ناردیە، کاتێک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ هەندێ کەسایەتی لە میسر دەرکرد، وەڵامیشی بۆ هاتۆتەوە.


لەسەر کوشتنی سمکۆی شکاک بروسکەی نارەزایی بۆ کاربەدەستانی بەریتانیا لە عێراق ناردوە، کە سمکۆ بەفێڵ لەساڵی ١٩٣٠ غافڵکوژکراوە، جگە لەوەش یانەی سەرکەوتنی کوردان، ئەوە هەر زۆر زۆر گرنگە تۆ لەساڵی ١٩٣٠ یانەیەک دابمەزرێنیت ئەو یانەیەی سەرکەوتنە ئەگەر بۆ شتێکی سیاسیش نەبووبێت، خەبات بووە بۆ ڕۆشنبیری کوردی، چونکە لەبەرنامەکانی یانەکەیدا دەڵێت: ئێمە کاری سیاسی ناکەین، زیاتر کارەکانی ئێمە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییە، کار بۆ زمانی کوردی و خوێندنی کوردی دەکەین، بۆ حەوانەوەی ئەو قوتابیانەی کە لەشارەکانی کوردستانەوە دێن بۆ ئێرە، ئێمە لێرە جێیان بۆ دەکەینەوە و دەیانحەوێنینەوە. ئەو یانەیە پاش بێنەوبەردەیەکی زۆر ئینجا دامەزرا، حکومەت

یارمەتی نەدەدا، ئەو لەسەر توانای خۆی و بەهەوڵ و تێکۆشانی خۆی توانی یانەکە بکاتەوە (١٣) ساڵیش لەماڵی خۆی درێژەی بە یانەکە دا، چونکە یانەکە بارەگایەکی سەربەخۆی نەبوو، تا ئەو کاتەی بۆ باربۆی هەمو کوردستان گەڕاوە و پارەی کۆکردۆتەوە، ئینجا بارەگایەکی بۆ یانەکە بەکرێ گرت و توانی ئیدارەکە ڕێکبخات، جگە لەوەش لە هەڵبژاردندا یەکەمین دەنگی هێنا، بەڵام ئیبراهیم حەیدەری کردە سەرۆکی یانەکە کە کەمترین دەنگی هێنا بوو، ئەوی پێش خۆی خست، ئەوە ئەوپەڕی دڵسۆزی و نیازپاکی ئەو پیاوەیە.

**پ: تۆ پێتوایە مەعرووف جیاووک خاوەنی دونیابینی و تێگەیشتن و بیرو بۆچوونێکی تایبەت بەخۆی بووە؟**

د. ئازاد: بۆ نا، بەڵام ئەوکاتی خەڵکی دابەش ببوونە سەر دوو بۆچوونی جیاواز، هەندێکیان پێیان وابوو کە دەکرێت لەڕێگای بەریتانیاوە کورد بگاتە مافەکانی، هەندێکیشان کە لایەنە چەپەکان بوون، ئەوانە پێیان وابوو کە ئیستعمار قەت مافی گەلان نادات، ئەو دژی ئەوەبوو و نەچووە ژێرباری ئەوەی کە کوردستان بخەنە ژێر ئەو واقیعەی بەریتانیا و ئاشورییەکان باڵا دەست بن، چونکە بەریتانیا بەتەما بوو شوێنێک بەناوی (ئاشوورستان) تەقریبەن بەو شێوازە دروست بکات، هەتا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان باڵا دەست بن لەکوردستان کە بە ژمارە لە کورد کەمترن.

هەتا لەچاپەکەی دەزگای ئاراس ئەوکاتە جەرجیس فەتحوڵلا قسەی بەسەر دەزگاکە دەڕۆیشت، هەندێک




پەراوێزی نووسیووە، کە لەجێگای خۆیدا نین، من کاتی خۆی لە کاک (بەدران حەبیب)م پرسی گوتی: کاکە ئەوکاتی ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو، قسەی ئەو بەسەرماندا دەڕۆیشت، نەمانتوانی ڕێگری لێبکەین کە ئەو پەراوێزانە نەنووسێت .

**پ: پەراوێزەکان چی بوون؟**

د. ئازاد: لەپەراوێزەکان وەڵامی نووسینەکانی مەعرووف جیاووک دەداتەوە.

**پ : لەچ ڕوویەکەوە ؟**

د. ئازاد: لەڕووی ئەوەی کە ئاشوورییەکان داردەستی بەریتانییەکان بوون و بەکار دەهێنران و دەیانەویست شوێنێکیان بدەنێ و کورد ببێتە کەمینە، لەوانەیە من هەموو شتەکانیم لەبیر نەبن، بەڵام دەیانویست لەڕێگای ئاشوورییەکانەوە، قەوارەیەک لەو ناوچەیە دروست بکەن، بەشێوازێکی وا، دەیانویست ڕۆشنبیرەکان واڵیبکەن تەئیدی ئاشورییەکان و ئەو پرۆژەیە بکەن، بەڵام مەعرووف جیاووک و ئەوان، نەچوونە ژێر ئەو بارە.

**پ : تۆ لەئەنجامی نامەکەتدا هیچت بۆ دەرکەوت کە مەعرووف جیاووک نزیکایەتییەکی وا یا دۆستایەتیەکی لەگەڵ ئینگلیزدا هەبووبێت ؟**

د. ئازاد: نەخێر ئەو دژی سیاسەتی بەریتانیا بوو، بەتایبەت بەرامبەر بەکورد، ئەگەر وابوایە ماوەیەکی کورت نەدەبووە موتەسەریف و بەردەوام دەبوو، ئەو تۆزێک لای کردبایەوە بەلای دەسەڵاتی سەردەمی پاشایەتی کە هاوڕێی نوری سەعید بوو، بەیەکەوە چووبوون بۆ خوێندن، لەگەڵ ڕەشید عالی گەیلانیش هەروابوو،

**«مەعرووف جیاووک تا سەر ئێسقان کوردایەتی کردووە، بگرە یەکێک لەو کەسە دەگمەنانەیە لە ساڵەکانی بیست و سییەکان ناوی کوردی لە منداڵەکانی ناوە»**

> **«ئەو سەردەمە دامەزراندنی ئیتیحادی هاشمی (عیراق و ئوردن) لە گۆڕێ بوو، مەعرووف جیاووک لەسەر تەختی نەخۆشخانە بووە، پێیان دەڵێت: ئەدی کورد لەو یەکگرتنە مەوقیعی چییە و چیلێدێت؟»**

لە کاتی نەخۆشیەکەشی نووری سەعید چۆتە لای لە نەخۆشخانە و سەردانی جیاووکی کردووە، ئەو سەردەمە دامەزراندنی ئیتیحادی هاشمی (عیراق و ئوردن) لە گۆڕێ بوو، مەعرووف جیاووک لەسەر تەختی نەخۆشخانە بووە پێی دەڵێت: ئەدی کورد لەو یەکگرتنە مەوقیعی چییە و چیلێدێت؟ چونکە ئەگەر ئیتیحادێکی هاشمی وادروست بێت دەبوا کورد حوکمی زاتی یا شتێکی لەو جۆرەی پێبدرێت.

**پ : ئەدی باشە ئەو نزیکایەتییە، یا ئەو داکۆکییە سەرسەختانەی کە پێی باش بووە، بۆ نموونە کوردستانی باشوور بە یەکجاری بلکێنرێت بەعێراق و کورد پشتیوانی عێراقی پاشایەتی بکات، هاوشانی عەرەبەکان، پێتوایە ئەو تێگەیشتنەی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

د. ئازاد: ئەو لەکاتی گفتوگۆی مەسەلەی کورد دەیووت دەبێت کورد و عەرەب وەکو یەک بن، نابێت کورد لەخوار بێت و عەرەب لەسەرەوە بێت، ئەو مەبەستی ئەوەبوو تەنانەت لەگفتوگۆکانیش قسەی وایکردوە، دەڵێت دەبێت هاوشان بن نایەوێت کورد لەخوارەوە بێت، دواتر ئەوان ستەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکانیان بینیبوو، دواتریش ستمی دەسەڵاتی ئەتاتورکیش بەرامبەر کوردانی باکوور، لەوانەیە ئێرەیان پێ باشتر بووبێ، تازەش ئەو دەسەڵاتە دامەزرا بوو، دواتریش بەڵێنی بەریتانییەکان وابوو کوردیش بگاتە هەندێک مافی خۆی، بۆیە هەر ئێرەیان پێ باشتر بووە لەوەی بچنەوە سەر تورکیای کەمالی، بەڵام کە دەسەڵاتی ئیستعمار پەشیمان دەبێتەوە ئەوان چیبکەن؟!

**پ: لەنووسینەکانیدا مەعرووف جیاووک وەک کەسێکی زۆر دژە تورک دەردەکەوێت، تا ئەو ئاستەی بوونی تورک لەو بەشەی کوردستان ڕەتدەکاتەوە؟**

د. ئازاد: ڕەتکردنەوەکە هەر بۆ ئەو درندەییەی ئەتاتورک دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ و بەدواوەش ساڵی ١٩٣٨.

ئەگەر بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر بخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێت چی تاوانێک دەرحەق بە کورد لە باکور کراوە، من بۆخۆم بەوشێوەیە هەرگیز وای تێنەگەیشتبووم، ئاستی درندەییەکەمان هەست پێکردبوو، بەڵام ئەوەی کە ئەو باسی لێوەدەکات بەڕاستی لەئەقڵ بەدوورە، لەئەندازە چۆتە دەرەوە، سەیرە دونیا ئاوا بێخەبەر بووە بەرامبەر دەسەڵاتێکی وا کە هیچ حیسابێکی بۆ مرۆڤ بوون نەکردووە، بەشێوەیەک وەک مرۆڤ تەماشای کوردی نەکردوە، چی ئەوانەی کە بۆردوومانیان کردوون، یان ئەوانەی کە کوردیان کوشتووە، بەهەموو شێوازێک ئاگریان لەخەڵکی بەردایە لەناو ئەشکەوتەکاندا، بەوپەڕی درندایەتی، ئەو جۆرە درندایەتییە حەتمەن ئەوان لەڕۆژنامەکاندا بەرچاویان کەوتووە و ئاگاداربوونە، بە تایبەتی مەعرووف جیاووک کە ئەو پیاوێکی ڕۆشنبیر و بە ئاگا بووە .

**پ: بەڵام پێت وانییە زیاد لەپێویست مەیلی بەلای عێراقی پاشایەتیدا هەبووە؟**

د. ئازاد: ناکرێت لەجیاتی ئەو قسە بکەم، ئەو خۆی لەناو دۆخەکەدا بووە، چونکە ئێمە نەوەیەکی جیاوازین، لەسەردەمێکی جیاوازدا ژیاوین، ڕەنگە بۆچوونەکەی وەک خۆی نەزانم و نەتوانم وەک پێویست بەرگری لێبکەم، بەڵام دیارە هەر عێراقیان پێ لەبارتربووبێ بۆ کورد لە چاو دەسەڵاتی تورک و ئەوانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە.

**پ: لەئەنجامی نامەکەتدا بەچی جیاووک سەرسام بووی؟**

د. ئازاد: سەرڕاستی، پیاوێکی ڕەق بووە، لەهەڵوێستەکانی خۆی نەهاتۆتە خوارێ، لایەنی ئایینی هەبووە ئەوە

ناشاردرێتەوە، هەرگیز خیانەتی لەنەتەوەکەی نەکردووە، تاسەر ئێسقان دڵسۆز بووە بۆ کورد و کوردایەتی، تا کۆتایی دەبینین لەسەر ڕێبازی کوردایەتی خۆی بەردەوام بووە.

**پ: ئەگەر وابێت، پێتوایە بۆچی وەکو پێویست بایەخی پێنەدراوە و فەرامۆش کراوە؟**

د. ئازاد: لە دونیای ئێمەدا، دەبێت حزبێک یا عەشیرەتێکت لە پشت بێت، بەتایبەتی لەو سەردەمدا چەپەکان، هەندێک دژایەتیان کردووە، تەنانەت جەماعەتی تۆفیق قەزاز، کاتێک جیاووک پارێزگاری سلێمانی بووە نووسین و شیعری خراپیان بۆ نووسیووە، کە بووەتە جێی نیگەرانی کەسانی دەستەبژێر و ڕووناکبیرانی شارەکە، تا ئەوەی ڕوونکردنەوەیان نووسیووە کەوا ئەو نووسین و بڵاوکراوانە خزمەتی کەس ناکەن یەک لەهەڵویستەکانی کە بارزانییەکان لەتورکیا گەڕانەوە شێخ ئەحمەد و ئەوانی دی، بەموسڵدا هاتنەوە، بەخۆی چووە سەمون و نانی بۆ کڕیون، کە ئەوان لەناو شەمەندەفەردابوونە، کە باردۆخەکەیان زۆر خراپ بووە، ئایا بۆ کەسێکی دیکە یا پیاوێکی دیکە نەچوو ئەو کارە بکات؟ ئەویش دەیتوانی وەک خەڵکی دیکە وانەکات، دواتر چی قازانجێکی لەو کارەی کردووە، جگە لەبێزاری دەسەڵات لێی، ئەو هەڵوێستانەی نواندووە دەسەڵات لێی بێزار بووە، زوو زوو لە کارەکەی لایان دەبرد. ئەو دادوەر بووە و کاری پارێزەری کردووە، یەکێ لەهەڵوێستەکانی دیکەی، کاتێک دادوەر بووە، لەکوشتنی یەکێک لەکەسەکانی ناوچەی دیالە بەناوی (ئیبراهیم عەبدەکە) کە ڕای گشتی عێراقی بەخۆیەوە خەریک کردبوو، ئەو زۆر بەئینساف و ڕاستگۆیانە ڕای خۆی دەربڕیووە و بڕیاری داوە، نەیوویستییە کاریگەری هیچ دەسەڵاتێک لەسەری هەبێت، بڕیاری خۆیداوە بێ ئەوەی لە هیچ بسلمێتەوە، نەکەوتۆتە ژێر پاڵەپەستۆی هیچ کەس و لایەنێک. ئەو زۆر بەڕاشکاوانە بڕیاری داوە، ئەوەش زۆر گرنگە، ئەگەر بە جددی لێیبڕوانیرێت.

**پ : ئێوە چۆن گەیشتنە باوەڕێکی یەقین، کە ئەو خەڵکی هەولێرە و لەهەولێریش خەڵکی سرێشمەیە؟**

د. ئازاد: خۆی دەڵێ باڵەکی، دواتر من خۆم چوومە گوندی سرێشمەی لای خەلیفان، ئەو کەسانەی کە دیتبوویان، یان ناوبانگیان بیستبوو، دواندمن. یەکێکیان هەبوو لەسەر جێگا کەوتبوو نەخۆش بوو ناوی حەمەدئەمین حاجی عەبدوڵڵا بوو، ئەو پیاوە زۆر لێی نزیک بووە، بەردەوام لەبەغدا هاتووچۆی کردووە. هەروەها کەسێکی دیکە بەناوی مەلا عەبدولفەتاح تاهیر محەمەدئەمین، هەیە ئەویش زۆر شارەزا بوو، زۆر یارمەتی دام لە یەکلاییکردنەوەی بنەماڵەکان، چونکە ئەو بنەماڵانە هەموویان ماون، حەزدەکەم ئەوەی زۆر تەئکید بکەمەوە کە مەسەلەی ناوەکەی (چیاووک) نییە، بەڵکو (جیاووک)ە، کە بەو مانایەی جیاوازە، ئەو ماڵە جیابوونەتەوە هەتا بەڕەحمەت بێت مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەچلەکەی بەعەرەبی پێی دەڵێ (انت المميز) بەمانای تۆ پیاوێکی جیاوازی. هەر بۆ زانین لە لای گوندی ئینگلیزی شەقامێکیان بەنا کردوە، بەداخەوە بە (چیاووک) نووسیوویانە، کە وەک گوتم هەڵەیە.

**پ: یانی جیاووک لەجیاوازەوە هاتووە؟**

د. ئازاد: بەڵێ دواتر ئەو خۆی بایەخی بەزمان و وشەی کوردی داوە، بۆیە ئەگەر وشەکە (چ) بوایە زۆر بەڕاشکاوی دەینووسی، تەنانەت ئەگەر سەرنج بدەیت دەبینین بەدوو واو ناوەکەی نووسیووە (مەعرووف جیاووک) بەخۆی بەدوو واو ناوی خۆی نوسیووە لەهەموو شوێنێک کە گومانی تێدانییە جیاووک بنەماڵەیەکی جیاوازن

عەباس عەزاوی مێژوونووس زۆر بەوردی باسی ئەو بنەماڵانە دەکات، ماڵە موس، ماڵە جیاووک ماڵە باس ئەوانە لەسەردەمی کۆتایی میرنشینی سۆران کۆچیان کردووە بۆ هەولێر و دەوروبەری، واتە پاش ڕووخانی میرنشینی سۆران، شتێکی واش هەیە دەڵێن کاتی خۆی خەزێنەیەکیان دۆزیوەتەوە، بەودوایەش وابزانم لەسرێشمە خەزێنەیەک دۆزرایەوە، لەساڵی ١٩٩٢یش لە کاتی هەڵکۆلین و بناغەی خانووێک، ئەوکاتیش شتیان دۆزیبووەوە، یانی ئەوە سێیەم،




یان چوارەم جارە خەزێنەی لێ دەدۆزرێتەوە.

قسەیەکیش هەیە دەوترێت گوایە ئەوکاتی ئەو خەزێنەیان دۆزیوەتەوە کۆچیان کردووە و هاتوونەتە هەولێر، دواتر چوونەتە بەغدا، هەندێکیش لەو بنەماڵەیە لەگوندی بەرحوشتر هەن لەناوچەی هەولێر.

**پ: ئەگەر بزانیت کە کۆچی دوایی دەکات تەرمەکەی دەهێنرێتەوە بۆ هەولێر، ئایا بۆچی هێناویانەتەوە هەولێر، ئەوە وەسیەتی خۆی بووە؟**

د. ئازاد: ڕاسپاردەی خۆی ئەوەبووە لەسەر ڕێگای شەقڵاوە بنێژرێت، تەنانەت دەڵێن ئەو کەپەنک کە شتێکی کوردەوارییە و لەگەڵ کڵاوی کوردی و گۆپاڵەکەی لەسەر گۆڕەکەی دابنرێن، بەڵام نەیانتوانی لەوێ بینێژن دواتر لەگۆڕستانی مزگەوتی شێخی چۆلی تەرمەکەیان ناشت، بەڵام وەسیەتنامەکەیان جێبەجێ کرد و خەڵکێکی زۆری هەولێریش پێشوازیان لەتەرمەکەی کردووە، لەوانە موتەسەریفی هەولێر و سەرۆکی فەرمانگەکانی هەولێر و کەسایەتییە دیارەکان.

**پ: لەسەر کێلی گۆڕەکەی چی نووسراوە؟**

د. ئازاد: نوسراوەکان بەشێوەی هەڵکۆڵین بەشێوەی دەستوخەتی مەعرووف جیاووک خۆی نوسراوە:

«الفاتحه معروف جیاووک لێره نێژراوه و ئەڵێ ئەی کورد بە خووی چاک و زانستی و یەکیەتی کامەران ئەبی و بە کاروان ئەگەیی لە ساڵی ١٨٨٥ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٨ لە ڕۆژی سێ شەممە کە ٢١ مانگی کانونی دووەم ئەکا گیانی بە خاک سپاردووە»

**پ: کەسوکاری جیاووک ئێستا کێیان لێرە ماون؟**

د. ئازاد: لێرە ئامۆزا و خزمیان هەن، بەڵام منداڵەکانی زۆربەیان لەدەرەوەن، کوڕێکی تا ئەم دواییەش لەبەغدا بوو، نازانم ماوە یان نا، جوامێریان هەیە لەدەرەوەی کوردستانە، کاتی خۆشی لەساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووە، پاشان لەساڵی ١٩٧٥ چووەتە دەرەوە، ئێستا لەئەمریکایە، جیهان خێزانی عەبدولکەریم، کە یەکێک سەرکردەکانی حزبی شیوعی بوو ئەویش لەدەرەوەیە، پەیمان ئەویش لەئەمریکایە، زۆربەیان لەدەرەوەن، ئامۆزاکانیان لێرە هەن وەک و سمکۆ عارف جیاووک، ئەوانی دیکە گەڕاونەتەوە سریشمە لەوێ خانووی کردووە، وەکو دەڵێن پەرش و بڵاوبوونە. ماڵی چیچۆییەکانی هەولێر هەندێک لەوان نزیکن وابزانم بەژنخوزای تێکەڵن.

**پ: تۆ کەست بینی هاوسەردەمی مەعرووف جیاووک بوبێت و قسەت لەگەڵی کردبێت؟**

د. ئازاد: بەڵێ ویداد خاڵس ئەلقازی مامۆستا و ئەندامی پەرلەمانی عێراق، مەعرووف جیاووک خاڵیتی، موکەڕەم تاڵەبانیم دیت کە هاوسەردەمی بوو لەیانەی سەرکەوتن، کاتێکیش ململانێیەک لەنێوانیاندا دروست دەبێت، لە نێوان نەوەی نوێ و نەوەی کۆن، ئەمین زەکی بەگ ناوبژیوانی کردبوون و هەمووی سارد کردبوونەوە، ئەوە وایکرد کە هەردوو لایەن پێکبێنەوە و دابنیشن و یانەکە بەڕێوەببەن.

**پ : ململانێیەکە چۆن بوو لەسەر چی بووە، ئایا پەیوەندی بەئاراستەی فیکرییەوە هەبووە؟**

د. ئازاد: ململانێیەکە لەسەر بەڕێوەبردنی یانە بووە، نەوەی نوێ و نەوەی کۆن، دیارە موکەڕەم تاڵەبانی و ئەوان بەلای چەپدا بوون، بەڵام بەو شێوازە زەقە نەبووە، دواتر درەنگتر ڕەنگیداوەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٤ جیاووک نەخۆش دەکەوێت مەحمود بابان یانەکە زیندوو دەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٥٨ کە شۆڕشی ١٤ ی تەمووز بەرپابوو یانەی سەرکەوتن تاڕادەیەک بەلای چەپدا بوو.

**پ: واتە ململانێی چەپ و ڕاستەکان بووە؟**

د. ئازاد: تا ئەندازەیەک هەبووە.

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- ***خوێندنەوەیەکی نیشانەناسیی بونیادگەری بۆ شیعری: (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا)ی سەباح ڕەنجدەر (نیشانەکانی گیان لەبەران)***

ڕزگار جەباری

- ***چیرۆک و شیعری وێنەیی لە ئەدەبی نوێی کوردیدا***

سابیر ڕەشید

- ***ڕۆمانی (فریشتەی دۆزەخ)ی باهۆز مستەفا***

زانا خەلیل

- ***ئیرۆتیک، لە لای (قوبادی جەلیزادە)دا***

فەرەیدوون سامان

# (نیشانەکانی گیان لەبەران)

## خوێندنەوەیەکی نیشانەناسیی بونیادگەری بۆ شیعری: (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا)ی سەباح ڕەنجدەر



ڕزگار جەباری

**پێشەکی:**

ئەگەرچی بە درێژایی مێژوو زۆر قوتابخانە و زۆر تیۆریی ئەدەبی دەرکەوتوون، بەڵام هیچ یەک لەمانە نەیانتوانی بانگەشەی ئەوە بکەن، کە دوا قسەی لەبارەی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبییەوە کردووە. بۆیە زەمینەی تیۆریسازی، هەمیشە بە خۆشکراوی ماوەتەوە و پەیگریی بابەتیانەی جۆراوجۆر لە ڕێڕەوی تیۆرسازی پرسێکی سروشتی تەماشاکراوە. تیۆریی و ڕێباز و قوتابخانە بەدوای یەکدا هاتوون، خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دەق کردووە، کە زۆربەی جار چەقی ئەم بزاوتانە خۆرئاوا بووە.

تاوتوێکردن و توێژینەوەی بەرهەمی ئەدەبی کوردی، لە سۆنگەی شێوازەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخی خۆرئاوادا، دەتوانن دەرچەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتنی ئەم بەرهەمانە بە ڕووی خوێنەراندا واڵا بکەن. (نیشانەناسی) ش لەو ڕێپێبردنانەی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبیی، کە بۆ بەکارهێنانی لەم بوارەدا و گەڕان لە باری شێوازی ئەفراندنی واتا لە دەقە ئەدەبییەکاندا توانایەکی شایستەی هەیە.

بنەمای بیری نیشانەناسی، قوتابخانەی بونیادگەرییە. هەر کارێکی ئەدەبی لە بنەمادا لە چەندین نیشانە و ئاماژە و تەنانەت بیرۆکە و زانیاری و گوزارشت پێکهاتوون، ئەو بونیادەش کە ئەم ڕەگەزانە تیایدا کۆ دەبنەوە خودانی ڕواڵەتێکی بنیادی و تایبەتمەندی جیاوازن، لە تایبەتمەندی ئەو نیشانە و ئاما ژانە.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە خۆی لەخۆیدا جۆرێکی ڕاڤەیە، چونکە ((ئەگەر بەشێکی سەرەکی کاری هێرمینیۆتیک دەرخستنی ڕووە پەنهان و شاردراوەکانی ناو دەق بێت، ئەوا لە چوارچێوەی زمانەوە، دەکرێ هەموو ئەم کۆد و ڕەمزانە بدۆزێتەوە...)) (١، ٢٦٦)

((ئەم دوو چەمکە (نیشانەناسی و هێرمینیۆتیک) لەوەدا لێک نزیک دەبنەوە، کە ئەوەی پێی دەوترێت نیشانەناسی، بریتییە لە ڕاڤەکردنی واتا دەلالی و نیشانە و هێماکان....)) (١، ٢٦٩)

جۆری ئاماژە بە لاپەڕە و ناوی سەرچاوە شێوازێکی ڕووسی بەکارهاتووە، کە لە کۆتایی هەر پەرەگرافێکدا چی ناڕاستەخۆ سوودی لێ وەرگیرابێت، یان وەکو خۆی بەکارهێنرابێت؛ لەناو کەوانەدا ژمارەی یەکەم ئاماژەیە بە سەرچاوەکە بە پێی زنجیرەیان کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا هاتووە و ژمارەی دووەم ئاماژەیە بە ژمارەی لاپەڕەکە.

### 1- پێناسەی نیشانە

سادەترین پێناسەی نیشانە بریتییە لە: کۆمەڵێک دوانەیی پێکهاتوو لە چەمکێک و شێوەیەکی دەنگیی. بەپێچەوانەی ئەوەی کە برێک بانگەشەی بۆ دەکەن، مەبەست لە نیشانە پەیوەندی نێوان تەنێکی مادی و ناوێک نییە، بەڵکو بوونی نیشانە دەبێت لە پەیوەندیی نێوان چەمکێک و شێوەیەکی دەنگیدا بۆی بگەڕێین. پێکهاتنی چەمک و شێوەی دەنگی کۆمەڵێکی بەناوی نیشانەوە هێناوەتە ئاراوە. شێوەی دەنگی، بە گوتە، یان (دال) ناودەنرێت و هەروەها چەمکیش، بە واتا، یان (مەدلوول) ناودەنرێت. (٢، ٢٦)

لە ڕوانگەی (لۆتمان)هوە١ جیاوازی هەیە لە نێوان ((نیشانە ڕێککەوتنەکییەکان)) (وشە؛ وەکو لایتی سوور) و ((نیشانە وێنەییەکان)) کە یەک گوزارشت بۆ دەلالەت دادەنێت و ئەویش (نەخش)یە. لە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤدا، چەند بۆ دواوە بگەڕێینەوە، دوو نیشانەی فەرهەنگی سەربەخۆ و بەرامبەر دەبینین: وشە و نەخش. لە وشەکان هونەرە گوفتارییەکان بەرهەم دێن و لە نەخشەکانیش هونەرە شێوەکارییەکان. (٣، ٢٤٤)

## ٢- پێناسەی نیشانەناسی

پێناسەیەکی یەکینە و گشتی بۆ نیشانەناسی چەشنی زۆربەی تیۆرییە ئەدەبی و فەلسەفییەکان شتێکی کردەنی نییە. تاوتوێکردنی پێناسەکان و تایبەتمەندییەکانی نیشانەناسی، کە لەلایەن بیرمەندانی جیاوازەوە خراونەتەڕوو، توێژینەوەیەکی سەربەخۆ دەخوازێت. ئەوەی لەم بەشەدا دەخرێتەڕوو، پێناسەیەکی گشتییە بۆ زانستی نیشانەناسی کە مایەی پەسەندی بیرمەندانی گۆڕەپانی زم اناسییە.

لە زمانی ئینگلیزیدا هەر دوو وشەی سیمیۆلۆژی و سیمیۆتیکس بۆ ناولێنانی زانستی (نیشانەناسی) بەکاردێن.

وشەی سیمیۆلۆژی لە لایەن سوسێر٢ زمانناسی سویسرییەوە دانراوە، کە بەکاری هێنا بۆ ناولێنانی زانستێکی تازە، کە بەشێک بوو لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتی بۆ توێژینەوەی ((ژیانی نیشانەکان لە کۆمەڵگەدا)). بەڵام وشەی سیمیۆتیکس لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لە لایەن فەیلەسووفی لۆژیک ناسی ئەمریکی چارلز ساندێرس پێرسەوە٣ کە دامەزرێنەری ئەم لقە توێژینەوەکارییە، دانراوە.

لێکۆڵینەوەکانی نیشانەناسی بە دوو ڕێچکەدا دەڕۆن، یەکەمیان لێکۆڵینەوەیە لە ئەرکی نیشانە لە بواری گەیاندنی زانیاریدا، سوسێر زیاتر لەو بارەوە دەدوێت. دەووەمیان لێکۆڵینەوەیە لە چییەتیی نیشانە و دیاریکردنی پێکهاتە و مەرجەکانی، کە پێرس لەو بوارەدا کاری کردووە. (٧١،٤)

## ٣- پێشینەی نیشانەناسی

زانستی نیشانەناسی بە واتا ئەمڕۆیینەکەی لەلایەن فێردینان دوو سوسێر، زمانناسی سویسری و چارلز ساندێرس پێرس لۆژیکزانی ئەمریکییەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕۆنراوە. ئەم دوو زانایە نزیک بە هەمان کات پێکەوە ڕوویان لەم گۆڕەپانە کردووە. بەڵام نموونەی جیاوازیان لێ خستووەتەڕوو.

٣-١ / نیشانە لە ڕوانگەی سوسێرەوە١:

سوسێر لەو باوەڕەدایە نیشانەناسی ئەوەمان فێر دەکات، کە نیشانەکان لە چی پێکهاتوونە و چی یاساگەلێک حوکمیان بەسەرەوە دەکەن. هەروەها زمانناسی بە بەشێکی ئەم زانستە گشتییە دەزانێت. پوختەی لێکۆڵینەوەی سوسێر لەبارەی زمانەوە لەم سەرنجانەی خوارەوە کۆ دەبنەوە:

١- توێژینەوەی زمان دەبێت هاوزەمەنی بێت (ئێستایی) نەک ناوزەمەنی واتە (مێژوویی).

٢- زمان سیستەمێکی یەکپارچەیە و بەشەکانی ئەرکێکی تەواوکارییان هەیە. زمان تەنیا کۆمەڵێک دەنگ و وشە نییە، بەڵکو دەزگایەکە لە پەیوەندی و لەسەر سیستەمێکی دیاریکراو کار دەکات. ئەو سیستەمە بەلای سوسێرەوە (زمان)ە و جیایە لە (قسە)ی تاکی ئاخێوەرانی.

٣- دوو جۆر پەیوەندی لە نێوان توخمەکانی ڕستەدا هەیە. یەکێکیان هاونشینی، کە بریتییە لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان توخمەکانی ناو یەک زنجیرە گوتار کە بە تەنیشت یەکەوەن، پەیوەندی دووەم پەیوەندی جێنشینییە.(٤، ٥٣ و ٥٤)

پەیوەندیی هاونیشینی لە بنەڕەتدا پەیوەندیی نێوان ئەو یەکانەیە کە لە پێکهاتندا لەگەڵ یەکدا قەرار دەگرن و یەکەیەک لە ئاستێکی بەرزتر پێکدێنن، پەیوەندیی جێنشینی- ش لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکی نێوان ئەو یەکانەیە لەبری یەک هەڵدەبژێردرێن و لە هەمان ئاستدا یەکەیەکی نوێ دەهێننە ئاراوە.

بە باوەڕی سوسێر زمان کۆمەڵێک ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییە (واتە نیشانەی زمانی و پەیوەندیی نێوانیان) کە لە شێوەی ئاخافتن دەردەکەوێت. نیشانەی زمانی تهنیا پەیوەندیی شتێک و ناوێک نییە، بەڵکو پەیوەندیی چەمکێکە لەگەڵ وێنەیەکی دەنگی. نیشانەی زمانی لە بنچینەدا واقیعەتێکی دەروونناسییە، کە خودان دوو بەشە، واتە وێنەی دەنگی (دال) و چەمکێک (مەدلوول) و پێیوایە نیشانە بەرهەمی هاوکوفبوونی ئەم دوو توخمەیە.(٥، ١٣٣)

٣- ٢/ نیشانە لە ڕوانگەی پێرس- ەوە٢:

بە پێچەوانەی سوسێرەوە کە نیشانە بە پێکهاتوو لە دوو پاژی دال و مەدلوول دەزانێت، لای پێرس پەیوەندیی نیشانە لە سێ پاژ پێکهاتووە:

١- هێما: ئەو شێوەیەیە کە نیشانە بە خۆیەوەی دەگرێت.

٢- ڕاڤە: ئەو واتایەیە کە لە نیشانەوە بە دەست دێت.

٣- بابەت: ئەو شتەیە کە نیشانە دەلالەتی لێدەکات.

بەپێودانگی ئەم پۆلێنەی پێرس، دەتوانین بڵێین تابلۆی (جگەرە کێشان قەدەغەیە) لە شوێناندا، هێمایە و ڕاڤەکەی ئەوەیە کەس جگەرە هەڵنەکات و بابەتەکەش جگەرەنەکێشانە. لە ئەنجامی بەراوردی نێوان پۆلێنەکەی پێرس و سوسێر بۆ نیشانە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هێمای پێرس هاوکوفە لەگەڵ دال لە مۆدێلەکەی سوسێردا و ڕاڤەکەیشی هاوشێوەیە لەگەڵ مەدلوولەکەی سوسێر. لەو نێوانەدا ئەوە تەنیا بابەتە کە سوسێر نەپەرژاوەتە سەری.

پێرس نیشانەکان بەگوێرەی پەیوەندییە جیاوازەکانی نێوان دال و مەدلوول دابەشی سەر سێ جۆر دەکات:

١- ئایکۆن: لە پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوولدا لێکچوون هەیە. وەکو لێکچوونی نێوان وێنەی کەسێک و خودی کەسەکە، یان نەخشەی خانوویەک کە بچووککراوەی خانووەکە خۆیەتی.

٢- ئاماژە: نیشانەیەکە لەسەر بنەمای هۆ و هۆکار، وەکو دووکەڵ کە نیشانەی ئاگرە، یان ئامێری دیاریکردنی ئاراستەی با.

٣- هێما: ئەو نیشانەیەیە کە پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول پەیمان و ڕێککەوتنەکییە، وەکو بەکارهێنانی ئەو هێمایانەی کە دەلالەت لە پلە سەربازییەکان دەکەن.

بە وردبوونەوە لەوەی بەرباس خران، دەتوانین ئەوە هەڵێنجێنین کە پانتایی کاری زمانناسی توێژینەوەیە لە نیشانە ڕێککەوتنەکییەکان کە هیچ پەیوەندییەکی خودی، یان سروشتیان لەگەڵ مەدلوولەکانی خۆیاندا نییە و پێویستە لە ئاراستەیەک بگەڕێت بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی نێوان نیشانەکان. (٢،٨٢)

**٤- مودێلی پەیوەندیی ڕۆمان یاکۆپسۆن١**

ئەرکی نیشانە گەیاندنی پەیام و ڕۆنانی پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگرە. ئەو مودێلەی ڕۆمان لەمەڕ سیستەمی پەیوەندییەکانی خستووەتەڕوو، خودان بایەخێکی تایبەتە.

١- ڕۆمان یاکۆپسۆن (١٨٩٦ – ١٩٨٢) یەکێکە لە پێشڕەوانی ئەدەبناسی، جوولەکەیەکی ڕووسی بووە.

بابەت (سیاق)

پەیام

ئاخێوەر (نێرەر) ................................................ بەردەنگ (وەرگر)

پەیوەندیی (ناوەندی پەیوەندیکردن)

کۆد (دەستەواژە)

بەپێی ئەم مۆدێلە، پەیوەندی داگری پەیامێکە کە ئاخێوەر دەریدەکات و بەردەنگ وەریدەگرێت. بۆ ئەوەی پەیامەکە لە نێرەرەوە بە وەرگر بگات، پێویستە بە ناوەند (رایەڵێک) دا کە دەکرێت گوفتاری، یان وێنەیی بێت تێپەڕ ببێت. ئەم ڕایەڵە دەبێت لە چوارچێوەی کۆدی هاوبەش، گوفتار، ژمارەکان، نووسراو ..... تاد، وێنابکرێت، بەجۆرێک کە گوفتارەکە شیاوی خوێندنەوە بێت. لەکۆتاییدا پەیامەکە دەبێت بۆ بابەتێک بگەڕێتەوە کە هەم بۆ ئاخێوەر و هەم بۆ بەردەنگ ڕوون بێت، تاکو بتوانرێت تێگەیشتنێک بۆ پەیام لەبەرچاو بگیرێت. (٢٥ ،٦)


یاکۆپسۆن ئەم شەش بەشە بە دیارخەری ڕۆڵی زمان دادەنێت، لە ڕۆنانی پەیوەندیدا:

١- ڕۆڵی سۆزداری: ئەگەر پەیوەندی گوفتاری جەخت لەسەر نێرەری پەیام بکاتەوە و هەست و باوەڕ، یان سۆزی نێرەر بگەیەنێت ئەوا ڕۆڵی سۆزداری زاڵە. (٦، ٢٠٣)

٢- ڕۆڵی تەرغیبی: هەموو جۆرە پرۆسەیەکی ڕۆنانی پەیوەندی، کە ئامانج چێکردنی کاردانەوە بێت لە وەرگری پەیام.

٣- ڕۆڵی گەڕانەوەیی (ئیرجاعی): ئەم ڕۆڵە پەیوەندی نێوان پەیام و ئەو بابەتەی پەیامەکە ئاماژەی بۆ دەکات، دەخاتەڕوو. لەم ڕۆڵەدا کاری زمان وەک کاری عەینی و زانین پێناس دەکرێت. (٦، ٢٠١)

٤- ڕۆڵی سەرووزمانی: هەرکاتێ پەیام بەلای



کۆددا بشکێتەوە، ئەوا ڕۆڵی سەرووزمانی لێ دەبێتەوە.(٦، ٢٠٤)

٥- ڕۆڵی هاودڵی: سەرنجی پەیامەکە بەلای ڕایەڵی ڕۆنانی پەیوەندیدا دەشکێتەوە و بە یارمەتی ئەم ڕۆڵە ڕۆنان و درێژەدان بە پەیوەندی دەستەبەر دەبێت. (٦، ٢٠٥)

٦- ڕۆڵی ئەدەبی: سەرنجی پەیامەکە بەلای خودی پەیامەکەدا دەشکێتەوە. (٦، ٢٠٣)

**٥- نیشانەناسی و بونیادگەری**

وەک ئاماژەمان پێدا زانستی نیشانەناسی لەلایەن سوسێرەوە ڕۆنرا و بوو بە بنەمای ڕێبازگەلی ڕەخنەی ئەدەبی وەکو بنیادگەری. لە ڕابردوودا گریمانە لەسەر ئەوە بوو، کە هونەر لاسایی واقیعییەتە دەرەکییهکانە.

بە پێچەوانەی ڕەخنەی نوێوە کە لە دەیەکانی پەنجا و شەستی سەدەی ڕابردوو لە پێناسەی هونەردا وەک (لاسایی)، واتە پیشاندانی واقیع ڕووی وەرچەرخاند و جەخت لەسەر نیشانە دەکاتەوە، ئەو پرۆسەیەی هەوڵ دەدات تێگەیشتنی قووڵ لەناو دەقدا بدۆزێتەوە. بەم پێیە نیشانەناسی و بنیادگەری لە دوای هەڵماڵینی جەوهەری واقیعەوە نین، بەڵکو دەخوازن ئەوە نیشان بدەن، کە ئەم واقیعە چلۆن هاتووەتە بوون.

بونیادگەری ڕوانگەیەکە بۆ لێکدانەوەی ئەدەبی لە ڕێگای بەکارهێنای تەکنیک و شێوازناسی و وشەکانی زمانناسییەوە ئەو تێڕوانینە زانستییە پێشنیاز دەکات کە ئێمە چۆن چۆنی نەک هەر لە بەرهەمی ئەدەبی، بەڵکو لە هەرچەشنە پەیوەندی و ئاکارێکی کۆمەڵایەتی واتا هەڵێنجێنین. (١٢٤،٧)

بونیادگەری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، لەو ڕاستییە سەلمێنراوانەوە دەست پێ دەکات، کە دەڵێت بونیاد سەربەخۆیە و تێگەیشتن لێی پێویستی بەوە نییە پەنا ببرێتە بەر ڕەگەزی نامۆ بە بونیادەکە، یان بە سروشتی بونیادەکە. بۆ نموونە شیعر بونیادێکە لە چەند ڕەگەزێک پێکهاتووە، ئەم ڕەگەزانەش ملکەچی چەند یاسایەکی پێکهێنەر دەبن، کە ڕۆڵەکەی تێدەپەڕێنن لەو ڕووەوەی چەند بەستەرێکی کەڵەکەن و بەشەکانی قەوارە ئەدەبییەکە بەیەکەوە دەبەستن، بۆیە چەند تایبەتمەندییەک بە گشتەکە دەبەخشن، کە جیاوازە لە تایبەتمەندیی ئەو ڕەگەزانەی دەقەکەیان پێکهێناوە. (١٣٨،٨)

بە ڕای ڕۆمان لەو ڕاستییەدا بگەڕێین کە وشە و بنیادی واتاکانی، شێوازی ناوەوە و دەرەوەی کێش و بەهایەکی لە خودی هونەریی خۆیدا هەیە. ئەوە پەیوەندی و ئەرکەکانییەتی لە بنیادی وشەدا، وەک شیکردنەوەیەکی مۆرفۆلۆژی و بونیادگەری دەبێت بخرێتەڕوو (١٤٢،٨)

کالێر١ لە (بوتیقای بونیادگەری )دا بە پێداگیرییەوە دەڵێ دەبێ سێ ڕەگەز لە هەر چەشنە خوێندنەوەیەکدا، بۆ نموونە شیعرێک لەبەرچاو بگیرێ:

١- ئەوەی کە شیعر دەشێ خاوەن یەکێتی بێ.

٢- لە بارەی ناوەرۆکەوە دەبێ بابەتێکی گرینگی بەدەستەوە بێ،


٣- ئەم گرینگییە فۆرمی ڕەنگدانەوەی شیعرەکەش بگرێتەوە. (١٣٦،٧)

هەروەها پیاژە٢ دەڵێت: (بنیادی سیستەمی گۆڕینی شێوەیە.) و ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ((چەمکی بنیاد لە سێ هزری کلیلی پێکهاتووە:

هزری هەمەکی، هزری گۆڕینی شێوە و هزری خۆڕێکخستنەکی.)) (٢٧٨،٩)

بە گوزارشتێکی تر ئەو تیۆرییانەی ئاماژەمان پێدان لەسەر ئەوەن، ئەوە پیشان بدەن کە چۆن تێگەیشتنمان لە واقیعەتەکانی جیهانی بوون، لەژێر کارتێکردنی ئەو زمانەیە کە پێی دەدوێین. هەموو زمانێک دەرچەیەکە کە بەهۆیەوە کەسێک واقیعی پێ درک دەکات.

لە کۆتاییدا ئەمڕۆ تێکەڵێک لە تیۆرییەکانی سوسێر و پێرس، وێڕای بۆچوونەکانی بیرمەندانی وەک یاکۆبسۆن، بارت، ئیکۆ و.. ... زانستی نیشانەناسیان پێکهێناوە.




### ٦- نیشانەناسیی شیعر

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی نیشانەناسیی شیعر، پێویستە بەکورتی ئاماژە بە پێناسە و زمانی تایبەتیی شیعر بکەین. پێناسەیەکی زۆر و زەبەند لە دیدگای جیاوازەوە لەمەڕ شیعر خراونەتەڕوو.

شیعر وەک زمانی تایبەت لە ڕووی نیشانەناسییەوە لە دۆخی تێپەڕاندنی ئەو پەیمان و ڕێککەوتنەدایە، بۆیە گوێگر بە ئاسانی ناگاتە مەبەستی شاعیر. ڕەخنەی نیشانەناسیش لەو بارەدا بەپاڵپشتی زمانناسی و شێوازگەری و ئەو لادان و تێپەڕاندنانە دەستنیشان دەکات و یەکە واتاییەکان پۆلێن دەکات و بونیادە واتاییە تازەکان ڕوون دەکاتەوە. ئەو کاتەش مەبەستی شیعرەکە بەپێی وردی هەوڵە ڕەخنەییەکان ڕوون دەبێتەوە. (٧٥،٤)

بە هۆی ئەوەی کە زمانی ئاخافتن و زمانی شیعر لێک جیان، هەر یەکەیان سیستەمێکی سەربەخۆی نیشانەناسی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەوە دەزانین کە نیشانە زمانییەکان، نیشانەی دڵخوازی و ڕێککەوتنەکین، کە بۆ گەیاندنی پەیام بەکار دێن. بەڵام دەتوانین بڵێین نیشانە شیعرییەکان لە ڕووی دەربڕینی واتاییەوە لەگەڵ نیشانە سوسێرییەکان جیاوازن. چونکە مەدلولێکی چەسپاویان نییە، کە بە شێوەیەکی دیار پەیوەندیدار بن بە دالەکانەوە. بەڵکو کۆمەڵە دالێکن دەتوانن مەدلوولێکی زۆریان هەبێت. بە گوزارشتێکی تر لە زمانی شیعردا هەموو وشەیەک وێڕای واتا ڕووکەشەکەی، تێگەیشتنی تریش، کە هەمان واتا ناواخنییەکانن، دەخەنە زەینەوە.

بەهای نیشانە لە شرۆڤەی بونیادگەرییدا بەستراوەتەوە بە دەق و تەنیا لە دەقدا هێزی واتادان و دەلالەتخوازی وەردەگرێت و بەدەر لە تاوتوێکردنی توخمەکانی چواردەوری خۆی، شیاوی لێکدانەوە و ڕاڤە نییە.

### ٧- هێما لە شیعردا

لەبەر ئەوەی هێما جۆرێکی بەرفراوان و دیاری نیشانەیە و بەگشتی لە شیعردا بەچڕی کاری لەسەر کراوە. کورت و پوخت بەسەری دەکەینەوە:

هێما بریتییە لە نیشانەیەک ئاماژە بۆ شتێک دەکات، بوونێکی سەربەخۆی هەیە، ئەو شتە دەنوێنێ و شوێنی دەگرێتەوە و ئەم چوار تایبەتمەندییەی هەیە:

١- هەموو هێمایەک لە بری شتێکی ترە.

٢- هەموو هێمایەک ئاماژەی دوانەیی هەیە.

٣- هەموو هێمایەک ڕەگەزی واقیع و خەیاڵی تێدایە.

٤- هەموو هێمایەک خودان هێزێکە، یان خودان ئەرکێکی دوانەیی. (١٠، ١٠ و ٧)

هێما ناوی بزاوتێکی ئەدەبیشی بەخۆی داوە، لە دەقە جیاوازەکان و بۆ مەبەستی تەواو جیاواز بەکار دێت. ئەم زاراوەیە لە لۆژیکی بیرکاری، واتاناسی، مەعریفەناسی، هەروەها نیشانەناسی (کە جێباسی گشتیی ئێمەیە) بەکاردەبرێت و لە پانتایی ئیلاهیاتدا (هێما هاوواتای دروشم - یشە)، هونەرە جوانەکان و شیعر (کە جێباسی تایبەتی ئێمەیە) مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. توخمی هاوبەشی نێوان

هەموو ئەم بەکارهێنانە باوانەن، ڕەنگە چەمکی نواندنی شتێکی تر، یان دەلالەت کردن لە شتێکی تر بێت. (٢١٠،١١)

ئەم بابەتە هەروەها سەرنجدانی دەروونناسی بە چۆنێتی کاریگەری بەشێکی هێما و وێنەکان لە ئێمەدا پەیوەندی دروست دەکات. (٢٥٩،١٢)

هێما لە ئەدەبیاتدا، ئەگەرچی بەرلەوە هەبووە، لەخۆرئاوادا تهنیا لە بەکارهێنانە فەرەنسییەکەیدا برەوی سەند، واتای ئەم وشەیە تەنانەت ئەمڕۆ فرە لێڵ و گۆڕاوە، لە دەستەواژەکانی وەکو (لۆژیکی هێمایی)، (هێمای بیرکاری) بە واتای دژبەر بە (هێمای شیعری) بەکار دەبرێت. بەکارهێنانی لەئەدەبیاتدا پتر لە چەمکی نیشانە، یان نواندنی پەتی دوور کەوتووەتە و بووەتە جۆرێکی چەمکی کە وێنەی شیعری و خوازە دەگرێتەوە. (٢٥٨،١٣)

(لەبەر ئەوەی) هێما لە سەرێکی ترەوە لادانی دەلالی دەهێنێتە ئاراوە. هێما لەبەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەتی دەق ڕۆڵێکی گرینگ و لەبەرچاو دەبینێت، لەڕێی بەخشینی واتا و دەلالەتی نوێ بەشتەکان. (٣٢٨،١٤)

لەڕووی ئەرکیشەوە، لای هێماگەراکان شیعر پیشاندان و گواستنەوەی واقیع و ڕاستی نییە، بەڵکو بارێکی دەروونییە کە بە کۆتایی هێما، یان گواستنەوەی واقیع خۆی دەردەخات، بەم پێیە ئەرکی شیعر دەبێتە پێکهێنانی پردێکی ویژدانی لە نێوان داهێنەر و خوێنەردا. (٢٣، ١٥)

## بەشی دووەم

### ١- پیادەکردنی بنەماکانی نیشانەناسیی بنیادگەری لە شیعری (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا)

سەباح ڕەنجدەر (١٩٦٥/١١/١٨ – هەولێر) یەکێکە لەو شاعیرانەی تاکو ئێستا کەم و زۆر لە هەوڵی خۆی بەردەوامە و ئەزموونێکی سەرنجراکێشی ناوەندی شیعرییە و هەڵوەستەی خوێندنەوە بۆ خۆی دەستەبەر دەکات. ئەم هەوڵە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەزموونەکەیەوە دوالیزمێک بە کەشی شیعرەکانییەوە بەرچاو دەکەون. یەکێکیان ڕوون و ئەوی تریشیان لێڵ، کە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە بە مەعریفەیەکی کەمی تیۆرییانەی زمانەوانییەوە، هەوڵی داوە خۆی لە فەرهەنگی واژەنامەی ناوەندەکە دەرباز بکات و هەوڵی بەزاندنی سنووری زمانیشی داوە. (١٦،١٦٥ و ١٦٦)

ئەم دەقە یەکێکە لە دەقە درەوشاوە و نموونەییەکانی شاعیر و شیعری هاوچەرخی کوردی، کە ئەزموونی ڕوحی و زەینیی (شکۆی نەفس)ی ژیانی خۆیەتی و پێشکێشی خوێنەری دەکات. شاعیر قووڵ چووەتە ناو پنتە شارەوەکانی ژیانی خۆی و جۆرێکی جیهانبینیی لا دروست کردووە.

(ئەحمەد ڕەزا) لەبارەی ئەو و یەکێک لەو تایبەتمەندێتییانەی کە شاعیر پێویستە لەبەرچاوی بگرێت، بریتییە لە ژیانی ڕۆژانەی شاعیر خۆی، بۆ ئەمەش نموونەی مانیفێستی شیعریی (سەباح ڕەنجدەر) دەهێنێتەوە و دەڵێت: ئەم تێبینیانەی یاریدەدەرێکی باشن بۆ دارشتنی وێنەکان و هەروەک بۆ بارگاویی کردنی وێنەکان بە تێڕامانی قووڵ بەسوودە، کە ئەم بارە وا دەکات شاعیر وردتر بێتەوە لە پێکهاتە شیعرییەکان (سەرنجدانی هیچ شتێک بۆ بەهرەمەند لە سوود وەرگرتن بێبەش نییە. هەر شاعیرێکیش لە ژیانی ڕۆژانەیدا زۆربڵێ بوو، زوو سەرنجەکانی دەربڕی، نەیهێشت بارەکانی بگەن بە باری تێڕامان و ناخ ڕوونبوونەوە و جیهانبینی و بەهرە خەملاندن و درکاندنی، بێگومان کارەکەی وەک نوسراوی ئاسایی پڕە، بەڵام وەک نوسراوی داهێنراو بەتاڵە، چونکە نوسراوی داهێنراو تەنیا بە تێڕامان و ناخ ڕوونبوونەوە و جیهانبینی و بەهرە خەملاندن مەزنایەتی وەردەگرێت.) (١٧، ١٢٨)

شاعیر دەستوپەنجەی لەگەڵ ئەزموونێکی ڕوحی و زەینی نەرمکردووە (شکۆی نەفس)ە و بە ئەفراندنی وێنەگەلێکی نەمرانە وێنەیەکی جیهانبینی خۆی بۆ ژیانێکی پڕ مەینەت و دژوار کە چواندوویەتی بە ژیانی (بابا تاهیر)، کێشاوە. ڕەنگە هەستێکی فەلسەفی بە شیعرەکەی بەخشیبێت، بەڵام نەک لەوە زیاتر وەک ئەوەی هەستێکی زانستیی سروشتی و تاقیکاری بەسەر شیعرەکەدا بار بکات. لەم شیعرەدا هەموو شت لە خزمەتی هەستی

ڕوحی و واتا و جوانی و وێنەی داهێنان دایە. ئەم وێنانە لە ڕێگای دالی ئاساییەوە ئەفرێندراون. بەڵام وەک (ئەدیب نادر) دەڵێت: شاعیر، وەک پیتێنەر تەماشای شیعر دەکات و بە مانای نادژەباو دەیانپیتێنێت و بە مەدلوولی دیکە دەیەوێ فرچکیان ببڕێت. (١٦٧،١٦)

شاعیر بایەخێکی زۆری داوە بە کرۆک ئەمەش لە ڕێگای سروشتی دالەکانەوە، هەروەها بایەخێکی ئەوتۆی بۆ جوانیناسی و ڕیتمی دەرەکی نەداوە. جوانی و ڕیتم لەناو واتادا شەپۆل دەدەن. لایەنێکی تری بایەخ پێدانی شاعیر، هەوڵی پاراستنی یەکێتیی دەقە. ئەو یەکێتییەش لە ڕێگای بونیادی دەقەوە دەستەبەر کردووە. بەجوانی بونیادی دەقەکەی ناسیوە و کاری تێدا کردووە. ئەگەرچی هەموو بەشە بچووکەکانی دەقەکە بونیادی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام لە ناو بونیادی گشتیی دەقەکەدا کۆی کردوونەتەوە و سیستەمی گشتیی دەقی پێکهێناوە.

لەبەر ئەوەی شاعیر خاوەنی شێوازێکی دەنگیی شیعریی تایبەت بەخۆیەتی، دەتوانین لە سۆنگەی زمانەوە هەمان سیما لەم دەقەشدا ببینین، کە (محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم) لە خوێندنەوەی دەقی: (مەرگی ئاوێنە)دا خستوو یەتییەڕوو:

ئاڵۆزی زمانی دەقەکە فۆرمێکی تێکشکاوی بە شیعرەکە بەخشیوە بەجۆرێک بیبینی تۆپۆگرافیای نووسینەکە کۆمەڵێک ئاماژە و ئیحا لەلای خوێنەر دروست دەکەن. لە لایەکی دیکەوە دەقەکە ئەفسوونێکی تێدایە، کە خوێنەر بەرەو واتایەک دەبات کە بەڕووکەش واتایەکی نزیکە و هەموو بارێکی بۆ ڕەخساوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو واتایە مەبەست نییە و هەر لە سیاقەکەدا ئاماژەی تر هەن کە واتای قووڵتر و شاراوەتر دەخەنەڕوو. (٤، ١٩٥)

شاعیر لێهاتووانە کاری لەسەر هەردوو بابەتی ئاستی ئاسۆیی (هاونیشینی) و ستوونی (جێنیشینی) کردووە. جۆری تایبەتی کاری شاعیر وای کردووە خودان شێوازی تایبەت بەخۆی بێت. (یاکۆپسۆن ڕێژەی بەکارهێنانی هەردوو ئاست بە پێوەرێکی سەرەکیی دەستنیشانکردنی شێواز دەزانێ) (١٥٧،١٨)

لەو سۆنگەیەی شاعیر

توانای بۆ ئەزموونکاری لە هەردوو ئاستەکە بە ڕێژەیەکی تایبەت بەخۆی خستووەتەگەڕ، لەپێناو گەیشتن بە شێوازی خۆی. ئەگەرچی ئاستی ئاسۆیی پشتگوێ نەخستووە، بەڵام پتر سەرنجی خۆی لەسەر ئاستە ستوونییەکە چڕ کردووەتەوە، چونکە بەدوای گونجاندنی خەیاڵ و سۆزەوەیە و هەوڵی داهێنانی هێمای نوێ دەدا.

لەم شیعرەدا وێنە و خوازە و هێما زمانێکی نائاسایی بە دەقەکەی داوە. چەند وێنەیەک هەن هێما بەدەستەوە نادەن، وەکو (کرم) لەم دێڕەدا:

دەزانێت پاش چەند ڕۆژ کرم لە جەستەمان پەیدا دەبێ (٢١٣،١٩)

بەڵام زۆربەی هەرە زۆری دالەکان لێبڕاوانە وەکو هێما هەژمار دەکرێن، بۆ نموونە (هوما). ئەم هێمایانە بەشێکیان لە بەرهەمەکانی پێشتری، یان شیعرە بەرایییەکانی وەک وێنە دەرکەوتوون، بەڵام لە بەرهەمەکانی دواتریدا وەکو ئەم شیعرە بوونەتە هێما. هەر وێنەیەک دەشێ یەک جار لە شێوەی خوازەدا بە زەین بگات. بەڵام ئەگەر هەم لە ڕووی دەرەکی و هەم لە ڕووی بەهای پێوەری هەمیشە دووپات بوویەوە، ئەوا دەگۆڕدرێت بۆ هێما و دەشێ ببێت بە بەشێک لە سیستەمی هێمایی، (ئەفسانەیی) (٢١١،١١)

لەسەرێکی ترەوە جۆرێکی تر هێماگەری هەیە (سروشتی)ی گشتییە، کە دۆزینەوەی ژێدەرەکەی دژوارە، بۆ نموونە (سمۆرە). بەڵام وەک (ئەدیب نادر) دەڵێت: ئەزموونێکی شاعیر کارکردنە لە زمان، زمان وەکو جەستەیەکی خاڵی، بۆیە شکڵێک بەرهەم دەهێنێت و هەر دەشبێت وەکو شەکڵێک سەودای لەگەڵ بکرێت و پەیجۆری هیچی لێنەکرێت، جگە لە نامۆکردن و سەرسامکردنی خوێنەر بە شکڵی دووبارە دەبێتەوە. (١٧١،١٦)

لە هەرکوێ باس لە هێماگەریی شاعیرانە کرابێت، ڕەنگە جیاکارییەک لە نێوان هێماگەریی تایبەتی شاعیری هاوچەرخ و هێماگەریی شاعیرانی ڕابردوو لە لایەن خەڵکانێکەوە شیاوی تێگەیشتن، دانرابێت.

شاعیر هێما بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی شان

لەشانی بیرە پەتییەکان بدات، بیرە پەتییەکان ئەو بیرانەن، یان ئەو حەز و ئاواتانەن کە ئاشکرا نابن و بە بەرجەستەیی ناکەونە بەرچاوان. بۆ لەناونەچوونی ئەو پیرۆزییە لە تەجریدبوونی بیرۆکەکاندا هەیە بەجۆرێک، کە ئەگەر بەرجەستە ببن ئیتر پیرۆزی و چێژی ئەدەبیان نامێنێت و زۆربەی جاریش لە ئاستی دەلالـەتی ڕستـەدا لـە جێباسی پڕاگماتیکە واتاکەی دەردەکەوێ.

(٤، ١٢٨ و ١٢٩)

دەستەواژەی هێماگەریی تایبەت، لەسەرەتادا تـاڕادەیـەک سـەرزەنیشت ئامێز بـووە، بەڵام سۆز و تێڕوانینمان بۆ هێماگەری شاعیرانە بـەردەوام بەچڕی ڕووبـەڕووی دردۆنگیی بـووەتـەوە. هێماگەریی تایبەت دەلالـەت لە سیستەم دەکات و توێژەری وردەکار دەتوانێت هێماگەری تایبەت وەک خوێندنەوەی هێما کە پەیامێکی نامۆ دەدۆزێتەوە ڕاڤە بکات (١١، ٢١ ٢)

لەو سۆنگەوە شاعیر هەوڵی ئەفراندنی هێمای نوێ دەدات و ئەمەش لێڵی لە زمانی شیعری لێدەکەوێتەوە.

لەم شیعرەدا کاریگەری ئایدۆلۆژیای شاعیر دەردەکـەوێ، ئایدۆلۆژیا بـەواتـای (کۆمەڵێ بیروباوەڕ و بەهاگەلێکی کەسێک، کۆمەڵگە، یان ڕێبازێک؛ بۆ نموونە قوتابخانەی مارکسیست) نا، بەڵکو زیاتر مەبەست لە جیهانبینیی شاعیرە. ((ئـەم کاریگەرییە لـە دووتـوێـی وشـەکاندا بەهۆی تاوتوێ کردنی پەیوەندی دەق لەگەڵ چنینی دەرەکییەوە دەناسرێتەوە. هێماکان تایبەتمەندی زمـانـی نیشانداریی وشـەکان لەو توخمانەن کە دەق دەبەستنەوە بە بن دەقی کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە، پەیوەندیی واتاداری وشەکان بە ئایدیۆلۆژیا و هێزەوە دەتوانرێت بە تاوتوێکردنی فرەپاتبوونەوەی هێما کۆمەڵایەتی، کلتووری و ڕامیـاری و بنیادە کۆمەڵایەتییەکانی تر پیشان بدرێت. هەروەها ئەو تایبەتمەندانەی کە نووسەر بۆ کەسەکان و دامـەزراوەکـان بەکاری دێنێت و فرەپاتبوونەوەی وشـە نیشاندارەکان لە پەیڤی ئەودا نیشاندەری بەستنەوەی دەقە بە ئایدیۆلۆژیاوە.)) (٢٠، ٢٦٠)

شاعیر لە دانانی ناونیشانی شیعرەکەیشیدا بیری لە دانان و ئاخنینی کۆمەڵێ واتا و مەغزا کردووەتەوە.

لە بـواری نیشانەناسی نـاونیشـانـدا، زۆر پەیوەندیی شاراوە لە بونیادی واتایی دەقەکەدا هەیە. ناونیشانی دەق هەمیشە ئاماژەیەکی قووڵ لەخۆدەگرێت و ڕایەڵە واتاییەکانی دەق ڕێک دەخات. ناونیشانی شیعر وەک سەری جەستەیەک وایە کە پێکەوە گونجانی گشتیی دەقەکە ڕێکدەخات و هەندێک لە لوغزەکان دەکاتەوە. (٤، ٧٧)

## ٢- کرۆکی دەقەکە

شاعیر هەر لەسەرەتای شیعرەکەوە لەڕێگای دەلالـەتـی (ملدرێژکردن ١- بۆ خـوارەوە: سەرشۆڕی ٢-بۆ سەرەوە: سەربەرزی) ئاماژە بە بوون و نەبوونی (شکۆی نەفس) دەکات. بۆ گەیشتن بەم شکۆیە، دەبێت بەسەر جادووی جادووبازاندا زاڵ بیت، ئەوانەی دەورووبەر لە خودی خۆیان نامۆ دەکەن و وایان لێدەکەن گوێڕایەڵ بن و وەکو باڵندەیەکی کەویبوو نانی سەردەست بخۆن (بەرەنگاربوونەوەی هێزی هەڵخەڵەتێنەر). بۆ زاڵبوون بەسەر جادووبازانیش دەبێت خۆر بناسین، ئەو هێزەی بۆ هـەمـوان یەکسانە (گەیشتن بە ڕۆشنایی ڕاستەقینە). ڕۆشنایی ڕاستەقینە لـە شێوەی خـودا لـە نـاخـدا جیلوە دەکـات (بەدەنگهێنانی خودا)، ئەمەش بێداربوونەوەی نەفسی لێ دەبێتەوە. کە نەفس بێداربوویەوە ئامادە دەبێ بۆ هەموو جۆرە ئەزموونێک. لەو ئەزموونانەوە بەرەو حاڵیبوون لەوی تر و دڵنیابوون لەدڵ. بەو دڵنیاییەوە گوزارشت لە ڕەسەنایەتی خۆی دەکـات، کە چۆن بە مەترسییەکانی لەدەستدانی خود تێپەڕێوە لە میانی ئەو تێپەڕینە سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لە ئاکارە دزێوەکان. لەبەر ئەوەی شـارەزایـی ڕێگایە دەتـوانـێ هێزی ملکەچی بسڕێتەوە و هاوسەنگییەک لەنێوان (دڵ) و (گیان) دروست بکات.

شاعیر هەر یەک لەم ئەزموونانە لە کتێبێکەوە فێر بووە کە لە کتێبخانەی تایبەتی باباتاهیردایە، دەلالەت لەوە دەکات وەکو باباتاهیر خەریکی ئەزموونێکی (ڕوحی) و (زەینی)یە کە ژیانێکی سۆفیانەیە و ئەم ژیانەش بریتییە لە تێپەڕبوون بەناو کۆمەڵێ قۆناغی سەخت و دژواردا کە

شکۆی نەفسی دەوێت تاکو بە سەرفرازی لێی دەرباز بێت. لێکچواندنی ژیانی شاعیر بە ژیانی باباتاهیر لە وشـەی (تایبەتی)ی ناونیشانی شیعرەکەوە هەڵمانگۆزیوە، چونکە ناونیشانی شیعرەکە بەبێ (تایبەتی) دەرگـای لەسەر ئەزموونی شیعری بابا تاهیری دەکـردەوە نـەک ژیـانی. کۆتایی شیعرەکەیشی وەکو قوفڵێک دەبەستێتەوە بە ناونیشانی دەقەکەوە کە نائومێدبوونە لە زەوی و بەردەوامی دان و دووبارەی بوونەوەی هەمان ئەو ڕووداوانەیە.

## ٣- نیشانەکانی گیانلەبەران

ئەم شیعرە کە خودان بونیادێکی گشتییە. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا کۆمەڵێ بونیادی بچووک لەخۆی دەگرێ و ئەم بونیادانەش وێنەی شیعرین. بەشێک لە وێنە شیعرییەکان لە ڕێگای ئەو نیشانە و میتافۆرانە دروست کراون کە وێنەی دیتراوی گیانلەبەرانن. لەم شیعرەدا ئاماژە بە هـەژدە گیانلەبەر کراوە. سیانیان ناوی گشتین وەکو (مەل: یەک جار، باڵندە: شەش جار و گیانلەبەر: یەک جار) کە (مـەل و باڵندە) هـاوواتـان و شەشیان ناوی تایبەتی باڵندەن (کەڵەباب:یەک جار، تووتی:سێ جار، حاجی لەقلەق: یەک جار، قومری: یەک جار، پەپوولە: یەک جار و هوما: دوو جار). پەپوولە لە جۆری مێرووی باڵدارە و هوماش باڵندەیەکی ئەفسانەییە. نۆشیان لە ئاژەڵ و گیانلەبەرانی ترن کە بریتین لە (گامێش: یەک جار، ورچ: یـەک جـار، کیسەڵ: یـەک جـار، ئەسپ: چوار جار، گورگ: یەک جار، بەراز: یەک جار، سمۆرە: یەک جار و گوێچکەماسی: یەک جار). ئەوە جگە لە وشەکانی (مرۆڤ، خودا و فریشتە) کە لە شیعرەکەدا هاتوون و ئێمە لێیان نەدواوین.

بەشێکی زۆریـان وەک هێما دەردەکــەون و چەند دانەیەکیشیان وەک خوازە و وێنە دەردەکەون. ئاسایی وێنە بە واتای ئەو شتەیە کە هەیە؛ خوازە واتایەکە بۆ شتێک لەبری ئەو شتەی کە هەیە و هێما (کە جۆرێکی نیشانەیە) واتای ئەو شتەیە کە هەیە و وێڕای واتایەک بۆ شتێکی تر. (٢١، ٥٤)

ئەو نیشانە و وێنانەی لە ڕێگای ئاماژە بە گیانلەبەرانەوە ئەفرێندراون، شان بەشانی وێنەکانی تر بەشداری لە بنیادی دەق دەکەن هەموو تێکڕا واتای ناواخنیی دەق بەدەستەوە دەدەن.

### ١- گامێش و کەڵەباب:

گامێش بۆ گیای ناو زەلکاو ملی درێژ دەکات

کەڵەبابیش لە کاتی بانگدان (١٩، ٢١١)

نێرەر: ئاخوێوە (دەنگی شعیر)

وەرگر: بەردەنگ (خوێنەر)

پەیام: شکۆی نەفس

کۆد: زەلکاو، کاتی بانگدان

ڕۆڵی زمان: سۆزداری، شاعیر گوزارشت لە باوەڕی خۆی دەکات.

گامێش و کەڵەباب لەڕێگای جوولەیەکیانەوە کە (ملدرێژکردن)ە، کراون بە هێما. ملدرێژکردن لەخودی خۆیدا وشەیەکی بێ نیشانە، بەڵام لـە سیاقی ڕسـتـەکـەدا نیشانە وەردەگــرن کە بۆ یەکەمیان لە سـەرەوە بۆ خوارەوەیە واتـە (سـەرشـۆڕکـردن). بۆ دووەمـیـان لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە واتە (سەربەرزکردن). یەکەمیان پەیوەستە بە شوێنەوە (زەلکاو) کە دەلالـەت لە ژیانێکی گەند و ورگ پـەروەری دەکـات و دووەمـیـان پەیوەستە بە کاتەوە (بانگدان) کە دەلالەت لە ژیانێکی مەعنەوی و ڕوح پەروەری دەکات. لەم دوو دێرەدا کە بە جۆرێک بەراوردی نێوان دوو جوولەی یەک ئەندامی لەشە، تێکڕا هەڵگری دوو دەلالەتە لە هەمان کاتدا. یەکەمیان ئەم دوو گیانلەبەرە وێنەی دوالیزمی (خراپە و چاکە)ی نەفسە لە ناخی هەمان تاک (مرۆڤ)دا، کە لە ململانێدان بۆ بەرزەفت کردنی مرۆڤەکە. دووەم ئەوەیە هەر یەک لەم گیانلەبەرانە دەلالەت لە مرۆڤێک دەکەن، یەک (خراپ: نەفس پەروەر) و (باش: ڕوح پەروەر).

گـامـێش بـووەتـە هـێـمـای گـەلـحـۆبـوون و دەسـتـەمـۆیی و مـلـدان بـۆ ژیانێکی نـزم و ژێردەستی لەناو زەلکاودا، کەڵەبابیش هێمایە بـۆ نـەفس بـەرزی و ژیانێکی ڕوحـانـی لە شوێنێکی بەرز (بانگدانی کەڵباب لە شوێنی بەرزدا). ئەڵبەتە کەڵەباب لە نەریتی فەرهەنگی ناوچەکەدا هەمیشە خودان نیشانەی پیرۆزێتی بووە. لای یارسان پەلەوەرێکی پیرۆزە. لە میتۆلۆژیای ئیسلامیدا هاتووە، کە کەڵەبابێکی

پەنامەکی هەیە قاچی لە ناخی زهویدایە و سەری لە ژێر عەرشی خودا. کەواتە کەڵەباب ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوە لە ڕێگای ئەزموونێکی ڕوحی وەکو بەرزڕاگرتنی نەفس (بە واتای شکۆی نەفس) و بەرزهەڵکشان بۆ پلە باڵاکانی یەزدانی.

کەواتە پەیامەکە ئەوەیە، شکۆی نەفس دەتوانێت لە بەندی شوێن (زەلکاو) ڕزگارت بکات و بتبەستێتەوە کات - ی (بێ کۆتا) (کاتی بانگدان).

سروشتی پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول، پەیوەندییەکی دڵخوازانە و ڕێککەوتنەکییە، بۆیە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول نائەنگێزەیین. ئەگەر ورد بینەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە وشەکانی (گامێش و کەڵەباب) خودان مۆتیڤێکی شاراوەن و لە هەمانکاتدا، بەڵام هەست پێکراو بەبۆنەی ئەو هێما نەریتییانەوە کە لە پشتەوەی وشەکانن.

**٢- تووتی:**

تووتی بێ چاوڕوو دەم دەکاتەوە (١٩، ٢١١)

.......

پوولی لە بن باڵی دەدەن

گوێڕایەڵە و دان لەسەر دەستی نانی نانی دەخوات

بۆ کام لا هەڵیدەن

سەر لە ڕێیە و ڕووگەنمای دادەخات (١٩، ٢١٢)

نێرەر: ئاخێوەر (دەنگی شیعر)

وەرگر: بەردەنگ (خوێنەر)

پەیام: لەدەستدانی خود و توانەوە لەناو لاساییکردنەوە.

کۆد: ((بێ چاوڕوو))، ((نهخشی ناوچەوانی بەردی بۆ دروست نابێ))، ((پوولی پۆستەی لە بن باڵی دەدەن))، ((گوێڕایەڵە و دان لەسەر دەستی نانی نانی دەخوات))، ((سەری لە ڕێیە و ڕووگەنمای دادەخات)).

ڕۆڵی زمان: تەرغیبییە.

تووتی بەهۆی ئاستی ژیری لە فێربوونی هەندێ وشە و ڕستەی زمانی مرۆڤ بەجۆرێک بووەتە هێمای زیرەکی کە ئاماژەیەکی ئەرێنییانەیە، تا ئاستێک بووەتە هێمایەکی کلتووری. بەڵام خەیاڵی داهێنەرانەی شاعیر هێمایەکی تایبەتی ئەفراندووە کە لە وردبوونەوە لە ئالیەتی ئەو هێزە دەرەکییەی ئەم ژیرییە وەگەڕ دەخات، ئەویش (لاسایی کردنەوە) یە. کەواتە دەلالەت لە (خۆبزرکردن) دەکات کە ئاماژەیەکی نەرێنییانەی هەیە. ئەمەش دەلالەت لەو بەشە بزر بووەی نەفس دەکات، کە چیدی خۆی نییە و تهنیا ئەو شتانە دەردەبڕێت کە فێرکراوە. ئەوانی تر (خاوەنەکانیان) چی پێ بڵێن ئەرکی ئەمیش تهنیا وتنەوەیە. لە وێنە گشتییەکەدا تووتی هێمایە بۆ ئەو مرۆڤانەی بوونەتە دەستگەمەی هێزی دەرەکی. پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول پەیوەندییەکی دڵخوازانەیە کە شاعیر دایهێناوە.


سروودی زەوی

لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا

گامێش بۆ گیای ناو زەلکاو ملی درێژ دەکات

کەڵەبابیش لە کاتی بانگدان

تووتی بێ چاوڕوو دەم دەکاتەوە

نەخشی ناوچەوانی بەردی بۆ دروست نابێ

٢١١

تووتی کە حەزی لە خواردنی پەپوولەی وشکبووەوەیە

چاوی لە هەنگاوەکانە ئاخۆ ڕێگا دەکەین یان نا(١٩، ٢١٥)

پەیام: فریونەخواردنی هێزە دەرەکییەکان و زاڵبوون بەدەریاندا

((خۆی دەخواتەوە و دەروونی قوڵپ دەدات))، ((پەڕی لە کلکی دەردەکێشێ و هێلکەی دەشکێنێت))

کۆد: تووتی هێزێکی ئاراستەکراو و داردەستەی جادووبازان

ڕۆڵی زمان: ئیرجاعی (گەڕانەوەیی)، ((تێی ناڕوانین و فەرامۆشی دەکەین))

**٣- کیسەڵ:**

دەمە بۆڵەی جادووبازان لە قاوغی کیسەڵێکدا دەمێننەوە (١٩، ٢١٢)

نێرەر: ئاخێوەر (دەنگی شیعری)

وەرگر: بەردەنگ (خوێنەر)

پەیام: پووچەڵکردنەوەی جادووی جادووبازان (هێزی دەرەکی)

ڕۆڵی زمان: سەرووزمانی

کیسەڵ لە نەریتدا هێمای خاووخلسکییە، لەسەرخۆیی و تەمبەڵییە و ئاماژەی نەرێنی دەگرێتە خۆی. بەڵام لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی دووردا وەک لە فیلمی ئەنیمەیشنی (کۆنگفۆ پاندا)دا دەردەکەوێ، کیسەڵ هێمای ئارامییەکی قووڵی دەروونییە. لەم شیعرەدا کیسەڵ بەهەمان شێوە هێمای ئارامی و خۆڕاگرییەکی قووڵە کە دەتوانی جاوودی جادووبازانی پێ پووچەڵ بکەیتەوە. دەلالەت لە بەشێکی بەرزی خۆڕاگری نەفس دەکات، کە دەتوانێت (هێز)ی جادووگەران قووت بدات و کپی بکاتەوە. شاعیر دەیەوێ بڵێ نەفسی بەرز ڕادەستی هێزی جادووگەران نابێت.

**٤- مەلی خۆشخەبەر:**

لە ئاوێنەی نووسیندا دەستێک دەبینین

جێگۆڕکێ بە دەنگ و بێدەنگی دەکات

لەم جێگۆڕکێکردنەدا

هەموو ئاوازێک دەچێتەوە ناو دەنووکی درەوشاوەی مەلی خۆشخەبەر (١٩، ٢١٢)

نێرەر: ئاخێوەر (دەنگی شیعری)

وەرگر: بەردەنگ (ئێمە: مرۆڤ)

پەیام: چاوکراوەیی

کۆد: ((لە ئاوێنەی نووسیندا دەستێک دەبینین))

ڕۆڵی زمان: ئەدەبی

مەلی خۆشخەبەر (پەپووسلێمانە) هێمای متمانەبەخۆبوون و بەختەوەرییە، بەهۆی ئەوەی شاعیر وشەی نیشانداری (خۆشخەبەر)ی داوە پاڵ و لە چیرۆکی سلێمانی پێغەمبەر وەرگیراوە کە هێمای هێنانی هەواڵی خۆشە، ئەمەش پێچەوانەی مەلی شوومە کە لە فەرهەنگی نەریتیدا (بایەقوش)ە و خوێندنی بەسەر هەر ناوچەیەکی ئاوەدانیدا هەواڵ و پەیامی وێرانبوونە. مەلی خۆشخەبەر هێمای ئەو بەشەی نەفسە کە چاوکراوەیی و متمانە بەخۆبوون دروست دەکات و هەمیشە ئومێدبەخشە و هەواڵی خۆش دەگەیەنێت.

فەرمووم لە باڵندەی ئاوی کرد

بۆ وشکایی کە ڕەگی بەهات و بیرەوەری تەڕ و پاراوە

فەرمووی باڵندەی وشکاویشم کرد

بۆ قەراغ گۆلاوی سەربەشەختە (١٩، ٢١٣)

باڵندەی ئاوی و باڵندەی وشکایی هەمان نیشانەن کە دەلالەت لە دوالیزمی نەفس دەکەن. پەیامەکە ئەوەیە کە شاعیر مەشقی بە نەفسی خۆی کردووە بۆ ڕاهاتن لەگەڵ دۆخە سەختەکان.

باڵندەی وشکاوی ____________ گۆلاو

باڵندەی ئاوی ______________ وشکاویی

**٥- ئەسپ:**

ئای خەڵوەتی دڵ

.....

پووشی قەراغی ڕێگا خەواڵوون
ئەسپ بە ماتی بە تەکیاندا دەڕوات

......

تەمەنی جوانوویی لەناو دڕکی دەم تیژ و

نزیک گورگ گوزەراندووە (١٩، ٢١٤)

نێرەر: ئاخێوەر (دەنگی شیعری)

وەرگر: دڵ (نەفسی خودی شاعیر)

پەیام: تێپەڕاندنی قۆناغی مەترسی و دژواری ژیان

کۆد: دڕکی دەم تیژ، گورگ

ڕۆڵی زمان: سۆزداری (دوان لە خود)

ئەسپ بە درێژایی مێژوو هێمای ڕەسەنایەتی بووە و ڕووبەرێکی زۆری لە پانتایی هونەرەکاندا داگیرکردووە. دەلالەت لە نەجیبی و سەرکەشی دەکات و گورگ هێمای دڕندەییە. شاعیر گوزارشت لە قۆناغێکی ئەزموونی (ڕوحی) و (زەینی) دەکات، کە توانیویەتی ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێت نەفسی خۆی بپارێزێت لەو هەڕەشانەی هێزی دەرەکی ئاراستەیان کردووە.

ئەسپی ڕاویشم بە ملوانکەی کیژی کافرۆش بەستایەوە (١٩، ٢١٥)

پەیام: گەیشتن بە ئەوین

ڕۆڵی زمان: (ئیرجاعی) گەڕانەوەیی

**٦- حاجی لەقلەق:**

بەس نەبوو
حاجی لەقلەق دوا شەهیدی هەولێر بوو (١٩، ٢١٤)
نێرەر: ئاخێوەر (دەنگی شیعری)
وەرگر: بەردەنگ (نوێنەرانی هێزی دەرەکیی خراپەکار)
پەیام: سەرسووڕمان(!)
کۆد: شەهیدبوونی حاجی لەقلەقی هەولێر

ڕۆڵی زمان: سۆزداری (بەس نەبوو!)

حاجی لەقلەق لێرەدا وەک نوێنەری گشتی باڵندە لە شاردا دەردەکەوێت، باڵندەیەکی وەکو حاجی لەقلەق لە شاردا کە هێلانەی هەیە و خەریکی ژیانە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئارامی و سەقامگیری شار، کە جەنگ ئەو ئارامییەی شێواند، باڵندەکان، یان شەهید دەبن، یان ڕەو دەکەن. کەواتە لێرە دەلالەتە لە ئارامی، هەر چۆن کۆتر هێمای ئاشتییە و هێمایەکی جیهانییە و لای هەموو گەلانی جیهان هەمان دەلالەتی هەیە و حاجی لەقلەقیش هێمایەکی لۆکاڵیی شاری هەولێر بوو، بەڵام دواتر زیاتر وەک قوربانی جەنگی براکوژی بووەتە هێمای هونەری. هەر ئەمە وای کردووە نووسەر (حەکیم مەلا ساڵح) لە ڕاڤەی شیعرەکەدا بەناوی (شێوازی زمان و ئاراستەی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا) بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە کرۆکی شیعرەکە ببەستێتەوە بە جەنگی براکوژی. نووسەر دەڵێت: ((چەمک و تێمای سەرەکی قەسیدەکە کێشەی شەڕی ناوخۆیە...)). (٢٢)

هەندێ شوێنی ئەم دەقە بەرەوڕووی جەمسەرێکی ترمان دەکاتەوە. هەر وەکو میشێل ئۆتان لە ((سیمیۆلۆژیای خوێندنەوە)) دا باسی لێوە دەکات، دوو جەمسەر لە دەقدا دیاری دەکات:

شوێنەکانی یەقین
شوێنەکانی گومان

ئەم دێرە شیعرە لە شوێنە گومانەکانی دەقە. شوێنەکانی گومانی دەق، پنتە تاریکەکانە، تەمومژەکانە، هێما نادیارەکانە، ئاڵۆزییەکانە. لوغزە هەڵنەهێنراوەکانە و ئەو جێگایانەشە کە ناتوانین لەناو دەقدا پێکیانەوە ببەستین و پەیوەندییان لە نێواندا دروست بکەین. ئەمەندە ئەستەم دەردەکەون وا لە خوێنەر دەکات ناچاری ئەوە دەبێت کە پێشنیازی هەندێ گریمانە بکات بۆ لێکدانەوەی ناواخنی جۆراوجۆری دەقەکە و هەندێ جاریش دەرخستنی چەند ڕاڤەیەکی جیاواز بۆ تێگەیشتن ( ١٧٢،١٦ و 173)

بۆیە (حەکیم مەلا ساڵح) یان هەر نووسەرێکی تر ئاساییە لە لێکدانەوەدا بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببەن.

بەلام لای شاعیرێکی هێماگەر کە خودان گیانێکی گەردوونی بێت، لە بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوور دەکەوێتەوە، ڕەنگە لە هەندێ دەقی شیعردا باسی هەندێ ڕووداو، یان هەندێ شوێن بکات، بەڵام کات و شوێنی ئەم ڕووداوانە وەک (حاجی لەقلەقی هەولێر) بێ پێناسە دەیخاتە بەردەست و جێگاکانیش بێ دیاریکردن باسکراون بەو واتایەی کە ئەو ڕووداو و شوێنانە واقیعیانە سەودا ناکات. بۆیە ئەم هێمایە گەردوونی تر بەکار هاتووە و دەلالەتی تر هەڵدەگرێت: هەر زوو زەین دەبات بۆ (دڵشکان) و (تۆران) لە زێد، نموونە وەک (مەولانا خالیدی نەقشبەندی). لێرەدا (هەولێر) تەنیا هەولێر نییە، دەشێت هەر شوێنێک بێت (وڵات، شار، گەڕەک، ماڵ، شوێنی کار و سەرچاوەی بژێو) و شەهیدبوون، یان ڕۆیشتنی حاجی لەقلەق دڵشکان و تۆرانە.
بەهەمان شێوە:
بەس نەبوو
قومری دوا شاعیری ترپە و هەست و تاسە بوو (١٩، ٢١٤)

**٧- بەراز:**
بەس نەبوو

هێزی ئاگرکوژێنەوە دزی پەتاتەی بەراز بوون (١٩، ٢١٥)

نێرەر: ئاخێوەر (دەنگی شیعری)

وەرگر: بەردەنگ (نوێنەری هێزی دەرەکیی خراپەکار)

وەک (درێدا) باسی لێوە کردووە کە واتای هەر نیشانەیەک بەستراوەتەوە بە واتای

نیشانەکانی تـرەوە. لەم دێڕەدا ئەوەمان بە جوانی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر چلۆن توانیویەتی چەند دالێکی لێک جیاواز و لە ڕووی ڕوخسارییەوە لێک دوور کۆبکاتەوە و لە ڕووی واتاییەوە پەیوەندییەکی ناواخنی لە نێوانیاندا چێبکات. (بـەراز) لە فەرهەنگی نـاوچـەکـەدا ئاژەڵێکی بـێزراو و حـەرامـە و بـووەتـە هێمای خراپی وەک خراپی مرۆڤە ئاکارناشیرینەکان و تا ئاستێک خودا نەفرەتی لێ کردبن. ئاگرکوژێنەوە هێمای ڕزگارکردنە، شاعیر دەڵێت ئەو هێزە دەرەکییەکی بەناوی ڕزگـارکـردنـەوە هـاتـووە تـەنـانـەت دەستی دەچـێـتـە دزیـنـی قـووتـی بــەراز. ئـەم قووتە بریتییە لە پەتاتە، ئەوەش دەلالەت لە خۆراکی هەژار دەکات. لێرەدا ئایرونییەکت زۆر بەهێز بەکارهاتووە کە شاعیر دەیەوێ بڵێت، هەژار لە دیدی ئەو هێزە بەناو ڕزگارکەرە نەفرەت لـێکراون وەکـو بــەراز. ئـەمـەش هێمایەکی داهێنانەیە.

**٨- هوما:**

برادەرانم بابا تاهیر و هوما
لە ئاسمان مەیەنە خوارەوە

چاوی کوشتن و بڕین هێشتا نەنوستووە

دڵتان نەیەتە سەرلێوانتان

زەوی دەموچاوی گەش و گەرمە و ئەسپ
بەو ناوەدا تێدەپەڕن (١٩، ٢١٧)

.......

بابا تاهیر مووروویەک لە نێوانماندا بزر بوو

مووروویەکیش لە مشتووی خەنجەری هوما
کەوت (١٩، ٢١٨)

نێرەر: ئاخێوەر (دەنگی شیعری)

وەرگر: بەردەنگ (بابا تاهیر و هوما)

پەیام: نائومێدبوون لە زەوی ((چاوی کوشتن و بڕین هێشتا نەنوستووە))، ((زەوی دەمودووی گەش و گەرم و ئەسپ بەو ناوەدا تێدەپەڕن))، ((خۆریش بە ئاڵۆزی لەدایک نابێ))

ڕۆڵی: زمان سۆزدارییە.

هوما وەک هێمایەک لە ئەزموونی تری شاعیر بـەرچـاو دەکـەوێـت. بۆ نموونە لـە شیعری (مەرگی ئاوێنە)دا. لە ئەفسانەی کـوردی و گەلانی تریش وەکو فارس ئەو باڵندەیەیە کە لەسەر شانی هـەر کەسێک بنیشێتەوە ئەو کەسە دەبێتە پاشا. بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی فارسیدا هەمیشە وەک هێمای فەڕ و شکۆ و بەخت ئامادەیی هەیە. حافیزی شیرازی دەڵ یێت:

همای اوج سعادت به دام ما افتد

اگر تو را گذری بر مقام ما افتد (٢٣، ١٠١)

لە دەقـی (مـەرگـی ئـاوێـنـە)دا وەک (محەمەد عـەبـدولـکـەریـم ئیبراهیم) خـوێـنـدنـەوەی بۆ کردووە، هوما ئەو هێزانەن کە مرۆڤ خەریکی گەڕان دەکەن بە دوای گەورەیی بێ ناوەرۆک و شکۆی ڕووکەش. بەپێی ئەم خوێندنەوەیە لـەو دەقــەدا هـومـا دەلالـەتـە کلتوورییەکە دەگەیەنێت. بەڵام لەم دەقەدا (هوما) هاوشان لەگەڵ (بابا تاهیر) بەپێچەوانەی دەقی: (مەرگی ئاوێنە) هێمان بۆ شکۆیەکی ڕەسەن و دەلالەت لە نەفسێکی بەرز دەکەن و بەرز بوونەتەوە بۆ ئاسمان

**ئەنجام:**

لە شیعری (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا) ی سەباح ڕەنجدەردا، وشەکان زۆر بە وردی و هەستیارێتییەوە هەڵبژێردراون، بەتایبەتی ئەو وشانەی ئاماژەن بۆ (گیان لەبەران) تاکو لە ناو یەک کۆمەڵە هەستدا پێشکێشی خوێنەر بکرێت. زۆربەیان وەکو نیشانە (هێما) بەکار براون و خودان بونیادێکی سیستەماتیکن. ئەم شیعرە بونیادێکی گشتی هەیە، بە دەربڕێکی تر کۆی بیرۆکە و وێنەکان بـەرەو یەکێتی بابەت دەجوولێن. پەیوەندییە هاونشینییەکان واتـا پەیوەندییەکانی توخمە شیعرییەکان پێکەوە بە پێکهاتنێکی تایبەت واتا و دەلالەت دەگەیەنن. لەسەر ئاستی پەیوەندی جێنشینی هەوڵی ڕژد دراوە بۆ داهێنانی هێمای تایبەتی و لادان لە زمانی باوی ناوەندە شیعرییەکەی ئەمرۆ و جۆرێک لە مانەوە و پابەندبوون بە شێوازێکی تایبەت بەخۆی. بونیادی دەرەکی شیعرەکە واتا ناواخنییەکە نییە. شاعیر بە وێنە و هێماگەلی داهێنەرانە پوختەی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە و جیهانبینی و دۆخی دەروونی و زەینـی خـۆی وێنە کێشاوە. کە ژیانێکی مەعنەوی سۆفییانەیە و گۆشەگیری بە شکۆی نەفس و دوورەپەرێزی لە جەنجاڵی و پەتای

مادەگەرایی وەک نائومێدییەک لە زەوی.

دەتوانین بونیادی ئەم دەقە بە پێی مۆدیلەکەی ڕۆمان بەم شێوەیە چڕ بکەینەوە:

١- شرۆڤەی شکۆی ناخ (پەیام)

٢- شرۆڤەی دۆخەکانی ئاخێوەری شیعر (نێرەری پەیام)

٣- شرۆڤەی بابا تاهیر و هوما (وەرگری پەیام)

**سەرچاوەکان:**


١- هێمن عومەر خۆشناو، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی، (٢٠١٦) هەولێر، ناوەندی ئاوێر – ژمارە ٣١٩

٢- آنە ماری دینەسن، درآمدی بر نشانەشناسی، ترجمان مظفر قهرمان (١٣٨٩ هجری شمسی) آبادان، نشر پرسش.

٣- ژان ایو تادیە، نقد ادبی در قرن بیستم، ترجمە مهشید نونهالی (١٣٩٠ هجری شمسی) جاپ دوم، تهران انتشارات نیلوفر.

٤- محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە (٢٠١٢) هەولێر، ئەکادیمیای کوردی ژمارە – ١٥١.

٥- بابەک ئەحمەدی، پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، و: مەسعود بابایی (٢٠٠٤) هەولێر.

٦- فاطمە عظیمی فرد، فرهنگ توصیفی نشانەشانسی (١٣٩٢ هجری شمسی) تهران، نشر علمی.

٧- چارلز برێسلێر، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، پێشەکییەک و تیۆری، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی، (٢٠٠٧) هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە – ٥٧٥.

٨- پیتەر هاڵبێرگ و ئەوانی تر، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠١٨) چاپی سێیەم، بڵاوکردنەوەی ناوەندی ئەندێشە – سلێمانی.

٩- ویلفرد گرین (و ....)، مبانی نقد ادبی، ترجمە فرزانە طاهری (١٣٨٥ هجری شمسی) چاپ چهارم.

١٠- د. پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی، کرمانجیی خوارووی کوردستان ١٩٧٠ – ١٩٩١ (٢٠١٢) هەولێر، ئەکادیمیای کوردی ژمارە – ١٥٥.

١١- ڕنە ولک – اوستین وارن، نظریە ادبیات، ترجمە ضیاء موحد – پرویز مهاجر (١٣٨٢ هجری شمسی) چاپ سوم، تهران، انتشارات نیلوفر.

١٢- دیوید دیچز، شیوەهای نقد ادبی، ترجمە: محمد تقی صدقیانی – دکتر غلامحسین ویوسفی (١٣٨٨ هجری شمسی) چاپ ششم، تهران، انتشارات علمی.

١٣- ڕنە ولک، تاریخ نقد جدید (جلد چهارم – بخش دوم) ترجمە سعید ارباب شیرانی (١٣٨٩ هجری شمسی) چاپ دوم، انتشارات نیلوفر.

١٤- ناز ئەحمەد سەعید، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا (٢٠١٣) سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

١٥- نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردی دا سالانی (١٩٢٠ – ١٩٥٨) (٢٠١٠) هەولێر دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

١٦- ئەدیب نادر، گەڕانەوە بۆ ماڵی یەکەم (٢٠١٤) هەولێر بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە – ٢٩٧.

١٧- ئەحمەد ڕەزا، هونەری شیعر نووسین، بەرگی یەکەم دەروازەیەک بۆ ناسینی شیعر (٢٠٠٧) لەسەر ئەرکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی. ن. ک) چاپکراوە.

١٨- شەعبان چالی، شێوازی جزیری (٢٠٠٨) دهۆک، سپیرێز.

١٩- سەباح ڕەنجدەر، دیوانی سەباح ڕەنجدەر بەرگی دووەم (٢٠١٨) تاران، چاپی یەکەم.

٢٠- دکتر محمود فتوحی، سبک شناسی، نظریەها، ڕویکردها و ڕوش ها (١٣٩٠ هجری شمسی) تهران، انتشارات سخن.

٢١- لارنس پرین، دربارە شعر. تجمە فاطمە ڕاکعی (١٣٨٣ هجری شمسی)، تهران انتشارات اطلاعات.

٢٢- حەکیم مەلا ساڵح، زمان و بیرکردنهوهی شیعری (2016) ههولێر، بهڕێوهبهرایهتی ڕاگهیاندن و چاپ و بڵاوکردنهوهی ههولێر.

٢٣- کامران کوهستانی، دیوان حافظ (١٣٩٢ هجری شمسی)، چاپ اول انتشارات شبوستان.

# چیرۆک و شیعری وێنەیی لە ئەدەبی نوێی کوردیدا



**سابیر ڕەشید**

ئەم تەرزە نووسینە چ شیعر بێت چ چیرۆک شێوەیەکی هاوبەشی هەیە لەگەڵ هونەری شێوەکاریدا، چونکە شاعیر، یان چیرۆکنووس پشت بە دروستکردنی وێنەیەک دەبەستێ کە بە وشە چنراوە، بەڵام ئەم وشانە وەک تابلۆیەک دەبینرێن کە بۆ خوێندنەوەی خاوەن دەقەکە دەست نادەن تا لە کۆڕێکدا بخوێنرێنەوە، بەڵکو تەنیا وەک ئەم ناوەی کە لێی نراوە وێنەیی، یان خوێندنەوەی چاو گوزراشتکردنەکە، یان دەربڕینەکە لە شێوەی ئەم وێنەیە دەبێت کە بە وشە چنراوە، زۆر جارانیش ئەم جۆرە دەقانە هەمان ئاوێزانی لە نێوان شیعر و چیرۆکدا لەگەڵ یەکتردا دەکەن بۆ نموونە: ئەم دەقە کە خاوەن دەق لە شێوەی هێلکارییەکدا بە چەند وشەیەک دەریدەبڕێت دەکرێ ناوی چیرۆک، یان شیعری لێ بنرێت و جیاکردنەوەی بەگوێرەی دەق وێنەییەکە کە زۆربەی دەقەکان دەتوانرێ هەردوو ناوی لێ بنرێت.

بەداخەوە هەندێک کەس جیاوازی لە نێوان شیعری وێنەیی و وێنەی شیعریدا ناکەن و لێکتری جیا ناکەنەوە، کە ئەوەی دووەمیان هەر شیعرە، بەڵام شاعیرەکە لە نێو شیعرێکیدا چەندین وێنەی جوان دروست دەکات و تێکەڵ دەقی شیعرەکەی دەکات، واتە وێنەی شیعری لە نێو هزری خوێنەردا دروست دەبێت، کەچی شیعری وێنەیی لەسەر کاغەز بە وێنە دەردەبڕێت.

ئەم تەکنیکە لە بواری شیعر و چیرۆک لە ئەدەبی کوردیدا نوێیە و نموونەی شیعری وێنەیی زۆرترە وەک لە چیرۆکدا ((ئەمیش هەر دوای ڕاپەڕین کە نامیلکەی شیعری و لە چەند گۆڤارێکدا چەند هەوڵێک دەبینرێ، بەتایبەتی گۆڤاری (وێران)، کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٩٤ دەرچوو، دوای ئەوەش لە ژمارەکانی تر بەردەوام بوو، لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی نوێدا بەتایبەتیش شیعر و چیرۆک، د. فەرهاد پیربال چەند نموونەیەکی لە شیعری وێنەیی بڵاوکردووەتەوە، یەکێک لەم شیعرە وێنەییانە شیعری وێنەیی (ئەی ڕەقیب)ی دڵداری شاعیری هێناوە هەمووی هێڵی ڕەشی بەسەردا هێناوەو لەسەر ڕستەیەکدا وشەیەکی هێشتووەتەوەو لە دواییدا بە هەموو وشەکان شیعرێکی وێنەیی دروست کردووە(سابیر ڕەشید، ٢٠٠٧، ١١).

یان لە شیعرێکی تری وێنەییدا کە ناونیشانی شیعرە وێنەییەکە (یادگاری لەم)ە. نووسینێکی چاپکراوی هێناوە بە قەڵەم ماجیک لە شێوەی زیکزاک هێلکارییەکی دروست کردووە لەناو نووسینەکەدا چەند نووسینێک لە هێڵی جیاجیادا دیار ماوەتەوە. ئەم نووسینە کە خۆیشی لە ژێرەوەی شیعرەکە نووسیویەتییەوە ئەوەندە نووسین ماوەتەوە کە دەڵێ: ((لە هەمووشی بێ ماناتر ئەوەبوو: لەناوچوو، وەک ماڵی ئێمە)). لەگەڵ چەند نموونەیەکی تریشدا کە دوایی هەندێکیان لە کتێبی (جوایەز- هەڵبژاردەی ٩ شاعیری هەولێر)دا بڵاوی کردوونەتەوە.

نموونەیەکی تری شیعری وێنەیی بەرهەم هاتووە ئەمیش تاقیکردنەوەیەکی تاکانە و سەرکەوتووی (سەباح ڕەنجدەر)ە، کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)دا بڵاوی کردووەتەوە، شیعرە وێنەییەکە بریتییە لە وێنەی دوو کەوانە لەگەڵ وێنەی دوو ماڵ لەگەڵ نووسینی هەردوو وشەی مردن و ژیان، مرۆڤ لەناو کەوانەکاندا گفتوگۆ لەگەڵ ڕەهەندی مردن و ژیان دەکات و کەوانەکان دەبڕێت و دێتە دەرەوە. ڕەهایی وێنەیی دەبەخشێت (سەباح ڕەنجدەر، ١٩٩٣)

(نەوزاد ڕەفعەت)یش چەند نموونەیەکی لەم جۆرە شیعرە وێنەییانە بڵاوکردووەتەوە، بۆ نموونە لە ژمارە (٣-٤)ی گۆڤاری (وێران)دا لە شیعری (پەرداخێک)دا وێنەی پەرداخێکی بە وشەی (خوێن) دروست کردووە، هەروەها لە هەمان ژمارەدا لە شیعری (شەڕ)دا وێنەی

گۆڕێکی دروست کردووە کە لە هەموو لایەکی قەبرەکە بە وشەی (شەڕ) پڕکراوەتەوە (نەوزاد ڕەفعەت، ١٩٩٦، ٣٩).


(فەرید زامدار)یش کە خۆی هونەرمەندی شێوەکاریشە و لەم بووارەدا چەند پیشانگەیەکی هێلکاری کردووەتەوە، چەندان شیعری وێنەیی لە دیوانە شیعری و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە، بۆ نموونە شیعرێکی وێنەیی لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (وێران)دا بڵاوکردووەتەوە دەکەینە نموونەی هەوڵەکانی لەم بوارەدا کە بە ناونیشانی (بازنە ئەجندەییەکان)ە و لەم شیعرە وێنەییەدا چەند دیمەنێکی لە (٧) دێڕی شیعری هەریەکەی بە جۆری زەخرەفەیەک ڕازاندووەتەوە (فەرید زامدار، ١٩٩٥، ٣٣).

(عەباس عەبدوڵڵا یوسف) یش تاقیکردنەوەی لەم جۆرە شیعرە وێنەییانەی هەیە، بۆ نموونە لە شیعرێکی وێنەییدا کە لە ژمارە (٢) ی گۆڤاری (وێران)دا بڵاوی کردووەتەوە بە ناونیشانی (دیوار) بە وشەی دیوار بازنەیەکی دروست کردووە، لەناو بازنەکەشدا وشەی (مرۆڤ)ی نووسیوە (عەباس عەبدوڵڵا یوسف، ١٩٩٥، ٢١)

دواییش چەند شیعرێکی تری لەم تەرزە نووسینە لە کتێبی (جوایەز)دا بڵاوکردوونەتەوە یەکێک لەم شیعرانە بە ناونیشانی (خوێ)یە کە پشت بە ژمارە و دووبارەکردنەوەو ژماردن دەبەستێ بۆ دەربڕینی وێنەیەکی شیعری مەبەستدار، یان لە شیعرێکی تری وێنەییدا کە بە ناونیشانی (بۆردومان)ە هەر لەم کتێبەدا بڵاویکردووەتەوە کە ئەویش دروستکردنی وێنەیەکی دوو دیوییە لە نێوان وشەی (سپی سادە) و دووبارەکردنەوەی بەردەوام لەگەڵ وشەی (شپی شادە) و دووبارەکردنەوەی تا لە کۆتایی شیعرەکە دەبێتە وشەی (شپیشە) و دووبارە دەبێتەوە، بەڵام هێڵێکی خوارو خێچ بە نێوان ئەم دوو جۆرە وشانەدا هاتووە و هێڵەکەش لە شیعرەکە هاتووەتە دەرەوەو بە وشەی (گزز)ی دەنگی مێش کۆتایی هاتووە کە وشەکەش دەکەوێتە لای دەستە چەپی شیعرەکە.


هەر لەم کتێبەکەدا خشتەیەکی دروست کردووە بۆ وشەی (بۆنکردن) و دەس و هەست و بینین و بیستن و تامکردن و لە بن هەموو وشەکانیش هەریەکە بە خشتەی خۆی وشەی (هیچ)ی لەژێر نووسیون (عەباس عەبدوڵڵا یوسف، ١٩٩٩، ١٤)

(ئەحمەدی مەلا)ش لە ژمارە (١) گۆڤاری (وێران) دا تاقیکردنەوەیەکی نوێی کردووە بە دروستکردنی کێڵگەیەکی پیت و هەر بە ناونیشانی (کێڵگەی پیت) شیعرێکی وێنەیی لە پیتەکان دروست دەکات و هەر پیتە و بە مانایەک دەری بڕیوە تا لە دواجاردا شتێکی جیاوازی پێکهێناوە، وەک خۆشی لە پێشەکی شیعرەکەدا دەڵێ ((نووسینی ئەم شیعرە هەوڵدانێکە بۆ دابڕانێکی تەواو لەو فۆرمە کۆنەی کە شیعری کوردیی پێ دەنووسرێت. وەک چۆن بەرەکەتێکە لە فۆنێمی زمانی کوردیدا، هەوڵێکی شیعریشە لە گرێدانی فۆرمی پیت و گواستنەوەیان بۆ مەداری هونەری. ناوم ناوە کێڵگەی پیت)) (ئەحمەدی مەلا، ١٩٩٤، ١٠)




شیعر نەوزاد ڕەفعەت

لە شیعرێکی تریشدا کە بە ناونیشانی ((وێردی با و لەناوچوون))ە و لە هەمان ژمارەدا بڵاوی کردووەتەوە هەوڵی داوە وێنە و دەنگ و وشە بخاتە نێو هێلکارییەک کە لەلای سەرەوەی وێنەی سەرکی پیاوێکە و ڕووی لە ناوەوەی شیعرە وێنەییە کردووەو لە سەرەوەش ئەم تێبینییەی نووسیوە کە ((واو بێدەنگ دەخوێندرێتەوە، ئەگەر کرا لاسایی بای پێ بکرێتەوە)) (سەرچاوەی پێشوو، ١٣)



(مەوجود سامان)یش لە ژمارە ٣-٤ی گۆڤاری (وێران)دا وێنەی دوو لای سێگۆشەی لە وشەی ڕێگا دروست کردووە. لە ناوەڕاستی پێکگەیشتنی ئەم دوو هێڵی وشانەی ڕێگاش نووسیویە ((بە کام ڕێگا بپەڕمەوە دەگەم بە تۆ؟)) بەڵام دوایی کە ئەم شیعرەی لە کتێبی (جوایەز



شیعر عەباس عەبدوڵڵا یوسف

دا بڵاوکردەوە وشەکانی ڕێگا بە ستوونی لە دووی یەکتر دێنە خوارەوە نووسینەکەشی خستووەتە نێوان ئەم وشە ڕیزکراوە ستوونیانە (مەوجود سامان، ١٩٩٦، ٤٥)

(ئەحمەد لەتیف خورشید) یش هەر لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری (وێران)دا وێنەیەکی یەکتربڕینی هێڵەکانی کردووە کە بە چەندین سێگۆشە و ئامرازی ئەندازەیی و جەبر و دابەشکردنی پیتەکان لە خانەی سەرەوە (٧ ڕۆژ) و وشەی (بەفر)یش هێڵەکانی بڕیوە. ناونیشانی شیعرەکە دەربڕینی وێنەکەیە کە ناوی لێناوە (ئاشتی، یان ئاشوب) (ئەحمەد لەتیف خورشید، ١٩٩٧، ١٣)

(تەحسین موحسین)یش بە ناونیشانی (مامە سوورە) لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (وێران) دا وێنەیەکی زیکزاکی بە وشە دروستکردووە لە وشەی بێزاری و دەربڕینی بێزاری لە ڕستەی کورتدا کە وێنەکە لە چەشنی مرۆڤێکی گرمۆڵە نیشان دەدات (تەحسین موحسین، ١٩٩٥، ٣٨)

چەندان نموونەی تریشمان هەن لەلایەن شاعیر و نووسەرانی تر کە تێکەڵاوییەکە لە نێوان شیعری وێنەیی، بەڵام سەدا سەد ناچنە ناو پۆلینکردنی شیعری وێنەیی بۆ نموونە لە زۆربەی شیعرەکانی ((هاشم سەڕاج)) دا بوونی خشتە و ڕێزکردنی بەردەوامی وشە و ڕستە دووبارەکردنەوەو وشەی پێکچووی دووبارەکراوە دەخرێنە نێو لاکێشە و چوارگۆشەوە، بەڵام ناتوانین پێیان بڵێین شیعری وێنەیی. هەروەها لای هەندێک شاعیرانی تر تێکەڵاوییەک هەیە لە دەربڕینی شیعر بە ئامرازی تر، یان دروستکردنی ڕستەی شیعری لە ژمارە و ماتماتیک و ڕستەی ناباو، بەڵام ئەم شیعرانە تەواو وێنەیی نین بۆ نموونە لە شیعرێکی (دلاوەر قەرەداغی) دا کە شیعرەکە بێ ناوونیشانە دەربڕینی ڕستە شیعرییەکان بریتییە لە ژمارەی تەلەفۆن و ناوونیشانی ماڵی نووسەران لەگەڵ تێکەڵکردنی شیعر و دیالۆگ، بەڵام ناتوانین ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری وێنەیی پۆلین بکەین.

هەمدیس شیعرێکی (سەرکەوت ڕەسووڵ)ە کە لە زۆر شیعری تریشدا پانتۆمایم وایە دانانی خاڵی دووبارەکراوە دەخاتە نێو ڕستەی شیعری، بۆ نموونە لەم شیعرەی کە بە ناونیشان (زۆرخانە) لە ژمارە (٢) گۆڤاری (وێران) دا بڵاوکراوەتەوە، نزیکییەک هەیە لە شیعری وێنەیی، بەڵام بە هەمان شێوە لەم تەرزە نووسینەی ئێمە باسی لێوە دەکەین پۆلین ناکرێت.

هەروەها شیعرێکی (زانا خەلیل) کە ناونیشانی (ژێ- هێ)یەو لە ژمارە ٣-٤ی گۆڤاری (وێران) بڵاوکراوەتەوە، ڕستە شیعرییەکان تێهەڵکێش کراون بە ژمارە و جەبر و ئەندازە و ماتماتیک کە داواکراوەکەش وەک بیردۆزی ئەندازە دەبێتە (هیچ)، ئەمەش نزیکییەک دەبینرێ لە وێنەی شیعری نوێ و ناباو کەچی بە شیعری وێنەیی پۆلین ناکرێت.

یان شیعرێکی (ئەحمەد مستەفا نەجمەدین) کە بە ناونیشانی (پایزی تەمەن) لە ژمارە ٣-٤ی گۆڤاری (وێران) بڵاو کراوەتەوە بریتییە لە تێکەڵکردنی هاوکێشەیەک لە نێوان وشە و دیالۆگ و ژمارە، بەڵام بە شیعری وێنەیی ناخوێنرێتەوە.

یان شیعرێکی (ئەسکەندەر جەلال) کە بە ناونیشانی (ناونان) لە ژمارە ٣-٤ی گۆڤاری (وێران)دا بڵاوکراوەتەوە، کە یاری بە وشە و ڕستە و پیتەکان دەکات و بە شێوەی ئەندازەیی جیاجیاش شێوەکە نووسراوە، بەڵام ئەمیش ناتوانرێ لە نێو ئەم تەرزە نووسینەی کە ئێمە باسی دەکەین پۆلین بکرێ. ئەمانە و دەیان دەقی شیعری تری هاوشێوە، کە ناتوانرێ بە شیعری وێنەیی حیساب بکرێن، چونکە وەک باسمان کرد، مەرجێکی بنەڕەتیی شیعری وێنەیی ئەوەیە کە دەقەکە پڕاوپڕ بە شێوەی وێنە لە وشە و ڕسە دروست کرابێت. ئەگەرچی ئێمە لەم نووسینەدا کە باسی نموونەی ئەم شیعرانە دەکەین شاعیرانێ کە ئێمە باسمان کردوون نموونەی تریان زۆرە، بەڵکو هەندێک لەو شاعیرانە زیاتر بایەخی پێداوە وەلێ ئێمە وەک چەند نموونەیەک لە خەرمانی ئەو شاعیرانە دیمەنە، یان شیعرە دیارەکانمان لەم بارەیەوە دەستنیشان کردووە.

دەکرێ لێرەو لەوێ دەقی تریش هەبێ ئێمە بە بەرچاومان نەکەوتبێ، یان

لەبیرمان نەمابێت، یان بە هەر شێوەیەک لێرە باسی نەکراوە، بەڵام ئەمەش مانای فەرامۆشکردنی نییە، بەڵکو ئێمە لە باسی خۆماندا مەبەستمانە لەم تەرزە نووسینە بدوێین کە شیعر و چیرۆکی وێنەییە و ئەم بابەتەش لە ئەدەبی کوردیدا نوێیە تەنانەت باسکردنیشی هەر نوێیە.

لە چیرۆکی کوردیدا ئەم تەرزە نووسینە واتە چیرۆکی وێنەیی کەمترە وەک لە شیعر، بەڵکو ئەوەی تا ئێستاکە من بینیومە تەنیا سێ چیرۆکی وێنەیی بەرچاو کەوتووە کە چیرۆکنووسەکان لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی خۆیان بڵاویان کردووەتەوە ئەوانیش بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەیان، یەکەم تۆمار چیرۆکە وێنەییەکەی (ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی)یە کە لە ساڵی ١٩٨٠ نووسویەتی و لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی ((چاوە ماندووەکان)) دایە کە لە ساڵی ١٩٨٥ چاپ کراوە.

واتە بەگوێرەی ساڵی نووسین و ساڵی چاپیش بێت دەبێت یەکەم تۆمار لەم بارەوە. ئەم چیرۆکە وێنەییە لەگەڵ ژمارەیەک لە چیرۆکە زۆر کورتەکاندا لەم کۆمەڵە چیرۆکە بڵاوکراوەتەوە، چیرۆکەکەشی بێ ناوونیشانە واتە ناوونیشانەکەی (.........) ئاوا نووسراوە و لەژێر ناوونیشانەکەشی ساڵی ١٩٨٠ نووسراوە کە ساڵی نووسینی چیرۆکەکەیە و لە کۆتایی لاپەڕەکەدا یەک دێڕی دیالۆگێکە کە نووسراوە ((... دایە گیان خوا حافیز... ! ...!))

...، بەڵام دایەلۆگەکە وەڵامی نییە کە ئەمەش بۆ خوێنەر جێ هێڵدراوە.

لە نموونەکانی تردا چیرۆکنووسان وێنە دەکێشن بە خاڵ و هێڵ و هارمۆنیەتی ڕەنگ، بەڵام چیرۆکنووس ڕووبەری سپی کاغەزەکە دەکا بە وێنەیەک کە بە خەیاڵ دەبینرێ و دەلالەتێکی قووڵیش لای خوێنەر جێدەهێڵێ، کەچی لە وێنەکانی تردا وێنەکە، یان دەقە وێنەییەکە بە چاو دەبینرێ و لەم بارەوە دەقەکەی ئەو پڕ داهێنان و هەڵگری مانای شاراوەی دەقە کە دەکرێ خوێنەر ڕاڤەی جیاوازی هەبێت (ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی، ١٩٨٥، ٧٣)

(کەمال سەعدی)یش لە کۆمەڵە چیرۆکی (ترحێو)دا چیرۆکێکی وێنەیی مانداری نووسیوە کە مامەڵەی لەگەڵ ڕەنگی ڕەش و سپی و لەنێو ئەم دوو ڕەنگە دژگەییەشدا وشەی (هەبوو نەبوو) ی داناوە، هەبووەکە لە نێو ڕەنگی ڕەشدا بە سپی نووسراوەو نەبووەکەش لە نێو ڕەنگی سپیدا بە ڕەش نووسراوە. ئەمە چیرۆکێکی وێنەیی تەواوە و چیرۆکنووس چونکە خۆشیی هونەرمەندی شێوەکارە سوودی لە هونەری شێوەکاری بینیوە. ناوی چیرۆکەکەش ((هەبوو نەبووە)) (کەمال سەعدی، ١٩٩٩، ٦٢).

بێگومان ئەمەش دەسپێکی هەقایەتی کوردییە و چیرۆکنووس لەم چیرۆکە وێنەییەدا بۆ دەربڕینی مانایەکی شاردراوەی دەقەکە سوودی لێ وەرگرتووە ئەمەش لە زەینی خوێنەردا مانایەک دروست دەکات و خۆی هەقایەتەکە تەواو دەکات کە چیرۆکنووس سەرەتاکەی لە ((هەبوو نەبوو))ی فۆلکلۆرەوە، بۆ داناوە ((ڕەنگە نووسەر مەبەستی بوون و نەبوونی مرۆڤ بێت کە بوونەکەیشی وەک نەبوو وایە. خۆ خوێنەریش کە تەماشای وێنەکە دەکات ڕەنگە ئەویش لای خۆی چیرۆک و ڕاڤەیەکی تری جیاوازی بۆ دروست بێت. دیارە مەبەستی نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکەش هەر گەیاندنی مانا و ئەودیوی شاردراوی دەقە وێنەییەکەیە و بە لاکەی تریشدا وەک مۆدیلێکی نوێ خۆی دەخاتە بەرچاو)) (سابیر ڕەشید، ٢٠٠٧، ١١).




(د. فەرهاد پیربال)یش لە کۆمەڵە چیرۆکی ((پەتاتە خۆرەکان))دا چیرۆکێکی وێنەیی بە ناونیشانی (چیرۆکێکی زۆر درێژی تراژیدی) بڵاوکردووەتەوە کە لە پانتایی لاپەڕەی چیرۆکەکەدا هەمووی سپییە تەنیا لە سەرەوەی لاپەڕەکە نووسراوە ((پیاوێک...)) و لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەش نووسراوە ((ژنێک...)) و لە خوارەوەی لاپەڕەکەش نووسراوە ((دوو جۆر تەنیایی...)) کە بێگومان ئەمەش هەم لە شێوە چیرۆکێکی




وێنەیی تۆمار دەکات و شێوەی نووسینەکەی بە نیسبەت چیرۆکی کوردی وەک دوو نموونەکەی پێشتر باسمان کرد نوێیە و ماناکەشی بۆ خوێنەر جێدەهێڵێ کە لە مەبەست و فەلسەفە و جیهانبینی و ئەودیوی دەقەکەدا وێنەیەک مانا و ڕاڤە و مەبەستی چیرۆکنووس دەگەیەنێ و لای خوێنەریش هەر مانای خۆی هەیە و هەر خوێنەرە بۆ خۆی بەشێوەیەک ڕاڤەی دەکات کە ڕەنگە لای من وەک خوێنەرێک مانای جیاجیا ببەخشێت و ببێت بە چیرۆکێکی درێژی تراژیدی وەها کە وەک چیرۆکنووس ناوی ناوە، ئەگەرچی چیرۆکەکە لەسەر کاغەز بریتییە لە چەند وشەیەک، بەڵام لە زەین و خەیاڵ و لێکدانەوەی خوێنەر کە من یەکێکم لەو خوێنەرانە، دەتوانم وەها لێکی بدەمەوە کە پیاو و ژنەکە لەبەر هەر هۆیەک بێت لێکتر ترازاون و دوو جۆر تەنیاییان لێ دروست بووە کە ڕەنگە مەبەستی لە جۆری یەکەمی، تەنیایی کۆمەڵایەتی بێت کە ئەمەش چیرۆکێکی لێ دروست دەکرێت بەتایبەتیش لای ئەو خوێنەرە زیرەکەی ئەمڕۆ و تەنیاییەکەی تریش




ڕەنگە تەنیایی سیاسی بێت و پیاو و ژنێک لە نێوان ئێرەو هەندەراندا لێکتر ترازابن و تەنیاییەکی تری لێ کەوتبێتەوە ئەمەش هەر لەلای خوێنەری زیرەک چیرۆکێکی تراژیدی دێنێتە بەرهەم و لە ئەنجامیش ڕەنگە لای خوێنەر هەردوو چیرۆکەکە، یان هەر یەکەیان بە تەنیا ببن بەم چیرۆکە دوورودرێژە تراژیدیایەی کە چیرۆکنووس مەبەستیەتی و بە وێنە دەری بڕیوە.

لێرەدا چیرۆکنووس بە دوو ئاست ئیشی لە چیرۆکەکە کردووە. یەکەمیان بە مەبەستی تەکنیکە و نوێکاری ئەنجام داوە و لایەنی دوووەمیشیان بۆ مەبەستی مانای شاردراوەی دەقەکەیە کە فەلسەفە و جیهانبینی دەقەکە دەداتە خوێنەر، (د. فەرهاد پیربال، ٢٠٠٠، ٤٩).

بێگومان لێرەدا گرینگ ئەوە نییە کە هەم لەبارەی شیعری وێنەییەوەو هەمیش لە بارەی چیرۆکی وێنەییەوە کە کێ یەکەم کەس بووە و کێ تۆماری بەرایی کردبێت وەلێ ئەوەی کە گرینگە و دەبێ ئێمە باسی بکەین و ئەمەشمان مەبەستە کە ئەم تەرزە نووسینە لە ئەدەبی دنیادا هەیە و نموونەیان زۆرەو نووسەرانیشی بە بایەخەوە گرینگی پێ دەدەن، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا تاقیکردنەوەی نوێن، بۆیە ئێمەش بە بایەخەوە لێی دەدوێین، تا وەک تەرزە بابەتێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا بخرێنە بەرچاو و پسپۆڕانی تریش بەتایبەتی لە بواری خوێندنی باڵای ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکی زانستی و فراوانتر لێی بدوێن و لەم نوێکاری ئەدەبی کوردیدا ببن بە خشتێک و ماڵی ئەدەبەکەمانی پێ دەوڵەمەند بێت.

## سەرچاوەکان


١. د. فەرهاد پیربال، پەتاتە خۆرەکان، کۆمەڵە چیرۆک، بڵاوکراوەی ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی (١)، چ/١، هەولێر، ٢٠٠٠.

٢. ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی، چاوە ماندووەکان، کۆمەڵە چیرۆک، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٥.

٣. کەمال سەعدی، ترحێو، کۆمەڵە چیرۆک، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چ/١، هەولێر، ١٩٩٩.

٤. جوایەز، بەرهەمی نۆ شاعیری هەولێری، کۆمەڵە شیعری هاوبەش، دەزگای ئاراس، چ/١، هەولێر، ١٩٩٩.

٥. ئەحمەدی مەلا، گۆڤاری (وێران)، ژمارە ١ی نۆڤەمبەری ١٩٩٤.

٦. فەرید زامدار، عەباش عەبدوڵڵا یوسف، تەحسین موحسین، گۆڤاری (وێران)، ژمارە ٢ی بەهاری ١٩٩٥.

٧. نەوزاد ڕەفعەت، مەوجود سامان، گۆڤاری (وێران)، ژمارە ٣-٤ی زستانی ١٩٩٧.

٨. ئەحمەد لەتیف خورشید، گۆڤاری (وێران)، ژمارە ٥ی هاوینی ١٩٩٧.

٩. سابیر ڕەشید، چیرۆکی وێنەیی لە ئەدەبی کوردیدا، ڕۆژنامەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری (ستایل)، ژمارە ٦٣ی ٢٠٠٧/٢/١٥.

١٠. سەباح ڕەنجدەر، مەرگی ئاوێنە، ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)، ژمارە ١٠١، ١٩٩٣/١٢/١٣.

# ڕۆمانی (فریشتەی دۆزەخ)ی باهۆز مستەفا



**زانا خەلیل**

**پێشەکی**

«فریشتەی دۆزەخ»، ڕۆمانێکی تازەی «باهۆز مستەفا»ی نووسەر و وەرگێڕە، ئەو ڕۆمانە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن خانەی کولتووری چاپ و بڵاوکراوەتە، فریشتەی دۆزەخ دوای ڕۆمانی داستانی سەفەر دووەمین ڕۆمانی باهۆز مستەفایە، ڕۆمانی داستانی سەفەر گەشتنامەی کارەکتەرێکە کە لە دەسپێکی تەمەنیدا، لە بیست ساڵییەوە لەبەر نەهامەتی و تراژیدیا و ناخۆشیی باری ئابووری سیاسی و ..تاد، نیشتمان جێدێڵێ، بە ئامانجی گەیشتن بە ئەوروپا، بە پارەیەکی کەم ڕوو لە ئێران و تورکیا و یۆنان و دواتر ئیتاڵیا و فەرەنسا دەکا و تا دەگاتە شوێنی مەبەست، بەڵام بە دەردەسەری و بەدبەختییەک کە تا خۆت نەیبینی ناتوانی لە زەینتدا وێنای بکەیت.

فریشتەی دۆزەخ بابەتێکی دیکەیە، باس لە گرووپێک مافیا دەکات کە دەستڕۆیشتوون و هەموو کارێک لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان دەکەن، من دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی فریشتەی دۆزەخ ئەو بۆچوون و سەرنجانەم لا درووستبوون، هیوادارم بتوانم بە شێوەیەکی گشتی فەزا و دنیای ئەو ڕۆمانە بخەمە ڕوو.

**_ ١ _**

**١٨+**

هەر کە تەماشای بەرگی پێشەوەی ڕۆمانی «فریشتەی دۆزەخ» دەکەیت، ١٨+ سەرنجت ڕادەکێشێ و پرسیاری ئەوەت لادروست دەبێ، بۆچی ١٨+؟ هەر زووش وەڵامەکەت دەستدەکەوێ و دەزانیت بۆیە ئەو ئاماژەیە دانراوە چونکە لە ناوەڕۆکی ئەو ڕۆمانەدا یا بابەتی پۆرنۆگرافی یا ترس و توندوتیژی یا هەردووکیانی بە یەکەوە تێدا ورووژێندراوە.

بەکارهێنانی ئەو ئاماژە و ئاگادارکردنەوەیە لە پێشینە، زیاتر لە کەناڵە فەرمییەکانی تی ڤی و سایتەکان کاری پێدەکرێ بە بەراورد لەگەڵ کتێب، بە نموونە: هەرچی فیلم کە لە (NETFLIX)دا هەیە، ئەو پۆلێنەی بۆ کراوە، لە ٧+ وە دەستپێدەکا تا دەگاتە ١٨+.

بۆ کتێبیش، لە ڕۆمان و هەندێ کتێبیتری زمانەکانیتریش ئەو ئاماژە و ئاگادارکردنەوە هەیە، بە نموونە سەیری ئەو دوو کتێبە بکە کە یەکێکیان هی «مایک زۆملاند»ە، بە ناونیشانی: (خۆت دابێنەوە خانمی لەشفرۆش)، ئەو نووسەرە لە بەرگی پێشەوەی زۆربەی کتێبەکانی 18+ ی داناوە.


دووەمیان، کتێبێکی شەزا ئەلخەتیبە بە ناونیشانی (تەنیا بۆ گەورەکان).

من بۆ خۆم لەنێو ئەدەبیاتی کوردی ئەوەم بەرچاو نەکەوتووە، ئەوە یەکەمین ڕۆمانە کە دەیبینم ئەو ئاماژە و ئاگادارکردنەوەی بەکارهێناوە، هۆکاری بەکارهێنانەکەشی ئەوەیە کە لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا هەم توندوتیژی تێدایە بە نموونە: سەربڕین بە کەتەر و پەنجە قرتاندن و سەرین خستنە سەر کارەکتەرێک و گوللەلێدانی و هەرووها بەستنەوەی کارەکتەرێکی دیکە و سووتاندنی و ..تاد، هەم دەستدرێژی سێکسی و هاوجنسبازیی و ئێکستریمبازیشی لە سێکسدا تێدایە، بۆیە ئەو هۆکارانە وایان کردووە کە ڕۆماننووس ئەو ١٨+ـە، دانێ.

**_ ٢ _**

**پوختەی هێڵی سەرەکی**

«هەڵۆ» پێشمەرگەیەکی شاخە، بەڵام واقیعی دوای ڕاپەڕینی بە دڵ نییە و نیشتمان جێدێڵێ، لە ئەڵمانیا




و بە دیاریکراویش لە شاری «کۆلن» نیشتەجێ دەبێ.

هەڵۆ دەیەوێ خانەوادەکەی بباتە ئەڵمانیا، بەڵام بە هۆی فرۆفێڵی قاچاغچی و قەدەرەوە، منداڵەکانی لە دەریای «ئیجە»دا غەرق دەبن، ئیدی لێرەوە دەسپێکی ژیانێکی پڕ لە ناخۆشیی و نەهامەتی بۆ کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە دەسپێدەکا و بە هۆیەوە تووشی خەمۆکیی و هەمیشە مەستیی دەبێ.

دوای ماوەیەک دەیەوێ ڕابردوو بسڕێتەوە و لە دەسپێکەوە دەستپێبکاتەوە، بۆیە بڕیار دەدا بگەڕێتەوە وڵات و لە هەولێر نیشتەجێ دەبێ و تاکسییەک دەکڕێ و ژیانێکی ئارام دەگوزەرێنێ تا دەگاتە ئەو ڕۆژەی کە ژنێکی جوانی دڵتەنگ سواری تاکسییەکەی دەبێ، هەڵۆ لە یەکەم چاوترووکاندا هەم لەگەڵی هاوسۆز دەبێ و هەم سەرەتا حەزی پێدەکا و دواتر لە دڵەوە خۆشیدەوێ و عاشقیشی دەبێ، لە دڵی هەڵۆ چرای خەون دادەگیرسێ، تا ڕۆژێ لە ڕۆژان ژیانێکی ئارام لەگەڵ ئەو ژنە جوان و دڵتەنگە بەڕێوەببا و خێزانێکی نوێ پێکبهێنێ.

«سازان» ئەو ژنە جوان و دڵتەنگەی کە لەگەڵ هەڵۆ دەبێتە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، ژنە پێشمەرگەیەکە و لە لایەن حەڵقەیەک لە مافیا و بەرپرسی دەستڕۆیشتووی باڵادەست دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر خۆیی و کچەکەشی، سەرباری ئەوەش کاتێ شەوێک سازان لای هەڵۆ دەمێنێتەوە، بەیانییەکەی بەر لەوەی هەڵۆ لە خەو هەستێ سازان بۆ کڕینی نانی بەیانی دەچێتە دەرەوە، کەچی لە لایەن پیاوانی ئەو حەڵقە مافیایە دەکوژرێ.

ئیدی لێرەوە ئاگری ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە لە دەمارەکانی هەڵۆ دادەگیرسێ و ئاکشنی کوشتنی یەکە یەکەی ئەو حەڵقەیە لە مافیا و باڵادەستانە دەسپێدەکا و لە دوایین ئۆپەراسیۆن بۆ کووشتنی دوایین کەسی ئەو گرووپە دەسبەسەر دەکرێ و دواتر دەیبەنە دادگا و لە دادگاش پلانێک بۆ هەڵاتنی دادەڕێژن تا بیکوژن بەڵام لەوێش بە موعجیزە و پەرجوو ڕزگاری دەبێ.

**_ ٣ _**

### تەکنیک و مۆنتاژ

گێڕانەوەی ئاسایی و تەکنیکی باو لە نووسینی ڕۆماندا بریتییە لە (خاڵی دەسپێک و ناوەڕاست و کۆتایی)، بە واتایەکی دیکە، هێڵێکی ئاسۆیی ڕاستە و ڕاستی هەیە و لە خاڵی سفرەوە بۆ خاڵی ناوەند و لەوێشەوە بۆ خاڵی کۆتایی بەبێ هیچ وەرچەرخان و هەڵبەز و دابەز و برین و پاش و پێش خستنی ڕووداوەکان.

لە فریشتەی دۆزەخدا، هەموو بەشەکان پاش و پێش کراون، لە دەسپێکدا کە کچی سازان لە بارودۆخێکی دەروونیی زۆر ناڵەباردایە و سواری تاکسییەکەی هەڵۆ دەبێ، دوای چەند قسەیەک کچە لە پێش «شوقەکانی ئیسکان» دادەنێ، دوای ئەو کورتە ڕووداوە، ئەو فەسڵە کۆتایی دێ، تا کۆتایی ڕۆمانەکە وەک گرێیەک

لای خوێنەر دەمێنێتەوە و لە کۆتاییەکان دیسان ناوی دێتەوە و دەردەکەوێ کە ئەو کچە، کچی سازان و پێشمەرگەیەکی شەهیدە و لە لایەن برادەری باوکییەوە «لیوا»، دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەری و دەرئەنجام خۆی دەکوژێ.

فەسڵی دوای ئەوە هەڵۆی پێشمەرگەی جەربەزەی شاخ و شوفێری تاکسی ئێستا، لە دادگایە بەبێ ئەوەی هێشتا هیچ تاوانێکیشی گێڕدرابێتەوە لە ڕۆمانەکەدا، دوای ئەوە دێتە سەر گێڕانەوەی چۆنییەتی لە دەستدانی خێزانەکەی و ئەو فەسڵە ناونراوە «ئیستەنبوڵ»، دوای ئەوە بەشێکی دیکە دێ بە تایتڵی «کردنەوەی دەرگای دۆزەخ» کە لێرەوە بیری تۆڵەسەندنەوە دەگاتە ترۆپک و دوای ئەویش بە تایتڵی (دۆزەخ) و لە ژێریشیدا ناونیشانی فەرعی دراوەتێ و بە شەش حەڵقە باس لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی لەناوبردنی یەکە یەکەی تاوانباران دەکا، کە دەستدرێژی سێکسیان کردۆتە سەر «سازان».

لە فەسڵی دوای ئەوەدا ئینجا سازان دەبێتە ڕاوی و چیرۆکی چۆنیەتی غەدر و زوڵم لێکردنی خۆی لە لایەن ئەو حەڵقە و گرووپە مافیا دەسترۆیشتووە دەگێڕێتەوە، کە پێنج شەوی تراژیدی و پڕ لە عەزاب بەڕێ دەکا و هەر شەوە و لە لایەن یەکێک لەو مافیایانە دەستدرێژی سێکسی و ڕوحیی دەکرێتەسەر.

فەسڵی بەر لەکۆتایی دیسان چیرۆکی ناو زیندان دێتەوە و دوا فەسڵیش کە جارێکی دیکە وەک فەسڵی دووەمی ڕۆمانەکە باسی دادگایە و ئیدی ڕۆمانەکە کۆتایی دێ.

وەک دیارە کە وەرچەرخان و گۆڕینی شوێن و بابەت و گێڕانەوەکان لە فەسڵێکەوە بۆ فەسڵێکیتر زۆر لێک دوورن بەڵام زۆر ئەندازیارانە مۆنتاژکراون و وەک تەون چنراون و بێ هیچ گرێ و گۆڵێک، وەک ئەوەی کۆمەڵە جۆگەلەیەک یەکبگرن و خۆیان ڕێڕەوی خۆیان دیاری بکەن، هەر ئاوا چیرۆکەکان ئاوێتە بوونە و ڕێڕوەی خۆیان وەرگرتووە، هەر لەبەر ئەوەشە کە تەکنیک و مۆنتاژ لە ڕۆمانی «فریشتەی دۆزەخ» لە ئاستێکی بەرزدایە و دیقەت و وردبینی لای وەرگر بە ڕوونی و ڕۆشەنی دەکەوێتە بەرچاو.

ـ ٤ ـ

## نووسینەوەی واقیع و بە خەیاڵکردنی واقیع

ڕووداوەکانی نێو ئەو ڕۆمانە فەزایەک نیشانی وەرگر دەدا کە واقیعێکی تاڵ لە بوقعەیەکی ئەو سەرزەمینەدا وجودی هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە شۆڕشگێڕەکان لە شاخدا تێکۆشاون تا بگەنە ئازادیی و دوای ئازادییش دادپەروەریی و یەکسانی و ژیانێکی باشتر بۆ میللەت دابین بکەن، بەڵام دوای گەیشتن بە ئازادیی، هەر لەناو خۆیاندا دەبن بە سێ بەرە:


ـ بەرەی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە، پەراوێز دەخرێن، جا یا دەبنە ئۆپۆزسیۆن و ڕووبەڕووی هاوخەباتەکانیان دەبنەوە کە ئێستا دەستەڵاتدارن، ئەو شۆڕشگێڕی ڕاستەقینانە هەمدیس تووشی هەمان دەردەسەرییەکانی سەردەمی ڕژێمی پێشوو دەبنەوە، یا دەبنە شوفێری تاکسی و کاسبکارێکی بەدبەخت کە ناتوانن تەنانەت بژێویی خۆیان و خێزانیان دابین بکەن، یا لەبەر هەژاریی و نەبوونی و ناعەدالەتی لە نیشتمان ڕادەکەن و..تاد.

ـ بەرەی دووەم ئەو شۆڕشگێڕانەن کە دوای ئازادیی نیشتمان گەندەڵ دەبن و ڕابردووی شۆڕشگێڕییان دەکەنە پردێک بۆ بەرژەوندیی تایبەتی خۆیان و خێزانیان، لەو ڕۆمانەدا نمونەیەک لەو جۆرە کەسانە باسکراوە کە لە ڕێڕەوی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی خۆیان لایانداوە، ئیدی چی بەهای مرۆڤایەتی هەیە لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان دەخەنە لاوە و لەوەش زیاتر ئیستغلالی هاوسەنگەر و خانەوادەی هاوسەنگەرەکانی ئێستا و ڕابردوویان دەکەن.

ـ بەرەی سێیەم ئەوانەن کە لە هەموو سەردەمێکدا و لەگەڵ هەر ڕژێم و دەسەڵاتێکدا خۆیان دەگونجێنن و ئامانجی سەرەکیان گەیشتنە بە پلە و پایە و بەرژەوەندییەکانیان، جا بە هەر ڕێگە و وەسیلەیەک بێ.

لە «فریشتەی دۆزەخ»دا، بە وردی و تەرکیزەوە لە ڕێگەی چەند ڕووداوێکەوە، تیشک و ڕووناکیی خراوەتە سەر بەرەی یەکەم و دووەم

و به شێوەیەکی لاوەکیش باس لە بەرەی سێیەم کراوە کە داروودەستەی بەرەی دووەمن، کۆمەڵێک کارەکتەری دەستڕۆیشتوو، بازنەیەکی مافیاییان دروستکردووە و خەریکی



زوڵم و بەرژەوەندی و گاڵتەکردنن بە خەڵک و دنیای دەوروبەریان، بە گوێرەی ناوەڕۆکی ئەو ڕۆمانە، تا ئێرە ئەوە نووسینەوەی واقیعە، بەڵام بەخەیاڵکردنی واقیع لێرەوە دەستپێدەکا کاتێ «هەڵۆ» دەست بە تۆڵەسەندنەوە دەکا، کەسێک بڕیار دەدا بە تەنیا سنوورێک بۆ ئەو هەموو زوڵمە دانێ کە بەرەی دووەمی شۆڕشگێڕان و بەرەی سێیەمی دەستوپێوەندەکانیان ئەنجامی دەدەن، لەو ڕۆمانەدا هەموو ئەو چیرۆک و گێڕانەوە و بابەتانەی پەیوەستن بە تۆڵەسەندنەوەی پراکتیکی، دەکەوێتە خانەی بەخەیاڵکردنی واقیع، بە تایبەتیش کاتێک سەرچاوەی تۆڵەسەندنەوەکە لەسەر ئاستی یەک کەسە و شێوازی تۆڵەسەندنەوەکەش ئاکشنە.

ـ ٥ ـ

**ئاکشن**

ئاکشن یا جووڵە، هەموو ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە کارەکتەرەکانیان خەریکی جەنگان و توندوتیژی و چاودێریکردن و ئامانجی لەناوبردنی یەکتریان هەیە، لە ڕۆمانی «فریشتەی دۆزەخ» ئەو شێوازە هەڵبژێردراوە بۆ تۆڵەسەندنەوە و لەناوبردنی زوڵم و کۆتایی پێهێنانی ئەو کەسانەی کە دز و گەندەڵ و دەستدرێژی سێکسی دەکەن.

لەو ڕۆمانەدا هەڵۆی پێشمەرگەی شاخ و شارەزا لە تاکتیکی شەڕ و کوشتن و سایەقی تاکسی ئێستا، ڕۆڵی سوپەرمان دەبینێ و سەرەتا چاودێری یەکە یەکەی ئەندامانی ئەو حەڵقە و گرووپە مافیاییە دەکا، دواتر پلان دادەڕێژێ و لە دوا قۆناغیشدا پلانەکە جێبەجێ دەکا.

بۆ ئۆپەراسیۆنی یەکەم خۆی دەکاتە باخەوان و بە پایسکلێک بە ڕێدەکەوێ و چەند پلانێک ئەنجامدەدا بۆ لە خشتەبردنی پاسەوانەکانی یەکێ لە بەپرسەکانی ئەو گرووپە و تێیدا سەرکەوتوو دەبێ، تا دەگاتە لای مافیاکە و دەرئەنجام لە کورسییەک دەیبەستێتەوە و پەنجەکانی یەکە یەکە دەقرتێنێ تا دان بە تاوانەکەی بنێ کە دژ بە سازان ئەنجامی داوە، دواتر دەیسووتێنێ و خۆشی بە سەلامەتی دەردەچێ، لە ئۆپەراسیۆنێکی دیکە خۆی دەکاتە کارەباچی و بە هەمان شێوە مافیاکە دەکوژێ و بەبێ گرفت، بۆی دەردەچێ.

هەر بەو تەکنیکی نووسین و تاکتیکی لەناوبردنی مافیاکان، پێنجیان دەکوژێ لە شەشەمین ئۆپەراسیۆن دەستگیر دەکرێ، ئەوەی بە لای منەوە جێی سەرنجە و دەبووایە باشتر کاری لەسەر کرابووا ئەوەیە، نەدەبووا «هەڵۆ» هەروا ئاسان و بێ کێشە و کۆسپی گەورە، ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنجامدابووا، چونکە ئەگەر سەرنج بدەین لە ئاکشنی فەنتازیش کارەکتەرەکانی وەک سوپەرمان و سپایدەرمەن و..تاد، تووشی دەیان بەربەست و کۆسپ و ململانێ دەبنەوە تا بەسەر بەرانبەرەکانیاندا سەردەکەون.

ماوە بڵێم: ئەو جۆرە شێوازەش لە ئاکشن لە ڕۆمانی کوردی بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێ، هیوادارم لە ئایندەدا هەم باهۆز و هەم نووسەرانی دیکە لەو بوارەدا کاری جددی بکەن.

ـ ٦ ـ

## زمان

زمانی «فریشتەی دۆزەخ» چونکە بابەتەکەی کیرمینالٚ و مافیا و ئاکشن و پڕ لە جوولە و تۆڵەسەندنەوەیە، زمانێکی ئاسایی دوور لە زمانی شیعری و بەلاغییە، کە بە بڕوای من بۆ ئەو جۆرە ڕۆمانانە ئەو جۆرە زمانە هەڵبژاردنێکی تەواو و لەجێیە.

لایەنێکی دیکەی پۆزەتیڤ لە زمانی گێڕانەوە و نووسینی ئەو ڕۆمانەدا دیالۆگەکانییەتی، هەر یەک لە کارەکتەرەکان بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان قسە دەکەن، بە نموونە خۆشەوی کە یەکێکە لە مافیاکان و دکتۆرای هەیە، بە زمانێکی بەرز قسە دەکات و لە پشت ڕستەکانی مانای بەجێ و مەنتیقی دەردەکەوێ، یا ژنێکی فلیپینی بە کوردییەک قسە دەکا ڕێک هەمان ئەو ئەکسێنت و سینتاکسییە کە ڕۆژانە لە قسەکردنی فلیپینی و پەناهەندەکانی دیکە دەیبیستین، یا کارەکتەری باسم کە مەسیحیە و یەکێکە لەناو ئەو گرووپە مافیایە، بە هەمان شێوازی ئەو عەنکاوەییانە قسە دەکا کە لەناو کورد لە دایکبووینە و گەورەبووینە و تا ئێستاش فێری کوردی نەبووینە.. ئەگەر باسکردنی زمانی ئەو ڕۆمانە لە ڕستەیەکدا کورت بکەمەوە دەڵێم: ڕۆماننووس هەڵبژاردنێکی دەقیقی زمانی کردووە بۆ ڕۆمانێک وەک پێشتر باسمکرد کە تێمەکەی کیرمینالٚ و مافیا و ئاکشن و پڕ لە جووڵە و تۆڵەسەندنەوەیە.

## ئەنجام:

١. دانانی+١٨ لە بەرگی پێشەوەی کتێب و ئاگادارکردنەوەی وەرگر لە بوونی چەند تێمەیەک کە پەیوەستە بە توندوتیژی و پۆرنۆگرافیا و هەندێ حاڵەتی سادیزم لەو ڕۆمانەدا کارێکی نوێیە لە ڕۆمانی کوردیدا، بێگومان وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێیدا ئەو جۆرە ئاگادارکردنەوە لە ڕۆمانی دنیادا هەن.

٢. لەو ڕۆمانە تیشک خراوەتە سەر نەخۆشییەک کە ئازاری ڕۆح و جەستەی میللەت دەدا کە ئەویش درووستبوونی گرووپی مافیاییە و کۆمەڵێک کەسی دەستڕۆیشتوو هەرچی بیانەوێ بۆ بەرژەوەندی و چێژ و لەززەتی خۆیان ئەنجامی دەدەن و قانوونیش ناتوانێ ڕێگریان لێبکا و ببێتە کۆسپ لەبەردەم کارە خراپەکانیان.

٣. بە پرۆفیشناڵی زنجیرەی ڕووداو و ڕووداوەکانی ئەو زنجیرەیە مۆنتاژکراوە، یەک چیرۆک لە چەند حەڵقەیەک، هیچ یەک لە حەڵقەکان ڕیزبەند نەکراون، بەڵام لە کۆتایی وەک جەستەیەکی پتەو بە یەکەوە نووساونەتەوە و جوانیی و لەززەتێکی تایبەتییان بە گێڕانەوەکە داوە.

٤. ئەو ڕۆمانە واقیعێکی تاڵی بوقعەیەکی پڕ کێشە و کێشمە کێشمان بە شێوەیەکی واقیعی نیشان دەداو دواتر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کارەکتەرێکی واقیعی دەهێنێ، بەڵام بە شێوەیەکی خەیاڵی کێشەکان موعالەجە دەکات، کە ئەوە دەکەوێتە خانەی نووسینەوەی واقیع و چارەسەرکردنی کێشە واقیعییەکان بە هێز و ڕووداوی خەیاڵی.

٥. جوان کارکردن لەسەر پۆلێنکردنی شۆڕشگێڕانی ڕابردوو، بەسەر دوو بەش و لەولاتر دانە پاڵی بەشێکی دیکەی هەلپەرستان و بەکارهێنانیان لە لایەن ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لە ڕێڕەوی ڕاستەقینە و ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕش لایانداوە.

٦. هەڵبژاردنی شێوازی جووڵە و ئاکشن بۆ لەناوبردن و تۆڵەسەندنەوە لە زوڵم و زاڵم و بەرژەوەندیپەرستان کارێکی نوێیە لە ڕۆمانی کوردی.

٧. بنەمای ئاکشن لەسەر زێدەڕۆیی بنیادنراوە، بەڵام لە ئۆپەراسیۆنەکانی «فریشتەی دۆزەخ»، زیاد لە پێویست زێدەڕۆیی تێدا کراوە.

٨. بە شێوەیەکی گشتی زمان جوان کاری لەسەر کراوە، پێچەوانەی زۆر لە ڕۆمانە کوردییەکان کە هەموو کارەکتەرەکانیان وەک شاعیر و فەیلەسوف قسە دەکەن، لەو ڕۆمانەدا هەر کەس بە گوێرەی ئاست و مەعریفەتی خۆی قسە دەکات.

٩. دەکرێ لە بەشی ڕۆمان لە کتێبخانەکانی کوردستان ڕەفێکی بەتاڵ زیاد بکەین و لەسەری بنووسین، بەشی ڕۆمانی ئاکشنی کوردی و یەکەم ڕۆمان، ڕۆمانی «فریشتەکانی دۆزەخ»ی لێدانێین.

# ئیرۆتیک، لەلای (قوبادی جەلیزادە)دا

فەرەیدوون سامان



**قوبادی جەلیزادە لە ئەزموونی نووسینی شیعری خۆیدا و هەروەها لە وێستگە جیاوازەکانی ئەو ئەزموونەدا بە چەند وێشتگەیەکدا تێپەڕیوە، دەتوانین وەک سەرەتای نووسینی هەر شاعیرێک ئاماژە بەوە بکەین کە لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی کورد و دواتر لەناو عەرەبیشدا بە ئاشکرا ڕۆمانسیەتی شاعێریکی وەکی نزار قەبانی پێوە دیار بووە**

### بەشی دووەم:

### دەق و دەسەڵاتی خوێنەر:

لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژەم بە چەمکگەلێ ئیرۆتیک و لیریک و ڕۆمانسییەت کرد، هەوڵیشمدا لە ئەزموونی نووسینی شاعیردا پراکتیزەی بکەم، بۆیە بە گرنگی دەزانم بۆ ئەوە بگەڕێمەوە خوێنەر بەر لە خوێندنەوەی هەر دەقێکی شیعریدا گەرەکە لەو سێ تیۆری ڕەخنەییەدا کە شرۆڤە و توێکاری بۆ دەقی ئەدەبی کراوە.سەر دەر بکات کە یەکەمیان بونیادگەرییە، کە بانگەشەی جەختکردن بوو لەسەر دەق و مردنی نووسەر، دووەمیان (تیۆری خوێندنەوە و وەرگر)ە کە لەلایەن (فێرگەی کۆنستانس)ی ئەڵمانییەوە دامەزراوە، (یاوس، ئازەر و فولغفانغ) سێ ڕەخنەگری سەرامەدی فێرگەکەن و جەختیان لەدەسەڵاتی خوێنەر لەناو دەقدا کردۆتەوە، کە چۆن دەتوانیت نەکەوێتە ژێر باندۆری نووسەرەوە و دەسەڵاتی خۆی لەگەڕان بەدوای بۆشاییەکانی دەقەکە بەکاربهێنێت. سێیەم(ڕێبازی هەڵوەشاندنەوەگەرایی- تەفکیکیەت) بوو، کە باس لەدەسەڵاتی خوێنەر لە هەڵوەشاندنەوە و دیسان بنیاتنانەوەی دەق و ئەو بۆشاییانە دەکات، کە دەق بۆی بەجێی هێشتوون. بێگومان ئەم دەسەڵاتانە خوێنەرێک دەتوانێت هەیبێت کە بناغەیەکی ڕەخنەیی ئەدەبی بەهێزی هەبێت، نەک خوێنەری بێدەسەڵات کە دەکەوێتە ژێر هەژموونی نووسەرەوە، یان نەک خوێنەرێک، کە گەندەڵی لەبەکارهێنانی دەسەڵاتەکەیدا دەکات لە ڕێگەی موجامەلەکردنی نووسەرەوە. با بزانین داهێنانی ئەو دەقە لە کوێدایە و خوێنەر چۆن توێکاری دەکات. ئایا تەنها قسە کردن لەسەر ڕووتبوونەوە واتای چەمکی ئیرۆتیکی دەگەیەنێت؟

بەڕووتی چوومە ناو دارستان

لقی درەختەکان بوون بە نیشانەی پرسیار و

باڵندەکان
نیشانەی سەرسوڕمان
میزم بە قەدی درەختێکدا کرد
پنجکە گیایەک
گازی لە پێم گرت
بەردێکم گرتە
لقی دارتووێک
مارێک بەتەنیشتمەوە
فیشکاندی
هێندێ درەخت
بەزەردەخەنەی شەرمەوە
چاوی خۆیان بە گەڵا داپۆشی
بوو
بەنێو درەختەکاندا ڕام دەکرد
(چووک)م وەک قارچکێکی
سیس
دەلەرییەوە
لەبن سێبەری شۆڕەبییەک
پاڵ کەوتم
چۆلەکە
داوێنی پیس کردم بە جیقنە
جگەرەیەکم خستە دەممەوە
چەرخێکم داگیرساند
با فوێکی لێکرد و کوژاندییەوە
و
بەتووڕەییەوە پێمیگوت؛
ڕقی لە ئاگرە- دارستان
بۆقێک دابوویە قاقای پێکەنین
و دەیگوت
یەکەم جارە پیاوێک بە ڕووتی
بێتە ناو دارستانی پۆشتەوە
پەپوولەیەک
چەند گەڵایەکی بۆ هێنام و
تکای لێکردم
خۆمی پێداپۆشم...*

لە خوێندنەوەی تێکستە

شیعرییه‌كانی شاعیردا خوێنه‌ر ئه‌و بۆچوونه‌ی له‌ كن گه‌ڵاڵه‌ ده‌بێت، كه‌ وێڕای نه‌بوونی ئه‌و به‌ها ئیستاتیكیانه‌ی كه‌ له‌ ڕه‌گه‌ز و پێكهاته‌ هونه‌رییه‌كانی شیعره‌كانی شاعیردا هه‌ن، هاوكاتیش خه‌سڵه‌تیكی جیاواز له‌گه‌ڵ ئه‌زموونی نووسینی شاعیرانی دیكه‌ی هاوچه‌رخی كورد به‌دی ناكرێت، چونكه‌ زمان كۆڵه‌گه‌ی ئه‌فراندنی شیعره‌، به‌ڵام له‌و ده‌قه‌دا قوباد بایه‌خی به‌ ڕێنووس و خاڵبه‌ندی نه‌داوه‌، بۆیه‌ ئه‌گه‌ر خوێنه‌ر وریا نه‌بێت ، خوێندنه‌وه‌یه‌كی به‌رایی له‌گه‌ڵ ده‌قه‌كانی قوبادا نه‌بووبێت، ڕووبه‌ڕووی كۆمه‌ڵێك تاسه‌ و چاڵ ده‌بێته‌وه‌، تاڕاده‌یه‌كی زۆریش ئه‌و تاسانه‌ له‌ به‌های ده‌قه‌ شیعره‌كه‌ كه‌م ده‌كه‌نه‌وه‌، ده‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ده‌توانم بڵێم كه‌ قوبادی جه‌لیزاده‌ بانگه‌شه‌ی شاعیرێكی ئیرۆتیكخواز ده‌كات، ئه‌ویش به‌ ئاماژه‌كردن به‌ زۆرێك له‌و نموونه‌ شیعرییانه‌ی كه‌ به‌رچاوی خوێنه‌ران ده‌كه‌ون، له‌وانه‌ش له‌و ده‌قه‌ی سه‌ره‌وه‌ كه‌ ئاماژه‌م پێكرد، له‌ په‌راوێزیشدا ده‌قه‌ ئه‌سڵییه‌كه‌م وه‌ك خۆی دانایه‌وه‌ تا خوێنه‌ر به‌راوردێكی خێرا بكات و بزانێت هه‌ڵه‌كانی شاعیر له‌ كوێدان، له‌و توێژینه‌وه‌یه‌دا باس له‌ چه‌مكه‌كانی ئیرۆتیكا و جیاكردنه‌وه‌یان له‌گه‌ڵ چه‌مكه‌كه‌كانی ڕۆمانتیك و پۆرنۆ ده‌كه‌ین، تا پتر به‌رچاوروونییه‌ك بخه‌ینه‌ به‌رده‌ی خوێنه‌رانی هێژا دواتریش له‌بواری پراكتیكدا ئاماژه‌ به‌ چه‌ند نموونه‌یه‌كی شیعری ئیرۆتیكی قوبادی شاعیر ده‌كه‌ین.


كه‌واته‌ بانگه‌شه‌كردن شتێكه‌ و ئه‌فراندن شتێكی تر، ئه‌مه‌ش لای زۆر له‌ شاعیرانی كورد به‌دی ده‌كرێت ، ته‌نانه‌ت له‌ واتاو چه‌مكی ئه‌فراندن و نوێخوازیش نه‌گه‌یشتوون...

– ستراكتۆری ده‌ق و فۆرمی شیعر لای جه‌لیزاده‌:

هه‌ر ده‌قێكی شیعری پابه‌نده‌ به‌ كۆمه‌ڵێك ڕه‌گه‌زی هونه‌ری نووسینی شیعر، یه‌كێك له‌و توخمانه‌ش فۆڕمه‌، كه‌ له‌



وێنه‌ی شیعریدا وشه‌كاری و ئێستاتیكای شیعرییه‌وه‌ په‌یوه‌سته‌ به‌ زمانه‌ هونه‌رییه‌كه‌ و له‌ ده‌ربڕینه‌ هونه‌رییه‌كانیدا به‌رجه‌سته‌ ده‌بێت، ئه‌م توخمانه‌ هه‌موویان ته‌واوكه‌ری ڕێكخستنی په‌یكه‌ربه‌ندی شیعره‌كه‌ن، كه‌ پێی ده‌گوترێت بونیادی شیعری یان ستراكتۆری شیعری، هه‌ڵبه‌ت له‌داهێنانی شیعری هاوچه‌رخدا كه‌ له‌ ساڵانی سه‌ده‌ی ڕابردوو به‌تایبه‌تیش كه‌ كۆمه‌ڵێك ستایل و شێوازی شیعری به‌چه‌مكی مۆدێرنیته‌وه‌ سه‌ریان هه‌ڵدا، كاریگه‌رییه‌كه‌ی هه‌رچه‌ند دره‌نگ له‌ ڕێگای وه‌رگێڕانی زمانه‌ بیانییه‌كانه‌وه‌ هاته‌ ناو شیعری نوێی كوردییه‌وه‌، ئه‌مه‌ش وه‌ك دیارده‌یه‌كی ئه‌ده‌بی له‌ كوردستاندا كه‌ له‌و چه‌ند ساڵانه‌ی دواتردا هاتنه‌كایه‌وه‌ و شاعیران هه‌ر له‌ خۆرئاواوه‌ تا ده‌گاته‌ خۆرهه‌ڵات له‌بواری ئه‌فراندنی فۆڕمدا كاری لاسایی شاعیرانی عه‌ره‌ب و فارس و ڕۆژاواییه‌كانیان كرد، قوبادیش له‌و لاسایی و كۆپی كردنه‌ بێ به‌ش نه‌بوو. دیاره‌ ئه‌م لاسایی كردنه‌وه‌یه‌




کەم تا زۆر بە نەنگی تەماشا ناکرێت، ئەگەرچی هەندێک شاعیری کورد بە ئاشکرا ئەو ئەزموونەیان بە ناوی نوێخوازی و تازەگەریی و ئەفراندن و داهێنان کۆپی کردەوە، خوێنەرێک کە بە ڕوئیایەکی ڕەخنەیی شرۆڤەکاری، کاتێ ئەو دەق شیعرییانەی قوباد دەخوێنێتەوە، کەمتر هەست بە بوونی فۆرمکاری دەکات، واتە بەرامبەر بەوە شاعیرەکە بایەخی بە زمانە هونەرییەکە و وێنە شیعرییەکان داوە، کەواتە لێرەدا فۆرم بۆتە قوربانی واتا و پەیامی شاعیر، هەرچەند لە ناواخنیشدا کە ئەم شیعرانەی قوباد وەکو مەتنی هەر دەقێک پێموایە لەوەتەی نووسین هەیە، لەوەتەی ئەفسانە و ئایین و ئاینزاکان سەریان هەڵداوە، هەر لەدەقەکانی ئاڤێستای زەردەشتەوە کە بەزمانێکی شیعری نووسراون کە چەند هەزارساڵێک بەر لە ئەمڕۆ داهێنراون و ئێستاش ناواخنەکەمان بۆ ماوەتەوە، ئێمە نازانین داخۆ بەو زمانە کۆنەی ئاڤێستا، یان زمانی کۆنی گریکی و ڕۆمانی، یان سۆمەرییەکان، ئەو دەقانە لەڕووی فۆرمەوە چۆن بوون، چونکە لە ڕێگای پرۆسەی وەرگێڕانەوە بەها هونەرییە جوانییەکان لە دەست دەدرێن. بەڵام بەپێی سەردەمەکان ئەو گۆڕانکارییە لەفۆرمی شیعرییەکاندا ڕوویانداوە، ڕەنگە لە کاتی وەرگێڕانی تێکستی شیعرەکە گۆڕانکاری زۆر لەفۆرمی دەقەکە کرابێت، بەڵام بێگومان ناواخنەکەی تا ئەندازەیەک وەک خۆی ماونەتەوە، لە هەمان کاتیشدا خوێنەر کە دەقێکی شیعری بیانی بۆ زمانی کوردی، یان بە پێچەوانە بۆ زمانێکی بیانی وەربگێڕێ. تا ڕادەیەک بەهای ئیستاتیکی و هونەری فۆرمی شیعرەکە لەدەست دەدات، واتە دیوێکی بەهای ئیستاتیکی و داهێنان لەدەست دەدات، بەڵام ناواخنەکە بێ گۆڕانکاریی دەمێنێتەوە، جا لێرەدا فۆرمی شیعری توخمێکی بنەڕەتی ئەفراندنە، هەندێکجار فۆرم بە پێش ناواخن دەکەوێ، بەڵام شاعیری بە مەبەست لەو کۆشیعرەدا زیتر بایەخی بە وێنە و ناواخن داوە، بەڕادەیەک سەرجەم وێنە و بڕگە و کۆپلەکان هەڵگری پەیامێکن،


**مژار – بابەت :**

بابەت، یان مژار لەگەڵ واتادا جیاوازییەکی وەهایان نییە، تەنها بواری تەکنیکاری شیعرەکەیە کە ناسنامەی شاعیرێک لە شاعیرێکی دی جودا دەکاتەوە، لایەنی هونەری شیعرەکەیە، چۆن شاعیر هەیە هەتا ئێستاش بە کێش و بڕگە دەنووسێت، لە ڕووی فۆڕمەوە هەیە شیعری ئازاد دەنووسێ، هەیە شیعری نوێ دەنووسێت، لەشیعری نوێیشدا چەندین ڕێچکەی هونەری نووسین هەیە، بۆنموونە شاعیر هەیە خاڵ و نوقتە و فاریزە بەکار ناهێنێ، جا لێرەدا ئەو پرسیارەی من لەمەڕ ناواخن و بابەت لای قوباد یەک شتە، هەڵبەت هەموویان تەواوکەری یەکترن، لەشیعردا واتاکان لەنەخشەسازی و تەکنیکاری فۆڕمی شیعرەکە خۆیان بەرجەستە دەکەن، نەک لە ناواخندا.

بۆچوونێک هەیە دەڵێت: شیعری نەمر یان دەقی سەرکەوتوو پەیوەندی بە ستایل و شێواز نییە، بەڵکو ئاستی داهێنانی شاعیرەکەیە کە لە دەقێکی داهێنراودا بەرهەمی دەهێنێت. بۆیەش کە دەگوترێت دەقی شیعری ئاسایی، یان نائاسایی هەیە، بەڵکو شیعری باش هەیە، بەم جۆرە لە قسەکردن لەسەر شیعر، ناهەقییەک لەئاستی

ئەزمونی شاعیر دەکرێ، ئەگینا هەوڵدان بۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونی شاعیرانی دیکە، وەک نووسینی شیعرە پۆستەر، یان نیگارە شیعر، هایکۆی شیعری بە هەوڵێکی داهێنەرانە نازانرێت، جگە لە لاسایی کردنەوەی ئەزموونی شاعیرانی تر، پێموایە گوزارشت لەئەزموونی خودی ئەو شاعیرە ناکات، شاعیرێک خۆی لە قەرەی ئەو جۆرە ئەزموونە بدات، بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە ئەزموون کردنە داهێنەرانەش نەبێ و ئیزافەیەک نەبێ لەسەر ئەزموونی خۆی، باشتر وایە خۆی لەم هەوڵە ناکامە نەدات، هەڵبەت پێشتریش بەلاسایی کردنەوەی ئەزموونی شاعیرانی بیانی هەندێ لە شاعیرانی کورد ئەم ئەزموونە شیعریەیان تاقیکردەوە، بەڵام چەندە سەرکەوتوو بوون یان نەبوون، ئەمەشیان بۆ ڕای لێکۆڵەران و ڕەخنەگران دەمێنێتەوە، هەرچەند پێشتر ئاماژەم بە کاریگەرییەکانی شیعری نزار قەبانی کرد لەسەر ئەزموونی بەرایی قوبادا، سەبارەت بە هەندێ هۆکار، لەوانەش لە پرۆسەی وەرگێرانەوە، کە دیاردەیەک هاتە ناو ئەدەبیاتەوە، نووسەران، جا سەبارەت بە هەرهۆکارێک بێ هەوڵیان داوە و ویستوویانە لاسایی ئەم تێزە بکەنەوە، پێشم وایە سەرکەوتوو نەبوون، بۆ نموونە ئەگەر بهاتایە ئیشیان لەسەر کەلەپوری شیعری کلاسیکی خۆیان بکردبا، ڕام وایە زۆر سەرکەوتووتر دەبوون، مەبەستم ئەوەش نییە کە شاعیران بێن جارێکی تر غەزەل و شیعری کلاسیک بنووسنەوە، نەخێر نا، بەڵکو ئەو هونەرکاری و چڕی و قوڵییەی لەئەزموونی شاعیرانی کلاسیکی کورد هەبووە، مخابن کەمتر لەناو شاعیرانی هاوچەرخ بەدی دەکرێت. تا ئەو ئاستەی کە ئێستا نوخبەیەک لەخوێنەرانی خەراپ دروست بوونە کە هەرئەوەندە لەشیعر دەگەن، کە شیعر بریتی بێ لە وروژاندنی کەف و کوڵی سۆزێکی ڕووت، دواجار خوێنەرانی جددییان لێ دەتەکێتەوە، مخابن ئێستا لە سایەی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئایتیدا نەوەیەک دروست بووە، یان باشتر وایە بڵێم نەوەیەک تاقەتی ئەوەی نییە بە دوای شیعری باش و داهێنراو بگەڕێت، نەوەیەک کە هەستی خوێندنەوەی بۆ دەقێکی ئیستاتیکی و بە تێڕوانینێکی ئارکۆلۆژیانە غایبە و هەوڵی ئەوەش نادات دەقێکی باش لە خەراپ جوێ بکاتەوە، ئەم دیاردەیە ئەم دەزگا و کەناڵانە دەیکەن بۆ ڕاکێشانی بینەرێکی زۆری سادە لەسەر حسابی بەرهەمی داهێنانی شاعیرە داهێنەرەکان، بێگومان ئەم دیاردەیە کاریگەری نەگەتیڤیان لەسەر ڕەوتی شیعری و ڕەوشی ڕۆشنبیری بە گشتی هەیە و دەبێت، دواجاریش شیعری هونەری کەمتر لەو بۆنانە جێگایان دەبێتەوە، بۆ نموونە ئەوەندەی کار بۆ شیعری میللی، یان شیعری لیریکی دەکرێت، نیو ئەوەندە بایەخ بە دەقیکی شیعری تازە نادرێت. کە دنیابینی و بەهای ئیستاتیکی لای خوینەران دروست بکات، سەرنجی ئەودەقە بدەن بزانین فەهد بەلان چی پەیوەندییەکی بە خەیاڵ و ئەفراندن و ڕوئیای فەلسەفی قوبادەوە هەیە:

ڕووت ڕووت دەڕژێنە کەنار..
پیرە دەریای سەرسپی
دەورووژێت.
پۆل پۆل وردە شەپۆلی
هەرزەکار،
دەمیان، لەپێی و بەلەک
دەسوون.
بۆنی گوڵی پێست
دەبەنەوە قولایی
لەسەردەم پاڵ دەکەون
لەشیان بە گۆرانییەکی ‹ فەهد
بەللان ‹ چەور دەکەن.
تیشک لەسەر پشتی
بریقەداریان دەنووسێ:
ژنە برونزییەکانی بەیرووت،
لەخەیاڵ لووسترن.
لەسەر لم
شوێن مەمک و ئەژنۆیان
دەبن بە قۆرتی
بچوک
بچووک
شەو پڕ دەبن لە دەم
و لێوی



تریفە
گلێنەی دەریا ، شین.
قەراخ ، لەوردە شەپۆل
سپی
سپی
چاوی دەریا لەچاوی.
«ئەنجلینا جولی « دەچێت.
ئێوارە..
زەردەپـــەڕ، گـۆزەکـانـی پڕ دەکات
لە پڕووشەی ڕووتی و
لەخوڕە خوڕی مەمک و
لەرەنگی بەجێماوی مایۆ.
نازانم شەو،
ژنە بڕونزییەکانی بەیرووت کێوە دەچن..
من
دەچمەوە هۆتێلی «مۆنتیمار»
لەبن دووشی حەمامەکە،
شیعرێک دەنووسم؛
ئاویی
ئاویی
دەگەڕێینەوە سلێمانی..
من و
هاوسەرەکەم و
جانتاکەم.
بـەلام چـاوم لـەسـەر زیخە کزرەکانی کەنار
جێدەهێڵم...

لەم کۆپلە شیعریەدا (ژنە بـڕۆنـزیـیـەکـانـی بـەیـروت)، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چەمکی ئێرۆتیکا تەوەر نییە بەڵکو بانگەشەکردن بووە،

## قوباد و لیریکا:

شیعری لیریکی کە ژانرێکی گرنگی شیعرە، لەو بوارەشدا شـاعـیـرانـی ئـێـمـە وەک پـسـپـۆڕی، یـان سـتایلێکی جـیـــاواز، ئـەزمـوونـێـکـی دەوڵەمەندیان نییە لە شیعری لیریکی و نەیانتوانیوە گوڕێکی نوێخوازانە بە شیعری لیریکی نوێ ببەخشن، وەک چۆن شاعیرانی فارس و عەرەب لەو بـوارەدا داهێنەرانە جێ پـەنـجـەیـان دیـــارە، ئـەگـەر تەماشای ئەزموونی هەندێ لەو شاعیرە لیریکانەی ئەو چەند ساڵەی دوایی بکەین، دەبینین بـەرهـەمـی شیعری سادە پێشکەش بەخوێنەران دەکـــەن، لـەڕێـی سـیـدی و کاسێتەوە لـەبـازارەکـانـدا بڵاوی دەکەنەوە، لەڕاستیدا لـەو سـەردەمـەی سۆسیال میدیادا شیعری داهێنەرانە بە گشتی تا ئاستێک دووچاری جـۆرێـک لـە تـێـکـشـکـان و نیگەرانی هاتووە. پتر شیعری فیسبووکی ڕەواجـی پەیدا کـردووە. لێرەدا پرسیارێک ڕووبەڕووی ئەزموونی قوباد دەبێتەوە، تـا چـەنـد شیعرە لیریکییەکانی لـە وانـی تر جودا دەکرێنەوە، ئایا قوباد بەراست شاعیریکی لیریکییە یان ئێرۆتیکیە یان هیچیان!؟

## ڕەخنە، یان توانج، لە پرۆسەی نووسیندا؟

ئـەو نـووسـیـن و وتـارانـەی کە تاک و تەرا و لێرە لەوێ لـە سـەر قـوبـادی شاعیر نووسراون، بەداخەوە وەکو پێویست پەیژەیەک نەبوون بۆ گـەیـشـتـن بـە مـەبـەسـت، خـوێـنـەر یـان ڕەخـنـەگـر لـە ڕێـگـای ئـەو وتـار و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانەی کە لـەسـەر شـیـعـرەکـانـی قوباد نووسراون نەیانتوانیوە لە بەها ئیستاتییەکانی ئەو دەقە شیعرییانەی شاعیر بگەن، جگە لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخـنـەیـی شـرۆڤـەکـاریـی بـەڕێـزان مـامـۆسـتـا فـازیـل شـەورۆ و خـانـمـی دکـتـۆر ڕێزان ساڵح، کە بە میتۆدێکی ڕەخـنـەیـی نـووسـراون، دەنـا نووسەرانێک هـەن جگە لە تانەدان لە ئەزموونی نووسینی قـوبـاد و تـاوانـبـارکـردنـی بە دزیـنـی تـێـکـسـتـی شـیـعـری شاعیران .. بەداخەوە شتێک نابینین بە ناوی ڕەخنەوە. من ڕام وایە ئەو جۆرە نووسینانە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی نەبوون بۆ ئەزموونی قوباد، بە قەد ئەوەی شەڕ فرۆشتن بـووە، دیـارە ئـەوانـەی لێرە و لـەوێـش بـڵاوبـوونـەتـەوە بـەداخـەوە هەندێجار چۆتە خـانـەی بەکەسێتی کردنی ڕەخنەکەوە، نەک قسەکردن لەسەر تێکستە شیعرییەکان. بۆ نموونە هـەروەک ئـەوەی مامۆستا کـەمـال غەمبار لە ڕۆژنـامـەی هەولێر بـە دوو بـــەش لـە ســەر شـاعـیـری نووسی، پتر خوێندنەوەیەکی هـەڵـچـوونـی بـوو، دوور لە مـیـتـۆدی ڕەخـنـەیـی، پتر لە وتـارێـکـی ڕۆژنـامـەنـووسـی دەچـــوو، هـەر بـۆیـەش بۆ کەسێک کە هەوڵ بدات وەک پرۆسەیەکی ڕەخنەیی لەسەر شاعیر بنووسێت، هـەر لە سـەرەتـاوە لـەبـەر نەبوونی ســـەرچـــاوەی پـێـویـسـت دووچـــاری شـەکـەتـیـیـەک دەبێتەوە کە نازانێت چۆن و لـە کـوێـوە دەســـت پێ بکات، هەڵبەت تا ڕادەیەکی بـاش و دوور لـە زمـانـی سـۆزو ستایش شرۆڤـەیـان لەسەر توخمە هونەرییەکانی شیعرەکان کـردووە، وەک ئاماژەکردن بە وێنەی شیعری و ڕەمزییەت و زمانی شیعرو

بەهای ئیستاتیکیەکانی، من پێشتریش لەبارەی ڕەخنە و ڕەخنەی شیعری کوردی قسەم کردووە دواجار هەستم کردووە زۆر لەڕەخنەگرانی ئێمەش ڕەخنە قبوڵ ناکەن، بەڵام ئەوەی تا ڕادەیەک مایەی نیگەرانی من بووە، ڕەفتاری هەندێ لەو بە ناو ڕۆشنبیرانە بوو، کە بڕیاری لەپێشتریان هەبووە لەوەی کە بە مەبەست شاعیرێک لەپەراوێزدا بێت.

ئەفراندنەکانی بەسەر نەکرێنەوە، هەر بۆیەشە، دەتوانم بڵێم شیعر بەر لەوەی لەژێر فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بێ، کاریگەری فاکتی ناوە و خودی مرۆڤە، دیارە هەر مرۆڤێکیش کەم تا زۆر هەڵگری کۆمەڵێک خەم و کۆژانی مرۆڤانەی خۆیەتی کە سەرنجام، ژیانکردنی ئەم هەموو کاریگەرییە دەرەکیی و ناوەکییانە دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی مرۆڤێکی شاعیر بتوانێت گوزارشت لە خۆی و دەوروبەر و کۆمەڵگاکەی بکات، ئاراستەکردنی شیعرێک بۆ توێژێک لە جەماوەر ناچارت دەکات بە زمانی ئەوان بنووسیت، هەوڵ بدەی لە ئاستی هونەری و داهێنانی شیعرەکە سادە بکەیتەوە، هەربۆیەش ئەو شیعرە هونەرییانەی دەنووسرێن لای خوێنەران کەمتر پێشوازیان لێدەکرێت، بەرامبەر بەوەش تا ئێستا لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەو دەقە شیعریانەی بۆ خەڵک دەنووسرێن لە لایەن خوێنەرانەوە بە گەرمی پێشوازیان لێ نەکراوە، چونکە هێشتا ئێمە کێشەی قەیرانی مەعریفی و فەلسەفیمان هەیە، ئەو جۆرە شیعرانەش شیعری حەماسی و کۆژانی هاوبەشی خەڵکن، بەڵگەیەکی دیکەش ئەزمونی شیعری حەماسی و لیریکین، کە خەڵک بە گەرمی پێشوازیان لێ دەکەن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا ئەم شاعیرانەی وەک قوباد زێتر ناسراون، ئەگەرچی ئەو شاعیرانە کەمتر هەوڵ دەدەن شیعری هونەری بنووسن مامەڵەیەکی ئێستاتیکی لەگەڵ دەقدا بکەن، هەر بۆیەش کاتێ قوباد گلەیی لە نیشتمان دەکات یان جنێو دەدات، ئەمە بە واتای پشت کردن نییە لە نیشتمان و خیانەت لێکردنی، شاعیر کە خۆی بریتییە لە بارستەیەک سۆز و میهرەبانی با گلەیی لە خەلک و نیشتمان بکات، گرنگ ئەوەیە لە واری پراکتیکدا ئەو مرۆڤە ڕۆژێک لە ڕۆژانی ژیانی پشتی نەکردبێتە نیشتمان و گەلەکەی، هەربۆیەش بە هەبوونی دەقی ئاوا ئێمە ناتوانین ئەزموونی شاعیرێک ڕەتبکەینەوە، وەها نیشانی بدەین کە نیشتمانپەروەریش، موزایەدەیەکی سیاسییە و بۆ گەرم کردنی بازاڕی ڕەواج پەیداکردنی جەماوەری شیعرە، وەک چۆن مامۆستا کەمال غەمبار لە وتارەکەیدا لەو ڕۆژنامەیە ئەو تۆمەتانەی ڕووبەڕووی قوباد کردەوە.

### خوێنەر و پرۆسەی نەخوێندنەوە:

لێرەدا منی خوێنەر لەڕێی زمان و خوێندنەوەی دەقە شیعریەکاندا سەفەری ئەو نیشتمانە دەکەم کە شاعیر بە بەرهەمەکانی خەیاڵی خۆی سنووری بۆ کێشاون. خوێنەرانێک هەن هەمیشە وێڵن لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ عیشقدا، جگە لە ئەزموونکردنی ئەو خەیاڵ و عەشقکردنە، خوێنەر پێویستیی بە چیی هەیە؟ ئەگەر شکست هۆکارێک بێ بۆ ئەوەی ئێمە لەڕێی شیعردا خەیاڵاتی پترمان هەبێ و جیهان بینیمان فراوانتر بێ، ئەی چی دەبێ بە هۆکار تا لە نووسیندا تاک ڕەهەندانە بنووسین، ئەگەر یەکێک لە ڕەهەندەکان عیشق بێ – چەمکی عیشق لێرەدا مەبەست کورتکردنەوە نییە لەنێوان دوو ڕەگەزدا، بەڵکو بە مانا فراوانە فەلسەفییەکەی بەکارهاتووە، عیشق واتا توانەوە، بەخشین بە ژیان و بەردەوام بوونە لە ڕاگرتنی ئەو پارسەنگەی کە ژیان وێڕای بۆشاییەکی بێهودە هیچی تر نییە، عیشق ڕووناکییە، هەڵکردنی مۆمێکی ئەزەلییە لە ساڵڕۆژ و ساڵوەگەڕی هەموو بۆنەیەکدا نۆژەن دەبێتەوە و تاریکایی دەروون ڕۆشن دەکاتەوە، پرۆسەی نێوان عیشق و شیعر داهێنانی مەزن پێشکەش دەکات، بۆیە گەرەکە لە کەش و سرووتێکی عاشقانەی ڕەهادا هەمیشە گشت هەست و نەستەکانی خۆمانی بۆ ساز بدەین، تا چەند تاوێکی تر چەند هەنگاوێکی تر لە تارمایی مەرگ دوور کەوینەوە، ئایا عیشق لای قوباد پاکبوونەوەی ڕۆحە لەو ئالودەیەی کە دەوروبەر و پەروەردەی سەقەتی




سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت خێزانیش بەرهەمی هێناوە. یان قوماریکە لەسەر جەستەی ئەو ژنانەی کە بەناوی عیشقی پاک و بێگەرد سەودایان پێدەکرێ، تاکی کۆمەڵگای ئێمە بەهەڵە لەو چەمکەی عیشق تێگەیشتوون هەر بۆیەش ئالۆش و غەریزییانە پراکتیزەی دەکەن و نازانن چۆن دارو درەخت و گیا و کانی و بنارو شاخ و بەردو زیخەڵانیان خۆش بوێ، سەرجەم پێکهاتەکانی سروشت و مرۆڤەکانی دەوروبەریان خۆش بوێ، تا ئاستی ئەوەی کە لەپێناو ئەم عیشقە سەرمەدیەدا قوربانی بە بەها پیرۆزەکانی ژیان بدەن، لێرەدا ژن تەنها ئاماژە، یان نماد و کاراکتەرێکە لە پرۆسەی عیشقدا، نەک هەموو شتێک، زۆر لە خوێنەرانی شیعرەکانی وا هەست دەکەن کاتێک کە لەسەر عیشق دەدوێین هەرتەنها مەبەستمان چەمکی ئیرۆتیکا و ڕووت بوونەوەی ژن نییە بەس، نا وانییە، ژن بەشێکی گرنگە لەژیانی شاعیر، ئەو ژنەش هەندێ جارهەر تەنها یارنییە، هاورێ نییە، ڕەنگە دایک بێ، مرۆڤێکە لە خەیاڵ و هەست و نەستی شاعیردا بوونی هەمیشەیی هەیە، عاشقێکی ئایدیالی، بێگەرد لە ڕیاو فێڵ و دزێوی، عاشقێکە، میهرەبان و جوان، ڕەنگە ئەو سیفەتانەی کە من دەیخەمە پاڵی، لە تەنها تاکە کەسێکدا بەرجەستە نەبن، ئەو عیشقە سۆفیگەریانەیە کە شاعیر پێی نەگەیشتووە، مەحاڵیشە پێی بگەین و لەم سەردەمەدا بتوانین پراکتیزەی بەها جوانەکانی عیشق بکەین، چونکە ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر سەردەمی ڕۆمانسییەت و لیریکییەت کاڵ بۆتەوە و بەسەرچووە، خەریکە تەکنەلۆژیا و بە میتاڵ بوونی پێداویستییەکانی ژیان دەمانهاڕن، دواجاریش ئەزموون کردنی ئەم جۆرە عیشقە نەک هەر مەحاڵە، بەڵکو دەبێتە مایەی ئەوەی کە دەوروبەر وەک مرۆڤێکی نائاسایی مامەڵە لەگەڵ خودی عاشق (شاعیر) بکەن، بەڵام سەرەنجام بەو هەموو فیگەرە پیرۆزانەش، جگە لە بێ ئومێدییەک بەرهەمێکی دیکەی نەبووە، هەڵبەتە هەر ئەم بێ ئومێدی و شکستانەش دواجار جۆرێک لە ئومێدی پێ بەخشیوین کە بەردەوام بین لە ژیان و ئەفراندن، بۆیە کارکردن لەسەر چەمکەکانی عیشق و مەرگ و ژیان و جوانییەکانی سروشت و مرۆڤ تەنها واتایەکی ماقوڵن بۆ ژیانی شاعیر، بۆیەش ئەگەر بە ئومێدەوە لەژیان بڕوانین، واتە ژیان بە عیشقەوە جوان دەکەین، ئەم هۆکارانانەن جیهانبینی مرۆڤ فراوان دەکەن، یەکێک لەو ڕەهەندانەش عیشقە، ئەم چەمکە تەنها کورت کردنەوە نییە لەپەیوەندییەکی ئۆرگانی نێوان دوو ڕەگەزی مرۆڤ، دواجار عیشق هەوێن و سروشی شیعرە، عیشق تاکە سەرمایەی شاعیری ڕاستەقینەیە، هەر عیشقیشە بۆتە داینەمۆی نووسین و ئەفراندنی شیعر...

**لە دەقی (هەڕەمەکانی جیزە) دا قوباد دەڵێت:**

دوور نییە مێردەکەت، بە نەخۆشی طاعون بمرێت.

دوور نییە براکانت، بچنە شەڕێکی قورس و نەگەڕێنەوە.

دوور نییە باوکت، لە گەشتی نێوان ئەفەریقا و ئەمریکادا،

لەناو فرۆکەیەکدا، بسووتێ

دوور نییە سەرەک هۆزەکەتان،

مار پێوەی بدات و فریای خەستەخانەیەک نەکەوێت.

لەوانەیە ژنەکەم، لە بورجی خەلیفە بکەوێتە خوارەوە و

هەپروون بە هەپرون بێت.

لەوانەیە براکانم، لە کەنداوی عەقەبەدا،

لەنێو کەشتییەکی بازرگانیدا بخنکێن.

لەوانەیە کچ و کوڕەکانم، تووشی زهایمەر بن و

منیان لە بیر بچێتەوە.

لەوانەیە سەرۆک هۆزەکەمان، فیشەکێکی لە دەست دەربچێت

و بەر تەوقی سە ڕی بکەوێت.

دەشێ نیوەشەوێک، هەرەمەکانی جیزە، هەلا هەلا بن.

دەشێ من و تۆش،

لە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرەیی پاریسدا، زەماوەند بکەین.

ئەم فیگەرانەی وەک نەخۆشی تاعون، زەهایمەر، هەپرون بەهەپرون بوون، شەڕ، گەشتی نێوانی ئافریقیاو ئامریکا، بورجی خەلیفە، هەرەمەکانی جیزە، هۆتیلی پێنج ئەستێرەیی، کە لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکاری هێناون، بەشێکن لەدەربڕینی هەست و خەیاڵ و هزری شاعیر، وەک چۆن ناکرێت شاعیر هەر ئەوەندە زاتی بێت و هەر تەنها باس لەخەمەکانی تایبەتی خۆی بکات، وێڕای داڕشتنی قسەی سادە و ڕووت، کە پتر لە ئینشا دەچێت، لە کاتێکدا نەتەوەیەک دووچاری قڕبوون دەبێتەوە، شاعیریش پشت لەتراژیدیای میللەتەکەی بکات، کە بەدرێژایی مێژوو دووچاری قات و قڕی و سڕینەوە بووە، هەرچەند بەڕای من خەم و کۆژانی خودی شاعیر کۆژانی کۆمەڵگاکەیەتی، جا لە هەر کوێیەک ئازاری مرۆڤایەتی هەبێت، لە کوردستان، یان لەئەفریقا و ئاسیای دوور، لەهەر شوێنێکی ئەو سەرزەمینە، شاعیر پەیامبەرە و شیعر پەیامی مرۆڤایەتییە، نەک قسە کردن لەسەر ستیان و ناوگەڵ. نیشاندانی وێنەیەکی پۆڕن بۆ خوێنەران، ڕاستە دواجار ئێمە مرۆڤین، شیعر بەهەر زمانێک بهۆنرێتەوە دەبێت پەیامێکی مرۆڤایەتی هەبێت، ئێمە دەبێ تەجاوزی سنووری جوگرافی و دیدی ئایدیۆلۆژی بکەین، دەبێ شیعرێک بنووسین ئەو شیعرە ناسنامە و خەسڵەتی نەک نەتەوەیی، بەڵکو نێونەتەوەیشمان بێت، گەرەکە ئێمە لەرێگای ئەفراندنی دەقەکانمانەوە ناسنامەی مرۆڤ بوونمان هەبێت، بۆ ئەوەی خوێنەرێکی بیانی کە دەقێکی شیعری کوردی دەخوێنێتەوە، هەست بکات کە لەناو کۆمەڵگایەکی شارستانی و ژیاری و پێشکەوتووە، نەک کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی داخراو. گەرەکە خوێنەری بیانی بزانێ لەرێی ئەدەبەکەی لەرێی شاکارە داهێنانەکانی وەک شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، کۆژانی نەتەوەکەی لەو دەقەدا بەرجەستە دەکات، وەک چۆن ئێمە لە ڕابردوودا و ئێستاکەش کە دەقێکی شیعری ڕووسی یان فەرەنسی یان ئەڵمانی یان ئەمریکایی دەخوێنینەوە، هەست دەکەین خەم و خەون و پەیامی هاوبەشمان هەیە، جیاوازییەکانی سنور و زمان و کولتور و ڕەنگ لێکمان جودا ناکاتەوە. شیعر زادەی خەیاڵ و هەست و ویژدانی مرۆڤە، هەرمرۆڤێکیش لەم چەمکانە دابڕا، لایەنی مرۆڤایەتی و بەها ئەخلاقییەکان لەدەست دەدات .

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی خوێندنەوەم بۆ ئەزموونی شیعری قوبادی جەلیزادە، ئەوە تێگەیشتم کە لەپرۆسەی نووسینی شیعرەکانیدا، بە خۆ دوورخستنەوەی لە گشت گرێ و ئاڵوزییەکانی زمانی شاعیر، کە زۆر جار بە زمانێکی ئەوەندە ساکار نووسیویەتی تا ڕادەیەک بەهای هونەری لەدەست داوە، سەربارى قووڵی تێڕامانەکانی، بەڵام دەقە شیعرییەکانی ڕەوان و پاراو و هونەرین، بەو کۆد و سیمبولانەی شاعیر لەو دەقانەدا بەرجەستەی دەکات و لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەش دەقە شیعرییەکانی پەیوەستن بە ئاوەزی بە گەرخستنی ئەو سیمبولانەی کە شاعیر وەک کۆدێکی تایبەت بە خۆی بەکاری دێنێ، قوباد هەوڵ دەدات مامەڵەیەکی ئێستاتیکی لەگەڵ وێنە شیعرییەکاندا بکات. دواتر ئاوەزی شیعری قسەکەر و دواندنی نەستی خوێنەران و وروژاندنی خەیاڵیان کە سەرەنجام لەژێر باندۆری ئاوەزی شیعری دەوروبەردا، وەک ڕەگاژۆیەکی مێژوویی، یان ڕەهەندەکانی ڕابردووی بۆ شیعر، دەقێک بەرهەم دێنێت کە هیچی جیاوازترە لەگەڵ بەرهەمی شاعیرانی قۆناغی خۆی، هەروەها ئێستاتیکای شیعر و ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە پەیوەستن بە زمان و ئاماژە و خەیاڵگەی شاعیرەوە، هەموو ئەمانەش وێنەیەکی شیعری یان چەند وێنەیەکی شیعری دروست دەکەن، کە لە دید و زەینی خوێنەراندا، بۆ ماوەیەکی کاتی دەمێنێتەوە، چونکە هەر دەقێکی شیعری موجەرەد بوو لەو هەموو خەسڵەتانەی هونەرییانەی شیعر، بەڕای من دەقێکی ئیفلیج دروست

دەبێت، بەتەواوکردنی ئەم ڕەگـــەزە هونەرییانەش بەها ئێستاتیکییەکانی شیعر بەرجەستە دەبن، لە بەگەڕخستنی هەر فیگەرێکی سیمبولی سیاسی یان کۆمەڵایەتی- کە هەڵگری ناسنامەی خودی شاعیرەکەیە، واتا دیسان گەرەکە شاعیر ناسنامەی شیعری خۆی و ئەزموونی تایبەت بە خۆی هەبێ، کە خوێنەران بە سانایی لە ئەزموونی شاعیرانی دیکەی جیا بکەنەوە، هەموو ئەمانەش پەیوەندییان بە زۆری و کەمی بەرهەمی شاعیرەوە نییە، گرنگ نییە تۆی شاعیر خاوەنی چەند کۆشیعر و دیوانی شیعری. گرنگ ئەوەیە چەند دەقی شیعری تەواو داهێنەرانەت بەرهەم هێناوە، هەر ئەمانەشە وایان کردووە شاعیر بەو چەند شیعرە بناسرێتەوە، کە پتر گوزارشت لە کێشەی ژن- عیشق و وروژاندن، دەقە شیعرییەکانی دیکەیان کە پەیام یان هەڵوێستی سیاسیان تێدایە کەمتر ڕۆشناییان بخرێتەسەر، دەکرێ ئاماژە بە چەند شیعرێکی قوباد بکەین کە لەڕووی پراکتیکییەوە ئەم بۆچوونەیان لەسەر جێبەجێدەکرێت، سورەوەردی دەڵێت: (كلما اتسعت الرؤية ضاقت العبارة) واتا هەرچەند تێڕوانین فراوان بوو، دەربڕین تەنگتر دەبێتەوە، ئەم بۆچوونە جوان و فەلسەفییە دەمێکە وای لێکردووم لەخوێندنەوەی شیعردا پێداچوونەوە بە هەموو دەقێک بکەم، دواجار دەبێت قەناعەت بە خۆم بهێنم کە ئەزموونی داهێنانی



شاعیرێک، دەبێ ئەزموونی خودی ئەم شاعیرە بێ، نەک کەسانی دیکە.

**پەراوێز:**

*دەقی شیعرەکەی قوباد وەک خۆی بێ دەسکاری کردن:

بەڕوتی چوومە ناو دارستان
لقی درەختەکان بوون بە
نیشانەی پرسیارو
باڵندەکان ؛
نیشانەی سەرسوڕمان
میزم بە قەدی درەختێک
داکرد،
پنجکەگیایەک؛
گازی لەپێم گرت
بەردێکم گرتە،
لقی دارتوێک
مارێک بەتەنیشتمەوە،
فیشکاندی.
هێندێ درەخت
بەزەردەخەنەی شەرمەوە
چاوی خۆیان بەگەڵا داپۆشی
بوو.
بەنێو درەختەکانا ڕامدەکرد
(چووک)*م وەک قارچکێکی
سیس
دەلەرییەوە.
لەبن سێبەری شۆڕەبیەک
پاڵ کەوتم،
چۆلەکە،
داوێنی پیس کردم بە جیقنە.
جگەرەیەکم خستە دەممەوە
چەرخێکم داگیرساند
با فوێکی لێکردوو
کوژاندییەوە و
بەتووڕەییەو پێمیگوت؛
ڕقی لە ئاگرە- دارستان
بۆقێک دابوویە قاقای پێکەنین
و دەیگوت؛
یەکەم جارە پیاوێک بەڕوتی
بێتە ناو دارستانی پۆشتەوە.
پەپوولەیەک ،
چەند گەڵایەکی بۆ هێنام و
تکای لێکردم
خۆمی پێداپۆشم...

**سەرچاوکان:**

-کۆشیعری با لەسەری کۆڵانەکەتانا دانیشتووە، قوبادی جەلی زادە.٢٠١٥

-کتێبی: ستیانی بەفر پڕە لەریشۆڵە،قوبادی جەلی زادە.٢٠١٥

-باخچەکانی مەلەک تاووس- قوبادی جەلی زادە – سلیمانی ٢٠١٢

-سایکۆلۆژیای خۆشەویستی- محەمەد تەها حوسین-٢٠١٩

فەلسەفەی میتۆد لە زانستە مرۆییەکاندا- د.ئەحمەد محەمەد پور-هەولێر ٢٠١٣

# دەق

- **راستییەکی ڕەها**

حەمە عەباس

- **حەزم لە باوەشی تۆیە**

هەندرێن ئەحمەد

- **فرمێسکی ڕەش**

شیعری/ وان حەیدەری
و. لە ئینگلیزییەوە / شەفیقی حاجی خدر

- **پەیکەری فریشتەی خۆشەویستی**

ئازاد ئەرگوشی

- **هێلکە**

ن: ئاندی وێر
و . مقداد شاسواری

# ڕاستییەکی ڕەها



حەمە عەباس

**ڕاستییەکی ڕەها**

خەون دەتریقێتەوە
ژیان لە جاران ڕەشتر دەچێتەوە
ڕەش ڕەنگی مردن نییە
دڵنیام ڕەش ڕەنگی مردن نییە
دەکرێ مردن جوانتر بێ
لە ڕەش
سوور
سپی
هەموو ڕەنگەکانی دی
مردن جوانترین ڕەنگی هەیە
تەنها مردن ڕاستییەکی ڕەهایە
تەنها مردن یەکسانیخوازێکی بێ
ئەملاو ئەولایە
تەنانەت
جیاوازی لە نێوان
مرۆڤ و
پشیلەو
کەر و
سەگ و
گەڵاو گوڵیش ناکات
تەنها مردن ئاگای لە هەمووومانە
لە دەرگای هەمووومان دەدات
خەم لەپیری و
ئازاری بێکۆتاییمان دەخوات
تەنها مردن
شەرم لە خوا بوودەڵەکانی سەر
زەوی ناکات
مردن...

*****

**شوێنێک بۆ مردن**

ڕووبارێک دەڕوا
خوڕڕەی دێ و
دەبێتە زێ و
لەگەڵ خۆی نامبا
ئەو نازانێ من ماسیم
هەورێک دێ و
ناباری و
پێم دەڵێ
ئەم چەترەت بۆ بە دەستەوە
گرتووە
نازانێ من
بە ڕێی ماڵی هەتاودا هاتوچۆ
دەکەم
کەسێک دێ و
سەرنجم دەدزێ و
بێ سڵاو و خواحافیزی
بزر دەبێ
کەسێک نایێ و
کەسێک هاتووەو
کەسێک مردووەو
کەسێک گۆرانی دەڵێ و
کەسێک بە تەنها
دارەبازەیەکی بەشان داداوەو
دەیەوێ خۆی لە شوێنێک بنێژێ
کەسێک هەیە
شوێنێک نادۆزێتەوە
تێیدا بمرێ

*****

**بارێکی قورس**

ڕۆژێک مردم
هێندەی نەبرد زیندوو بوومەوە
هێندەی نەبرد
لە زیندووبوونەوە پەژیوان
بوومەوە

ڕۆژێک گۆرانییەکم گوت
هێندەی نەبرد چوومە
بازاڕو
گۆرانیەکەم
بەسەردوولکەیەک
گۆڕیەوە
ڕۆژێک چوومە مزگەوت
نوێژم دابەستاو
چەند ڕەکاتێکیم
کردە پێشەکیی کڕینی
شووشەیەکی نیوە پڕ
ڕۆژێک مردم
هێندەی نەمرد
زیندووبوومەوە
کە زیندوو بوومەوە
نەمزانی چۆن بمرمەوە
ڕۆژێک مردم
ڕۆژێک نا
هەموو ڕۆژێ دەمرم
هەموو ڕۆژێک زیندوو
دەبمەوە
بەم هەموو مردنەوە چۆن
بژیم؟
باری قورسی ئەم هەموو
زیندووبوونەوەیەم
پێ هەڵناگیرێ

*****

**قەڵەمێکی دار**

قەڵەمێکی دار
کە هی سەردەمی منداڵیمە
تەمەنم دەنووسێتەوە
قەڵەمێکی دار
گەڵا.. گەڵا
دارو درەختی هەبوونم
ڕووت دەکاتەوە
قەڵەمێکی دار
نازانم بۆ
نامکاتە ساقۆ
بۆقەڵەمێکیتر
تا
دڵۆپ .. دڵۆپ
ئەو ڕووبارە خوینانە
بنووسمەوە
کە لەپێناوی عەشقدا
دەڕژێن
پارچە .. پارچە
چیرۆکی ئەو نانانە
بگێڕمەوە
کە ناگەنە دەمی
برسییەکانی دنیا

**شتێکی دیکە**

مرۆڤ نین ئەوانەی
فوو لە قامیشێکی مردوو
دەکەن و
بە دەنگێکی زیندوو
مەستمان دەکەن
نا، ئەوانە مرۆڤ نین
مرۆڤ نین ئەوانەی
سنگیان پڕ دەکەن لە
وشەو
بە چێژ و
جوانی و
ئەڤین
بسمیلی دەکەن و
بەگۆرانی بۆمان
هەڵدەڕێژن
نا، ئەوانە مرۆڤ نین
مرۆڤ نین ئەوانەی
لە دەرگای نوستنمان
دەدەن و
خەونمان خۆش دەکەن و
ئازارەکانمان دەدزن
نا، ئەوانە مرۆڤ نین
مرۆڤ دەبێ
هەمیشە خەنجەری تیژ و
تفەنگی سوار بێ
مرۆڤ دەبێ
هەمیشە مووی گڤ و
ویژدانی شل و
ڕووی لە وانەکانی
جەنگەڵ و
پشتی لە چراکانی شار بێ
مرۆڤ نابێ
بۆ ئەوانی دیکە یار بێ
مرۆڤ...
*****

**منم باڵندە باڵشکاوەکە**

وەک باڵندەیەک فڕینی
بیرچووبێتەوە
ناتوانم زارهەڵبێنم و
گۆرانییەک بۆتۆ بڵێم ئەی
نیشتیمان
چەند سەختە نەگوتنی
گۆرانی؟
ئەم پرسیارە تەنها لە
باڵندەیەکی باڵشکاو
دەکرێ
ئێستا من ئەو باڵندەیەم
و ئەم پرسیارە لەخۆم
دەکەم
زمانی خۆم بدەم بە کێ
گۆرانییەکی پێ بچڕێ
من کە لەناو منداڵدانی
گۆرانییەکانمەوە هاتووم
پەنجەم ئاشنای
ژێی تەنبوورو کونە
وردیلەکانی شمشاڵن
سینەو گەرووم پڕ لە
وشە
نایێ و نایێ
گۆرانییەک لە قوڕگمدا
ئاسێ بووە و نایێتە دەر
ئەرێ هیچ باڵندەیەک هەیە
فڕینی بیرچووبێتەوەو
دواتر هاتبێتەوەبیری
من بەدوای ئەو باڵندەیەدا
دەگەڕێم
بەس جارێتر ببمە
هەورێک و
نمەیەک گۆرانیم لێ بباری
هەندێک گۆرانی وەک
هەنجیر وشک دەکەمەوە
هەڵیاندەگرم بۆ کاتێکی
وەک ئێستا

# حەزم لە باوشی تۆیە

وەرە بەلامدا تێپەڕە
باتێر بۆنی تێپەڕینی تۆ بکەم
خۆ ئیرەیی لە(با) ناکەی
لەجیاتی تۆ ماچی بکەم
**
حەزم لەباوەشی تۆیە
دەمێکە چاوەڕێی دیدەنتم
دەمەوێ وەک نامەیەکی دەم شنەی با
بەوێنەی ئاسمانی هەموو دڵدارانی ئێرە
بتخوێنمەوە و لەباوەشما
بتوێیەوەو ماچت بکەم
**
عیسا دەستی بەئاسمانە
لەسێدارەی هەڵواسینی من
ئەزیزەکەم..بۆ تۆ
کامە دڵبەند لەمن ئازاترە
کامە عاشق لەمن بوێرترە
وابەئاسانی بخزێتە باوەشی تۆ
**
بەم تەمەنە دێمە ژوانێ
عەشق وەک منداڵی لێکردووم
بەسە ئیتر وام لێمەکە
دەست لەبۆنی (با) هەڵناگرم
نەوەک هەناسەی تۆی لەباوەش بێ
لێمگەڕێ باتێر تێر ماچی کەم
**
دڵێکی ناسک و هی خۆم لەسینەمدایە
ئاخر من بەرگەی دوو دڵی بێدار ناگرم
بەبێ تۆش ناژیم
کەوایە ، با لە تۆ بئاڵیم
چیتر لێم دوور مەکەوە
وەرە و لەگەڵ بادا وەرەو
با تێر لەباوەشت گرم
هەموو ماچی دونیات لێبکەم



هەندرین ئەحمەد

# فرمێسکی ڕەش


**شیعری/ وان کاروان حەیدەری**
**و. لە ئینگلیزییەوە / شەفیقی حاجی خدر**

هەورە ڕەشەکە هات و گریا
ڕۆژیش بە ترسەوە ڕایموسا
تا دەهات شەڕە سامناکە تیرتر دەبوو
تەرم لەسەر یەک کەڵەکە بوون،
تۆ بڵێی کێ لەپشت ئەم نەفرینەوە بێ؟
ئاهـ و نووزەی ئازاری بریندااران
دەنگ و زرمەی چەکی شان و چەکی گران
هەر نرکە و ناڵە و نووزە بوو
جەستەی زامدار، دەروون و گیان
ئازار... ئازارێکی بێ بڕانەوە
بەڵێ بۆن دێ!
لە خوێن و جێبرین دێ!
بۆنی ئاسن و کانزا
بارووتی ناو فیشەک
بۆنی قوڕ و لیتە و چڵپاو
خەوزڕانی نیوەی شەو،
هەمووی بەیەکەوە داباری،
تۆبڵێی لەناو چادرەکەدا سەرما نەبێ؟
ئەرێ ئەوە ترسە یان ڕەزا؟
ئای خوایە، ڕێگە.. ڕێگە،
لێرە ون بووم
لەم کێبڕکێیە دوورودرێژەدا بە ڕێنوێنی حەوجەدارم
ئەرێ بۆ خاتری هەمووشتێک،
پێمناڵێن کێ بوو مۆری لاوازی بە تەوێڵی ئێمەی وەنا؟
تۆ شووشەیەکی تەنکی، ناسک ناسک
درزێکی بچووک، ئیدی وەک جاران نیت،
هەرگیز یەکسانی نەویستراوە
تۆ گوناهباری و منیش قدیس
فلچە ئێمە دەکاتە بۆیە
تۆ جلەکانم دادەدڕی، دڵم دەردێنی
دەی فلچەکەت بخەکار، هونەرەکەم وێران کە
هەوڵ مەدە لە من باشتر بیت!

ڕەنگە جیاواز بم، بەڵام لاواز نیم
دەستباریی نیگارکێشان، شتێکە کۆن کۆن!
ئازیزەکەم، متمانە و بەها و ڕێز
شتگەلێکن پەسەند، بەپێز
دەی بمان شکێنە، ئێمە هەرگیز یەکسان نین
یەکسانی، بژێویەکی هاوسەنگە
دە بیشکێنە ئەو ڕێسایە،
لاقەمان کە، ئازارمان دە، سووکمان کە،
وێرانمان کە
بێ منەت بە،
ئاخر خۆ تۆ
ماخۆی جەستە و شکۆمان نی...
هەرگیز ناشبی.



# پەیکەری فریشتەی خۆشەویستی



ئازاد ئەرگوشی

خۆشترین ساتەکانی ژیانی ئەوکاتانە بوو کە لەگەڵ خۆشەویستەکەی بەیەک دەگەیشتن. ئاشناییان لەنیو نیگایەکەوە دەستی پێکرد بوو! ئێوارەیەک لەبەر دەرگەی ماڵەکەیان خەریکی بەڕێکردنی چەند کچێکی گەڕەکەکەیان بوو، کە ڕۆژانە بۆ قورئان خوێندن دەچوونە لای ئەو. ئەو ئێوارەیە گەنجێکی باڵا بەرزی ناوتەنگ زراڤی شان و مل تێکهەڵکێشراو لەبەردەمیدا تێپەڕی. بۆ تاوێک چاوی بەرووخساری گەنجەکە کەوت و چاوەکانیان تێکگیر بوون، گەنجەکە بزەیەکی پێشکەش کرد. لەناکاو ئەویش دڵی لەرزی. گەنجەکە تێپەڕی و دڵەکەی لەگەڵ خۆی برد!!!

ئەو ئێوارەیە ئێوارەیەکی نامۆ بوو، ئێوارەکەی جیا بوو لەگەڵ هەموو ئێوارەکانی تری تەمەنی! بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا دەبوو بە دوو بەش!! هەمیشە کاتێک دەگەڕایەوە ماڵەوە، بە هەموو بوونیەوە دەگەڕایەوە، بەڵام ئەو ئێوارەیە کاتێک دەرگەی حەوشەکەی پێوەدا، هەستی کرد لە دەرەوەی حەوشەکە شتێکی بەجێهێشتووە، لەکاتی پێوەدانی دەرگەی حەوشەکە دوودڵ بوو، نەیدەزانی چ بکات. وەکوو جاران هەمووی لە ژوورەوە نەبوو. وایدەزانی شتێکی زۆر بەنرخ لەودیوی حەوشەکە بەجێماوە، ئەویش خەندە لێوەی گەنجەکە بوو، کە وەک تابلۆیەک لە ناخی کچەکەدا خۆی حەشاردابوو. تەماشای هەر شوێنێکی ماڵەوەی بکردایە بزەی سەرلێوی گەنجەکە بەدەر دەکەوت!! دەتگوت خەریکە لەدەست بەڵایەک هەڵدێت خێرا خۆی کرد بە ژوورەکەیدا. لە ژوورەوە چاوی بەو ڕستەیە کەوت کە لەسەر دیواری ژوورەکەی نووسرابوو( ئاگاداری چاوەکانی خۆتان بن دوور نییە چاوەکانتان بەرەو دۆزەخ بتان بەن) بینینی ئەو ڕستەیە وەخۆی هێنایەوە، دەستی کرد بە نزا و پاڕانەوە و نوێژکردن، بەڵام لە هەر سوجدە و ڕکوعێکدا خوا بە زەردەخەنەی گەنجەکە پێشوازیی لێدەکرد. نزا و پاڕانەوەشی نەیتوانی پێشگیری لە دابەشبوونی ڕۆح و جەستەی بکات. جەستەی لە ماڵەوە، ڕۆحیشی وەیلان و سەرگەردان بە شوێن بزەی گەنجەکەدا دەگەڕا. ئەو شەوە تادرەنگانی شەو خەوی لێنەکەوت. خەریک بوو ترس لەچاوەکانی لەناخیدا کەم دەبووەوە، بەرە و کزی دەڕۆیشت. تا ئەو ڕادەی کە هەستی کرد سەرگەردانیی ڕۆحی هەستێکی خۆشی پێبەخشیوە، بە هیوا بوو جارێکیتر خاوەن زەردەخەنەکە دووبارە ببینێتەوە، زەردەخەنەیەکی کردوو لێوی خوارەوەی گەست. چەندجار خۆی لەسەر تەختەکەی گەوزاند و توند بالیفەکەی لە باوەش گرت و دەیگوشی، پاشان لە خۆیەوە وەک منداڵێکی هاروهاج لەشوێنی خۆی هەستا، لەسەر تەختەکە دەستی کرد بە هەڵپەڕین، وەک سەرخۆشێک لە تەختەکە دابەزی و سەرپۆشەکەی فڕێدا. قژە درێژەکەی لەهەوادا ڕەهاکرد و دەستی کرد بە سەماکردن، وەک دەروێشەکان بە دەووری خۆیدا دەخولایەوە، ئەوەندە سووڕایەوە، لەدیوارەکانی ژوورەکەی، بگرە تادەگاتە گشت کەلوپەلەکانی ناو ژوورەکەی خەریک بوون بە دەووریدا دەسووڕانەوە. چاوەکانی ڕەشکەوپێشکەیان دەکرد، ئەوەندە نەمابوو بەربیێتەوە، بە خورتی خۆی گەیاندە تەختەکەی و لە سەری دانیشت. بە هەردوو دەست ڕووخساری داپۆشی، بە ناخیدا چووە خوارەوە، زەردەخەنەیەک لە ناخیدا هەڵدەقوڵا، بزەیەک هاتە سەر لێوی چاوەکانی کردەوە چاوی بە ئاوێنەکە کەوت،

لێی نزیک کەوتەوە، بە وردی لەچاوەکانی ڕوانـی، ڕووی قسەی لە چاوەکانی بوو، بە دەنگێکی لـەرزۆکـەوە گوتی: بە تەمای چین، خەریکن بەرە و کوێ دەمبـەن؟ لـە چاوی ڕاستیدا وێنەی ڕوخساری گەنجەکە ئاوێتە بەزەردەخەنە ئـەفسـونـاوییـەکـەی بـوو، دەستـی بۆ چـاوەکـەی برد لە نکاو بەبێ ویستی خۆی چاوەکانی داخست، لەو دیوی پێڵۆوەکانی بـەدوای ڕۆحـە سەرگەردانەکەیدا دەگەڕا، لە قووڵایی تاریکیدا تروسکاییی لـەرزۆکـی بڵێسەی مۆمێک بەدەرکەوت، بەرە و مۆمەکە ڕۆیشت، هەرچی لە مۆمەکە نزیک دەکـەوتـەوە تارمایی درەخـتـێـکـی زەبـەلاحـی وشـک بـوو زیـاد بـەدەر دەکـەوت، کوڕەگەنجێکی پۆشتەی بینی بە مۆمێکەوە پـاڵـی بـەدرەخـتـەکـەدا بـوو، کـاتـێـک بـە تـەواوی لێی نـزیـک کـەوتـەوە خـاوەن زەردەخـەنـەکـەی ناسییەوە، بـە بینینی ئـەو خەنیشایی بـوو. بـەڵام خۆشحاڵییەکەی زۆری نـەخـایـانـد، جیقنی کۆندەپەپویەک کە لەسەر درەختە وشکەکە هەڵکوندری بـوو کـەوتـە سـەر مۆمەکەو مۆمەکە کوژایەوە. ئیتر تاچاو هەتەری دەکـرد تارکی بوو و بەس. لەترسان چاوەکانی کـــــردەوە، ڕووخـــســـارە زەردهـــەڵـــگـــەڕاوەکـــەی لە ئاوێنەکەدا بینی، دەستێکی پـێـدا هـێـنـا، چۆنـیـەتـی کوژانەوەی مۆمەکە نیگەرانی کرد. خۆ دەکرا بە شێوازێکی دیکە بێت، شنەبایەک، یان دڵۆپە بارانێک، یان دڵۆپە شـەونمێک، نـەک بەجیقنی بـاڵـنـدەیـەک، بـەڕاسـتـی بۆ بەمشێوە ناشیرینە مۆمەکە کوژایەوە؟ دووبارە چاوەکانی داخـسـت، ویستی وەشـوێـن وەڵامـەکـەیـدا بگـەڕێ، بـەڵام بێجگە لە تاریکی هیچ شتێکی دیکەی نەبوو، دونیایەکی بێ هـەسـت و خـوسـت، وەکـوو ژووره‌کـــەی کشومات بـوو. وەرچەرخانێکی کرد، چاوی بە ڕستەکەی سەر دیوارەکە کەوت

(ئـاگـاداری چاوەکانتان بن، دوور نییە چاوەکانتان بەرەو دۆزەختان ببەن).

بۆ چەند ساتێک لە ڕستەکە وردبــۆوەوە، یـەک دووجـار چاوێکی بە دەروو و پشتیدا گێڕا، وەک ئەوەی بیەوێ بە دزییەوە کارێک بکات، دیسان لـە ڕسـتـەکـە ڕامـــا، ئـەوجـا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دەستی کرد بە سڕینەوەی ڕستـەکـە و لـە ژێـر لـێوەوە گوتی: خوایەگیان تۆ خۆت جوانیت خۆڵقاندووە بـەڵام هەرگیز نەتگوتووە تەماشای مەکەن. بێداری ئەو شەوەی بـەم ڕستەیە کۆتایی هـات: ئـەگـەر ڕێـگـەی ڕۆیشتن بە دۆزەخدا بەم شێوەیە بێ، پێم باشە ئەگەر بۆ جارێکیش بێ تاقیی بکەمەوە.

ئـەو لـەسـەر وانـەگـوتـنـەوە بەکچەکانی گەڕەک بەردەوام بوو. هەموو ئێوارنیش کاتێک کچەکانی گەڕەکی بەڕێدەکرد، بەتیلەی چـاوەوە ئـەم سـەر و ئـەو سـەری کـۆڵانـەکـەی دەپشکنی، کاتێک گـەنجەکە لـــەســـەری کـــۆڵانـــەکـــەوە بەدەردەکەوت هەموو گیانی دەکـەوتـە لـەرزیـن، لەپی دەستـی ئـارەقی دەرکـرد و دەستپاچە دەبـوو، نیگەرانی ئەوە بوو کچەکانی گەڕەک هەست بە شڵەژانی بکەن، ئەو باش دەیزانی کەسانێک هەن کە زۆر بە ئاسانی لە زمانی جەستە تێدەگەن، پێویست ناکات بەرامبەرەکەی بە قسە باسی دۆخی خۆی بکات.

بۆیە هەوڵی دەدا سەرنجی کچەکان بۆ خۆی ڕانەکێشێت، هـەر زوو بە ڕێیان کـرد و خێرا خۆی ئەودیوی دەرگەی حەوشەکەی دەکـرد. ئەوجا کـە دڵنیا دەبــوو کچەکان ڕۆیـشـتـوون، بـەئـەسـتـەم دەرگـــەی حـــەوشـــەکـــەی دەکـــردەوە و کـۆڵانـەکـەی دەپشکنی. کاتێک گەنجەکە لـە سـەری کۆڵانـەکە بـەدەر دەکـەوت لێدانی دڵی خێراتر دەبـوو، دەتگـوت بـە تەمای دەرپەڕینە!!!

ناچار دەستی خۆی لەسەر سینگی دادەنـا و دەیگوت: خێرە، بەرە و کوێ دەڕۆی، ئەوەندە بە پەلەی؟

کاتێک بۆ یـەکـەم جـار بە بـیـانـووی شـوشـتـنـی بـەر



دەرگەیماڵەکەیان سۆندە بەدەست هاتە دەرەوە، لەگەڵ گەنجەکە ڕووبەڕوو بووەوە، گەنجەکە بەیانی باشی لێکرد، وەک ئەوەی تەزووی کارەبا لێدابێت، لەناکاو سۆندەکەی فڕێدا و خۆی ئاودیوی حەوشەکەی کرد، پشتی بە دەرگەی حەوشەکەوەنا، ناوچاوانی عەرقێکی سەردی لێنیشتبوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، خۆشبەختانە ئەو ڕۆژە کەس لەماڵەوە نەبوو تەنیا بوو، دەنا دایکی بەم حاڵە هەرچاوی وێکەوتبا زۆر بە ئاسانی پەی بەنەهێنیەکەی دەبرد، چونکە هەمیشە پێیدەگوت: کچم ئەگەر بە زمانیشت درۆم لەگەڵ بکەیت چاوەکانت ڕاستییەکانم پێدەڵێن کەواتە باشتر وایە هەمیشە لەگەڵ دایکت ڕاستگۆ بیت.

خۆشحاڵ بوو لەوەی کە دایکی لە ماڵەوە نییە. سەرپۆشەکەی ڕێکخست و دیسان چووە بەردەگەی حەوشەکە، چاوێکی بە کۆڵانەکەدا گێڕا کەس لەوێ نەبوو. دەنگی شۆڕەشۆڕی ئاوەکە تێکەڵاو بە دەنگی گەنجەکە دەبوو(بەیانیت باش) دەنگێکی هەستبەخش و ژیان بەخش بوو، بە بیستنی جۆرە خۆشی و شادییەکی پێدەبەخشی کە تا ئەوکات هیچ ئەزموونێکی لەسەر نەبوو، چووبۆوە ناو دونیایەکی نوێوە، دونیایەکی هەستیار، کە بە بیستنی هەر دەنگێکی ناسک، ناچار گوێی بۆ شل دەکرد. یان بەبینینی هەر دیمەنێکی جوان هەڵوەستەیەک بکات، چونکە لەو دونیایەدا دەسەڵات بەدەست کەسێکی ترەوەیە، چی دیکە ناتوانی لە خۆتەوە بڕیار بدەیت، جەڵەوت دەکەوێت دەست و چاوەکانت، وەکوو چۆن ئەو بەبینینی زەردەخەنە و بیستنی دەنگی، بەیانی باشەکەی گەنجەکە، ئەوی ئاوارەی کوچە و کۆڵانەکانی کرد. سەرگەردانێکی تەنیا و بوێر بەپێچەوانەی ڕۆژانی ڕابردووی کە لەترسان نەدەوێرا بەتەنیایی بەڕۆژی نیوەڕۆ تاسەری کۆڵانەکەشیان بڕوات، بەڵام ئێستاکە خەندەلێوەیەکەی بوێری کرد بوو. ئەوەندە بوێر کە وەکوو ڕاوچییەک ڕۆژانە لەبۆسەدا دادەنیشت بۆ ڕاوکردن، کەچی سەرەنجام خۆی ڕاو کرا!!! سەرەتا پەیوەندییان لەئاڵوگۆڕکردنەوەی ژمارە تەلەفۆنەوە دەستی پێکرد. لە پەیوەندی شەوان تا درەنگی شەو، بگرە تا دەگاتە یەکتربینین لە خانووە تایبەتییەکەی گەنجەکە، پەیوەندی تەلەفۆنییان هاندەرێکی بەهێز بوو، بۆ یەکتر بینین لەنزیکەوە. ئەگەر شەوێک نەیتوانیبا لەگەڵ گەنجەکە قسەبکات، ترس لە تەنیایی وەک خورە دەکەوتە گیانی، هەر ئەو هەستە بوو، هانی دەدا نەک تەنیا بەڕۆح، بەڵکۆ تەمەنای دەکرد بەجەستەشەوە لێی نزیک بێتەوە. هەڵبەت بەرامبەرەکەی ئامادەگی ئەوەی تێدا هەبوو پێشوازی لێبکات، چونکە هەر لە سەرەتاوە گەنجەکە خەونی بەو ساتەوە دەبینی، کە چۆن چۆنی چێژ لەڕامۆسان و دەستبازی کردن لەگەڵ ئەودا وەردەگرێت. هەڵبەت ئەویش کاتێک شەو لەسەر جێی درێژبوو گوێ بۆ ناخی شل دەکرد، گوێی بۆ ئەو دەنگ هەناسانە شل دەکرد کە لەکاتی نزیک بوونەوەیان لەیەکتر، جەستەی دەهێنایە جۆش و خرۆشەوە، هەناسەی سوار دەبوو گۆی مەمکەکان قیت دەبوونەوە بە حەسرەتەوە دەستی بە جەستەیدا دەهێنا، ئیتر لەزەتێک بەسەریدا زاڵ دەبوو کەتا سنووری خۆفەرامۆشکردن دەڕۆیشت. کاتێک بۆ یەکەم جار تووشی ئەو حاڵەتە بوو، دوای ئەوە شل و خاو لەسەر جێیەکانی وەخۆ دەهاتەوە، لەئاوێنەوە تەماشای ڕووخسارەکەی کرد، بەگومانەوە دەستێکی پێدا دەهێنا و هەستی بە شەرمەزاری کرد!! شەرم دایگرت و وەکوو تاوانبارێک چووە ژێر ئاوی سارد، وایدەزانی بەم شێوەیە خۆی پاک دەکاتەوە، شەرمەکەی ڕادەماڵێ، دیسان سەر لەنوێ دەست پێدەکاتەوە، دەستپێکردنێکی نوێ بەخۆپاراستنەوە، بەڵام ئەوە شتێک نەبوو کە بتوانێ یەک لایەنە بە ئاسایی بڕیاری لەسەر بدات. چونکە تەمەنای بینینی گەنجەکە ڕۆژبەرۆژ بەهێزتر دەبوو، کاتێک بۆ یەکەم جار دەستی بەدەستی کوڕەکە کەوت، هەموو گیانی کەوتە لەرزین، دەنگی خوڕپەی دڵی گوێکانی ئازار دەدا، لە ناکاو لێوە گەرمەکانی گەنجەکە لەگەڵ لێوەکانی ئەو ئاوێتە بوون...

لە یەکەم دیداردا زۆر بە شەرمەزارییەوە جلەکانی لەبەرکرد، لەیادی نەبوو چۆن چۆنی لەپێش کوڕێکی گەنجدا خۆی ڕووت کردووتەوە، ئەوە ڕووداوێکی نوێ بوو لەژیانیدا. ڕووداوێک تێکەڵاو بە شەرمەزاری و پەشیمانی، بەڵام سەرەڕای ئەمەش تەمەنای دووبارە بوونەوەی لەناخیدا سەری هەڵدەدایەوە و دیسان ئەوی ڕەوانی باوەشی شەرمەزاری دەکردا!! شەرمێک تێکەڵاو بە خۆشییەکی لەبن نەهاتوو، زەمەن پەردەشەرمیشی لەنێوانیاندا هەڵگرت و بڕیاریاندا بۆ داهاتوویان، بەمەبەستی پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەش پلانێک دابنێن، بۆیە هەوڵیان دەدا لەپەیوەندییەکەیان گشت سنوورەکان نەبەزێنن. هاوڕێیەتییان دیداری ڕۆژانەیان وتووێژیان هەمووی بەدەوری داهاتوویاندا دەسووڕایەوە، بۆئەوەی ژیانێکی هاوبەشی بێ کەلێن پێک بێنن، دوور لەهەر جۆرە درزێک، بۆ ئەمەش پێویست بوو هەردووکیان وریای هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان بن. هەڵبەت کچەکە زۆر وردتر و وردبینتر بوو لەکوڕەکە، هەرکاتێک شتێکی نەگونجا بەر چاوی دەکەوت، خێرا ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد، بۆ ئەوەی چی دیکە هەڵەکەی دووبارە نەکاتەوە. زۆر جار کوڕەکە بە گاڵتە پێکردنەوە دەیگوت: ئەوەندەی تۆ ئامۆژگاریم دەکەی دایکم بە درێژای تەمەنم ئەو هەموو ئامۆژگارییەی نەکردووم.

یەکێک لەو شوێنانەی کەبۆ ژوانیان هەڵبژاردبوو، ژێر سێبەری پەیکەری فریشتەی خۆشەویستی بوو لەپارکی شار. ڕۆژێکیان لەسەر داوای کچەکە بڕیاریاندا بە بێدەنگی تەماشای یەکتر بکەن. لە دونیایی بێدەنگیدا سێبەری پیرەژنێکی پشت کۆم تێکەڵاو بەسێبەری فریشتەی خۆشەویستی بوو، سەرەتا ڕووی لەگەنجەکەی کرد. داوای یارمەتی لێکرد. کەچی گەنجەکە وەک بڵێی هیچ شتێک ڕووی نەداوە کەس لەوێ نییە بەردەوام بوو لەتەماشاکردنی کچەکە، بەڵام کچەکە بە پێچەوانەی ئەو لەپەرێزی بێدەنگی نێوانیاندا دەرچوو، گەڕایەوە بۆ دونیای ڕاستەقینەی دەوروپشتی، گەڕایەوە ئەو ژینگەی کە هەرکەس لەو ژینگەدا بەشێوازێک لەشێوازەکان هەناسەی دەدا، وەکو ئەو پیرەژنەی کە هەناسەی کەوتبوو ژمارە و چاوەڕێی بەزەیی مرۆڤێک بوو دەستی بگرێت، بۆ ئەوەی لەهەناسەدا بەردەوام بێت. کچەکە بەبینینی پیرەژنەکە نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێت، چاو بەسەر ڕووداوەکانی دەوروبەریدا بقوچێنێت، تەنیا بەدەوری ڕووگەی خۆیدا بسووڕێتەوە. خێرا دەستی پیرەژنەکەی گرت و بردی لەتەک خۆی دانا. وەکوو دیار بوو پیرەژنەکە بەربەبۆوە، دەستێکی خوێناوی بوو. سەرەتا کچەکە خێرا بتڵێکی ئاوی لەجەنتەکەی هێنایە دەرەوە و دایە دەستی پیرەژنەکە، لەکاتی ئاوخواردنەوەی پیرەژنەکە، کچەکە لەقووڵایی چاوە بێهێزەکانی پیرەژنەکەدا کوڕە گەنجێکی پۆشتەی بینی بەمۆمێکەوە پاڵی بەدرەختێکی وشکەوە داوە، کاتێک بەتەوای لێی نزیک کەوتەوە خاوەن زەردەخەنەکەی ناسییەوە، بە بینینی خەنیشایی بوو. بەڵام خۆشحاڵییەکەی زۆری نەخایاند، جیقنی کۆندەپەپوییەک کە لە سەر درەختە وشکەکەدا هەڵکوندری بوو کەوتە سەر مۆمەکە و مۆمەکەی کوژاندەوە. کچەکە خێرا نیگای لەسەر ڕووخساری پیرەژنەکە گواستەوە بۆ سەر نیگا سارد و سڕی کوڕەکە، کە بە سەر سوورمانەوە تەماشایانی دەکرد. کچەکە خەریکی خاوێنکردنەوەی دەست و پلی پیرەژنەکە بوو، دەستی بریندار ببوو، برینەکەی بۆ پێچایەوە، ئەوجا خێرا خۆی کۆکردەوە و دەستی پیرەژنەکەی گرت و گوتی: وەرە دایەگیان من دەتبەمەوە ماڵەوە. بەبێ ئەوەی سەرنج بداتە کوڕەکە، دەتگوت کەسی دیکە لەوێ نییە، بێجگە لەخۆی و پیرەژنەکە، خێرا بەرەوە دەرەوەی پارکەکە بەڕێ کەوت. گەنجەکە بە سەرسوورمانەوە گوتی: خێرە، بەبێ ماڵئاوایی دەڕۆی؟

کچەکە بەبێ ئاوڕدانەوە گوتی: نەمبیستووە کەس ماڵئاوایی لە پەیکەرێک بکات.

2021\6\15




# هێلکە



ن: ئاندی وێر
و . مقداد شاسواری

کاتێک لە ڕێگادا بوویت بەرەو ماڵەوە ، مردی . مردنەکەشت بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ بوو . ڕووداوێـک شایانی باسکردن نەبوو ، بەڵام بەهەر حاڵ کوشندە بوو ، کۆتایی بە ژیانت هێنا و لە دوای خۆتدا ژنەکەت بە دوو منداڵەوە بە تەنها بەجێ هێشت . مردنەکەت مردنێکی بێ ئازار بوو . هەڵبەت پزیشکەکان هەموو هەوڵی خۆیان دا تا بتگەڕێننەوە بۆ ژیان، بەڵام هەوڵەکانیان هیچ ئەنجام و سودێکی نەبوو. ئێسقانەکانی جەستەت بەشێوەیەک ورد و خاش ببوو، لەشت ئاوها تێک و پێک شکابوو، بەینی خۆمان بێ، هەر باشتر کە مردی . نەشمردیتایە کەڵکی ژیانت پێوە نەمابوو .

کتوپڕ و لە پڕێکا منت بینی !

دەستت کرد بە قسەکردن : چی ... چی ڕووی داوە ؟ ئێستا من لە کوێم ..؟

منیش بێ ئەوەی هەوڵ بدەم ڕەچاوی دۆخی دەروونیت بکەم و ئارامتر پێت بڵێم ، زۆر بە لە سەرەخۆیی گوتم «تۆ مردوویت» !

تۆش وەک ئەوەی شتێکت بەبیر بێتەوە گوتت : «بارهەڵگرێک...لۆریەکی گەورە لەوێ بوو، بینیم کاتێ خلیسکا بەرەو لای من .....«

گوتم : ئەها ... وایە ...

* کەواتە من .. من مردووم ؟

– وایە ... تۆ مردوویت. بەڵام خۆت سەغڵەت مەکە .. دواجار هەموان هەر دەمرین» سەیرێکی دەوروبەری خۆتت کرد، لە نەبوونێکی ڕەها بترازێ هیچیتر و هیچ کەسێکت بەدی نەکرد. لێرە تەنها من هەبووم.

تۆ پرسیارت کرد «ئێرە چیە؟ ئێرە کوێیە ؟ ئەوەی پێی دەڵێن ژیانی دوای مەرگ، ئەوەیە ؟ ئێرەیە ؟

* بەڵێ، دەکرێ بڵێین وایە .
– تۆ خودایت ؟
* بەڵێ من خودام .

– منداڵەکانم، ژنەکەم، ئەوان چیان بەسەردێ ؟

* لە ڕاستیدا ئەوە، ئەو شتەیە کە دەمهەوێ ببینم. تۆ لەگەڵ ئەوەیا ماوەیەکی زۆر نابێ مردوویت، کەچی لە خەمی ژن و منداڵەکانت دایت، هەر بەڕاستی ئەم دیمەنانە بەلای منەوە زۆر نایاب و جوان و سەرنجڕاکێشن !

بە سەر سوڕمانەوە لە منت دەڕوانی، بەلای تۆوە من هیچ لە خودا نەدەچووم. شێوەم لە خودای نەدەکرد. زیاتر لە پیاوێک دەچووم، یان تەنانەت لە ژنێک. یان بەشکەم لە بەرپرسێکی پڕ شکۆ و نەناس. یان زیاتر لە مامۆستایەکی، ڕێزمان دەچووم هەتا لە باریتەعالایەک.

گوتم « دڵتەنگ مەبە، هەموو شتێک باش دەبێ. منداڵەکانت لەبەر ئەوەی لەکاتی مردنتدا هێشتا گچکەلە و ورد بوون بەردەوام یادی تۆ وەکو مرۆڤێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتووی هەموو بوارەکان دەکەنەوە. ژنەکەشت لە ڕواڵەتدا خۆی زۆر پەرێشانحاڵ و ئاشوفتە حاڵ دەنوێنێ بەڵام لە دڵ و دەروونیدا هەتا ڕادەیەک بە مردنت ئاسوودەیە و کەمێکیش دڵخۆشە. دەزانی، خۆ ژیانی هاوبەشتان کەوتبووە سەر لێواری لێکهەڵوەشانەوە و لێکترازان. هەڵبەت ، پێت ناخۆش نەبێ کە ژنەکەت ئاوهایە، هەست بە ئازارێکی توندی ویژدانیش دەکات لەوەیا کە مردوویت .

« واو ... باشە ... ئێستا چی ڕوودەدا؟ من دەچمە بەهەشت یان دەچمە دۆزەخ؟

* هیچیان، تۆ ناچیتە هیچ کامیان. تۆ دووبارە زیندوو دەبیتەوە و دەگەڕێیتەوە بۆ ژیان.

– ئەها ... کەواتە بۆچوونی هیندۆسەکان ڕاست دەرچوو؟!

* وایە، هەموو ئایینەکان

بەشێک لە ڕاستییان تێدایە. با کەمێک پیاسە بکەین. دەستمان کرد بە پیاسە کردن لەنێو فەزایەکی چۆڵ و هۆڵ و پڕلە نەبووندا. بە دوامدا هاتی و پرسیارت کرد: «بۆ کوێ دەڕۆین» ؟

گوتم: بۆ شوێنێکی دیاریکراو ناڕۆین. پێموایە ئاخاوتن بەدەم پیاسە کردنەوە خۆشتر بێ. ئێ وانییە؟!

گوتت: دەی باشە، مادام با من ئەو پرسیارە بکەم بۆچی ئەو ماوە درێژە ژیام؟ لە کاتێکا لەدوای هەر لە دایکبوونێکی نوێدا، دیسان لە سفرەوە لە هیچەوە دەست پێدەکەمەوە و تێهەڵدەچمەوە، وایە؟ وەکو کۆرپەلەیەک. هەر جارێک لە دایک دەبمەوە هەموو ئەزموونی پێشتریم و هەموو ئەو کارە باشانەی لە ژیانی پێشتریم خستنمە سەریەک لە نێو دەچن و چیتر بایەخیان نامێنێ !

گوتم: نەخێر، وانییە. تۆ لەگەڵ خۆتدا، لە دەروون و ناواخنی خۆتدا هەموو ئەزموون و شتە فێربووەکانی ژیانی پێشتریت هەڵدەگری. تەنها ئێستا و لەم حان و ساتەدا ئەوانەت بەبیردا نایەتەوە.

لە بەرامبەرتدا ڕاوەستام و دەستم خستە سەر شانەکانت و پێتم گوت «ڕۆحی تۆ زۆر گەورەتر و سەرسوڕهێنەرترە لە هەموو شتێک کە بە خەیاڵتدا دێت. بیرکردنەوەی هەر ئادەمیزادێک دەتوانێ بەشێکی زۆر ناچیز و بچووک وەک ئێستای تۆ لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ. بیهێنە بەر چاوی خۆت، وەک ئەوەی پەنجەیەکت بخەیتە نێو پەرداخێ ئاو، هەتا بزانی ئاوەکە گەرمە یان ساردە. تۆ بەشێکی زۆر بچووکی جەستەی خۆتت خستە نێو ئاوەکەوە، بەڵام کاتێک پەنجەکەت لە نێو ئاوەکە دەردێنی، هەموو ئەو هەست و ئەزموونەی پەنجە خستنە نێو ئاوەکە بۆ هەموو جەستەت دەگوازرێتەوە. پاشانیش درێژەم پێدا: تۆ 48 ساڵ مرۆڤێک بوویت و هێشتا نەهاتیتە سەر خۆت و ئەوەندە پێنەگەیشتووی کە هەموو پاشماوەی هەست و ئاگایی و زانست و بلیمەتی خۆت هەست پێ بکەی و بیهێنیتەوە بیری خۆت. ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژتر لێرە بەیەکەوە بین، پەیتا پەیتا هەموو شتێکت وەبیردێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ پێویستیەک لەوەدا نییە کە بمانهەوێ کارێکی ئاوها لە مەودای نێوان دووجار لە دایک بوون و دووجار ژیانکردندا بکەین.

پرسیارت کرد: «هەتا ئێستا چەند جار مردووم و زیندوو بومەتەوە؟

گوتم: یەکجار زۆر. ژیانی هەمەجۆریشت ئەزموون کردووە. ئەمجارەیان لە زیندوو بوونەوەتدا بڕیار وایە وەکو کچە جوتیارێکی چینی لە ساڵی 540ی زایینی لە دایک ببیت و درێژە بە ژیان بدەیت !

– ئێ ... بوەستە بزانم، چیت گوت؟ واتە خەریکە لە کات و زەمەندا دەمگەڕێنیتەوە دواوە ؟

* ئاوها کە ئێوە لە بارەی زەمەن و کاتدا بیر دەکەنەوە، بەڵێ. هەروا کە لەوانەیە ئەو ڕاستیە بزانی کە بابەتی کات و زەمەن هەر تەنها لە دنیای ئێوەدا بوونی هەیە. ئەم بابەت و شتانە لەم جێیەی کە من تێیدا دەژیم جیاوازی هەیە !

– تۆ مەگەر لە کوێدا دەژیت ؟

* دەی منیش لە شوێن و جێگایەک دەژیم. جێگەیەکی دیکەی جیاواز. لەوێ، لەوجێیەی منی لێم کەسانی دیکەی وەکو منیشی لێن. دەزانم وێدەچێ



ئاندی وێر/ نووسەری چیرۆک

ڕوونکردنەوەیەکی زیاترم لێ داوا بکەی بەڵام باوەڕ بکە ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاتریشت پێ بدەم هەر هیچی لێ تێناگەی !

بە بێهیواییەوە گوتت : ئەها ....

پاشان لە پڕێکا ئەو پرسیارەت لێکردم: ئەگەر وەک تۆ دەڵێی من لە زەمەن و سەردەمی جیاواز لە دایک دەبم و ڕۆحم لە جەستەی کەسانی جیاوازجیاوازدا دەژی، کەواتە

ئەو ئەگەرە بوونی هەیە، کە بتوانم خۆم ببینم. وایە ؟

گوتم: ئەها ... ڕاستیت بوێ، ئەوە هەمیشە ڕوودەدا. بەڵام چونکە هەر یەکێکتان تەنها لە بارەی ژیانی خۆتان زانین و ئاگاییتان هەیە، نازانن کە، شتێکی ئاوها ڕوودەدا. ئێوە بەردەوام دووبارە دەبنەوە.

گوتت: وەڵا جوانە ! دەی باشە فەلسەفەی هەموو ئەو ژیان و مردنە لە چیدایە ؟!

گوتم: بە ڕاستتە ؟ واتە تۆ فەلسەفەی ژیانم لێ دەپرسی؟ پێت وانییە پرسیارەکەت زۆر کۆن و سواوە؟

گوتت: وایە، پرسیارەکەم سواوە بەڵام پرسیارێکی لۆژیکیشە.

گوتم: فەلسەفەی ژیان ! .. تاکە هۆکار بۆ ئەوەی کەمن ئەم دنیایەم دروست کرد ئەوەیە کە تۆی ئادەمیزاد تیایدا گەشە بکەیت و بژیت و پێبگەی.

گوتت: مەبەستت مرۆڤ و ئادەمیزادە؟ دەتهەوێ ئێمە پێبگەین؟

گوتم: نەخێر، مەبەستم هەر تەنها تۆیت. من هەموو ئەو دنیایەم تەنها بۆتۆ دروست کرد. هەر جارێک ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەیتەوە زیاتر گەشە دەکەیت و پێگەیشتووتر و پڕ ئەزموونتر دەبیت.

گوتت: تەنها من ؟ ئەی ئەوانیتر ؟

گوتم: کەسێکی دیکە لە ئارادا نییە. جگە لە تۆ هیچ بنیادەمێکیتر بوونی نییە ! لەم دنیایەدا تەنها منم و تۆین.

– بە حەپەساوی لێم دەڕوانی و دەپرسێ «ئەی ئەو هەموو مەخلوقەی سەر گۆی زەوی؟

گوتم: هەموویان تۆن. ژیانە جیاوازەکانی تۆن !

گوتت: واتە ... هەموو مرۆڤەکان منم ؟ هەموو بنیادەمەکان منم ؟

– بە هێمنی دەستێکم لە پشتتدا و گوتم «هێدی هێدی وا خەریکە تێدەگەی» !

گوتت: من هەموو ئەو بنیادەمانەم کە تا ئێستا ژیاون؟

گوتم: هەروەها هەموو ئەو بنیادەمانەی کە لەمەودوا دەژین ...

– من ئەبراهام لینکۆڵنم ؟

* ئەو کەسەیشی کە ئەوی تیرۆر کرد؟

– من هیتلەرم ؟

* هەموو ئەو ملیۆنەها کەسەشی کە ئەو کوشتیانی.

– من حەزرەتی مەسیحم ؟

* هەموو ئەو کەسانەیشی کە پێڕەوی لێ دەکەن .

تۆ وسکت بووی .

منیش درێژەم پێدا: « هەر کاتێک کەسێکت ئازار دابێ ئەوە لە ڕاستیدا خۆت ئازار داوە، هەر کاتێک کەسێکیشت دڵخۆش کردبێ، ئەوە لە ڕاستیدا خۆت دڵخۆش کردووە. هەر هەستێکی دڵخۆشی یان دڵگرانی ، کە لە هەر مرۆڤێکەوە ئەزموون کرابێ لە ڕاستیدا لەلایەن تۆوە ئەزموون کراوە .

ماوەیەکی زۆر نوقمی نێو بیرکردنەوە بوویت و پاشان پرسیت: بۆ، بۆ دەبێ ئەو هەموو کارە ئەنجام بدەم ؟

* چونکە تۆش، ڕۆژێک دادێ وەک منت لێ دێ. ئەوە شتێکی ڕاستەقینەیە و لە تۆدایە. تۆ یەکێکی لە هاوچەشنەکانی من. تۆ لەمن بوویتی ، زادە و منداڵی منی .

بە شاگەشکەبییەوە وتت:»واو ... واتە من ... منیش خودایەکم؟»

– نەخێر ... واتە هەتا ئێستا، نە تۆ ئێستا تەنها کۆرپەڵەیەکی و هێشتا لە دایکنەبوویت. هێشتا خەریکی وردە وردە گەشە دەکەی. هەر کاتێک ژیانی هەموو مرۆڤ و بنیادەمەکانت لە هەموو زەمەن و سەردەمەکاندا ئەزموون کرد و تێتپەڕاند، ئەو کاتە هێندە گەورە دەبیت کە بێیتە سەر دنیاوە .

– واتە هەموو دنیا ... وەک ... قسەم پێت بڕی و گوتم : «هێلکە ... هەموو دنیا وەکو هێلکەیەک وایە !

درێژەم پێدا و گوتم: ئێستا کاتی ئەوەیە کە بڕۆیت و ژیانی نوێت دەست پێبکەی ...

ئەوجا تۆم نارد تا جارێکیتر و سەر لەنوێ لە دایک ببیتەوە و بڕۆی .....

* چیرۆکی»هێلکە»کورتە چیرۆکێکی «Andy weir» نووسەری ناوداری ئەمریکیە کە لە ساڵی 2009 لە سایتی خۆیدا بڵاوی کردەوە. منیش لە سایتێکی فارسی خوێندمەوە و پێی سەرسام بووم و وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی تا ئێوەش بیخوێننەوە.

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***ئەفسانە لە ڕۆشنبیریی مرۆڤدا***

عەبدولڕەحمان فەرهادی

- ***نیشانە و تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی گەلان لە سەدەی بیست و یەکدا***

ستار باقی

- ***نامەکانی کاک ئەحمەدی شێخ بۆ حاجی عومەر ئەفندی***

ئیحسان موفتی

- ***لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا مزگەوت، خانەقا و زاناکانی هەولێر لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دا***

موحەممەد گەلاڵەیی*

# ئەفسانە لە ڕۆشنبیریی مرۆڤدا



عەبدولڕەحمان فەرهادی

**ئەفسانە و دەروونناسی**

دیدی سیگمۆند فرۆید کە دەڵێ: (دارشتنی چەمکەکان لەسەر مێژووی شارستانیانەی مرۆڤ بەند نییە). گەورەترین لێکۆڵینەوەی بوو لەبارەی توێژینەوەی ئەفسانە کە گرنگییەکی زۆری هەبوو، هەموو توێژینەوەکان لەبارەی ئەفسانەوە وایدادەنێن کە شیکردنەوەی مێژوویی و تێگەیشتن لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی هۆشیاریی مرۆڤ لەم لێکۆڵینەوانەدا زۆر پێویستن، وەلێ شیکردنەوەکەی فرۆید بۆ دەروونی مرۆڤایەتی، میکانیزمی بەرگریی خولقاند کەپشت بەمێژووی شارستانێتی نابەستێ، بەڵکە پشت بەچەمکی ژیانزانی (Biology) دەبەستێ، ئەمەش ڕاستییەک بوو تیایدا سوودی لەو بیروڕایانەی بینی کەپابەندن بە زانستی مرۆڤ و لەو کاتەشەوە تا ئێستا پشتگوێ خراوە و هیچیشی لێ نەگۆڕاوە (وەک: قوربانیی تەوتەم، ئاژەڵی سیمبۆلی- کە بە یەکەم جۆری سرووتی ئایینی دادەنرێ)، هەروەها فرۆید ئاماژە بەوەش دەکات کەسیمبۆڵەکانی هەستکردن بەخەتاکاری، یان لێکۆڵینەوە سیمبۆڵیەکان بۆ بەدیهێنانی حەز و ئارەزوو، بەسەردەمانێکی دیاریکراوەوە بەند نییە، بەڵکە لەئەفسانەکان و خەونانیشدا دەردەکەون، لەمەوە ئەو ڕەخنەیەی کە فرۆید لەشێوازەکانیدا بەدوایدا ڕۆیشتووە، بە ئاراستەیەک بووە دژی لێکۆڵینەوە لەئەفسانەکان لەچوارچێوەیەکی تاک ڕەهەندیدا لەشێوەی چەپاندنی بیرۆکەی گەلان (وەک گرێی ئۆدیب).

لە سویسرا (وەک فرۆید) تیۆری لوسیان لیڤی برێل دەرکەوت کە پشتگیرییەکی بەردەوام و درێژخایەنی لێ نەکرا، پزیشکی دەروونناسی کارل یۆرنگ سەرنجی دا و لیڤی برێلیش ڕای وابوو کەئەو سەرچاوەیەی ئەفسانەی لێ پەیدا بووە بریتییە لە ئاوەزی ناهۆشیار، یان نەست لەکن مرۆڤ، بەپێی ئەو تیۆرەش وادادەنرێ کە جۆرێک لەبیرکردنەوە لای مرۆڤی کۆن ناسرابوو، کەتا ئێستاش لای مرۆڤە سەرەتایی و دواکەوتووەکاندا باوە. تیۆری یۆنگ لەبارەی (ناهۆشیاریی تەواو) کە لەهەندێ خاڵدا لەگەڵ تیۆری (لیڤی- برێل) یەکتر دەگرنەوە و لەدید و بۆچوونەوە وایدادەنێ کە گەشەسەندنی وێنە ئەفسانەییەکان بریتییە لەکارێکی داهێنەرانە و باش، بەپێچەوانەی بۆچوونی فرۆید کەبەکارێکی خراپی هەڵدەسەنگێنێ، یۆنگ لەتیۆرەکەیدا دەبێژێ: نموونە ڕەسەنەکان بریتین لەچەندین وێنەی دیاریکراو کە لەناهۆشیارییەکی تەواوەوە سەرهەڵدەدەن و بنەمایەک دادەنێن کە دەروونی مرۆڤایەتی پێیەوە بەندە، ئەو وێنانەشی کەدواتر ئەفسانەکان پێک دێنن، لەگەڵ ڕەوتی فرۆید لەڕووی میکانیزمی بەرگری و بەر لەمێژووەوە یەکانگیر دەبنەوە، بەڵام هەڵێنجانە خەیاڵییەکان (ڕۆمانسییەت) کە بریتین لەناهۆشیاریی تەواو، وەک سەرچاوەیەکی بەردەوام بۆ واتا، کە یۆنگ لەتیۆرەکەیدا بۆی چوو و دواتر بووە چەقێک بۆ چەندین ڕەخنەلێگرتن و لە هەڵێنجانەکانیشیدا دوودڵ بوو. ئەو ڕەخنانەشی کەلێی گیران هەر بەتەنیا فرۆید نەبوو، بەڵکە قوتابییەکانی خودی یۆنگیش بوون.

**ئەفسانە و کۆمەڵگا**

لەنێوان ئەفسانە و زماندا پێوەندییەکی پتەو هەیە، زمانیش گرنگترین هۆکاری تێگەیشتنە لەکن مرۆڤ، لەمەوە هەمان پێوەندی لەنێوان ئەفسانە و ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ هەیە، لەبەر ئەوەی ئەفسانەکان شوێنێکی تایبەتیان لەکۆمەڵگا و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و ناتوانرێ سروشتی ئەم پێوەندییەش بەشێوەیەکی ورد دیاری بکرێ، چونکە بیروڕاکان لەمبارەیەوە یەکتر ناگرنەوە، لێکۆڵینەوە لەم هۆکارەش کارێکی گران نییە، ئەو شێوازەی کە لەزانستی نوێدا پێڕەو دەکرێ، دەڕوانێتە لێکۆڵینەوە و هەڵێنجانی زانستی، بەڵام پۆلین کردن و دابەش کردنی زمان و کۆمەڵگا، بەشێکی بنەڕەتییە کە تائێستا کەس پەی پێ نەبردووە. هەندێک لەو زانایانەی کە لەقوڵایی بیرە زانستیەکانیاندان، پێویستیان بەزانستێکی بەرفراوانتر هەیە، بۆ نموونە زانستی لێکۆڵینەوە لەسیمۆلۆجیا (semeology) کە زانستێکی نوێ و گشتگیرە و ئەرکەکەی بریتییە لەلێکۆڵینەوە لەهەموو ئەو ڕەمزە سەرەکییانەی کە پێوەندییان بەژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، سەرباری زانستێکی دیکەی نوێ لەدەروونناسی کە پێوەندیی بەکێشەی دیاریکردنی سیستمە جۆراجۆرەکانی باوەر و ئەبستمۆلۆجیای مرۆڤایەتییەوە هەیە.

لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵگا و زمان، لەبنەڕەتدا بەندە بەهەرچی هەیە لە (زمـــان)ی مرۆڤایەتی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەمەوە تاکە کێشەیەک ڕووبەڕووی زانایان و توێژەران دەبێتەوە لەکارەکانیاندا، بریتییە لەکێشەی بەیەکەوە بەستنەوە و پابەندبوونی دابونەریتەکان بە یەکترەوە، کە ڕاستەوخۆ ناتوانرێ دیاری بکرێت و شی بکرێتەوە، هەر بۆنموونە ئەو پێوەندییە ئاڵۆز و جیاوازەی لەنێوان ئەفسانە و کۆمەڵگادا هەیە لەهۆزی لوگبارا (Lugbara) کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای ئۆگەندا بە تەنیشت هەرێمی کۆنگۆوە، ئەم هۆزە سیستمی کۆمەڵایەتی- سیاسیی خۆیان بۆ چەمکی ئەفسانەیی دەگەڕێننەوە کە تیایدا دوو پاڵەوان لەباوانیانەوە لەکۆتاییدا دەگەنە ئەوەی کە دنیایان خولقاندووە. لەگەڵ ئەوەی کە مێژووی سەرەتاکان لەشێوەی ئەفسانان پێشکەش کراوە، بەڵام ئەو گێڕانەوە و ڕۆمانانەی کە لەنەوەکانیانەوە لایان داوە، بریتین لەچیرۆکی پابەند بە ڕۆمان و داستانی پاڵەوانێتی. تاکە ڕوانینێک بۆ نەخشەی چەمکی سیستمی کۆمەڵایەتی لای هۆزی ئەلۆکبارا بەسێتی بۆ ئەوەی پێوەندیی هزری لەنێوان ڕابردووی ئەفسانەیی و ڕەگ و ڕیشەی گەشەسەندنی هۆزەکەیان هەڵسەنگێنین. لەڕاستیدا هەموو ئەمانە پشت بە ڕەگەمای کات و شوێن دەبەستن. (چین) ی کۆن سیستمێکی گشتگیر لەبارەی ئەفسانانەوە پێشکەش ناکات، لەم خاڵەوە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەو (چین) ە جیاوازە کە دەگەڕێتەوە بۆ دوای چاخی کلاسیکی کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەئەفسانە و خواوەندیان هەبووە، لەجیاتی ئەوەی کە سەرچاوە ئەدەبییەکانیان دیاردەیەک بن بۆ گەشەسەندنێکی گرنگ لەمێژووی کۆنی (چین) لەڕاستیدا ئەمە هەوڵ بووە بۆ تۆمارکردنی (بەمێژووکردنی) ئەفسانە سەرەتاکان. زۆربەی ئەو سەرچاوانە بەتایبەت ئەوانەی کە پابەندن بەو وتانەی دراونەتە پاڵ کۆنفۆشیۆس (confucius)، لەگەڵ سروشتی وڵاتەکان و جۆری حوکمڕانییان گونجابوون. ئەمە هەمان شتە وەک لەکتێبی (مێژووی ڕۆما)ی مێژوونووسی ڕۆمانی لیڤیۆس (Livy)دا هەیە، کە تیایدا شێوەکانی حوکمڕانی و کۆمەڵایەتیی شارەکانی لەنێو مێژووی شێوازەکانی ئەفسانە سەرەتاکانی پابەند بە ڕەگەمای هیندۆ ئەورووپی وەرگرتووە، هەروەها وایدادەنێ کە دابونەریتە هیندییەکانی (چین) و هۆزە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی لێک دانەبڕاوە لە ئەفسانە. لەسەر ئەم بنەمایەش هێزێکی بەتین لەواقیعی ئەزموونی کۆمەڵگای هیند دەرکەوتووە. جیاوازییەکانی کاریگەرییی ئەفسانەکان لەسەر کۆمەڵگا، سیستمێکی گشتی بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم جیاوازییانە

دانامەزرێنێ، بەڵام تێگەیشتن لەئەفسانە لەنموونەکانی پێشوودا بەندە بە تێگەیشتن لەپێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەک چۆن تێگەیشتنی تەواو لەمێژوو بەزۆری لەلێکۆڵینەوەی هاوچەرخی کۆمەڵگا و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بەو ڕەنگە وەرناگیرێ و لەوانەشە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بنەماکانی ڕەخنەی زانستیانە یەکانگیر نەبنەوە. لەڕاستیدا هەندێک لە توێژەران ئەوەیان سەلماندووە کە نووسینەوەی مێژوو لەلایەن وڵاتان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان خۆی لەخۆیدا بریتییە لە ئەفسانە.

هەندێک لە توێژەران ئەوەیان سەلماندووە کە نووسینەوەی مێژوو لەلایەن وڵاتان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان خۆی لەخۆیدا بریتییە لە ئەفسانە

## ئەفسانە و زانست

هەندێک لە توێژەران بایەخ بەو گۆڕانکارییانە دەدەن کە لە شوێنەکاندا ڕوودەدەن و لەنێو ئەفسانەدا ڕەنگ دەدەنەوە، ئەم جۆرە ڕاستییانەش بە هیچ جۆرێک کۆتا نایەن، بەڵکە بە بەردەوامی لەگەڵ کات و مێژوودا لە گۆڕاندا دەبن، هەروەها شێوازی واقیع هەر بەدواچوونێکی زانستیانەی بۆ بکرێ کە لەسەرەتاوە بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لەبارەی سروشتی جیهانەوە دەست پێ دەکات کە گۆڕانکارییەکانی واقیعیان تێدا ڕوودەدەن وای کردووە کە بەشێوەیەکی گشتی بیر و هزری زۆربەی فەیلەسوف و مێژوونووسە زانستییەکانی پێوە خەریک بکات، لەمەوە وادەردەکەوێ کە گرنگ نییە وێنەی ئەو واقیعە دیاری بکرێ کە لەزانست و ئەفسانەدا هەیە، بەڵام زۆر پێویستە کە گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوونەوەکان لەبارەی زانست و ئەفسانە و ڕەهەندە ئەفسانەییەکانی زانست بەبیر بهێنرێنەوە.

ئەمە بە ئەرکی نموونەکانی لە فیزیا و بایۆلۆجی و نوژداری و زانستەکانی دیکە دەچێ، ئەوەیە کە لەئەفسانەدا لەشێوەی نموونەکانی جیهانی مرۆڤایەتیدا هەیە، هەروەها لە نوژداریدا وەک ئامێرێک تەماشای جەستەی مرۆڤ دەکرێ ،لێکۆڵینەوە لە هزری مرۆڤایەتی بەوە دەکرێ کە بریتییە لە هزرێکی بەرنامە بۆ (داڕێژراو- کۆمپیوتەر) لەهەردوو نموونەدا تێگەیشتن لەبابەتەکە ئاسانە، بەڵام ئەگەر نموونەی دیکە ببینینەوە، ئەوا زەحمەتە بە نموونەی تر بیگۆڕین، چونکە لەم قۆناغەدا بە ئەفسانە دەچێ و ڕەنگە لێکدانەوەی جیاواز و جۆراوجۆری بۆ بکرێ کە ئەفسانە جێگەکەی بگرێتەوە. لەسەدەی حەڤدەم و ساڵانی دوای ڕینێ دیکارت (Rene Descartes) وا باوبوو کە لێکدانەوەی گەردوون بەوە بێ کە بریتییە لەتەنۆلکەی ورد و جوولە و کارلێکەکانیان، هەروەها بریتییە لەچەندین یەکە بۆ بوونی جۆری تر کە لەبوون دا نین، لەمەوە نەزعەی زۆرداری و ستەمکاری پەیدا بوو کە لەنموونەکانی مێژووی زانستدا هەیە و تارادەیەک بەئەفسانە دەچێ، لەگەڵ ئەوەی کە تائێستاش جیاوازیی گرنگ لەنێوانیاندا هەیە، سەرباری بوونی ئاستەنگ لە گۆڕینی نموونەکان لە زانستی هاوچەرخدا، ئەم هۆشیارییە لای زانایان وادەکات جیاوازییەکان بەڕوون و ئاشکرا دیاربن.

## ڕەهەندە ئەفسانەییەکانی زانست

لەگەڵ ئەوەی کەلێن و دوورییەک لەنێوان نموونە زانستییەکان و نموونە

ئەفسانەییەکاندا هەیە، بەڵام هەندێک هۆکار هەن وامان لێدەکەن گفتوگۆ لەبارەی ڕەهەندە ئەفسانەییەکان و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی زانستدا بکەین. مێژووی زانستیش ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە زانستی نوێ لەبوونیدا شۆڕشێک نەبووە دژی ئەفسانە، وەک چۆن لەپڕێکەوە لەسەرهەڵدانیدا نەیتوانیوە لەکۆتوبەندە ئەفسانەییەکانیش ڕزگاری بێت، لە یۆنانی کۆن زانایانی مێژووی سروشت لەمیلیۆس (Miletus) بەردەوام بە دامەزرێنەری زانستەکان دانراون، گەشەیان بە بیرکردنەوەکان لەبارەی گەردوون دا، کە لە ڕاستیدا ئەو کاتە زۆر نزیک بووە لە ئەفسانە جیاوازەکان، مژدەبەخشانی زانستی نوێ لە وێنەی نیکۆلاس ئۆف کیوسا و یۆهان کیپلەر و ئیسحاق نیوتن و گۆلترید لیبنیز لەچەندین کێشەی پەیوەست بەمیتافیزیک یاخود ڕاستییە ئەفسانەییەکان ئاڵابوون، هەروەها دەتوانین ئەم جۆرە بیرکردنەوە ئەفسانەییانە لای نوژداری ئینگلیزی ولیەم هارڤی ببینین کە سووڕی خوێنی مرۆڤی بە جوولەی هەسارەکان بەستەوە، هەروەها دەتوانین ئەم سەرنجە لە لێکدانەوەی داروینیش بەدی بکەین بۆ پرۆسەی سووڕی مانگانەی ژنان کە بەهەڵکشان و داکشانی ئۆقیانووسەکانی بەستەوە.

هەروەها زۆر لەبیرمەندانی وەک پۆل تیلیش و کارل یاسپەرز و فەیلەسووف کۆسدورف بە شێوەیەکی گونجاو توانییان ئەوە بسەلمێنن کە ڕەهەندی ئەفسانەیی شتێکی بنەڕەتییە بۆ هەر زانستێک بەر لەوەی هەوڵ بۆ ئەوە هەبێ کە ئەفسانە ڕەهەندێکی زانستیی هەیە، زۆر کەس لەو باوەڕەدا بوون کە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی سرووتە ئایینییەکان ئەرکێکی سەرەکیی ئەفسانەیە. لەسەرەتای سەدەی بیستەم زۆر لە توێژەران بیریان لەبارەی شێوازەکانی ئەفسانەی سەرەتاکان کردەوە و وادەزانرا کە ئەوەی تیایاندا ڕوودەدەن ترسێنەرن بۆ ئەوکاتە، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەبوو کە زانای ئیسکۆتلەندایی جیمس فرێزەر (1854–1941) لە کتێبە ناودارەکەی (گەڵای زێڕین) بۆی چووبوو (ئەم کتێبە12 بەرگە و لێکۆڵینەوەیە لەبارەی سیحر و ئایین)، بە پاڵپشتیی ئەمە، ڕۆمانی ئەفسانەیی پەرەی سەند و شێوازەکانی سیحر ئامێز تیایدا پێشکەوت کە ئەوکاتە ئارەزووەکانی مرۆڤی دێنایە دی و دواتر بوو بە سرووتێکی تەواو ئایینی.

> **هەندێک هۆکار هەن وامان لێدەکەن گفتوگۆ لەبارەی ڕەهەندە ئەفسانەییەکان و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی زانستدا بکەین**

توێژەران لە کتێبەکانی لەبارەی ئینجیلەکانەوە زیاتر لەچەندین جار دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو ئەرکە بکرێت کە دەقە ئەفسانەییەکان لە ژیان و دابونەریتدا بە شێوەیەکی گشتی دەیگرنە خۆ. هەروەها زۆر لە توێژەران لە بەریتانیا و وڵاتانی ئەسکەندەنافیا و ئەوانەی بە شێوەیەکی ئاسایی بەلای قوتابخانە ئایینییەکاندا دەشکێنەوە، لێکدانەوەیان بۆ ئەفسانە ئەوەیە کە ئامانجەکانی بۆ ئایینە.

* سوود لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیا وەرگیراوە.

# نیشانە و تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی گەلان لە سەدەی بیست و یەکدا



ستار باقی

ئەگەرچی تەواوی ئەو گەلانەی لەم ماوانەی دوایی شۆڕش و ڕاپەڕینیان دژ بەدەسەڵاتدارانێکی عەرەب ئەنجامدا، لەسەرچاوە و لەرووی نەتەوەییەوە بەرەچەڵەک عەرەب نەبوون، بەڵام تا ئێستاش هەندێک لەو گەل و نەتەوانە هەر ژێر دەستەی عەرەبن، بۆیە بەشێک لەوانەی شۆڕشیان هەڵگیرساند ئەگەر عەرەبیش بووبن، بەڵام هەر چۆنێکی بێت ژێر دەستەی دەسەڵاتدارێکی عەرەبی بوونە.

بێگومان ڕاپەڕین و شۆڕشی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دایکبووی ئەو سەردەمە نین بەتەنها، بەڵکو ڕەگوریشە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی دوورتر لە ئێستا. بەتایبەت نەتەوەی عەرەب ئەوسا و ئێستاش خودان قەڵەمڕەوێکی بەهێزی دەسەڵاتداری بوون لەزۆر ناوچە و وڵاتانی جیهان و زۆر گەلانیشیان لەم ڕێگایەوە چەوساندبووەوە و دەچەوسێننەوە، لەوانەش نەتەوەکانی وەکو «کورد، تەوارق، بەربەر، غەجەر و قیبتییەکان...». هەروەها دابەشبوون و پەرتەوازەیی مەزهەبی بۆ شیعە و سوونە، پاشانیش جیابوونەوە و دروستبوونی جۆرەها ئیجتیهاداتی کەسی و تەکفیرکردنی خەڵکانی دەرەوەی ئاینی ئیسلام و ناساندنیان بە زەندیق و گومڕاو و دروستکردنی دوژمنی وەهمی وەکو مەسیحی و یەهودییەکان. هەموو ئەوانە پێویستیان بە چەوساندنەوە و کوشتار هەبوو، بۆیە لەم سۆنگەشەوە دیکتاتۆرییەتی نەتەوەیی و دینی لەم ناوچەیەدا سەریهەڵدا. ئیتر لێرەوە گەلانێک و نەتەوەگەلێک چۆکیان نەدا و لێرە و لەوێ دەستیان دایە شۆڕش و ڕاپەڕین.

هەموو ئەوانە و پتریش بوونە ڕێگە خۆشکەر بۆئەو نەتەوانەی بەدرێژایی مێژوو چەوسێنرابوونەوە.

چەخماخەی شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلان و نەتەوەکانی سەدەی بیست و یەکەم بقۆزنەوە و لە دژی دەسەڵاتدارەکانیان ڕاپەڕن و لێرەو لەوێ هەرێم و دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنن، وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان و دارفۆر، تا ڕادەیەکیش سوریا بەدیدەکەین.

هەڵبەت تایبەتمەندی و سیمای ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە جیاوازیان زۆرە، بەراورد بەئەوانی پێش خۆیان، لەتەواوی پێکهاتە و ڕوخسار و ناوەڕۆکیانەوە.

بۆیە لەم کورتە بابەتەدا دەمەوێت شیکاری ئەو تایبەتمەندیانە بکەم، کە ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و شۆڕشانە دەینوێنن. ئەوەشیان لەهەردوو لایەنی شیکاری کۆمەڵناسی و دەروونییەوە هەڵهێنجراون. چونکە هەریەک لەم وڵاتانە بەجۆرێک و شێوازێک دەستیان داوەتە ڕوخاندن و بەرپاکردنی بزووتنەوە و شۆڕشەکانیان.

### تایبەتمەندییە دیارەکانی بزوتنەوەو شۆڕشەکانی سەدەی بیست ویەک

سملسەر پێیوایە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگەڕییەکان» بریتین لە دیاردەی کۆمەڵایەتی و خۆیان لە ڕەفتاری دەستەجەمعی دەبیننەوە، کەدەبنە فاکتەر بۆ جۆشدان و هاندانی دەرکەوتنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسیستەم و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا» بەڵام جیاوازی

ئاشکرا و بەرچاو لە ئارادا هەیە لەبارەی هۆکار و چۆنیەتی و ناسینەوەی تەواوی ئەو ڕاپەرین و شۆڕشانەی لەم دواییانەدا بوونە هۆی ڕووخانی سەرکردە دیکتاتۆرەکانی ژمارەیەک لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام زۆربەیان بەچەندان خاڵ دەناسرێنەوە. تشارلز تیللی پێی وایە «لە جیهانی تەکنەلۆژیادا، ڕێکخەرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هاتنەسەرخەت و تۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندی ئەلیکترۆنییان لەگەڵ یەکتر دروست کرد، لە ڕێگەی ئینتەرنێتیشەوە خەڵکان و هەوادارنیان هاندەدا بۆ ئەوەی هەماهەنگی دروست بێت و بچن بەهانای یەکترەوە، ئەوە سەرەڕای هێڵی مۆبایل و ڕادیۆ و قۆستنەوەی ئامێرەکانی دیکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەموو ئەوانە بوونە هاندەر و یارمەتیدەری سەرهەڵدانی ڕاپەرینی ئەمدواییەی گەلان». بێگومان زۆرینەی گەلانی داگیرکراو تووڕە و توندن، خۆشیان بە مەغدور دێتە بەرچاو، چونکە لەدایکبووی فشار و داپڵۆسینن، هەڵبەت زۆرینەی گەلانی ڕاپەڕیوی وڵاتانی دیکتاتۆری عەرەب ئەم تایەبتمەندیەیان لەخۆگرتووە، چونکە ڕێگەنەدراوە ئازادانە پیادەی ژیان و پێکهاتەکانی بکرێت، بۆیە شارلز تیللی لەم لایەنەوە دەڵێ: «هۆکارێکی سەرەکی ڕوودانی ڕاپەرین وشۆڕش لە وڵاتان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەرفەت و ڕێگای جیاواز لەبەردەم گەلاندا بۆ دەربڕینی ویست و ئامانجەکانیان، بەتایبەت کاتێک دەسەڵات ڕێگا دەگرێت لەهەموو شێوەکانی پەیوەندی و دەربڕین و ڕاگەیاندنکاری و بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنیان، ئەوەش وادەکات خەڵکی بڕژێنە سەرشەقامەکان و پەنا بەرنە بەر ڕەفتاری دەستەجەمعی، وەکو مانگرتن و خۆپیشاندان، ئامانجی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەنجامدانی توندوتیژی نییە، بەڵکو سەرچاوەی توندوتیژی لەلای دەسەڵاتە بەهۆی ئەو وەڵامدانەوە خراپەی دەینوێنێت لە دژی هاوڵاتیان، بەگشتی حکومەت بەرپرسە لەهەر توندوتیژییەک کە لە خۆپیشاندان و نارەزاییەکان دەردەچێ« هەڵبەت ئەوەیان وەک وەڵامدانەوەیەک دێت بەرانبەر وروژێنەرێک کە خۆی لە کۆمەڵانی خەڵک دەبینێتەوە، کە هاتوون دوای دان بەخۆداگرتنێکی زۆر ڕژاونەتە سەرشەقام و ڕەنگە بۆ مەبەست و داوایەکی زۆر سادە بێت، بەڵام یەکسان نەبوونی داواکارییە جەماوەرییەکان و جیاوازی لە بۆچوون و دەربڕینی نارەزایەتیان وادەکات زۆرکات کێشە و شەڕ تەنانەت کودەتا و ڕوخاندنی ڕژێمەکانیشی لێبکەوێتەوە، بەتایبەت کاتێ دەسەڵاتداران ماوەیەکی درێژ لە دەسەڵات دابن.

هەڵبەت تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو ڕاپەرینانەی لە ئێستا و لە ڕابردووی سەدەی بیست و یەکدا ڕوویاندا و ڕوودەدەن بریتییە لە پۆشینی بەرگی بزووتنەوەیەکی نیمچە ئایینی، ئەوەش بەچاوپۆشین لە زاڵبوونی هەر هزر و داوا و بۆچوونێکی دیکە، واتە لایەنی ڕۆحی ناخی مرۆڤەکان کراوەتە بیانوو و قۆستراوەتەوە. بۆیە لێرەدا کەمینەیەکی ڕیشداری فەندەمەنتالیستی توندڕەو زۆرینەیەکی گەنجانیان قۆستۆتەوە و کردویانەتە پردی پەڕینەوە و گەیشتنیان بە مەرامەکانی خۆیان، هەڵبەت بۆ گەلانێک کە زمانی ڕەسەنیان عەرەبی نییە پتر دەقۆزرێنەوە، چونکە شارەزایی و تێگەیشتنیان نییە یان کەمە بە تێکستە ئاینییەکان، بۆیە چۆن بتوانرێت بەمجۆرە هەڵیاندەسوڕێنن، تەنانەت واتێیاندەگەیەنن کە بوون و نەبوونی سەرکەوتنیان بەندە بەهێزێکی دەرەوەی ئیرادە و ویستی ئەوان، واتە لێرەدا ئەو هێز و ئیرادەیان لێدەسەنێتەوە و لەبری ئەوەشیان هێز و ئیرادەی ئیلاهییان لەلا پتەوتر دەکات و ئامادەشیان دەکات بۆ خۆکوشتنیان لەم پێناوەدا، بەبێ ئەوەی دەرفەتی ئەوەیان پێبدات بڵێت لەم خۆکوشتنە خۆت سەرپشکیت نەوەکو ئەو هێزەی دەتجوڵێنێت و سەرکەوتن و ژێرکەوتنت دیاری دەکات. نیللز سیملسەر پێیوایە «گەشەکردن و دەرکەوتنی عەقیدەی گشتی سەرهەڵدەدات، ئەوەشیان ئەوکاتە پتر دەردەکەوێ کاتێ خەڵک درک بەوە دەکەن بەرپرسان هۆکارن



بۆ ئەو بارودۆخە خراپەی تیایدا دەژین، بۆیە ناو و نازناوی سەیر لەو بەرپرسانە دەنرێت، بۆیە لەوکاتەدا خەڵکانێک ئامادەیی دەنوێنن بۆ هەموو تۆڵەسەندنەوەیەک لەو بەرپرسانە» زۆرینەی ئەو ڕاپەڕین و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی لە ڕۆژگاری ئێستای گەلانی بندەستی عەرەب هەن ڕۆژانی هەینیان کردۆتە دەستپێک و کۆکردنەوەی جەماوەری، دیارە لەوەشیاندا هۆکارگەلێک هەن، لە هەمووشیان گرنگتر بوونی یەک تەوژمی بیرکردنەوە لەو ڕۆژەدا و بوونی هۆکاری جۆشدان و وتاری بەهێز و بنیاتنانی بەهەشت لەدەرەوەی ئامادەگی خەڵکە ساویلکەکان، هەروەها کۆکردنەوەی خەڵک لەچوارچێوەی بیروبۆچوونێک (خودا)ی کە دەبێتە هۆی ئەوەی بکەرێک دروست بکەی بەناوی کافر و توێیەکی ڕاستگۆ و موسڵمان و خاوەن هەق دژی بوەستێتەوە، بۆیە وتارەکان سۆز و جۆشدان لەخۆدەگرن و خەڵکیش وەک ئەرکێک و وڵامدانەوەیەکی ئایینی دەڕژێنە سەرشەقامەکان و هەرچییەک بکەن خۆیان لەسەر هەق دەبینن و پێیانوایە ئەوەی دەیکەن جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خودایە، بۆیە سەیردەکەن لەم شۆڕش و بزووتنەوانەدا کەمترین پشک بەر ئایدیۆلۆژیا سیکولاریزمییەکان کەوتووە و بگرە بوونەتە پاشکۆی هێزە ئاینییە فەندەمەنتالیستیەکان، یان بەجۆرێکی دیکە جەماوەریان کەمیکردوە، چونکە هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیای ئایینی پێیانوایە ئەگەر ئەم دنیایەشیان لەکیس چووبێت، ئەوا دنیای ئەمدیویان مسۆگەرە، بەڵام ئایۆدۆلۆژیای سیکولاری دەرفەتی کەمتر پێدراوە بۆئەوەی خۆی بسەلمێنێت یان بگرە دەستەوەستانە بەرانبەر ئەو هێزە ئاینیانە، هەروەها نوێژی بە کۆمەڵ بە سروشتی خۆی ڕۆحی کۆمەڵگەرایی پتەو و بەهێز دەکات، بەڵام گواستنەوەی مینبەری مزگەوت بۆ ناو شەقامە سەرەکییەکان جۆرێکی بەهێزی سەپاندنی بێ قەید و شەرتی ئایدیۆلۆژیای ئاینییە بەسەر بەشداربووان و حکومەتدا، یان دەسەڵات، چونکە یەک ئاواز و یەک جۆر ووشە و وتار کۆیان دەکاتەوە، دەکرێت هەندێک کات ئەو جۆرە بەشداریکردن و هەماهەنگییانە بە بەرژەوەندی و بارودۆخ خواستن بدرێنە بەرچاو لۆرنز فۆنشتاین دەڵێ: « بەرژەوەندی، خاڵی هاوبەشی نێوان ئاوێتەبوونی مرۆڤەکانە، پاشان هەر ئەوەشە دەبێتە بنەمای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو پرەنسیپانەی کۆمەڵگا پشتی پێدەبەستێ«

دەکرێ بوترێت بەشداریپێکردنی ژنان و منداڵان، سەرەڕای یاساغی دەرکەوتنی ژنان لەنێو پیاوان وئاپۆرەی جەماوەریدا لە ڕووە ئاینییەکەیەوە، بەڵام بەتایبەتمەندییەکی دیاری ئەو شۆڕش و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە دادەنرێن کە لە ئێستادا ڕوودەدەن، هەڵبەت بەشداریکردنی ژنان مانای وایە بەشداربووان و ڕێکخەرانی دەیانەوێت بەخەڵکانی دەرەوەی خۆیان بڵێن ئێمە سەرەڕای ئاشتیخوازیمان، ئەوەندەش دیموکراسی ویەکسانیخوازین، بەڵام بۆ منداڵانیش دەیانەوێت هەست و نەست و سۆزی خەڵکانی دەرەوەی خۆپیشاندانەکان بزوێنن و ڕای گشتی جیهانی بەلای خۆیاندا پەلکێش بکەن. لەڕاستیدا ئەو منداڵ و ژنانە وەک قۆچی قوربانی هێنراونەتە ناو دۆخەکە،

ئەوەشیان بۆ پارتە ئیسلامی و توندڕۆکان تەواو دروستە، چونکە ئەوانە هاوشێوەی (قومقوومۆک)ن*، بۆ هەموو دۆخێک قسەو بیانووی خۆیان هەیە و دەیانەوێت هەرچۆنێک بێت بژین و درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن.

«بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، تۆڕێکی فرەوان و چڕی پەیوەندی و زانیاری لەنێو بەشداربووانەدا دروست دەکەن و وایانلێدەکەن لەئێستا و داهاتووشدا بۆ مەرامی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکاریانبهێنن، ئەوەش بەرانبەر پرۆسەی هاوپەیمانێتی دەبێتەوە، کە پێویست بە پەیوەندی تەکتیکی ناکات بۆ بەدیهێنانی ناسنامەی ئامانجی دیاریکراوی کۆمەڵگەرایی، بەڵام هاوپەیمانێتی وا لە تاکە بەشداربووەکانی دەکات لەژێر چەتر و فەرمانی ئەودا کاربکەن و جێبەجێیان بکەن» گرنگی هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێک لە گەیشتن بە دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و ویستە حیزبییەکان، لە بۆتەقەی بزواندن و کارکردن بە پرەنسیپە نەتەوەیی و مرۆییەکانە بەگشتی، بۆیە مەرج نییە هەموو ئەوانەی دێنە ناو بزووتنەوە یان شۆڕش و ڕاپەڕینێک، یەک ئامانج و پرەنسیپ کۆیانبکاتەوە، چونکە زۆرێک لەوانە تەنها ڕق و کینە و بگرە ئامانجی کەسی خۆی هەیە و دەیەوێت لەم ڕێگایەوە بەدیبێنێت، بەڵام کاتێک ئەوەی دەستناکەوێت، دووبارە دەبێتەوە شۆڕشگێڕ دەیەوێت ئەمجارە شۆڕشە سەرکەوتووەکە بڕوخێنێت، بۆیە دەشێت و ئاساییە هاوپەیمانێتی لەنێوان تاکەکانی گروپێکدا دروست بکرێت، دەستەیەک و تاقمێک بۆ دروستکردن و دەست بە شۆڕش کردن و ڕاپەڕین، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و ئامانج و شێوازی چارەسەری کێشەکان دەگۆڕێن، ئیتر لێرەوە جیاوازییەکانی دەبنە خاڵی پیادەکردنی دیموکراسی، یان چوونە سەر خاڵی سفر و دەستکردنەوە بە دژایەتی شۆڕش. ئەوەی سیمایەکی دیکەی شۆڕشەکانی سەدەی بیست و یەک دیاریدەکات بریتییە لە نووسین و هەڵواسینی دروشم گەلێکی ئایینی و بەرزکردنەوەی قورئان، دیارە لەوەشیاندا پۆشین و ڕۆح بەبەرداکردنی بەشداربووەکانە بەوەی لەحاڵی هەڵگرتن و نووسینی ئەو دروشم و کتێبانە، ئەگەری نوشستییان کەمتر دەبێتەوە، لەلایەنی سایکۆلۆژیشەوە ورەیان بەرزتر دەبێتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا لەلایەنی کۆمەڵایەتی ڕەنگە بە قارەمان و بوێر ناوزەد بکرێن، یان واتێدەگەیەنرێن کە پیاوانی ئاسایش و پۆلیس ناتوانن ڕووبەڕوویان ببنەوە، چونکە هەڵگری قورئان و دروشم و پەیامی ئاینین. ناکرێت لەو لایەنەشدا ڕۆڵی ڕاگەیاندن و هۆکانی گەیاندنی بۆشایی ئاسمانی لەیادبکەین، چونکە ئەگەر خەڵک و جەماوەر خۆیان توانیبێتیان شتێک بەشت بکەن و ڕۆڵی سەرەکییان هەبووبێت، بەڵام ڕاگەیاندن تەواوکەری ئەو سەرکەوتنانە بووە کە تا ئێستا بەدەستهاتوون، چونکە ڕاگەیاندنەکان سەرەڕای پەخشی جموجۆڵ و کاری شۆڕشەکان، لەهەمانکاتدا بووە یەکخەری ئەو جەماوەرە لەڕووی ئیرادە و سۆزەوە، کە ئاسان نییە بەتەنها ئەو کارە بکرێت، سەرەڕای بزواندنی هەست و سۆز و پشتگیری گەلانی دنیا.

## سەرچاوەکان


١- Neil J.Smelser, Theory of Collective behavior, New York, free press, 1963, P18.

٢-غانم، ابراهیم البیومی غانم، تحولات البنیه وانفتاح المجال، 8-5-2004 .WWW islamonline.net

٣- Charles Tilley, from mobilization to revolution, reading mass, Addison Wesley, 1978, P177.

٤- Neil J.Smelser, theory of collective behavior, New York, free press, 1963-130, P128.

٥- الحسینی، د.السید الحسینی، علم الاجتماع السیاسی، المفاهیم والقچایا، گ 2، دار المعارف، 1984، ص 5.301-

٦- Mario Diana & Ivan Bison, Organizations, Coalition and Movements, theory and society. Vol. 33, 2004, P213.


*جۆرە زیندەوەرێکە: زۆربەی کات لەسەر قەد و گەڵای درەخت و دارستانەکان ژیان بەسەر دەبات و ڕەنگ و ڕوخساری خۆشی لەگەڵ ژینگە و دارستانەکەدا دەگۆڕێت.

# نامەکانی کاک ئەحمەدی شێخ بۆ حاجی عومەر ئەفەندی



ئیحسان موفتی

**نامەکانی کاک ئەحمەدی شێخ**

**دەرخەری پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی، هەولێر و سلێمانییە**

پێش ئەوەی لە نامەکانی کاک ئەحمەدی شێخ، کوڕە تاقانەکەی زانای کورد شێخ مەعرووفی نۆدەهی بکۆڵمەوە، کە بۆ حاجی عومەر فەندی کوڕی زانای کورد ناردویەتی، مەلا ئەبوبەکر کە ناسراوە بەمەلا گچکەی هەولێریی، باس لەچۆنیەتی پاراستنی ئەم شەش نامەیە و دوو زەرفی نامەکان دەکەم، کە لەدوای کۆچی حاجی عومەر فەندی لەمزگەوتی گەورەی قەلای هەولێر پاراستراوە، دواتریش بەدەیان ساڵ لای باپیرم محەمەدی موفتی (١٨٦٩-١٩٤٥) و باوکم ڕەشاد موفتی هەڵگیراوە.

ئەم دوو زاتە کاک ئەحمەدی شێخ و حاجی عومەر فەندی هاوتەمەن بوونە و هەر لەمێژووی لەدایکبوونیان تا کۆچی دواییان، کە نزیکەی نیو سەدە دەکا، توانیویانە هاوکاری یەکتر بکەن لەئاسانکاری، کاروباری ئاینی و کۆمەڵایەتی، لەهەمانکاتیش سیاسیدا.

**نوشتەیەکی تەمەن سەد ساڵ**

کاتێ خوێندنم لەزانکۆی سلێمانی ساڵی ١٩٧٧ تەواو کرد، ڕۆژانە ئامادەی مەجلسی دیوەخانەکەی باوکم دەبووم، کە ئەو کات دوای نوێژی بانگی عەسر دەستی پێدەکرد تا دوای نوێژی عیشا، سندوقێکی بچووکی دارمان هەبوو، چەندین فەرمانی عوسمانی و نامەی کۆن و بەڵگەنامەی پاسپۆرتی عوسمانی و ئیجازەی باو و باپیرانمان تیایدا پارێزراو بوو، ڕۆژێکیان لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣ باوکم داوای لێکردم ئەو سندوقەی بۆ بێنم، منیش لەنێو ئەو هەموو دۆکیومەنتانە، پارچە پێستێک کە دەمزانی نوشتەیە، هەر لە منداڵیمەوە سەرنجی ڕاکێشا بووم، لەبەر ئەوەی لەسەر شێوەی چوارگۆشە بوو، بەڵام دەنگم نەدەکرد، ئەو جارەیان پرسیم، ئەم نوشتەیە چییە؟

باوکم وتی: منیش وەک تۆ هەر لەمنداڵییەوە دیومە لای باوکم هەندێ جار

**کاک ئەحمەدی شێخ**

زانا و پێشەوای تەریقەتی تەسەوفی قادری لەکوردستاندا

(١٧٩٢-١٨٨٧)ز

(١٢٠٧- ١٣٠٥)ک

**حاجی عومەر فەندی**

موفتی شار و مەرجعی فەتوا لەکوردستاندا

١٨١٦- ١٨٩٦ ز

١٢٣٠-١٣٠٩ ک

ئەوەی نەخۆش کەوتبا لەملیان دەکرد. منیش وتم: باشە، بۆ ئەو نوشتەیە نەکەینەوە، بزانین چی لێ نووسراوە، ئەگەر دوعایەکی باش بوو لێی فێر دەبین نەوەک هەڵبگیرێ و نەزانین چی تێدایە؟ باوکم وتی: بەعەرەبی دەڵێن (القدیم یترک علی قدمه) واتە ئەوەی کۆنە وەک خۆی دەبێ بمێنێتەوە.

بەڵام دوای دوو ڕۆژ بانگی کردم، هەر کە چوومە ژوورەکەی لەسەر مێز نوشتییەکەم دیت کرابۆوە، چەندین پارچە کاغەزی

ڕەنگ زەردی کۆن سەر مێزەکەی داپۆشتبوو، باوکم وتی: کوڕم (القدیم لا یترک علی قدمە دوما بل یجدد) فکرم کردەوە نابێ هەردەم شتی کۆن وەک خۆی بمینێ، بەڵکو دەبێ نوێ بکرێتەوە، هەروەها فەرمووی: ئەوانە کاغەزی پیرۆزن، بەدەسخەتی کاک ئەحمەدی شێخ، باپیرە گەورەی شێخ مەحمودی حەفید نوسراون بۆ حاجی عومەر فەندی کە دەکا باوکی مەلا فەندی و مامی باپیرت.

ئەو نامانەی کە لەناو ئەو نوشتەیە پارێزرا بوون، بریتی بوون، لەپێنج نامەی کاک ئەحمەدی شێخ و دوو زەرف کە هەر لەهەمان کاغەز، زەرفەکان درووست کرابوون و بەمۆمی سۆر سەریان داخسترابوون بۆ ئەوەی لەڕێگا نەکرێتەوە، دیمەنی ئەم نامانە وەک بڵێی تازە نوسراوبن و خەویان لێ کەوتبێ بەدرێژایی زیاتر لەسەد ساڵ.


ئەگەر نامەکان زمانیان هەبووا دەهاتنە قسە و دەنگیان لێوە دەهات، وەک ئەسحابەی کەهف بەخەبەر دەهاتنەوە پاش سەد ساڵ. بۆ ئەوەی بزانین کەی ئەو نامانە نوسراون، لەبەر ئەوەی مێژووی ڕۆژی نووسینیان لێ نەنووسراوە، ئەو پێنج نامانە هەندێکیان بەنازناوی حاجی عومەر ئەفەندی، کاک ئەحمەدی شێخ نووسیویەتی و هەندێکی تریش تەنها بێ ئەوەی بڵێ حاجی، جا پاشان بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە حاجی عومەر فەندی ڕۆژی ٢٩ تەموزی ساڵی ١٨٨١ زایینی لەهەولێر بەڕێ کەوتووە بۆ حەج و دوای مانەوەی لەشاری مەکە و مەدینە و سەفەری ڕێگای، ماوەیێکی زۆری پێچووە، لەو ماوەدا ئیجازەی لەگەورە زانای دیمەشقی محمد سلیم الکزبری وەرگرتووە، دەڵێ (بعد مقدمە الاجازە.... اما بعد لما شرف الی مدینتنا دمشق الشام سیدنا الاخ فی اللە تعالی العالم الفاظل والمهذب الکامل الصالح الشیخ عمر افندی ابن المرحوم الشیخ الکامل الفاظل التحریر الماجد ابوبکر الشهیر بکجک ملا الاربلی ڕاجعا من بیت اللە الحرام فحسن فینا الظن.. وصلی اللە علی سیدنا سید الاولین والاخرین تحریرا فی ٨ من یوم من ڕبیع الاول ١٢٩٩).

بەوەدا بۆمان دیاردەکەوێ کە حاجی عومەر ئەفەندی لەگەڕانەوەی لەحەجدا، ماوەک لەدیمشق ماوەتەوە لەئیجازەکەیدا بەکۆچی نوسراوە، ٨ ڕبیعی الاول ١٢٩٩کە دەکاتە ٢٧-١-١٨٨٢ واتە لەو سەفەرەیدا شەش مانگی پێچووە و لەناوەراستی و کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی ١٨٨٢ لەهەولێر بووە).

**پاش ١٠٠ ساڵ، شەشەمین نامەی کاک ئەحمەدی شێخ، دەدۆزرێتەوە**

دوایی دۆزینەوەی پێنج نامەکەی کاک ئەحمەدی شێخ بەساڵێک، ئەمجارە شەشەمین نامەی شێخ دۆزرایەوە لەو نامەیە نازناوی حاجی نەنووسراوە بەوە بەدیاردەکەوێ نامەکە پێش ساڵی ١٨٨١ نووسراوە کە ساڵی ڕۆیشتنی بووە بۆ حەج، دوایی لێکۆڵینەوەم لەسەر ئەم پێنج نامەیەی شێخ لەساڵی ١٩٨٤ لەژمارە (٢٤)ی گۆڤاری کاروان لەبەشی عەرەبی بڵاوم کردەوە، کە ئەو کات نامەی شەشەم نەدۆزرابۆوە. دۆزینەوەی شەشەمین نامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە لەمەجلیسی دیوەخانەی





بجناب اصلح واعلم اقران حلبی محمد افندی دعای
برکات بحر ایمان وحفظ از مصائب وفتنهای آخر زمان
که حدیث شریف امر باستعاذه از آنها کرده ودعای
مزید توفیق بر طاعات وعبادات وتدریس علوم شرعیه
می رسانم بعد السلام ودعا بحصول مرام ومهام وحفظ از
آلام حامل العریضه سید فیض الله محبوب ومحبوب مریدان
متوطن حضرت شد اراده دارد ان شاء الله بموصل برود
رجا دارم ... آنجا هر کاری او بخواهد نوعی کنند
که بسلامت بی ضرر بموصل برسد باعث ثواب عظیم
وممنونی ومزید دعای خیر داعی باشد

باوکم ئامادە دەبووم، بۆ من ئەم مەجلیسە وەک قوتابخانەیەک بوو، ڕۆژانە دەیان ڕوداو و شیعر و بەسەرهاتم دەبیست، ساڵانە، هەفتەیێک تەرخان دەکرا بۆ هێنانە خوارەوەی کتێبەکانی کتێبخانە، کە نزیکەی یەک مانگ خەریکی سەر لەنوێ تۆمار کردن و لێ پێچانەوە لەو کتێبانەی کە وەرگیراون و نەگەراینەوە، بەردەوام دەبوو.

دیوەخان کۆمەڵێک ئەندامی ڕۆژانەی هەبوو، ئامادە دەبوون لەوانە (مام عبد جاسم ، ئەدیب حکمەت ئەفەندی، مەلا ئەبوبکری مزگەوتی مەحمود عەلاف، مەلا عەبدولرەحمان ،عەبدولڕحمان خلیفە، حاجی محەمەد متولی مزگەوتی بازاڕ، مامۆستا یونس حداد ، مەلا مەجید مەحکەمە، مەلا ئەحمەدی باداوە، حاجی محەمەد سۆفی، حاجی ئەبوبکری خەرەبەدراو، حاجی عەزیزی بەیتار، حاجی جەبار بەقاڵ، حاجی حەسەن خۆشناو، مەلا مستەفای هیران، حاجی سەعید هەولێری...)، هەروەها ئەندامی دیکە هەبوون کە ڕۆژانە ئامادەبوونیان نەبوو بەڵام هەفتەی چەند جارەک دەهاتن.

هەموو ساڵەک، کە بەهار دادەهات، کاری خاوێن کردنەوەی کتێبخانە دەستپێدەکرد. لەسەرەتای مانگی نیساندا هەریەک لەئامادەبووان کارێکی دەخستە ئەستۆی خۆی، هەر لەتۆمارکردنی کتێبان و هێنانە خوارێی، تا خاوێنکردنەوەی و جلد کردنەوەی بەرگەکان.

منیش لەبەر ئەوەی هەندێجار نامە یان ئیجازەنامەی کۆنم دەدۆزییەوە لەنێو پەڕەی ئەم کتێبانە، داوام لێکردن کە لەهێنانە خوارەوەی هەر کتێبێک سەیری ناوەڕۆکی کتێبەکە بکەن و پەڕەکانی لێک بکرێتەوە، نەوەک کاغەزێک یان دۆکیومێنتێکی لەناو دابێت، ئەمە بوو باوکم کتێبێکی دیوانی حافزی دەستخەتی لەدەست بوو وتی: ئەمە بەشی ئیحسانە.

وتم: چییە ئەوە؟ وتی: کوڕم شەشەمین نامەی کاک ئەحمەدی شێخە، دیارە پایەبەرز ئەو زاتە هەر لەو نامانە تا ڕۆژیی نەهات خۆی ئاشکرا نەکرد، کوڕم تۆشم تەرخانکردووە بۆ ئەم نامانە تا نەفەوتێ، بۆیە ئامۆژگاریم ئەوەیە نەی فەوتێنی و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

## ئاوڕدانەوەیەک بۆ ئەو سەردەمەی کاک ئەحمەدی شێخ تێیدا ژیاوە

لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا زۆر بەرێزەوە سەیری پیاوانی ئاینی کراوە و شوێنی تایبەتیان هەبووە لەنێو خەڵکدا، لەکاتی هەر ناکۆکییەک لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، یان نێوان ئەوان و ئیماراتە کوردییەکاندا، هەوڵدراوە سوود لەپیاوە ئایینیەکان وەربگیرێ، بۆ نموونە هاندانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ کاک ئەحمەدی شێخ بۆ ئەوەی موریدەکانی بنێرێتە شەڕی قەفقاس لەنێوان ڕوس و عوسمانییەکاندا لەساڵی ١٨٧٥-١٨٧٦ کە سوڵتانی عوسمانی پاداشتی کردن و جەندین گوندی وەک وەقف بۆ مزگەوت و تەکیە تەرخان کرد.

سەدەی نۆزدەهەم لەسەرەتاوە تا کۆتایی – واتە ئەو ماوەیەی کە کاک ئەحمەدی شێخ تیایدا ژیاوە – سەدەیەک بووە پڕ بووە لەنوێخوازی، لەوانەشدا نوێخوازی لەتەریقەتی نەقشەبەندی لەکوردستاندا.

کاک ئەحمەدی شێخ یەکێکە لەکەسایەتییە ناودارەکانی

کورد، ناوبانگێکی زۆری هەیە لەکوردستاندا بەتایبەتی لەشاری سلێمانیدا کە تیایدا پەروەردە کراوە و هەر لەوێشەوە کۆچی دوایی کردووە و مەزارگەکەشی تائێستا مەزاری هەزاران خەڵکە. سەرباری پلە و پایەی ئایینی، پلە و پایەی زانستی و ڕۆشنبیریشی هەبووە.


گەلی کورد بە درێژایی مێژوو سەدان زانای شکۆداری تێدا لەدایکبوو، ئەوانە ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گەلی کورد بەتایبەتی، بۆ خەڵکەکەش بەگشتی، بەدیاریکراوی لەسەدەی نۆزدەهەمدا کاتێک کە هۆشیاری نەتەوایەتی سەری هەڵدا و بڵاوبووەوە و ڕۆشنبیرانی کورد هەستان بەگرتنەبەری ڕێچکەی زانایانیان و خوێندنەوەی پاشماوەکانیان، هەرچەندە کە کەمیش بوو، بەڵام دیارە کە هۆی کەمی پاشماوەکان، ئەو کارەسات و بەڵایانە بووە کە بەدرێژایی مێژوو، تووشی کوردستان هاتووە لەلایەن سوپاکانی فارس و عوسمانی.

بەجۆرێ کە کوردستان ببوو بەگۆڕەپانی جەنگە یەک لە دوای یەکەکاندا و تا لەدواییدا بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، لەو هەموو جەنگەشدا، بەشی گەلی کورد دەربەدەری و تاڵانکردنی ماڵ و سەروەت و سامانەکەی بووە، ئەمەش وای کردووە کە بەرهەمی زانایان و شاعیران و ئەدیبان بفەوتێ، تاوای لێهات کە توێژەران بەرەو ڕووی ئاستەنگێکی زۆر ببنەوە لەکۆکردنەوەی بەرهەم و سەرچاوە دانسقە و مێژووییەکاندا.

لەلایەکی دیکەشەوە تیرۆر و جێگیر نەبوونی بارودۆخ و بێ ئارامی و بێ بژێوی ژیان، وای لەزۆربەی زانایە ڕەنجدەرەکان کرد کە وڵاتەکەیان جێبهێڵن و ڕوو لەشوێنی ئارامتر بکەن، لەو زانایانەش (صبغەتوڵڵای حەیدەری) و (بێتۆشی) و (مەلا جەرجیسی هەولێری) و (موفتی زەهاوی) و (مەلا خدر نالی) و (مەولانا خالید نەقشەبەندی)....، هەندێکیشیان مانەوە وەک (شێخ مەعرووفی نۆدەهی (١٧٥٢-١٨٣٨) کە دەکاتە باوکی کاک ئەحمەدی شێخ کە تەوەری باسەکەمانە، هەروەها مەلا ئەبوبەکر مەلا گچکەی هەولێری کە سێ کوڕی هەبوو، مەلا عوسمان باوکی موفتی و شێخ عەلی ئەفەندی خاوەن یەکەم مەولود نامەی کوردییە، کە بەیەکەم پەخشان لەکوردستانی باشوور دادەنرێت. هەروەها حاجی عومەر فەندی کە تەوەرێکی دیکەی باسمانە لەو نامانەی کاک ئەحمەدی شێخ و ئەوانەی بەدوایاندا هاتن لەمنداڵ و نەوەکانیانەوە.


## هاوکاری نێوان نەقشەبەندی و قادری


کاک ئەحمەدی شێخ


بحبیب دلم و فرح دلم و فخرم جناب حاجی ملا
شیخ عمر افندی دعای برکات عمر اجمال و دین
و برکات اولاد و شمل احوال دنیا و حرمت
[illegible]
که [illegible] حضرت علیه الصلاة والسلام در [illegible]
[illegible]
[illegible] احیای علم دین [illegible]
[illegible]
علامت لطف [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

لەماوەی گەنجیدا بەربەرەکانێیەکی زۆری ئایینی بەخۆیەوە دی، ئەمەش دەنگدانەوەیەکی فراوانی هەبوو لەسەرتاپای دەوڵەتی عوسمانی و لەئەنجامی ئەو بەربەرەکانێیەش، تەریقەتی نەقشەبەندی نوێکردنەوەی بەخۆیەوە دی، بەتایبەت پاش گەڕانەوەی مەولانا خالیدی نەقشەبەندی لەهیندستانەوە و بەدیارکەوتنی لەگۆڕەپانی ڕووداوەکان لەعێراقدا لەساڵی ١٨١١ی زایینی.

ئەو ململانێ و بەربەرەکانێیەش تاوەکو ئێستا ڕەنگدانەوەی ئاشکرای هەبووە لەپەیوەندی نێوان تەریقەتی نەقشەبەندی و قادریدا. هەر بۆیە لەخوێندنەوەی ئەم نامانە





بۆمان ئاشکرا دەبێ کە دوای کۆچی شێخ مەعرووفی نۆدەهی و کۆچی مەولانا خالیدی نەقشەبەندی، کە نارێکی و دژایەتی توند لەنێوانیاندا هەبوو، لەدوای تێکچوونی ئیمارەتی بابان و کۆچی دوایی پێشەوای ئەو دوو تەریقەتە لەکوردستان، ململانێیەکە کز بووە، هەرچەند لای موریدەکانی هەردوو تەریقەتەکە هەر ماوە.

لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەپەیوەندی نێوان هەردوو بنەماڵەوە: بنەماڵەی (مەلا ئەبوبەکری مەلا گچکەی هەولێر ) کە دەگەڕانەوە سەر تەریقەتی نەقشەبەندی و بنەماڵەی مەعرووف نۆدەهی کە دەگەڕانەوە بۆ تەریقەتی قادری، بکرێ. ئەوەدەهیش لەسەرووی هەموو ئەو کەسانەوە بوو کە دژایەتی تەریقەتی نەقشەبەندی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری نێوان کاک ئەحمەدی شێخ و حاجی عومەر ئەفەندی هەولێر و نەوەکانیان، لەپەیوەندی ئایینی و کۆمەڵایەتی و زانیاری و خوێندن، هەر لەپەرەسەندا بووە، یەک لەنامەکان، کاک ئەحمەدی شێخ ئامۆژگاری حاجی عومەری لا زۆر گرنگە بۆ ئیرشادی موریدەکانی کە لا نەدەن لەرێگای ئایین.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، تەریقەتی نەقشەبەندی بۆ ماوەی کەمتر لە (١٠) ساڵ بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆوە، ئەم بڵاوبوونەوەیەش سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە دژایەتییەکی توندی بەرامبەر دەکرا، لەلایەکەوە لەلایەن لایەنگیرانی تەریقەتی قادریەوە، لاکەی دیکەش لەلایەن میرەکانی بابانەوە. کاک ئەحمەدی شێخیش چاوی لەناو ئەو بەربەرەکانێیانە هەڵهێنا... سەرگوزشتەی زۆریش هەیە دەربارەی ئەم بابەتەوە، دەڵێن تەریقەتی نەقشەبەندی بڵاوبوونەوەیەکی بەرفراوانی بەخۆیەوە دیت لەمیرنشینە ئایینیەکانەوە و هەروەها لەزۆر شوێنیشدا کە تەریقەتی قادری لایان باو بوو.

## مێژووی تەریقەتی قادری لە کوردستان


مێژووی تەریقەتی قادری لەکوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەهەمی زایینی و دامەزرێنەریشی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی بوو – ١٠٧٧-١١٦٦ز) کە لەبەغدا کۆچی دوایی کردووە و کوڕەکەشی شێخ عەبدولعەزیز کە مەزارەکەی لەشاری ئاکرێیە. بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکە ناوەندەکەی کوردستان بووە و بەهەموو جیهانی ئیسلامی پەرش و بڵاوبۆتەوە. لەماوەی چەند سەدەیەک توانی ببێتە گەورەترین تەریقەتی سۆفیەتی لەلای کوردەکاندا لەکاتێکدا کە تەریقەتی سۆفیەتی کەم بووە لەکوردستاندا.


شاری سولەیمانیش لەپاش دروستکردنیەوە لەلایەن میرەکانی بابانەوە، زۆرتر ناوبانگی بەخۆیەوە دی بەهۆی نیشتەجێبوونی شێخ مەعرووفی نۆدەهی (١٧٥٢-١٨٣٨ز) کە شێخی تەریقەتی قادری بووە و ئەو تەریقەتەی لەمامی باوکییەوە وەرگرت کە ناوی شێخ عەلی بوو، هەر بەوەوە کۆتایی هات بەسەرۆکایەتی بەرزنجییەوە و بەمەرجەعێکی ئایینی ژمێردرا لەمیرنشینی باباندا، ئەمە بەردەوام بوو تا بەدیارکەوتنی مەولانا خالید، نوێکەرەوەی تەریقەتی نەقشەبەندی.


شێخ مەعرووفی نۆدەهی باوکی کاک ئەحمەدی شێخ، پاشئەوەی کە بابانەکان شاری سلێمانیان دروستکرد، لەدوای ئەو ماوەیەدا شێخ وەک سەرۆکی زانایانی ئیمارەتەکە نازناوی پێدراوە کە لەمزگەوتی گەورەی سلێمانی نیشتەجێبوو. لەدوای ئەوەی ئەو ئیمارەتە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی ١٨٥١ لەناوچوو، کاروباری ئەو شارە بەستراوە بە بەغداوە و کاک ئەحمەدی شێخ وەک پیاوی ئاینی و پێشەوای ڕێگای تەریقەتی قادری، ڕێزی تایبەتی خۆی لەنێو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی، لێگیراوە.

ئەو ناوبانگەی کە زانایان بەدەستیان هێناوە، وەک (مەولانا خالیدی نەقشەبەندی و زانای ناودار شێخ مەعرووفی نۆدەهی و کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ سیراجەدین و شێخ بەهائەدین نەقشەبەندی و شێخ حوسامەدین تەویڵەیی نەقشەبەندی و...) لەناودارانی تەریقەتی تەسەوف لەکوردستاندا، ناوبانگەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی جموجۆڵ و هەواڵیان لەناو هەموو چین و توێژێکی خەڵکدا، بەتایبەت لەناو ڕۆشنبیران و نەخوێندەواران و پیر و گەنجەکانەوە لەکاتێکدا کە هەندێ زانای دیکە هەن، ئەم ناوبانگەیان بەدەست نەهێناوە هەر چەندە کە پلەوپایەکی بەرزیشیان هەبووە، ئەمە بەدانپێنانی ئەم زانایانە خۆشیان.

لەنێو ئەو زانایانەشدا (مەلا محەمەدی خەتێ و مەلا جەرجیسی ئەربیللی و صبغەتوڵڵای حەیدەری و مەلا ئەبوبەکری مەلا گچکەی هەولێر) و زانای دیکەش کە سۆفیەتیان بەئامانجێک دانەنا لەژیانیان و تەکیەیان نەبووە و هەروەها موردیشیان نەبووە، لایەنگری ئەو زانایانەش تەنها قوتابیەکانیان بوون لەقوتابخانەکاندا کە وانەیان تیادا دەوتەوە و ژمارەشیان لەسەد قوتابی زیاتر نەبووە لەزۆربەی بارودۆخەکاندا و پەیوەندیشیان بەقوتابیەکانیانەوە زیاتر بوو لەپەیوەندیان بەخەڵکدا، لەلایەکی دیکەشەوە بەرهەمەکانی ئەو زانایانە ون بوون و پەرش و







بڵاوبوونەوە لەئەنجامی ئەو هەموو کارەساتانەی بەدرێژایی مێژوو کە بەسەر وڵاتدا هاتووە لەسووتان و فەوتان و تاڵاندا.

هەر بۆیەش، ئەو پەیوەندیەی کە لەنێوان ئەو دوو بنەماڵەوە هەبووە لەسلێمانی و هەولێردا، پەیوەندیەکی زانستی و ئایینی بووە دواتر سیاسیشی بەخۆوە بینیوە لەنێوان شێخ مەحمودی حەفید و مەلا ئەفەندی و ئامۆزاکەی ئەحمەد عوسمان، دووەم موتەسەریفی شاری سلێمانی لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ کە لەسەر داوای شێخ لەهەولێرەوە گوزراوەتەوە سلێمانی بۆ ئەوەی شێخ متمانەی هەبێ بەگفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا، ئەو نامانەش بەشێکە لەو پەیوەندیانە و هەزارەها بەڵگەنامەی کۆن و گرنگی دیکەش فەوتان کە دەگەڕانەوە بۆ زانایان و ئەدیبان و شاعیرانی ئەو بەشەی کوردستان.

## کاک ئەحمەدی شێخ

کاک ئەحمەدی شێخ: ناوی تەواوی (شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ مەعرووفی کوڕی شێخ مستەفای کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەدی نەودەهی بەرزنجی یە). لەشاری سلێمانیدا لەساڵی (١٢٠٧ک-١٧٩٣ز) لە دایکبووە، لەژێر سایەی باوکیدا پەروەردە و گەورە بووە و لەمزگەوتی گەورەی سلێمانی پەروەردە کراوە تا بووە بەزانایەکی ئایینی.

تەریقەتی قادری لەباوکیدا بۆ ماوەتەوە و زۆر بێ فیز و بەخشندە بووە و تەریقەتی قادری نوێ کردۆتەوە و نووسراوی زۆری هەبووە بەفارسی لەمەوعیزەت و خەڵک هێنانە سەر ڕێ و فەرمان کردن بەچاکە و قەدەغە کردنی هەموو خراپەیەک. بەشێک لەو نوسراوانە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی لەلایەن زانا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریسەوە)، شەش لەم نووسراوانە لەیەک بەرگدا لەساڵی ١٩٨٢ی زایینی لەبەغدا چاپ کراون، دوانزەی دیکەش لەبەرگێکی دیکەدا کۆکراونەتەوە و لەنەجەف لەساڵی ١٩٣٦ی زایینی چاپ کراون.

هەروەها نوسراوی دیکەشی هەیە بەزمانی عەرەبی، لەوانەش: ڕاڤەکردنی بۆ هەڵبەستی باوکی (پلیکانەی گەیشتن بۆ زانستی ئوصول- سلم الوصول فی علم الاصول) و پەراوێزە تۆمار کراوەکەشی لەکتێبی (کەمال لەراڤەکردنی شافیە لەزانستی مۆرفۆلۆجیدا — کمال فی الشرع الشافیە فی علم التصوف).

کاک ئەحمەدی شێخ لە نووسراوەکانیدا کاروباری موسڵمانان پابەندبوونیان بەئایین و کاری ڕۆژانەیان، هەروەها پابەندبوون بەبنەماکانی ئایین و چارەسەری گرفت و کێشەکان و چۆنیەتی پێکەوەژیانیان، سەرجەمی مەکتوباتی کاک ئەحمەدی شێخ کە وەک باسمان کرد نزیکەی ٩٩ مەکتوباتە. لەوانە یەکەمیان، باسی فەرمان بەچاکەکردن و ڕێگریی لەخراپەکردن، مەکتوبی دووەمیان باسی گەورەیی بیروباوەڕ (عقائد) دەکا، مەکتوبی سێهەم: باسی واجباتەکانە، چوارەم باسی چۆنیەتی بیروباوەڕە و هەروا لەپێنجەم باسی دەسنوێژ و مەرج و ڕوکنی نوێژ دەکا، شەشەم باسی وەسوەسەیە، دوای ئەو چاکەی نوێژە .. ئەم ڕونکردنەوەیە بۆ ئەوەبوو تا خوێنەر بزانی ئەم مەکتوباتانە چ بوارەک دەگرێتەوە

هەروا ئەو نامانەی کاک ئەحمەدی شێخ بۆ حاجی عومەر فەندی، موفتی و مەرجعی فتوا، هەروەها زانا لەفەرموودەکانی پێغەمبەر، نامەی کەسین لەنێوان دوو زانا و دۆستی کورد لەکوردستاندا.

کاک ئەحمەدی شێخ لەساڵی _١٣٠٥ک-١٨٨٧ز) لەتەمەنێکدا کە خۆی لە (٩٥) نەوەد و پێنج ساڵ دەدا، لەدوای وەفاتکردنی، لەژوورەکەی خۆی لەمزگەوتی گەورە لەسلێمانی، نێژرا.


کاک ئەحمەدی شێخ کەسایەتییەکی منەوەر و هاوچەرخ بوو، لەگەڵ چەندین زانای دیکە لەسەدەی نۆزدەهەمی زاییندا سەریان هەڵدا، لەو سەدەیەشدا ئەدەبی کوردی بوژایەوە لەسەر دەستی مەلا خدر (نالی) و مستەفا بەگ کە ناسرابوو بە (کوردی) و عەبدولڕەحمان بەگ کە ناسراوبوو بە (سالم) و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەلا محەمەد ناسراو بە (مەحوی) و حاجی قادری کۆیی و شاعیری هاوچەرخی کاک ئەحمەدی شێخ، مەولەوی کە پەیوەندی پتەوی لەگەڵدا هەبووە و چەندان شاعیری دیکەش.

کاک ئەحمەدی شێخ کوڕێکی لەپاش بەجێما، ئەویش سەید محەمەد بووە، هەروەکو ئەمین زەکی بەگی مێژوونووس لەکتێبی «خولاصەی کورد و کوردستان» دەڵێ: سەید محەمەدی کوڕی کاک ئەحمەد لەتەمەنی ٢٦ ساڵی کۆچی دوایی کردووە و حەوت کوڕی هەبووە، ئەوانیش: شێخ سەعید کە لەدوایدا بەشێخ سەعیدی حەفید ناسرا و شێخ مەعرووفی نەقیب و شێخ مستەفای نەقیب و حەسەن و عومەر و ئەحمەد و عیسا، شێخ سەعیدیش چوار کوڕی لەپاش بەجێما ئەوانیش: شێخ ئەحمەد و شێخ مەحمود و شێخ عەبدولقادر و ئیبراهیم. شێخ مەحمودی حەفید زادەش بەناوبانگترینیان بوو لەمێژووی بزوتنەوەی کوردی لەساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوودا لەسلێمانی و دەوروبەری بزووتنەوەیەکی چەکداری بەرپاکرد.

نوسینی لایەنێک لەمێژووی ژیانی کاک ئەحمەدی شێخ لەو چەند دێرەدا کۆتایی نایێ، بەڵام ئێمە دەمانەوێ ئەو نامانە بڵاو بکەینەوە، چونکە ئەو نامانە تایبەتن... دەربارەی مێژووی ژیانیشیەوە، لەپێشدا خەڵکی دیکە لەسەری نووسیوە. نووسینی مێژووی ژیانی زانایان و بارودۆخی کوردستان بەگشتی لەو سەردەمەدا، هەرچەندە بەکورتیش بێت، بۆ سوود گەیاندنە بەخوێنەر و زانینی گرنگی ئەو نامانەیە.


## ژیان و گوزەرانی حاجی عومەر ئەفەندی

مەلا عومەر فەندی کوڕی



مەلا ئەبوبەکرە کە ناسراوە بەمەلا گچکەی هەولێر، کوڕی مەلا عوسمان کوڕی مەلا ئەبوبەکری دووەم (١٦٥٧- ١٧٢٥) کوڕی مەلا عومەر (١٦٠١- ١٦٨٨) کوڕی مەلا ئەبوبەکری یەکەم (١٥٣٣- ١٦٢٠) کوڕی شێخ شەمسەدین کوڕی شێخ شەهابەدین کوڕی مەلاخدر کوڕی مەلا ئیلیاس-ە.

مەلا ئەبوبەکری مەلا گچکەی هەولێری (١٧٧٨ز – ١٨٥٥ز) لەلایەنگرانی تەریقەتی نەقشەبەندی بووە. لەو تەریقەتەشدا کوڕەکانی و نەوەکانیشی بەدوای کەوتن. عەباس عەزاوی مێژوونووس لەنووسینەکانی



بەخەلیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشەبەندی ژماردووە، دەڵێ: «لەهەولێردا شێخی ناسراو بە (مەلای گچکە)ی ئەربیللی هەبوو کە ئەویش خەلیفەی بوو».

وانە وتنەوە و پێشەوا و وتارخوێن و نووسەر بووە لەژیانیدا، بەڵام هیچ خانەقای نەبووە و موریدەکانیشی خانەقایان نەبووە و هەردەم پلەوپایەی قوتابخانەی قەڵا و قوتابیانی پاراستووە، هەرچەندە لایەنگیری تەریقەتی نەقشەبەندی بوو بەڵام پەیوەندیشی هەبوو بەزانایانی تەریقەتی قادریەوە، بەجۆرێ کە مۆڵەتی زانستیان ئاڵوگۆڕ دەکرد لەنێوان خۆیاندا و ئیبراهیم فەسیح حەیدەریش بەدرێژی ئاماژەی بۆ کردووە لەکتێبەکەیدا (ناونیشانی شکۆداریەتی) کە ئاماژەی بەزانایانی پێشووتری کردووە لەگەڵ ئەو سوودەی کە بینیویەتی لەزانستەکانیان.

### مێژووی نووسینی شەش نامەکەی کاک ئەحمەدی شێخ

مێژووی ئەو نامانە ناکرێ بەتەواوی دیاری بکرێ، چونکە مێژووی نووسینەکەی تێدا تۆمار نەکراوە، بەڵام دەتوانین بەبەڵگەی عەقڵی نزیک ببینەوە لەساڵەکانی نووسینەوەیان. هەر شەش نامەکە بەزمانی فارسی نووسراون و ئێمە وەرمانگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی. لەنامەی یەکەم و دووەم و سێیەمدا، کاک ئەحمەدی شێخ وشەی (حاجی) دەنووسێ، واتە ئەو نامانە پاش گەڕانەوەی حاجی عومەر لەحەجدا نوسراون؟!.

ئەوەش لەکتێبی (کەشکۆڵ)ی شێخ عەلی فەندی نووسراوە. لەلاپەڕەی سێیەمدا هاتووە: (سوپاس بۆ خوای گەورە و درووود و سڵاو بۆ پێغەمبەرەکەی موحەمەد موستەفا و کەسوکار و هاوەڵانی، دواتر موحەمەد عەلی کە ناسراوە بە (مەلا گچکە) کوڕی عوسمان کوڕی ئەبوبەکر کوڕی عومەر کوڕی ئەبوبەکر کوڕی شێخ شەمسەدین کوڕی شێخ شەهابەدین کوڕی مەلا خدر کوڕی مەلا ئیلیاس، کاتێک کە خوای گەورە بۆ برای گەورە و مامۆستای بەناوبانگم (عومەر فەندی)ی ڕێکخست کە سەردانی گۆڕی پێغەمبەر لەمێژووی هەزار و دووسەد و نەوەد و هەشت (١٢٩٨ک) لەدووی مانگی شەعبان لەڕۆژی پێنجشەمە، لەپاش نیوەڕۆ، لەقەڵای هەولێردا، لەمزگەوتی گەورەدا مامۆستا و پێشەوا و وتارخوێن بوو و فەرمانی پێمکرد کە لەشوێنی ئەودا بم).

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو سێ نامەیە لەپاش ساڵی (١٢٩٨ک-١٨٨١ز) دا نووسراون و دوو نامەکەی دیکەش پێش ئەو مێژووە نوسراون. نامەی شەشەمیش هەر نزیکە لەو مێژووە، چونکە کاک ئەحمەدی شێخ تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە سەماحەتی مۆڵەتی نووسینی نوشتی ناردبوو بۆ کوڕی حاجی مەلا عومەر، کە ئەویش مەلا ئەبوبەکرە کە ناسراوە بە (مەلا فەندی) کە لەساڵی (١٢٨٠ک١٨٦٢) لەدایکبووە و لەکاتی وەرگرتنی ئەو مۆڵەتە گەنج بووە، لەوانەیە لەهەمان ساڵدا بێ، هەر وەکو ئاشکراشە کەوا کاک ئەحمەدی شێخ لەساڵی (١٣٠٥ک ١٨٨٧)دا کۆچی دوایی کردووە.

حاجی مەلا عومەر فەندی لەقەڵای هەولێردا لەساڵی

(١٢٣٠ك-١٨١٦) لەدایکبووە وەکو باوباپیرانی پەروەردە کراوە لەدەوروبەرێکی پڕ لەزانست و هەموو زانستێکی ئایینی و زمانی عەرەبی خوێندووە، لەقوتابخانە ئایینیەکاندا بەگشت قۆناغە ناسراوەکانیەوە، لەلایەن باوکییەوە مۆڵەتی زانستی وەرگرتووە لەلایەن زانای گەورە مەلا عومەر فەندی خەیلانییەوە کە ئەویش لەمۆڵەت پێدراوەکانن لای باوکییەوە و سەفەری کردووە بۆ حیجاز و مۆڵەتی زانستی لەموفتی حیجاز مامۆستا ئەحمەد کوڕی زەینی دەحلان وەرگرتووە، کە خاوەنی کتێبی (فتوحاتی ئایینی پاش فتوحاتی پێغەمبەر)ە.

چەندین کەس لەسەر دەستیدا دەرچوون و نووسراوی جۆراو جۆریشی هەیە کە زۆربەیان لەناوچوونە دەرویش بووە و هەموو بنەماکانی ئایین و ڕێبازەکانی پێغەمبەری جێبەجێ دەکرد، قوتابخانەکەشی خاوەن چالاکییەکی بەردەوام بووە و ئاهەنگی تایبەت بەمۆڵەت وەرگرتنی تێدا دەگێڕدرا.

بەدرێژایی سێ ڕۆژ لەکاتی دەرچوونی هەر قوتابییەک یان کۆمەڵێک لەقوتابیان، لەو ڕۆژەشدا لەقوتابخانە گشت زانا و ناودارەکانی ناوچەکە ئامادە دەبوون، ئەو ئاهەنگانەش بەڕێوڕەسمی تایبەتی بەڕێوە دەچوون. خوالێخۆشبوو لەساڵی (١٣٠٩ك) کۆچی دوایی دەکات.

**نامەی یەکەم**


نزا دەکەم بۆ جەنابی شێخ حاجی عومەر فەندی، لەپاشان هیوادارم کە لاتان شاراوە نەبێ کە هەندێ لەپیاوە گەورەکانی لای ئێوە فەرمان دەدەن بەخواردنی بەرد و ئاگر و بەبنەماکانی تەریقەتەکەیان دەیژمێرن. لەسەر ئێوە پێویستە کە نەهی بکەن لەخراپە چ لەڕێگەی ئامۆژگاری و ڕێنماییەوە بێ یان لەڕێگەی قەدەغەکردن بێ یان بەهەر ڕێگەیەک بێت کە چارە بکرێ.

غەمبار لەکەمتەرخەمانی ئایین
سەید ئەحمەدی نەودەهی بەناڵە ناڵ

**نامەی دووەم:**

نزا دەکەم بۆ ئەو کەسەی کە بوون و تەمەن درێژی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ زانست و ئایینەوە، نزای بۆ دەکەم بۆ درێژبوونی تەمەنی باشی تەندروستی و بەرزی پلە و پایە و ڕێزی لەدڵی گەورە پیاوان و سەرجەم موسڵمانان، بۆ گەورەم و خۆشەویستم حاجی عومەر فەندی، دواتر... ئاشکرایە کە دەرس وتنەوە شتێکی بەنرخە، ئەگەر ئەو زانستە بدرێتە کەسانێک کە لەبنەماڵەی زانستخوازبن، ئەوە بەنرختر دەبێت و سوودی زیاتر دەبێت و زانستەکە بەفیڕۆ ناچێ، هەڵگری ئەم نامەیەش بۆ بەدەستهێنانی زانست تەقدیمیان کردووە، دڵسۆزتان بیری کردەوە و ناردیانی بۆ ئێوە و بۆ زانیاریتان ئەوانە خاوەن بنەماڵەی ناودارن لە (بانە) و شایەنی سۆز و بەزەیین ... ئیتر بەخواتان دەسپێرم.

نزاکەری غەمبار
سەید ئەحمەدی بەناڵە ناڵ




**پەراوێزی نامەی دووەم:**

هەڵگری ڕاسپێردراو سەید حوسێن لەئیمەیە و داواکەری زانستە و ئەو دوو خاسیەتەش وای لێ دەکەن کە شایەنی ڕێز بێت بەهیوای ئەوەی کە لەسۆزی خۆتان بێ بەشی نەکەن.

**نامەی سێیەم:**

سڵاو دەنێرم بۆ خۆشەویستم



حاجی عومەر فەندی و نزا دەکەم لەخوا کە تەندروستی جەستەت باش بێت و پارێزراو بێت لەئاژاوەی ئاخیر زەمان، هەڵگری ئەو سکاڵا نامەیە حاجی عەزیز لەئێمەیە و بەئێمەوە بەندە، هیوادارین بەچاکەی خۆتان و بە بەخشندەیی خۆتان بۆ خۆشەویستان هەوڵبدەن بۆ بەجێ گەیاندنی ئارەزووەکەی و بەمەش پاداشتێکی گەورە وەردەگرن لەخوای گەورە و ڕێز و سوپاسیش لەئێمەوە.
نزاکەری غەمبار
سەید ئەحمەدی بەناڵە ناڵ

**نامەی چوارەم:**

نزا دەکەم بۆ لەدڵا خۆشەویست و شکۆدار جەنابی مەلا شێخ عومەر فەندی، نزا و بەرەکەت لەتەمەن و باوەڕ و ئاینەوە و بەرەکەت لەماڵ و سامانی دونیا و ڕێزی خەڵک و تەندروستیت، هیوادارم کە ڕەحمەتی پێغەمبەرت (د.خ) لەسەر بێ لەدونیا و لەپاش مردنیشدا، زۆر سوپاس کە هەستای بەنوێ کردنەوەی ئایین تا توانات تیادایە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگیدانتان و داوا کردنیشتان بۆ وێنەیەک لەکتێبی (عەقیدەی بچووکەکان – العقائد الصغیرە)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕێز و سۆزی ئێوە و گرنگی دانتان و بەمەش منتان بەختەوەر کرد و هیوادارم کە فەرمان بدەن بەخوێندنەوەی کتێبی (عەقیدە گەورەکان – العقائد الکبیرە) و (کتاب الفکر) وەک تەواوکەرێک.
نزاکەری غەمبار
لەکەمتەرخەمانی ئایین
سەید ئەحمەدی موهین

**نامەی پێنجەم:**

دەستی ئازیزم مەلا عومەر فەندی ماچ دەکەم و سڵاوی لێ دەکەم و نزای بۆ دەکەم بەدرێژ بوونی تەمەنی و بەرز بوونی پلەو پایەی. دواتر ... سوپاست دەکەم بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبە عەقیدەییەکان و هیوادارم کە بەهەردوو زمانی فارسی و عەرەبی بێت بەمە سوودمەندتر دەبێت و بەگوێرەی فەرمانتان مۆڵەتم بەخشی بەڕۆڵەکەتان مەلا ئەبوبەکر بۆ نووسینی نووشتە و مۆڵەتە ناوبراوەکەم نارد کە بەخەتی خۆم نووسیوە و مۆرم کرد و ئاماژەم بەکتێب و سەرچاوەکان کرد، خۆزگە بەدەستم کەوتبایە دەبوو بەپارەکی ئامادەکراو ئەو کاتە پێویستمان بەگەڕان بۆ کتێبە ناوبراوەکان نەدەما.
غەمبار
ئەحمەدی موهین

**نامەی شەشەم:**

جەنابی باشترین و زاناترین هاوڕێ، خۆشەویستم عومەر ئەفەندی

نزای تەمەنێکی پڕ بەرەکەت و دووره پەرێز بوون لەفیتنەی ئاخیر زەمانت بۆ دەکەم کە فەرموودەی پیرۆز فەرمانی کردووە لێی بەدوور بین، هەروەها نزای زێدەتر دەکەم سەرکەوتوو بیت لەملکەچی و خوداپەرستی، هەمدیسان سەرکەوتوو بیت لەگەیاندنی زانستە ئایینییەکان.

دوای سڵاو و نزاکردنم لەگەیشتنت بەمەرام و ئەرکەکان و سەلامەت بوون لەئێش و ئازار...

هەڵگری نامە سەید (فەیزوڵا) یەکێک لەخۆشەویست و موریدەکانمە، بەخزمەتی ئێوە دێت و نیازی چوونە موسڵی هەیە. تکاکارم چاوتان لێی بێت و بەسەلامەتی بگەیەنرێتە موسڵ. بەم کارەتان پاداشتی گەورەی چاکەکانت بدرێتەوە و نزای خێری زێدەترتان بۆ دەکەین.
نزاکاری دەم بەخێر

کەمتەرخەم بەرامبەر ئایین سەیدە ئەحمەد بەرزنجی دوالابی

**تێبینی:**

*هەموو هەوڵ و توانایەکمان خستەگەڕ بۆ وەرگێڕانی نامەکان بەشێوەیەکی ورد و دروست، هەندێ لەوشەکان هیچ خاڵەک لەسەر پیتەکان دانەنرابوون، لەوانەیە ئەم شێوازی نووسینە لەم کاتەدا پەیڕەو کرابێ، پێویستیمان بەراوێژی کەسانی پسپۆڕ و شارەزابوو لەم شێوازی نووسینە، بۆیە لەزۆر شوێن و بۆ زۆر وشە، پرس و ڕاوێژمان کردووە، چونکە زۆرجار وەرگێڕ دوودڵ بووە لەهەڵبژاردنی وشەیەکی شیاو و پڕ بەپێستی شوێنەکە، بەبێ کاریگەربوونی بۆ سەر ناوەرۆک و واتا، دواجار وەرگێڕانەکە لەهەڵبژاردنی وشەکاندا، ئاوا ورد بووە، کاریگەری نەکاتە سەر تێگەیشتن و مەبەست و مانا.

*لەم نامەیەدا (نامەی شەشەم) کەوا کاک ئەحمەدی شێخ بۆ حاجی عومەرەفەندی ناردووە، پێشناوی حاجی بەکارنەهاتووە، ئەمەش بەو واتایە دێ، کە ئەو نامەیە پێش بەرواری 30 حوزەیرانی ساڵی 1881 کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی دەستپێکردنی زیارەت و بەرێکەوتنە لەهەولێرە بۆ حەج، نووسراوە.

ناوەرۆکی نامەکە ئەوەشمان پێدەڵێ کە هۆکاری نووسینی ئەو ڕاسپاردەیەی کاک ئەحمەدی شێخ بۆ گەیاندنی سەید فەیزوڵا بۆ موسڵ، کەوا کەسێکی نزیکی شێخ بووە، نیشانی دەدا ئەوکاتە ڕێگای نێوان هەولێر و موسڵ، ڕێگایەکی ئارام و پارێزراو نەبووە بۆ گەشتکردن، بۆیە پێویستی بەراسپاردەیەکی ئاوا هەبووە بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک کەوا کەسی میوان بەپارێزراوی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە و سەیری ئەو ماوە مێژووییە بکەین کە نامەکەی تێدا نووسراوە، دەبینن لەو کاتانەدا کوردستان بەقۆناغێکی سەختی قاتوقڕیدا تێپەڕ بووە لەهەردوو پارچەی باکوور و باشووری (ویلایەتی موسڵ) کوردستاندا.

**سەرچاوەکان:**


١. محەمەدی خاڵ: شێخ مەعرووفی نەودەهی، بەغدا ١٩٦١ز.

٢. مەلا عەبدولکەریم مودەریس: زانایانمان لەخزمەتی زانست و ئایندەدان لەبەغدا، ١٩٨٣ز.

٣. زوبێر بیلال ئیسماعیل: کەلتووری ڕۆشنبیری لەکوردستان، کاروان، ژمارە (٢) لا ١٠٢-١٠٧.

٤. زوبێر بیلال ئیسماعیل: زانایان و قوتابخانەکانی هەولێر، موصل، ١٩٨٤ز.

٥. محەمەدی خاڵ: بێتۆشی، بەغدا ١٩٥٨ز.


٦. ئەحمەد سەید ئەقرەع: بەختەوەری هەتا هەتایە لەتەریقەتی نەقشەبەندی، مصر ١٩٧٦ز.

٧. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەغداد ١٩٤٦ز.

٨. شێخ محەمەد کوڕی عەبدوڵڵای نەقشەبەندی: البهجه السنیه فی اداب الطریقة العلبة الخالدیة.

٩. ئیبراهیم فەصیحی حەیدەری: ناونیشانی سەربەرزی (عنوان المجد)، ١٢٨٦.

١٠. دیواني شێخ ڕەزای تالەبانی مکرم تالەبانی ٢٠٠١ بلاوکراوەی اراس لابەرە ١٨٤.

# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

## مزگەوت، خانەقا و زاناکانی هەولێر لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دا



موحەممەد کەلالەیی
مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتی ئاداب لە زانکۆی سۆران

دەوڵەتی عوسمانی بەدرێژایی 400 ساڵەی حوکمڕانی لەکوردستاندا، کاریگەری درێژخایەنی ژیاری، کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و ئاینی بەسەر دواڕۆژی کوردستانی بندەستی عوسمانیدا بەجێهێشت، کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی عوسمانی بەسەر بارودۆخی شوێنە ئاینییەکانی کوردستان ئێجگار دیار و ڕوونە، تائێستا لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەبنج و بنەوانی ئەو مەسەلەیەدا توێژەرەکانی تێیدا دەستبەکار نەبوونە، پشتیوان بەخوای گەورە، لەم باسە مێژووییەدا کە چەند زنجیرەیەکن لەوتاری زانستی مێژوویی کە بەدوای یەک دادێن، کار لەسەر ڕەوشی ئایینی شاری هەولێر لەسێ ڕەهەندی جیاوازەوە دەکەین، ڕەهەندی یەکەم: لێتوێژینەوە لەشوێنە ئاینییەکان و پێگەیان لەناوخۆی هەولێر و دەوڵەتی عوسمانیدا، ڕەهەندی دووەم: لەڕەوشی کەسایەتییە ئاینییەکان کە چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکان لەڕووی: جڤاکی، ئایینداری لەشارەکەدا هەبووە، بەتایبەتی شێخەکانی ڕێبازی سۆفیگەری و خانەقا و لە شاری هەولێردا، ڕەهەندی سێیەم: کارکردن لەسەر بەستنەوەی ڕەهەندی یەکەم و دووەم و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕووداوەکانی ناوخۆیی شارەکە بەدرێژایی سەدەکانی حەڤدەهەم تا بیستەم.

شاری هەولێر لەناو شارەکانی کوردستانی بندەستی عوسمانیدا پێگەیەکی تایبەتی هەبووە، کە ناوەندێکی زۆری ئاینی هەبووە، لەهەمانکاتیشدا شارێک بووە کە غەیرە موسڵمانی زۆریشی تێیدا ژیاوە بەتایبەتی لەهەڵگرانی ئاینی مەسیحی و جوولەکەیی،




ئەمە مۆزایکێکی جڤاکی ئارامی بۆ شارەکە هێنابووە کایەوە، هەرچەندەش هەولێر ناوەندی بەڕێوەبردنی ئەیالەت، یان ویلایەت نەبووە، وەک شارەکانی کەرکوک، موصڵ و بەغداد هەر لەسەدەی شانزەهەم تاچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم ناوەندی ئەیالەت، یان ویلایەت بوونە، بۆ نموونە: شاری کەرکوک ناوەندی ئەیالەتی شارەزوور و دواتر سەنجەقی کەرکوک بووە، کە یەک لەسەر سێی کوردستانی ئێستای عێراق ناوەندی بەڕێوەبردنیان لە شاری ئاماژەپێکراو بووە، بەڵام هەولێر مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی و ئایینە جیاوازەکانی دەسەڵاتدارییەتی سەردەمی عوسمانی بووە، بۆیە لەم شارەدا مزگەوتێکی زۆر هەبوونە، کە شایانی لێکۆڵینەوەی زیاترن لەڕووی شوێنەواری، مێژوویی، جڤاکی و ڕووناکبیری شارەکەدا، لەهەمانکاتیشدا لە مێژووی ئەم شارەدا مزگەوت وەک مەڵبەندێکی هزری سەدەکانی پێشوو لەڕووی خوێندەواری، ئەدەبی و پێشکەوتنی ئاینی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە.

هەر بۆیە بەپێی


بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 23ی جەمادی دووەمی 1081ی کۆچی لە بەرانبەر 7ی تەشرینی دووەمی 1670ی زایینی، باس لەمردنی وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی قەڵای هەولێر دەکات، کە لەو نووسراوەدا ئاماژە بەمردنی میرزا موحەممەدی وتاربێژی مزگەوتی قەڵای شارەکە دەکات، کە لەبەڵگەنامەکەدا بەناوی مزگەوتی پیرۆزی قەڵای هەولێر ناویهێنراوە، تێیدا لەلایەن پارێزگاری قەڵای هەولێر داوا کراوە کە موحەممەد لە شوێنی ئیمامی پێشوو کە مردووە دابنرێت، لەبەرئەوەی بەشایانی ئەو کارە دانراوە کە ئەرکی پێشنوێژی و وتارخوێنی مزگەوتی قەڵای هەولێری پێبدرێت[1]، هەرچەندە ئەمە کاری دامەزراوەکانی دیکە بووە وەک ئەوقاف ئەو کارە بکات، بەڵام پارێزگاری قەڵای هەولێر خۆی ئەو کارەی کردووە، شایانی باسە مووچەی وتارخوێنی مزگەوتی پیرۆزی قەڵای هەولێر ڕۆژانە (١٠ ئاقچە) بووە، کە مانگانە دەیکردە(٣٠٠ ئاقچە) واتە مووچەی مانگانە نزیکەی یەک لەسەر چواری لیرەیەکی زێری عوسمانی بووە لەسەدەی حەڤدەهەمدا.

لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا، ڕەوتی سۆفیگەری لەهەولێر بەرەو پەرەسەندنێکی گەورە هەنگاوی ناوە، چونکە ژمارەی تەکیە و خانەقاکانی ڕێبازی سۆفیگەری زیاتر بوون، بەپێی بەدواداچوون بۆ ئەو بەڵگەنامانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە تائێستا بەردەستن، بەپێی بەڵگەنامەیەک کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی 20ی زیلحیجەی 1116ی کۆچی بەرانبەر بە 15ی نیسانی 1705 ی زائینی کە تێیدا باس لەنوێکردنەوەی شێخایەتی کەسێک بەناوی شێخ عەبدوڵڵا دەکات، کە پێشووتر لەسەر مزگەوتی سوڵتان موستەفای شاری ئیستانبوڵ بووە[2]، هەر لەو بەڵگەنامەیەدا باس لە نوێکردنەوەیەکی مەرجدار دەکات لە(زاویە)یەکەی، واتە: بە کورتی لەگۆشەی خەڵوەتەکەی لەهەولێردا، کە شێخایەتییەکەی بەردەوامی پێبدات، کەواتە نوێکردنەوەی تەریقەتیش وەک وەزیفەیەکی حکومی چاوی لێکراوە، یان بەردەوام تێیدا ڕەزامەندی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ویستوە، چونکە بەشێکی ئەوکاتە حکومەتی عوسمانی پارە و خۆراکی بەخانەقا و تەکیە و گۆشەنشینەکانی (زاویە) ڕێبازەکانی سۆفیگەری داوە، بەتایبەتی لەناوەندی شارەکان کە ئەو گۆشەنشین و خەڵوەتگایانە تەریقەت نەبووە، کە لەناوەندی دەشتەکان، پێدەشتەکان و ناوچە شاخاوییەکان هەبوونە، کە زۆرینەی مورید و پەیڕەوانیان لەکەسانی کشتکار، جووتیار و پاڵە پێکهاتبوون، بۆیە بەرهەمی خۆیان هەبووە، یان خانەقا، تەکیە و گۆشەنشینەکانی تەریقەت لەیارمەتی بەردەوامی موریدەکانیان بێبەشنەکراون، بەڵام لەشارەکاندا ئەوە نەبینراوە، بۆیە بەردەوام ئەو ناوەندانەی تەریقەت بۆ بەردەوامبوونیان داوای یارمەتیان لەئیستانبوڵ



کردووە، ئەمەیش هەرکارێکی ئاسایی بووە،

چونکە دامەزرێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی و هێزە پشتیوانەکانی وەک هێزی ئینکشاری هەڵگری تەریقەتەکانی حاجی بەکتاشی و دواتر مەولەوی جەلالەددینی




ڕۆمی و نەقشبەندی مەولانا خالیدی نوێکەرەوەی تەریقەتی نەقشەبەندی بوونە، هەتا زۆرێک لەسوڵتانەکان، سەرۆک وەزیرەکان، وەزیرەکان، والییەکان و فەرماندە سەربازییەکانی عوسمانی لەشوێنکەوتووانی ئەو تەریقەتانە بوون، بۆیە حالەتێکی ئاسایی بووە لەدەوڵەتی عوسمانیدا، کە یارمەتی بدرێن، یان هەر یەکێک لەمانەی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد بەویستی خۆیان یارمەتی ئەو شوێنانەیان داوە.

شایانی باسە دیارە ئەوکاتیش ڕۆڵی زانایان هەر لەچوارچێوەی مزگەوت، خانەقا، تەکیە و قوتابخانە ئاینییەکانی ئەوکاتدا قەتیس نەبووە، بەڵکو لەپارێزگاریکردن لەقەڵای هەولێر دوای هێرشە گەورەکانی نادرشاهی ئەفشاری بۆ سەر سنوورەکانی خۆرئاوای ئێران و هاتنەناوەوەی بۆ قوڵایی ئەیالەتەکانی شارەزوور، موصڵ و بەغداد، لەوکاتدا شاری هەولێر کە سەنجەقێک بو لەئەیالەتی شارەزوور، کەوتە بەرهێرش و هێزی نادرشای ئەفشاری و بەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لەڕۆژی ١٥ی سەفەری ١١٤٥ی کۆچی بەرانبەر بە ٧ی ئابی ١٧٣٢ی زاینی نووسراوە، تێیدا ئاماژە دەکات کە بۆ ماوەی شەش مانگ قەڵای هەولێر گەمارۆدراوە، تێیدا ئاماژە بەشێخ سەید موستەفای وتارخوێن و پێشنوێژی هەولێر لەمزگەوتی شێخ صەفییەددین دەکات، بەهۆی بەرگریکردنی لەقەڵای هەولێر چاوی ڕاستی لەو شەڕەدا لەدەستداوە، هەر لەم بەڵگەنامەیەدا ستایش و وەسفی کەسایەتی ناوبراوی تێیدایە کە کەسێکی بانگخواز، خاوەن زانست، زانیاری، ئاییندار و پیاوچاکە، کە پێنج وەسفی بەنرخی بۆ ناوبراو نووسیوە، کە ئەوکات ڕۆژانە (١٨٠ ئاقچە)ی وەرگرتوە، کە مانگانە دەیکردە (٥٤٠٠ ئاقچە) واتە نزیکەی چوار لیرەی زێڕی عوسمانی، کە لەو سەردەمدا بەهایەکی گەورەی دارایی هەبووە، بۆیە عەلی بەگ کە بەرپرسیاری بەرزی سەربازی عوسمانی بووە لەشاری هەولێر داوا لەحکومەتی بابولعالی عوسمانی لەئیستانبوڵ دەکات کە لەداهاتی ناوچەی دیاربەکر لەبەرهەم و داهاتە داراییەکانی ئەوێدا یارمەتی بدرێت بۆ شێخ سەید موستەفا دابین بکرێت[٣]. فەرماندەی سەربازی عوسمانی لەقەڵای هەولێر کە ئەو نووسراوە بۆ حکومەتەکەی بەرزدەکاتەوە و تێیدا داوادەکات کە مانگانە چوار لیرەی زێڕ بۆ ناوبراو دابین بکرێت، لەئەنجامی ئەو کارانەی شێخ سەید موستەفای ناوبراو بووە کە ئاماژەمان پێکردووە، هەروەها بەردەوامیدان بەو یادداشتەی پێشووتریش کە لەپارە و خواردن بۆی دابین کرابوو، هەرچەندە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا زاناکانی ئاینی، مزگەوت، خانەقا و تەکییەکانی دەوڵەتەکە گرنگییەکی زۆری پێدەدرا، لەبەرئەوەی یەکێ لەپایەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئاین بوو لەپاڵ پایەی سەربازی و ئابووری.


بۆیە فەرمانداری قەڵا و حاکمی سەربازی ئەوکاتی هەولێر زۆر لەخەمی ئەو زانایەدا بووە کە ژیانی دابین بکرێت، بەڵام ئەو ڕەخنەیەش دێتە پێشەوە کە بڵێین: ئایا کەسێکی تریش بریندار نەبووە، یان نەمردووە، ئایا چ داواکاریەکی دیکەی بۆ ئەوان کردووە، کە هەرچەندە بەدوای

وەڵامی ئەم پرسیارنەدا گەڕاین، بەڵام وەڵاممان دەستنەکەوت بەهۆی بەردەستنەبوونی بەڵگەنامەی پێویست لەمبارەیەوە، بەڕێژەیەکی مامناوەندیش ئەگەری ئەوە هەیە کە داواکاری خەڵکی ڕەشۆکی قەڵای هەولێریش بۆ حکومەتی بابولعالی بەرزکرابێتەوە، بەڵام وەڵام بۆ هەولێر نەگەڕابێتەوە..!

شایانی باسە دەتوانین ئاماژە بەداواکارییەکی تاکەکەسی دیاریکراو بکەین، لەپاڵ ئەو داواکاریانەی دەسەڵاتدارانی هەولێر بۆ کەسایەتییە ئاینییەکانی شارەکە کەبۆ کاربەدەستە باڵاکانی (حکومەتی بابولعالی)یان ناردوە، وەک سەید عەبدوڵڵای هەولێری لەنامەیەکی تایبەتیدا بۆ سوڵتانی عوسمانی مەحمودی یەکەم(١٦٩٦-١٧٥٤) ناردووە، کە ناوبراو ماوەی حوکمڕانییەکەی لەنێوان ساڵانی ١٧٣٠-١٧٥٤ بووە وەک سوڵتانی عوسمانی، لەو نامەیەدا سەید عەبدوڵڵا داوا دەکات کە بەراتی عالیشانی، واتە: ئەستۆپاکییەکەی بۆ نوێ بکرێتەوە لەخزمەتکردنی مەزارگای ئیمام موحەممەدی موختەفی لەشاری هەولێر، بەهۆی ئەوەی کە ماوەی خزمەتکردنەکەی بەرەو کۆتاییە و مەبەستی بەردەوامبوون لەخزمەتکردنی ئەو مەزارگایە[٤]. کە دەیەوێت بەردەوام بێت لەخزمەتکردنی ئەو مەزارگایە.

لەئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا خانەقا و مزگەوتەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەڕووی جڤاکی، سیاسی، خوێندەواری و هەڵسووڕاندنی بازاڕدا هەبووە، چونکە ئەم دوو شوێنە؛ مەڵبەندی پەرستش و جێبەجێکردنی سرووتە ئاینییەکان بوونە، بەتایبەتیش خانەقەکان لەو سەردەمیدا دەزگای چاودێری کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری بوونە، چونکە کەسانی پەککەوتە، نەخۆش، بێ شوێن و ماڵەکان، بێ دەرەتان و لێقەوماوەکان، بەساڵاچووەکان و ڕێبواران، بەهەمیشەیی لەخانەقاکان ماونەتەوە و خزمەتی ئەو چین و توێژانەیان کردووە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکردوون، بەبێ بەرانبەر لەڕووی خزمەتگوزاری گشتی بەردەست لەو سەردەمدا..!

ئەگەر زیاتر لەبەڵگەنامەکانی عوسمانی لەسەر هەولێر و دەوروبەری وردبینەوە ئەوا لەسەنجەقی کۆیە لەسەر ئەیالەتی شارەزوور کە ناوەندەکەی شاری کەرکوک بووە، لەبەرهەمی باج و خەراجی ناوچەکانی مێردین و دیاربەکر، کە لەژێر ناونیشانی (ڨۆیڨۆدا) بووە و کۆکراوەتەوە، نزیکەی سێ هەزار قورووشی لێ دراوەتە مزگەوتی شێخ لەشاری کۆیە، کە تەکییەکی تێیدا بووە، کە دوو کەس بەناوەکانی( دەروێش عومەر و مەحمود) سەرپەرشتیان کردوە و تێیدا نیشتەجێ بوونە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناوچەی مێردین هیچ داهاتێکی نەبووە لەو ساڵیدا، ئەمەش بەپێی بەڵگەنامەیەک کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٢ی ڕەجەبی ١١٩٦ کۆچی بەرانبەر بە ٢٣ی حوزەیرانی ١٧٨٢ زاینی، لەدواتردا هەوڵدراوە کە لەداهاتی (ڨۆیڨۆدا)ی ناوچەی دیاربەکر بۆ تەکیەکەی شاری کۆیە نزیکەی ٣٠٠٠ قورووش بگوزانەوە، بەڵام لەوێشدا داهاتەکەی بۆ سەربازانی دیاربەکر خەرجکراوە، لە بەڵگەنامەکەدا پێشنیازی ئەوە







خراوەتەڕوو کەدەبێت یەکێک لەسەرپەرشتیکارانی ئەو تەکییە بڕوات یان دووربخرێتەوە، کە هۆکارەکەی دیاریکراوە کەوا لایەنی دارایی و فشارخستنە سەری حکومەتی عوسمانی بەرگەی ئەو خەرجییە ناگرێت(٥). سەرئەنجام مزگەوتی شێخ لەشاری کۆیە یارمەتی داراییەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەدەست نەگەیشت و وەک ئەوەی باسمان لێوەکرد چارەنووسەکەی بەنادیاری مایەوە.

سەبارەت بە وشەی ڤۆیڤۆدا کە لەبنەڕەتدا وشەیەکی سلاڤییە (voyska vodity) کە لەدوو بڕگە پێکهاتوە، بڕگەی یەکەم: (Voy) بەمانای سەرباز دێت، بڕگەی دووەم(Vodan) بەمانای ڕابەریکردن دێت، کەواتە ڕابەری سەربازان، یان میری سەربازان مانا دەبەخشێت(٦)، ئەم وشەیە وەک سەدان وشەی تری سلاڤی و لاتینی زمانەکان هەر لەسەدەی چواردەهەمەوە هاتۆتە نێو زمانی تورکی-عوسمانی بەتایبەتی دوای داگیرکردنی ناوچەکانی سلاڤییەکان لەسەدەی چواردەهەم، تاسەدەی نۆزدەهەم لەلایەن عوسمانییەکانەوە، لەزمانی تورکی عوسمانیدا بەمشێوەیە دەنووسرا(فویفودا یان فویفود) بۆیە ئەم زاراوەیە لەیەکەمجاردا بۆ میرەکانی ناوچەکانی بوغدان(٧) کە وڵاتی مۆڵداڤیا-ڕۆمانیایە لەئێستادا، هەروەها ناوچەی ئەفلاق(٨) کە دەکەوێتە باشووری ڕۆمانیای ئێستا. کە کاری سەرەکی ئەو میرانە کۆکردنەوەی باج بووە بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی(٩) یان بریکاری حاکمی سەربازی ناوچەیەکی دیاریکراو، کە هەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی داهات بۆ خەزێنەی عوسمانی کاری دەکرد، هەندێجار وشەی (صوباشی) کە بەمانای فەرماندەی سوپا دێت لەجیاتی بەکاردەهێنرا، هەندێجاریش وشەی (کڕاڵ یان قراڵ) لە بەرامبەری بەکاردەهێنرا، بەمانای پادشای مەسیحی، یان میر لێکدەدرایەوە(١٠).

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) Osmanlı Arşivi: 1517/IE-AS.16 د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر(ئامادە و پێشکەشکردن): هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا 1078-1339 کۆچی/ 1667-1920 زایینی، وەرگێڕانی: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی دووەم، چ1، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان-خانەی بەڵگەکان، هەولێر، 2018، ل 17.

(٢) Osmanlı Arşivi: 7507/IE-EV.69 د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر(ئامادە و پێشکەشکردن): هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا 1078-1339 کۆچی/ 1667-1920 زایینی، وەرگێڕانی: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی یەکەم، چ1، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان-خانەی بەڵگەکان، هەولێر، 2018، ل 16.

(٣) Osmanlı Arşivi: 4971/C-ML.112 د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر(ئامادە و پێشکەشکردن): سەرچاوەی پێشوو، بەرگ 2، ل 22.

(٤) Osmanlı Arşivi: A-E-I/111/MAHMUD.7991 د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر(ئامادە و پێشکەشکردن): سەرچاوەی پێشوو، بەرگ 1، ل 21.

(٥) Osmanlı Arşivi: 3738/C-AS.79 د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر(ئامادە و پێشکەشکردن): سەرچاوەی پێشوو، بەرگ 2، ل 30.

(٦) MIHAI MAXIM(20013); ``VOYVODAN``,Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, 43, (s. 127-129), Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.

(٧) ABDÜLKADİR ÖZCAN (1992); ``BOĞDAN``, Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, 6, (s. 269-271), Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.

(٨) KEMAL KARPAT (1994) ``EFLAK``, Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, 10, (s. 466-469), Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.

(٩) EROL ÖZVAR (2013); ``VOYVODA``, Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, 43, (s. 129-131), Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.

(١٠) د.حسان حلاق و د. عباس صباغ: المعجم الجامع في المصطلحات العثمانية, ط1, دار النهظة العربية, بيروت-لبنان, ٢٠٠٩, ص ١٦٧.

# دیدار

- **لەگەڵ (گۆران سەباح)دا**

دیداری سمکۆ عەبدولکەریم



## گۆران سەباح:

# هیچ وەرگێڕێک ، ئەگەر باشترین وەرگێڕیش بێت ، ناتوانێ سەداسەد چێژ و فیکرەکە بگوازێتەوە

گۆران سەباح، بێ لە مرۆڤی هەرزان، کە بەم دوایانە چاپ و بڵاوی کردەوە سێ ڕۆمانی دیکەی بڵاو کردووەتەوە. شاخوێنبەری سەرکردە، ترس و ڕق و دووی سوور. ترس و ڕق و دووی سووری بە ئینگلیزیش بڵاو بوونەتەوە. (١٠) باسی لەسەر چۆنێتیی نووسینی ڕۆمانی خەیاڵی و زانستی بڵاو کردووەتەوە. دەنگێکی تازەیە لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، بەم دواییانە کۆمەڵێک خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ چەندان ڕۆمان کردووە. وەک وەرگێڕ تا ئێستە (٣٠) کتێبی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی. وەک باگراوندی ئەکادیمیش: لە ئەمریکا ماستەر و دکتۆرای لە بواری ڕۆژنامەوانی و نووسینی ڕۆمان وەرگرتووە. لە زانکۆی کانزەس لە ئەمریکا بۆ ماوەی پێنج ساڵ مامۆستا بووە. لە زۆربەی زانکۆ گەورەکانی دنیا لێکۆڵینەوەی پێشکێش و بڵاو کردووەتەوە. هەڵگری خەڵاتی باب سیگمانی ئەمریکییە بۆ بواری ڕۆژنامەوانی و خەڵاتی کاڵدەر پیکێتی ئەمریکییە لە بواری نووسین. لاوی ساڵ بوو لە کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ لە بواری نووسین و وەرگێڕان. فولبڕایت سکۆلەری ئەمریکی. جێیمس پاترسن، گەورە ڕۆماننووسی ئەمریکی، مامۆستای بووە و کۆرسێکی تایبەتی پێ گوتووە لەسەر نووسینی ڕۆمان.

بۆیە بۆ ئەم ژمارەیەی گۆڤاری دیوان ئەو دیدارمان لەگەڵی کرد

**سمکۆ عەبدولکەریم**

**پ/ کاک گۆران پێم خۆشە سەرەتا لەوەوە دەست پێبکەم، تۆ هەم وەکو وەرگێڕ، هەم وەکو ڕۆمان نووسیش بەرهەمت هەیە، ئێستاش ڕۆمانێکی تازەت نووسیووە، هەروەها هەم وەکو ڕەخنەگر و نووسەریش، دەرکەوتووی، تۆ خۆت پێت وایە کامەیانیت؟**

و/ بە ڕاستی خۆم بە ئەزموونکار دەزانم ئەوە باشتر نییە؟

من دەڵێم ئەزموون دەکەم، یانی کە بەخۆم دەڵێم ڕۆمان نووس، یان نووسەر، یان وەرگێڕ، بەڵام من ئەزموونی وەرگێڕان دەکەم، لە نووسینیش ئەزموونم هەیە، وەک ڕۆمان نووسینیش ئەزموونم هەیە هەندێک بابەتی ڕەخنەییشم هەن، بۆیە دەڵێم ئەزموون، بەڵام نازانم ئەو ئەزموونە دەمگەیەنێتە کێندەرێ.

**پ/ نا، مەبەستم ئەوەیە من چیت پێ بڵێم، یان پێتخۆشە چۆن بناسرێی؟ وەرگێر، ڕۆمان نووس، یان ڕەخنەگر؟**

و/ ڕەخنەگر، من ئەوهام

پێخۆشترە.

**پ/ ئەوهات پێ خۆشترە، بەڵام لە بواری وەرگێڕان هاتیتە ناو دونیای ئەدەب؟**

و/ بەڵێ، من تا ئێستا (٣٠) کتێبم کردوونەتە کوردی، کاتی خۆی زۆربەیانم لۆ دەزگای ئاراس وەرگێڕا. بەڕاستی من بۆ خۆم سەلیقەیەکم لەگەڵ زماندا هەیە، بەتایبەتیش کە زمانی دووەمیش کە ئینگلیزییە دەزانم، بزانم تا چەند دەتوانم ئەو کتێبە وەربگێڕمە سەر زمانی خۆم، چونکە زۆر زەحمەتە، ئێستا وەرگێڕ گەلەک زۆر بووە، بەڵام بەڕاستی کارەکەش ئەوها ئاسان نییە

**پ/ واتە بە وەرگێڕان دەستت پێکرد؟**

و/ پێش وەرگێڕانیش دەمنووسی، وتارم دەنووسی، دەکرێ بڵێین، وەکو پەیامنێر دەستم پێکرد، لە میدیا، ئەو کاتەی کە لەزانکۆ بووم، لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٠) پەیامنێری رۆژنامەی (ئاڤێستا) بووم، بابەتی رۆژنامەوانی و وتاریشم لۆیان دەنووسی، ئێستاش لەبیرمە لەسەر خوێندنەوە دەمنووسی، ئەو کاتی دەمگۆت قوتابی زانکۆ بۆ ناخوێنێتەوە؟

**پ/ یەکەم بابەتت کە وەرتگێڕا چی بوو؟**

و/ یەکەم شت کە وەرمگێڕا، تا ئێستاش بڵاو نەبوویتەوە، کورتە چیرۆکێک بوو.

**پ/ ئەمە وەکو چیرۆک، ئەی وەک کتێب؟**


و/ کتێب، ئەوەی ڕاستی بێت بە شتەکی زۆر قورس دەستم پێکرد، دەقە ئینگلیزییە ئەسلییەکەی هاملێت بوو، هاملێت ئەوەی کە شکسپیر نووسیتی زۆر زەحمەت بوو، لە (٢٠٠١) دەستم دایێ، هێشتا قوتابی زانکۆی بووم، بەوەی دەستم پێکرد، بەڵام زۆری پێوە ماندی بووم، کە وەرمگێڕا زۆر گەڕام کەس لۆی چاپ نەکردم، هەر کەس ئاوڕیشی لێنەدامەوە.

**پ/ ماوەی چەندی پێوە بووی، تا کردتە کوردی؟**

و/نزیکەی ساڵەک و دوومانگ، بەڵام دواتر دەزگای تەفسیر بۆی چاپ کردم، رۆژەک چوومە لای مامۆستا، وابزانم ناوی (موخلیس)ە، گوتی: وەڵاهی زۆرم پێخۆشە. زۆریش پێویستە، چونکە بەشی شانۆمان هەیە، هەم لە پەیمانگا، هەم لە زانکۆ، هاملێتیشمان بە کوردی نییە، ئەوەی هەیە بەعەرەبی و فارسییە، وتی: لیژنەیەکمان هەیە پێنج کەسین، هەندێکیان لە کەنەدا دادەنیشن، ئینگلیزی زانن، ئەگەر ئەوان پێیان باش بوو، ئەمە لۆت چاپ دەکەین، بە لیژنەکەیدا، هەموویان پێی سەرسام بوون، بەڕاستی هەموو پێان باش بوو، چاپیان کرد، ئەوە یەکەم ئیشم بوو، (هاملێت).

**پ/ چۆن بڕیارتدا لە کاری وەرگێڕان بەردەوام بیت؟**

و/ئەگەر ڕاستگۆ بم، بەڕاستی لۆ لایەنە ماددییەکەی، ئێستاش ئەگەر کتێبێک هەبێ پارەکی باش بدەن، دەیکەمە کوردی.




**پ / دەزانی یەکێک لەو شتانەی کە سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەو ڕاستگۆییەتە، لە کۆڕەکەی شەفیقی حاجی خدر-یش کە قسەت کرد، ئەوە بۆ من جێی سەرنج بوو؟**

و/ بەڵێ، زۆر لێم دەپرسن، زۆربەی دەزگایەکان رۆژانە، هەفتەی دوو و سێ جار تەلەفۆنم لۆ دەکەن، ئەو کتێبەمان هەیە، دەڵێم باشە، چەندم دەدەنێ، تەماشا دەکەم پارەکە کەمە نایکەم.




**پ/ دەکرێ بڵێین ئێستا پرۆسەی وەرگێڕان لای تۆ بۆتە کاری ژیان و بازرگانی؟**

و/ هەر لەسەرەتاوە، وەک تەحدایەک، حەزم لە تەحەدایەکەی هەبوو، کە کاری وەرگێڕان بکەم، بەڵام بە پلەی یەکەم ئەوەبوو لایەنی ماددی تێدابوو، خۆی سێ




**«وەرگێڕانی وشەیی سەقەتە، وەرگێڕانی ڕستەییش هەر سەقەت دەردەچێ، بە ڕەئی خۆم وەرگێڕانی هەر کتێبێک.. وەرگێڕانی فکرەکەیە، نەک وشەکان.»**

جۆرە وەرگێڕان هەیە، وەرگێڕانی نووسین، وەرگێڕانی زارەکی و وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ، ڕاستەوخۆ لەوەی کە تۆ لەکابینەیەکی، ڕاستەوخۆ کابرا قسە دەکاو تۆ دەیکەیە کوردی.

**پ/بەدیوەکەی تردا، لە وەرگێڕانی کتێبدا، تۆ پشت بە چ جۆرە شێوازێکی وەرگێڕان دەبەستی؟**

و/ بۆ وەرگێڕانی نووسین، بەڕاستی من پشت بە دەقەکە دەبەستم.

**پ/ دەزانم پشت بە دەقەکە دەبەستی، بەڵام ئایا وەرگێڕانی وشە بە وشە، یانیش چۆن دەیکوردێنی؟**

و/ وەرگێڕانی وشەیی سەقەتە، وەرگێڕانی ڕستەییش هەر سەقەت دەردەچێ، بە ڕەئی خۆم وەرگێڕانی هەر کتێبێک، وەرگێڕانی فکرەکەیە، نەک وشەکان، تۆ دەبێ وەکو نووسەرەکە، یەکەم جار دەبێ تێبیگەی بچیە ناو فیکری نووسەرەکە و تێبیگەی. ئەگەر وەکو نووسەرەکە بیرت کردەوە، سەرکەوتوو دەبیت لەوەرگێڕانەکە، ئەگەرنا زۆر بەلاڕێدا دەچی، من بۆخۆم تووشم بووە، یەک لەوانە جارەکی مامۆستا قەرەنی جەمیل بابەتەکی دامێ گوتی لۆمان وەربگێڕە بۆ گۆڤاری شێوەکاری، ئێ دەرەقەتی نەهاتم، بۆم ناردەوە، گوتی وەڵاهی باش نییە لە کۆتاییەکەی تێکوپێکت دایە، گوتم وەڵاهی دەرەقەتی نەهاتم، ئەوەندەم پێکرا، تووشی ئەو حاڵەتانە دەبی، لۆیە دەبێ بەڕاستی لەفیکری نووسەرەکەی تێبگەی، لەکتێبی ئەو ئایدیانەی دەستیان بەسەر جیهاندا گرت، کە دەزگای موکریان چاپی کرد، لەپەرەگرافێکیان عاسێ ببووم، نەمزانی چی لێبکەم، ئەو کاتی لە ڕێکخراوێکی ئەمریکی ئیشم دەکرد، کابرایەکی ئەمریکی هەبوو، دکتۆرای لەسیاسەت هەبوو، گوتم ئەو پەرەگرافەم لۆ شەرح کە بزانە ئەوە دەڵێ چی تێیناگەم، تەماشای کرد و هێنای و بردی، گوتی: نازانم چیت پێ بڵێم ئەو نووسەرە، نووسەری ئەم کتێبە، بیرمەندێکی باشە، بەڵام نووسەرەکی خراپە، تووشی ئەو شتانە دەبین، بۆیە دەبێ تێبیگەی ئەوجا بەکوردی دایبڕێژیەوە، بەڕاستی وەرگێڕ دەبێ لە هەردوو زمانەکەی وەستا بێت، ئەگەر وەستا نەبێ ناتوانێ و تێیناگەی.

**پ/ ئەو کتێبانەی کە وەرتگێڕاینە، لەسەر چ بنەمایەک بووە، مەبەستم بە داوالێکردن بووە، یان هەڵبژاردەی خۆت بووە؟**

و/ هەردووکیان، کاک بەدران کاتی خۆی لە دەزگای ئاراس کتێبێکی پێ باش بووایە، بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی، دەیگوت ئەو کتێبەمان هەیە باشە، دەیکەی. منیش وەرم دەگێڕا، جاری واش هەبوو هەڵبژاردەی خۆم بووە.

**پ/ کتێبێک لەو کتێبانەی کە خۆت هەڵتبژاردوە؟**

و/ ئەو ئایدیانەی دەستیان بەسەر جیهاندا گرت.

**پ/ بۆ، لەبەر چی ئەو کتێبەت هەڵبژارد؟**

و/ لەبەر ئەوەی، بەڕاستی ئێمەی کورد لەو فیکرە گەورانەی کە لە دونیادا هەیە سەرچاوەمان کەمە، یەک لەوانە: ئاشتی، بازاڕی ئازاد، دیموکراسی، جا ئەو ئایدیانەی دەستیان بەسەر جیهاندا گرت، باسی ئەو ئایدیانەی ئێستای ئەمریکا و ئەوروپا دەکات.

**پ/ یانی، ئامانجێکت هەبوو لەو کتێبە؟**

و/ ڕاستە، من دەڵێم بە پلەی یەکەم بۆ پارەکە بوو، بەڵام ئامانجیشم هەبوو، بۆ نموونە کتێبی (گەندەڵی و حکومەت) کە کتێبەکی زۆر زۆر دانسقەیە، پرۆفیسۆر (سوزان ئەیکرمان) لە ئەمریکا نووسیبووی، باسی گەندەڵی دەکات، گەندەڵی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەو کتێبە دەخوێنیەوە، دەڵێی ئەو ئافرەتە نووسەرە لە کوردستان ژیایە، ئەوە زۆر گرنگە، ئێمە لەو بوارە سەرچاوەمان زۆر کەمە، دەتوانم بڵێم هەرنیمانە، لەکاتێکدا هەموومان باسی گەندەڵی دەکەین، بۆیە گرنگە سەرچاوەی نووسراومان هەبێت، کتێبەکە کەکتێبێکی ئەکادیمیشە، باسی

گەندەڵی دەکات، کردمە کوردی، ئەوە هەڵبژاردەی خۆم بوو، ئێستاش لەبیرمە گۆتم کاک بەدران ئەو کتێبە کتێبەکی گەلەک باشە (حکومەت و گەندەڵی) گوتی: یەکسەر وەریگێڕە.

بۆ نموونە کتێبی (داهێنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی) باسی ئەوە دەکات، ئەو بەریتانیایە مەزنەی ئێستا، بەو بارودۆخەی ئێستای ئێمەدا تێپەڕیە، تەماشای سەندیکاکانمان بکە، کەس بە کەس نییە. ئاخر سەندیکاکان، ئەوانە کۆمەڵگە دروست دەکەن، ئەو ڕێکخراوە بچووکانە، کۆمەڵگا لەو ڕێکخراوە بچووکانە پێکهاتووە.

ئەو کتێبە باسی هەزار و هەشت سەدەکان دەکات (داهێنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی) کە چۆن لەبەریتانیا دەستی پێکرد، کۆمەڵگەی خۆیان، ئەوەی کە ئێستا هەیە، ئەو مەدەنییەتە. لە سەندیکای پزیشکان دەستیان پێکرد، دەزانی چۆن ڕێکیان خستووە؟ نابێ دکتۆر بە کەیفی خۆی بەناو کەوێ وەکو ئێستا، دەڵێی قەسابن، هەر کوو بچییە عیادەکی بەلاش و حەلاش، سەد و بیست هەزارت دەچێ.

**پ/ لەوەرگێڕاندا، پێتوایە وەرگێڕ نووسەری دووەمە، لەگەڵ ئەوەدایت وەرگێر لەسەر نووسەر فەزڵ بکرێت؟**

و/ ئەوە گرنگە، بەڕاستی ئێستا کە تۆ ڕۆمانێک وەردەگێڕیە سەر زمانی کوردی، ئێمە بێین دیعایە بۆ وەرگێڕەکە بکەین ئەوە کارێکی هەڵەیە، بەڵام دەبێ دەست خۆشی لێبکرێ، پێزانینی بۆ بکرێ، بۆ نموونە من (٣٠) کتێبم وەرگێڕایەتە سەر زمانی کوردی، ڕاستە من بۆ پارەی خۆم ئەوەم کردوە، بەڵام ئەو پێزانینە نابینم، ڕەنگە هەر ئەوەش بێ، وایکردوە من حەز نەکەم بەردەوام بم لە وەرگێڕان، چونکە پێزانین نییە.

با ئەو چیرۆکەت لۆ بگێڕمەوە: لە ئەمریکا، لە کۆڕێکی ئەدەبی بووم، گۆتیان هەر کەسە و با خۆی بناسێنێ، من هەستامەوە خۆم ناساند ئەوکاتی (١٨ - ١٩) کتێبم وەرگێڕا بوو، ئەوە باسی ساڵی (٢٠١٣) دەکەم، گوتم من ئەوەم کردییە، (١٨) کتێبیشم وەرگێڕاون، کاکە چەپڵەیان لۆ لێدام گوتیان: کەواتە تۆ دەبی زۆر دەوڵەمەند بی، ئێستا ملیۆنێر بی، گوتم: من ملیۆنێر نیمە، هیچ دەوڵەمەندیش نیم، ئەدی ئەو هەموو کتێبەت وەرگێڕایە، کو؟ گوتم: لە وڵاتیمە ئەوهایە، وەرگێڕ ئەوەندە پارەی وەرناگری، سوراوە گەیشتە کچەکی (چین)ی گوتی: من دوو کتێبم وەرگێرایە، پارەیەکی زۆر باشیشم دەست کەوتووە، بەو دوو کتێبەی.




بۆیە دەبێ هەموو وەرگێڕەک حەقی خۆی پێبدرێ، پێی بزاندرێ، بەڵام نابێ لەسەر نووسەرەکەی تەفزیل بکرێ، من لەگەڵ ئەوەیدا نیمە، بۆنموونە، ئەو وەرگێڕەی کتێبەکانی (دۆستۆیفیسکی) کردیتە ئینگلیزی زۆر بەناوبانگە زۆریش دەوڵەمەند بووە، بەڵام هەر ناوی (دۆستۆیفیسکی)دێ ناوی وەرگێڕەکەی نایێ.

**پ/ تۆ چەند کتێبت وەرگێڕاوە، دوای تۆ کەسانی دیکە هەمان بەرهەمیان وەرگێڕابێت؟**

و/ ئەوە، ئەوە، ئەوە کارەساتە لەناو کوردان، من یەکەم کەس هاملێتم وەرگێڕا، پاشە من پێنج کەسی دیکە کردیانە کوردی.

**پ/ ڕات چییە بەرامبەر ئەو بەڵێشاو وەرگێڕانەی کتێب؟**

و/ بە ڕەئی من، ساڵێ هەتا سێ کتێبیش ئاساییە، چونکە چوار مانگ دانێ بۆ کتێبێک، بەڵام زیاتر بەڕاستی دەبێتە بەڕێکردن.


**پ/ بۆ ئەوەندە ستایشی (شەفیقی حاجی خدر)ت کرد، لە ورگێڕانی ڕۆمانی (کچانی ئاگر و دوکەڵ)؟**

و/ چونکە وەرگێڕانێکی زۆر باشی بۆ ئەو ڕۆمانە کردبوو، دوای ئەوەی لەگەڵ ئینگلیزییەکەی بەراوردم کرد، بۆ ئەوەی بزانم کووی کردوە. من ئینگلیزیەکەم

**تۆ ڕۆمانێک وەردەگێڕیە سەر زمانی کوردی، ئێمە بێین دیعایە بۆ وەرگێڕەکە بکەین ئەوە کارێکی هەڵەیە.**

خوێندبووەوە، گوتم بزانم کوی هینایە. تەماشام کرد لە وەرگێڕانەکە زۆر سەرکەوتوو بووە، شایانی دەستخۆشی بوو، گوتیشم هەندەک شوێن هەیە لەگەڵت نیمە.

**پ/ وەرگێڕ چەندە موەفەقە لە گواستنەوەی ناوەڕۆک و چێژ، تۆ چۆن دەڕوانییە چێژی ناوەڕۆکی دەقی یەکەم بە بەراورد لەگەڵ دەقی دووەم کە وەرگێڕدراوە؟**



و/ دەزانی چییە؟ من مەسئولم لەو قسەیە، هیچ وەرگێڕێک، ئەگەر باشترین وەرگێڕیش بێت، ناتوانێ سەداسەد چێژ و فیکرەکە بگوازێتەوە، من ئێستاش دەڵێم ئەوەی شەفیقی سەدا هەشتاو پێنجی هینایە، بۆ نموونە کتێبەک بەئینگلیزی هەیە کرایتە عەرەبی، تۆ لە عەرەبییەوە دەیکەیە کوردی، یان کتێبەک لە ئینگلیزی، یان لە فەرەنسی، کرایتە فارسی کرایتە عەرەبی، دوایێ دەکرێتە کوردی، ئەوە هەر وێرانە.

**پ/ بۆ وەرگێڕان لای تۆ چییە؟**

و/ وەرگێڕان لای من، نووسینەوەی فیکری نووسەری یەکەمە، دەبێ تەقەمووسی نووسەری یەکەم بکەی.

**پ/ هەموو ئەو بەرهەمانەی کە وەرتگێڕاون، هەڵسەنگاندن و بەراووردییان بۆ کراوە؟**

و/ زۆربەیان بۆیان کراوە، بڕۆ تەماشای کوردیەکەی بکە زۆر خۆم بە کوردیەکەوە ماندوو کردووە، زۆر زۆر، بەڕاستی من زۆر گرنگی بە زمان دەدەم، هەفتەی بە لایەنی کەم کتێبەک دەخوێنمەوە.

**پ/ یانی زۆر دەخوێنییەوە؟**

و/ زۆر دەخوێنمەوە بەڵێ.

**پ/ زیاتر چ دەخوێنییەوە؟**

و/ زیاتر ڕۆمان دەخوینمەوە، بەڵام کتێبی دیکەش دەخوێنمەوە، وەک کتێبی سیاسی، بە تایبەتی هەر شتێک کە لە دونیادا لەسەر کورد نووسرابێ، حەزم لێیە بزانم ئەوانی دەرێ لەسەر کورد چی دەڵێن.

**پ/ ڕەئییەک هەیە پێی وایە ڕۆمان کوشتنی فیکرە، یانی ئەوەندە بایەخدان بە ڕۆمان و پڕکردنی کتێبخانەی کوردی بە وەرگێڕانی ڕۆمان و نووسینی ڕۆمان بێ دەسەڵاتی ڕۆشنبیری کوردە لە رووی فیکرەوە؟**

و/ لەسەدا هەزار دژی ئەو قسەیەم، چونکە ئاستی تاک و ئاستی کۆمەڵگە و ئاستی هەر وڵاتێک بەپێی ئاستی ڕۆمان دیاری دەکرێت، ئەگەر بتەوێ هەر کۆمەڵگایەک بخوێنییەوە، یان بزانی ئاستی ڕۆشنبیریان بەرزە یان نا، بڕۆ بزانە تاکەکانیان چەند ڕۆمان دەخوێننەوە.

**پ/ ئەوە کێ وا دەڵێ؟**

و/ ئەوە لەهەموو دونیایێ ئەو قسەیە باوە، بۆ؟ چونکە ڕۆمان بەرزترین فۆڕمی ئەدەبییە، هونەر و ئەدەبمان هەیە، لە هەردووکیاندا ڕۆمان بەرزترین فۆڕمە، بەڕاستی ئێستا ڕۆمان یەکێکە لەو پێوەرانەی کە وڵاتی پێ دەپێورێت.

**پ/ چی وڵاتی پێ دەپێورێت؟**

و/ ئاستی ڕۆشنبیریی، ئاستی

مەعریفی، ئاستی کلتووریی، بۆ ناساندنی ئەو وڵاتەش، تەماشاکە، ئێستا زمانی باڵای دونیا چییە؟ ئینگلیزییە، هەموو وڵاتانی دنیا، هەوڵ دەدەن ڕۆمانەکانیان بکەنە ئینگلیزی، بۆ؟ دەیانەوێ خۆیان بناسێنن، کۆریای باشوور چ پێویستی بەخۆناساندن هەیە؟ نەخێر بەڵام هەردەشیکەن، کۆریای باشوور پار ڕۆمانی (لاشەکانی مرۆڤ) هی ڕۆماننووس (کانگ) لەوانەیە هەڵە بم لە ناونیشانەکەی، بەڵام ڕۆمان نووسەکەی (کانگ)ە گەنجە، کردیانە ئینگلیزی (٤٠) چل ملیۆن دانەی لێفرۆشرا، ئەوە بۆ ناساندنی کۆریای باشوورە بە دونیا، ڕۆمان زۆر گرنگە، گرنگە لە چی؟ لەڕووی ئاستی مەعریفی ئاستی کلتووریی ئاستی فەلسەفی ئاستی فیکریش.

**پ/ تۆ پێت وایە هەموو پڕفرۆشتنێک و ڕەنگدانەوەیەک، یان دروستکردنی قەرەباڵغییەک، مانای وایە ئەمە شتێکی باشە؟**

و/ شەرت نییە پڕفرۆشترین ڕۆمان، باشترین ڕۆمان بێت، شەرت نییە، جاری واهەیە پروپاگندە وادەکات، ڕۆمانێک پڕفرۆشترین بێت، کەچی لەوانەیە کەچەترین ڕۆمان بێ، ئێستا لەو سەردەمەی مە، ڕێکلام شتەکی زۆر خەتەرە، چونکە شتی هیچ و پوچ گەورە دەکات، با شتەکی دیکەت پێ بڵێم لەسەر ڕۆمان، هەموو جارێ ئەو قسەیە دەکەم، ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمریکا کابرایەکی زۆر ڕۆشنبیر بوو، کتێبەکانیم هەمووی خوێندیتەوە، زۆر موتابەعەی دەکەم، لەموقابەلەیەکی دەڵێ: زۆربەی ئەو شتانەی کە لە ژیاندا فێری دەبم، لە ڕۆمانەوە فێری دەبم.

**پ/ بەڵام چ ڕۆمانێک؟**

و/ ئەو پرسیارە زۆر گرنگە، ئێستا زۆر ژانرمان هەیە، ئێمە لە کوردی، بەس دەڵێین ڕۆمان و تەواو، هیچی دیکە نازانین، بەڵام نا، ڕۆمان دەیان جۆری هەیە، بابەتێکم نووسی بە ناوی (ژانرەکانی ڕۆمان) (خەیاڵی زانستی و ژانرەکانی ڕۆمان) لەسەر ئەوەیە کە ڕۆمان چەند لقی هەیە، ئەوە جۆری خوێنەرەکە، ئەو ژانرانە دیاری دەکات، بۆ نمونە تۆ حەزت لە بابەتی سیاسییە، ڕۆمانی سیاسیمان هەیە، حەزت لە بابەتی کۆمەڵایەتییە ڕۆمانی کۆمەڵایەتیمان هەیە، حەزت لە بابەتی مێژووییە، ڕۆمانی مێژووییمان هەیە، دیوارێک هەیە لە بەریتانیا، ئەو دیوارە وەکو دیواری بەرلین، ئێستا زۆر بەناوبانگە، کاتی خۆی بەریتانیای کردۆتە دوو بەش، شەڕیان بووە، شەڕی گەورە لەسەر ئەو سنوورە، دەزانی من ئەوەم نەدەزانی، بەخوێندنەوەی ڕۆمانێک ئەوەم زانی، ڕۆمانێکی مێژوویی باسی ئەو ماوە زەمەنییە دەکات، کە لەسەر ئەو دیوارە بەشەڕ هاتوونە، یان بۆ نموونە لە سەلڤادۆر، سەلڤادۆر کە لە ساڵی (١٩٨٩) پێنج هەزار (٥٠٠٠) کەس کوژرا، گەورەترین قەشەیان کوشت، من ئەومێژووەم نەدەزانی بەڵام ڕۆمانێکم خوێندەوە، سەلڤادۆرییەک نووسی بووی، ئەوەم زانی.

**پ/ تۆ بۆ پەنات بردە بەر نووسینی ڕۆمان؟**

و/ئەوە پرسیارەکی زۆر گرنگە، چونکە وەک پێشتریش ئاماژەم بۆی کرد، ڕۆمان قورسترین فۆڕمی نووسینە، هیچ شتەک لە نووسینی

> **«ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، کتێبەکانیم هەمووی خوێندیتەوە، زۆر موتابەعەی دەکەم، لەموقابەلەیەکیدا دەڵێ: زۆربەی ئەو شتانەی کە لە ژیاندا فێری دەبم، لە ڕۆمانەوە فێری دەبم»**



ڕۆمان قورستر نییە.

**پ / بۆ ویستت ئەو ئیشە قورسە بکەی؟**

و / لەبەر ئەوەی من هێزێکم هەیە، دەمەوێ ئەو هێزە لەوێ بەکار بەرم، کە دێم ڕۆمان دەنووسم، تەحەدای خۆم دەکەم، توانای خۆم لەوێ تاقی دەکەمەوە، دواتر ئێمە گەلەک مالوێرانین لەنووسینی ڕۆمان، باشترین ڕۆمانی کوردی سەقەتترین ڕۆمانی دونیاییە. ئەوە پێیدا هەڵدەرێ کوردە. ئەوە زۆر خەتەرە، ئێستا گەنجەکانمان خراپترین ڕۆمانیان پێ باشترین ڕۆمانە.



**پ/ تۆ خۆت ئێستا، لە کوێوەی ئەو قسەیەت خۆت دەبینیەوە؟**

و/ من دەمەوێ بە قسەی ئەو خوێنەرەی، کە ڕۆژەک بە منی گوت، وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە. خوێنەرەک، خوێنەرەکی سەرسەختمە ناوی (هێمن)ە کە (دووی سوور)م بڵاوکردەوە پێم گۆت: کوو بوو؟ بە بەراورد لەگەڵ دووەکەی پێشتر. گوتی: ڕۆمانی یەکەمت ( شاخوێنبەری سەرکردە) وەکو ئەو منداڵەیە کە تازە لەدایک دەبێ، ڕۆمانی دووەمت (ترس و ڕق) لەوێندەرێ گاگۆڵەی دەکەی، لە ڕۆمانی سێیەمت (دووی سوور) پێت گرتییە، گوتی: لە ڕۆمانی چوارەمت (مرۆڤی هەرزان) گەورە بووی، ئێستا من لەو قۆناغەیدام. (جەلال بەرزنجی)ی شاعیر کە ڕۆمانەکەم لۆ ناردە کەنەدای، پێی گوتم: ئەو ڕۆمانەت زۆر زۆر باشە، جیاوازە لەهەموو ڕۆمانەکانی دیکەی کوردستان، گوتی: بە ڕۆمانی کوردی ناچێت.

**پ/ باشترین ڕۆمانی کوردی چ ڕۆمانێک بووە کە خوێندیتەوە؟**

و/ ئەگەر یەکێکی بڵێم، ئەوانی دیکە تووڕە دەبن، بەس هەر پێت دەڵێم (سپیکردنەوەی خوێن)ی فەرهاد مستەفا، (مێدیا)ی هۆشەنگ محەمەد، (فریشتەی دۆزەخ)ی باهۆز مستەفا، (ڕۆژێک لەو چاوانە هەڵتدەگرم)ی ئارام محەمەد، ئەوانە ڕۆمانی زۆر باشن.

**پ/ تۆ بۆ ئەوەندە ڕەقی لە بەرامبەر ڕۆمانی کوردی کە پێت وایە کورد وێرانە لە نووسینی ڕۆمان؟**

و/ دەزانی بۆ؟ چونکە دەمەوێ ڕاستی بکەمەوە بە غەڵەت هاتییە، هەموو ئەوانەی کە ئەزموونیان هەیە ئەوانی کە لەنەوەدەکان، یان لەهەشتایەکان دەنووسن، ڕۆماننووسی دیارن، کورد زۆر پێیان سەرسامن، هەتا نووسەرە گەنجەکانمان زۆر بەوانە سەرسامن، کەچی ئەوانە وێرانن هەر زمانی کوردییان تێکداوە، نامەوێ ناوەکان بڵێم چونکە شتەکە زۆر دیارە ئەوانەی کە ناویان هەیە چوار پێنج کەسن.

**پ/ تۆ بۆ پێت وایە ڕۆمانی کوردی بەشی زۆری بریتییە لە ووتار، ئەمە چۆنە؟**

و/ ڕۆمانی کوردی، ئەوانەی کە لەمێژە دەنووسن بە بەڵگەوە بۆت دەسەلمێنم کە وتارن، هیچ سیفەتەکی ڕۆماننووسیان تێدا نییە، زمانیان تێکدایە، ئەو نووسەرە گەنجانەی ئێستا دەنووسن هەموو تەقلیدی ئەوان دەکەنەوە، زمانیان تێکداوە تەکنیکی ڕۆماننووسینیان زۆر زەعیفە، هەروەها درێژ دادرن، کە دەڵێم ڕۆمانی کوردی لەبازنەی کلاسیک دەرنەچووە، دێ وەسفی

ئەو حەدیقەیەم لۆ دەکات پێنج لاپەڕەم لۆ دەنووسێ، نازانم دەیەوێ چی بڵێ، خۆ سەردەمی (دوستۆیفیسکی) نییە، ڕۆمانەکی هەزار لاپەڕەیی دەنووسێ.

**پ/ مەبەستت چییە لە کلاسیک؟**

و/ کلاسیک لە ڕووی بابەت نا، لە ڕووی شێوازی داڕشتن و نووسین، بۆ نموونە (دوستۆیفیسکی) کلاسیکە، وەرە بڕۆ ڕۆمانەکانی بخینەوە.

**پ/ چی کلاسیکە مەبەستت چییە؟**

و/ قوتابخانەی کلاسیکە، ئینگلیز لە کلاسیکەوە دەست پێدەکات، پێش کلاسیکیش هەیە، نووسینی کلاسیک جیاوازە زۆر لەسەرخۆیە.. ئەکشنی تێدانییە، وەسفی دوورودرێژە، درێژدادڕە، ئەوە ئەو کاتی تامی هەبوو، بەڵام بۆئێستا نا، بۆئێستا بەکەلک نایەت. ئێستا ڕۆمان نووسینمان وەکو وتارنووسین وایە چۆن؟ نموونەیەکت دەدەمێ ووتارەکی دەخوێنمەوە ووتارەکە با بڵێین هەزار ووشەیە، ئەوەندە درێژ دادڕن، دەیەوێ بڵێ هۆیەکانی تەلاقدان و زۆری تەلاقدان ئەوەیە، دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ، دێ پێشەکییەکت دەداتێ بێ مەعنا، دوایی بە پەرەگرافێکی چوار پێنج ڕستەیی ناوەڕۆکی بابەتەکەی دەخاتەڕوو.

**پ/ پێت وانییە زۆر بە گشتی قسە دەکەی، لەو وەسف و ڕیزبەندکردنانەت، یان لەو خوێندنەوە و تێگەیشتنەت بۆ ڕۆمان و ڕۆماننووسی کورد؟**

و/ تەبعەن ڕۆماننووسی ئێستا، گەنجەکان ئەوانەی کە پێشتر باسم کردن، ئەوانە خەریکە لەو بازنەیە دێنە دەرێ، کۆمەڵێکین ئێستا من پێیان دەڵێم ڕۆماننووسانی گەنج.

**پ/ پێت وایە شتێکی وا لە ئارادا بێت؟**

و/ ئەوانەی کە ناوم هێنان (هۆشەنگ محمد، باهۆز مستەفا، ئارام محمد، دڵشاد کاوانی، نەریمان کاکەسوور، هودا کازم، هێلین پالانی، کامەران خۆشناو و دڵزار حەسەن، لەگەڵ چیرۆکنووس جێگر بەختیار کە ئەویش هەولێرییە.

ئەوانە و زۆری تریش، کۆمەڵە گەنجێکن، ئیش دەکەن و دەیانەوێ لەو بازنە سەقەتەی کە نەوەکان دروستیان کرد، دەربازیان بێت. ئەوەی ڕەهەندییەکان، ڕەهەندییەکان زۆر عەشایر بوون لەعەشایەر عەشایەرتر بوون، ڕەهەندییەکان ئەو بازنە سەقەتەی ئەدەبی ڕۆمان و فیکری کوردیان دروست کرد، دەبێ ئەو بازنەیە بشکێندرێ.

**پ/ ئەو ناوانەی باست کردن، هەماهەنگییەک، گروپ بەندییەکتان هەیە؟**

و/ گروپ بەندی نییە بەس لەنزیکەوە ئاگامان لە ئیش و کاری یەکترە و پاڵپشتی یەکتری دەکەین، پەنجە لەسەر برینەکان دادەنێین، هەڵەو ڕاستی یەکرتری دەستنیشان دەکەین و یەکترمان قبوڵە، من ئەوانم پێ ڕۆماننووسە و لێیان ڕادەبینم شتی جوانتر بکەن.




واتە زیاتر لێکتر قبوڵ کردنە، نەک گرووپ بەندی، بەومانایەی خۆمان جیا بکەینەوە و بڵێین ئێمە لەوان باشترین، نا، ئێمە دەمانەوێ ئەو بازنە سەقەتە لەئەدەبی کوردی بشکێنین، بەتایبەتی لەبواری نووسینی ڕۆماندا. لەو کلاسیکییەتە بێینە دەرێ، ئەوبازە بدەین، لەبازنەی ڕەهەندییەکان بێینە دەرێ، بەسە، ئەوان زمان و تاکی کورد و ڕۆمانیان سەقەت کرد.

**پ/ تۆ بە نیازی لە داهاتوودا خۆت لە دونیای ڕۆماندا بدۆزیتەوە؟**

و/ بەڵێ، لەبەر هەندێش لە ماستەرو دکتۆرایەکەم، ڕۆمانم






خوێند، لەخوێندنەکەم مەیجەر و ماینەر هەیە، مەیجەرەکەم، واتە سەرەکییەکە، لایەنە سەرەکییەکەم ڕۆژنامەوانی بوو، بەڵام لایەنە لاوەکییەکەم لایەنی نووسین و ڕۆمان بوو، پێی دەڵێن (ئەدڤانس فێنکشن) (نووسینی ڕۆمانی پێشکەوتوو) یانی ئاستی بەرز، هەتا خولێکم لەڕۆماننووسی گەورە (جەیمس پاترسن) وەرگرت، لەسەر دەستی ئەو خولەم بینی، لەسەر نووسینی ڕۆمان، بۆیە وەک گوتم مەبەستمان تێپەڕاندنی بازنەی ڕەهەندییەکانە، تێپەڕاندنی کلاسیک و تێپەڕاندنی ئەو بوغز و ڕق و قینە و چاو پێهەڵنەهاتنەیە، کە لەنێو نووسەراندا هەیە، ئێمە چاومان پێکترهەڵدێ و ڕەخنە لەیەکتری دەگرین و پاڵپشتی یەکتری دەکەین و یەکتر ڕاست دەکەینەوە.

**پ/ ئەوە تەنیا لەسەر ئاستی هەولێرە؟**

و/ نەخێر، لەسەر ئاستی سلێمانیش هەندێ گەنج هەن: کیاکسار ئەحمەد، ئارام حەمە بۆنخۆش، فەرهاد مستەفا، میران ئەبڕام. ئاگامان لێکە و یەکتر دەناسین، لە دهۆکیش ئەو کوڕە (سەربەست) هەیە، ئەو ڕۆژە ڕۆمانەکەی خۆی لۆ ناردم، ڕۆمانەکی زۆر جوانی نووسییە، لەسەر ئاستی کەرکوکیش، (هونەر کەریم) هەیە، لەگەڵ ئەویش ئاگامان لێک هەیە، من بۆخۆم گروپێکی ڕۆماننووسانم دروست کردیە.

**پ/ لە ڕووی شێوەی زمانەوە، چ جۆرە شێوازێکی زمان ڕەچاو دەکەن؟**

و/ لەبەر ئەوەی ڕێنووسی یەکگرتوومان نییە، هەر دەزگایەک ڕێنووسەکی تایبەت بەخۆی هەیە، زمانەکی ستانداردیشمان نییە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین، هەم لەڕووی فۆرمەوە، هەم لەڕووی داڕشتنەوە، هەم لەڕووی زمانی ئەدەبیشەوە، وریا بین، زمانی وتار و زمانی ڕۆمان لێک جودا بکەینەوە، وەکو ئینگلیز لێکیان جودا کردۆتەوە، وتارێکی بزنس بخوێنەوە، یەک دونیا فەرقی هەیە لەگەڵ وتارێکی سیاسی، دەبێ ئەو جیاکارییە بکرێت، ئێمە هەموو شتێک هەر بە زمانی شیعری دەنووسین، هەموو شتێکمان زمانێکی شیعرییە، چونکە ئێمە لەشیعرەوە دەستمان پێکردوە، هەموو کورد شاعیرە، بۆیە هەوڵ دەدەین ئیش لەسەر زمان بکەین، ئێستا زۆر کەس هەیە بویتە دوژمنمان لەو گۆڕەی، بەڵام ئێمە کەس ڕەت ناکەینەوە، ئێمە دەمانەوێ تێیانپەڕێنین، لەهەشتایەکان هەتا نەوەدەکان، لەنەوەدەکان هەتا دوو هەزارەکان، لەدوو هەزارەکان هەتا ئێستا، ئەوان مەشخەڵەکەیان بەدەستەوە گرتووە، ئێمەش دەڵێین بەسە، بایی خۆتان کرد، ئیشی باش و خراپتان کرد، ئیتر مەشخەڵەکە بدەنە دەستی ئێمە، ئێمە بەرەو پێشتری دەبەین، ئێمە ددان بەوەدا دەنێین ئەگەر ئەو ڕۆماننووسانەی پێشی خۆمان نەبوونایە، ئێمە چۆن بمانزانیایە ڕۆمان چییە، ئێمە لەوان فێربووین.

**پ/ دەکرێ بڵێین ئێستا جولانەوەیەکی لەو شێوەیە لە ئارادایە؟**

و/ بەڵێ، دەزانی ئێمە بە تەمای چین؟ من ئێستا ئیش لەسەر بیردۆزێکی ڕەخنەیی کوردەواری دەکەم، هەر دەڵێن فلان کەس وایگۆ ڕاکان وایگۆ فرۆید وایگۆ. ئێمە بەخۆمان



# خوێندنەوەی کتێب

- **کچانی دووکەڵ و ئاگر، گەڕان بەدوای ناسنامە، یان ونبوون لەنێو چەوسانەوەدا**

مەسعودی مەلا هەمزە

- **هەڵوەستەیەک**

ئامانج غازی

# کچانی دووکەڵ و ئاگر، گەڕان بەدوای ناسنامە، یان ونبوون لەنێو چەوسانەوەدا






مەسعودی مەلا هەمزە

به چاوگێڕانێکی خێرا بەنێو دنیای ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیری کوردی، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد ڕایان وایە، کە: بەداخەوە نەتوانراوە ئێش و ئازارو چەوساندنەوەکانی کورد، ئەو چەرمەسەری و جینۆسایدو تاوانانەی بەرامبەر کورد کراوە سوودی لێ وەربگیردرێ و ببێتە هەوێنی بەرهەمی داهێنەرانە، بەرهەمگەلێک سنووری کوردبوون ببەزێنێ و لەنێو کتێبخانەکانی دنیادا بوونی هەبێ، ڕەخنەگرە جیهانییەکان و ڕۆژنامە بەناوبانگەکان وتاری ڕەخنەیی لەبارەوە بڵاوبکەنەوە، کێبڕکێی بەدەستهێنانی خەڵاتی جیهانی بکەن و بەدەستی بهێنن.

خاڵێکی تری جەوهەری کە هەمیشە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ و قابیلی گفتوگۆکردنە، ئەویش وەرگێڕانی پێچەوانەیە لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر، ئەگەر بە وردی توێژینەوەیەک لەبارەی ئەو بەرهەمانەوە بکەین کە لە زمانی کوردییەوە وەرگێڕردراون بۆ زمانانی زیندووی دنیا، بێگومان دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ژمارەی ئەو بەرهەمانە یەکجار کەمەو لە ئاستی پێویستدا نییە، بگرە بەشێک لەو بەرهەمانەی وەرگێڕدراون بە پەیوەندی کەسی وەرگێڕدراون لەرووی چاپکردن و بڵاوکردنەوە بەنێو سیستەمی چاپکردنی کتێب لە ناوەندە گەورەکاندا تێنەپەڕیون و زیاتر کارەکان تاکە کەسیانە ئەنجام دراون، هەر بۆیە ئەگەر بەرهەمەکەش بەرهەمێکی دانسقەو نایاب بێت، ئەوا نەیتوانیوە کاریگەری گەورە دروست بکات و ببێتە هەوێنی دروستکردنی لۆبی بۆ دۆزی کورد.

جیاواز لەم دوو خاڵەی لە سەرەوە باسمان کرد، ئەی ئەگەر بپرسین ئەرێ گەلۆ، ئێمەی کورد تاچەند توانیومانە بەرهەمەکانی خۆمان بەزمانە زیندووەکانی دنیا بنووسین و ئاستەکەی بەشێوەیەک بێ کە بتوانێ ڕەزامەندی خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بەدەست بێنێ و بڵاوبکرێتەوەو وەک بەرهەمێکی جیهانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بە مانایەکی تر ئایا نووسەرە بە ڕەگەز کوردەکانمان ئەوانەی بە زمانی تری دونیا دەنووسن توانیویانە ئاستی لۆکاڵی بوون تێپەڕێنن و بەرەو جیهانی بوون هەنگاو بنێن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە قورسەو بەڵێ و نەخێری ڕاماندەکێشێت بۆ گفتوگۆیەکی دوورو درێژ، لێ دەکرێ بۆ وەڵامی ئەم

پرسیارە ڕۆمانی «کچانی دووکەڵ و ئاگر»ی ئاڤا هوما وەک نموونە وەربگرین.

ئەم ڕۆمانە کە لەنووسینی نووسەری بەرەگەز کورد «ئاڤا هوما»یەو بەزمانی ئینگلیزی بڵاوبۆتەوە و وەرگێڕی زمانپاراو و خاوەن سەلیقەی جوان لە هەڵبژاردنی بەرهەمەکانی بۆ وەرگێڕان «شەفیقی حاجی خدر» وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم بەرهەمەی ئاڤا هوما ئەوە دەهێنێ دەیان وتاری ڕەخنەیی لەبارەوە بنووسرێت و لێکۆڵەرەوان و ئەکادیمیان توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجام بدەن.


ڕۆمانی «کچانی دووکەڵ و ئاگر» ڕۆمانێکی تەواو کوردییە، هەر لە چیرۆک و ناوەرۆک و هەڵبژاردنی کاراکتەر و شاکەسەکانەوە بیگرە تا ئەو شوێنانەی بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی لێڕوودەدات، بەومانایەی نووسەر لەنێو کەشێکی کوردیدا، لەنێو ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی لە گەلی کورد لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان دەکرێت هەوڵیداوە چیرۆکەکانی دابڕێژێت، ناکرێ بڵێین بێ هۆکارە کە کاراکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە خەڵکی «هەڵەبجە، کۆبانێ، مەریوان»ن و نووسەر هەوڵیداوە بەرگێکی کوردستانییانە بە ڕۆمانەکەی بدا، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە کوردستان خاوەنی کیانی خۆی نییەو دابەش کراوە بەسەر «ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا» و لە بەشێک لەم وڵاتانە کورد خاوەنی ناسنامەی خۆشی نییە، لەپاڵ ئەوەدا لەنێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا ئاڤا هوما بە خوێنەر دەڵێ: جیاوازی نییە لە هەر کام وڵات بین، گرنگ ئەوەیە کورد بوون بەسە بۆ ئەوەی بتچەوسێننەوە و زوڵم و زۆریت لێ بکرێ، کورد بوون ئاسانترین هۆکارە بۆ ئەوەی لەمافە سەرەتاییەکانت بێبەش بیت، لێدان، دەستگیرکردن، ئاوارەیی و دەربەدەری و مردن بە ئازارەوە ببێتە ڕۆتینی ڕۆژانەی ژیانت.

لە «کچانی دووکەڵ و ئاگر» تێدەگەیت، مادام کورد بوویت لە منداڵیتەوە بیگرە تا بە تەمەندا چوون و پیربوون و چەماوەت بەسەر گۆچانەکەتدا چێژ لە هیچ یەک لە قۆناغەکانی تەمەنت وەرناگری، لە منداڵی لەبری یاریکردن و خۆشی دەربڕین دەبێ چاوەڕێی ئەوەبیت بەبەر چاوتەوە کەس و کار و خزم گوللەباران بکرێن و بخرێنە ژێرگڵ، لە گەنجیت لەبری چوون بۆ سینەماو سەیرکردنی فیلم و چێژ وەرگرتن لە دونیا خۆت دەبیت بە فیلم و دەبێ لەمسەر بۆ ئەوسەر ڕاکەی، یان لە باشترین حاڵەتدا دەبیتە بینەری فیلمی ئەشکەنجەدانی گەنج و لاو و ژن و منداڵی شارەکەت بەدەست داگیرکەران و حوکمڕانانی کوردستان، لە پیریدا خەم بەرۆکت بەرنادا و لەبری گەڕان بەناو پارک و باخچەو هەڵمژینی هەوای پاک، دەبێ سەردانی گۆڕستان بکەیت و یادی ئازیزانت بکەیتەوە و بۆنی خوێنی گەنج و لاوانی کورد هەڵمژیت.

لە کۆتایی ڕۆمانە «٥٩٤»ی لاپەڕەییەکەدا و لە سەرنجنامەی نووسەردا، ئاڤا هوما ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێ کە کاراکتەری «فەرزادی کەمانگەر» کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر نووسینی ئەم ڕۆمانە هاوشانی کەسایەتی لەیلا نووسەر کردوویەتی بە شاکاراکتەری نێو ڕۆمانەکەو لەوێوە خوێنەر بە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە ئاشنا دەبێ.

ئەگەر بمانەوێ قسە لەسەر ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانە بکەین، بەر لە هەر شتێک دەکرێ ئەم ڕۆمانە وەک ڕۆمانێکی ژنانە بناسین، لە «کچانی دووکەڵ

**ڕۆمانی «کچانی دووکەڵ و ئاگر» ڕۆمانێکی تەواو کوردییە، هەر لە چیرۆک و ناوەرۆک و هەڵبژاردنی کاراکتەر و شاکەسەکانەوە بیگرە تا ئەو شوێنانەی بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی لێڕوودەدات**




وەرگێڕی رۆمانی کچانی دوکەڵ و ئاگر

و ئاگر» سەرباری ئەوەی گەلی کورد و سەرجەم کاراکتەرەکان چەوساوەن و دەچەوسێنرێنەوە، وەلێ نووسەر بە زمانێکی سادە و رەوانی ژنانە داکۆکی لە ژنان و کچان دەکات و پێمان دەڵێ ئەوە ژنانن دەتوانن کاریگەری گەورەیان هەبێ و رووداوەکان ئاراستە بکەن، هەر ئەوەندە نا، لەنێو رووداوەکانی رۆمانەکەدا نووسەر رامانده‌کێشێ بۆ هەندێ ئارەزووی ژنانەو حەزی هاورەگەزخوازیشمان نیشان دەدا، بەشێکیشی بۆ ململانێ و تەنانەت غیرەی نێوان ژنانیش تەرخان کردووە، ئەوە سەرباری ئەوەی پێمان دەڵێت لەنێو سیستەمێکی پاشکەوتوودا ژن بوون و کچ بوون چەندە سەختە، هەموو ئەو ترسانەمان نیشان دەدا کە دەبێ کچ و ژنێک لە پۆلیسی (امر بالمعروف و نهی عن المنكر) هەیانبێ، نەبادا بکەونە ژێر دەستیان و ئازاریان بدەن.

لە هەندێ بەشی رۆمانەکەدا نووسەر کاراکتەری ژن زۆر بەهێزتر لەپیاو نیشان دەدا و ئەوەی پیاوەکان ناتوانن جێبەجێی بکەن ژنەکان و کچەکان تەواوی دەکەن، کە پێموایە لەمەیاندا نووسەر زیادەڕەوی نەکردووە و واقیعی نێو کۆمەڵگای کوردی گواستۆتەوە، ئاخر ناکرێ کەس لەبیری بچێ لە سەردەمی خەباتی نهێنی و شاخدا ژنان چیان کرد و چ رۆڵێکی گرنگیان گێڕا و لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریشدا ژنانی شەڕڤان چۆن سەنگەرەکانیان جێنەهێشت و بەدەم گوتنەوەی سروود و دروشمەکانیان سەرکەوتنیان تۆمار کرد.

ئەم رۆمانە لە بنەڕەتدا بۆ خوێنەری کورد نەنووسراوە، بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە، بۆیە کاتێک دەست دەکەیت بە خوێندنەوەی رۆمانەکە، رێکورەوان نووسەر راتدەکێشێ بۆنێو ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کورد، بۆ چەوساندنەوە و ئەنفال، کیمیاباران و قڕکردن و کوشتن، کە لەوانەیە ئەم رووداوانە بە خوێنەرانی غەیرە کورد نامۆ بن و پێیان وابێ کەشێکی نائومێدیان بۆ دروست دەکات، بۆیە نووسەر ژیرانە لەپاڵ خستنەرووی ئەم راستییە تاڵانە دێت هەمیشە هیوا و ئومێد دەبەخشێ، چیرۆکی خۆشەویستی جوان دروست دەکا، لە کاراکتەری چیادا لەنێو ئەم هەموو ئەشکەنجەو ئازارە هەمیشە دەم بەخەندە دەردەکەوێت و هێشتا ئومێدی بە ژیان هەیە، ئەگەر تاکی کورد نەبێ کێ هەیە بتوانێ ئەو وێنە

جوانەمان بۆ دروست بکا پیاوێک لە چاوەڕوانی کوشتن و لە سێدارەدانە کەچی خەمی ئەوەیەتی چۆن کولیچەکانی ناو گیرفانی بەش بکات لەگەڵ هاوڕێکانی، ئەی کێ هەیە شۆک نەبێ بەوەی لەسەر پەتی سێدارە چیا و هاوەڵەکانی دڵیان خۆشە بەوەی کولیچەکە بەجوانی لەنێو دەمیان دەتوێتەوە.

کەواتا دەتوانین بڵێین «کچانی دووکەڵ و ئاگر» چەندە ڕۆمانێکە بۆ خستنەڕووی ئێش و ئازارو مەینەتی گەلی کورد، هاوکات وێستگەیەکە بۆ نیشاندانی بەهێزی تاکی کورد لەنێو ئازار و ستەم و تەسلیم نەبوون بەم واقیعە تاڵانە، ئەگەر بەهێزی کەسایەتی نەبێ، کچی کورد دەتوانێ لەم شاخ و داخە دڵی بەوە خۆش بێ کە هاوسەنگەرێکی ئامێرێکی میوزیکی شکاوی پێیەو دەیژەنێ و بەیەکەوە گۆرانی دەڵێن!

دەمێک ساڵە دەگوترێ کوردەکان هیچ دۆستێکیان نییە جگە لە چیاکان، بە خوێندنەوەی ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە لەم واقیعە تێدەگەین، ئاڤا هوما نەیتوانیوە لەژێر کاریگەری ئەو چەمکە دەربازی بێت، بە ئاشکرا ئەوە دەردەبڕێت کە کوردەکان هیچ دۆستێکیان نییە جگە لە چیاکان، هەربۆیە کاراکتەری شلێر لەنێو ڕۆمانەکەدا ڕوودەکاتە چیاو لەوێ درێژە بە ژیان دەدات، بەمەشەوە ناوەستێ لە ڕۆمانەکەیدا پێمان دەڵێت کە مێدیای جیهانی لە ئاست ئەو ڕووداوانەی بەسەر کورددا هاتون و دێن بێدەنگە و بایەخی پێ نادات، ناکرێ مێدیای جیهانی لە ئاست لەسێدارەدان و کۆمەڵکوژی کوردان بێ دەنگ بێت و ورتەی لێوە نەیەت، کەچی لەملاوە لەسەر کوشتنی ڕەشپێستێک دونیا بێتە دەنگ و مافی مرۆڤ لە ترۆپکدا بێت، بۆ کوردیش لە خواری خوارە بێت و مێش میوانی کەس نەبێت.

هاوکاتی ئەم دوو چەمک و ئیدیۆمە، لەملاوە ئاڤا هوما دێت پێیان دەڵێ لە شەڕی داعشدا ئەوە کورد بوو شکستی پێیان هێناو بوونە پاڵەوانی تێکشکانی ئەم تاریک پەرستانە و ئەوکات کوردتان وەک فریادڕەس نیشاندا، واتا ئاڤا هوما دەیەوێ بڵێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوکاتەی بیەوێ بایەخ دەدات و ئەوکاتەشی نەیەوێ خۆی بێ ئاگا دەکات، ئەمەش ڕایەکی دروستەو زۆرینەی کورد وا بیردەکاتەوە، کەواتا دەکرێ بڵێین ئاڤا کوردانە ئەم ڕۆمانەی بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە.

بە وردبوونەوە لەنێو بەشەکانی ئەم ڕۆمانەدا، تێدەگەین کە ئەم ڕۆمانە و ڕووداوەکانی ناوی لەنێو چەند ژینگەیەکی جیاواز نووسراون، ژینگەی «مەریوان» و دواتر تەهران و ئینجا کەنەدا و دواجاریش هەڵەبجەی بریندار، لە هەموو ژینگەکاندا نووسەر چێژ بە گرنگی شوێنەکە دەبەخشێ و عەوداڵە بەدوای دۆزینەوەی کاراکتەرەکە لەنێو ئەو ژینگە تازەیەدا، بە جۆرێک دەیەوێ پێمان بڵێ کورد تەنانەت لەسەر خاکەکەی خۆشی نامۆیە و پێویستی بە کاتە بۆ دۆزینەوەی کەسایەتی خۆی، کە لەوانەشە لەدواجاریشدا ئەو کەسایەتییە هەر خۆی نەدۆزێتەوە.

«لەیلا» شاکاراکتەری نێو ئەم ڕۆمانە لە هەر یەک لە ژینگەکان هەوڵی دۆزینەوەی خۆی دەدات، ئەم گەڕان بەدوای کەسایەتییە گەڕان نییە بەدوای ژیانێکی خۆشدا، بە قەد ئەوەی گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی کاراکتەری تاکی کورد، ئەم کاراکتەرانەی لە هەریەک لە پارچەکانی کوردستان و لە تاراوگەش خۆدۆزینەوەی یەکجار سەختە و زۆرجار مرۆڤ بەرەو نائومێدی دەبات و تا ماڵئاوایی کردنیش لە ژیان ناگات بەم خۆدۆزینەوەیە.


لەیلا تا لە مەریوانە کچە

**ئاڤا هوما دەیەوێ بڵێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوکاتەی بیەوێ بایەخ دەدات و ئەوکاتەشی نەیەوێ خۆی بێ ئاگا دەکات**

ژیکەڵانەی ماڵە و وێڵە بەدوای دیاریکردنی ئایندەی خۆی لە خوێندن و هەر پێشی ناگات، لە تەهران دەبێتە کابانێکی دەستڕەنگین و لەپاڵیشیدا لە پیشەی کتێبفرۆشییەکەی دەیەوێ خۆی بژێنێ، لە قۆناغی خۆشاردنەوە و چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی ڤیزاکەی، لەیلا خاوەنی کەسایەتییەکی سەیرە، کە هەموو حەزو خولیاکانی بە سەیرکردنی فیلم و خوێندنەوەی کتێب و پاککردنەوەی باخچەی ماڵەکەی دەبەستێتەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژی چاوەڕوانییەکەی بەسەر دەبات، لە هەر سێ قۆناغ و ژینگەی جیاوازەکەشی نەیتوانی بگات بەو خەون و خولیا و حەزەی کە لە منالییەوە هەیبوو بۆ کاری فیلمسازی و تەنانەت کڕینی کامێرایەکیش.

دوایین قۆناغی ژیانی لەیلا لە کەنەدا دەبێت، ئەو کەنەدایەی کە دەبێتە بەهەشتی وەدیهاتنی خەونەکانی، لەیلا لە کەنەداوە زاڵ دەبێت بەسەر ئەو ڕقەی بەرامبەر کارۆ هەیەتی و پێیوایە کارۆ هۆکاری لە سێدارەدانی چیای برایەتی، ئا لێرەدا ئاڤا هوما لە کاراکتەری لەیلاوە پێمان دەڵێت دەکرێ خۆشەویستی بەسەر هەموو شتێک زاڵ بێت و دەرگای خۆشبەختیت لێ بکاتەوەو گومانەکانت بڕەوێنێتەوە.

کەنەدا و سەختییەکانی، هەوراز و نشێوییەکانی بۆ لەیلا بوون بەو بەهەشتەی خەونەکانی تێدا بێنێتە دی و دواجار وەک دەرهێنەرێکی




ئاڤا هۆما نووسەری ڕۆمانی کچانی دوکەڵ و ئاگر

گەورەی سینەمایی دەربکەوێت و فیلمێک لەبارەی کورد و هاوڕێکانی بەرهەمبێنێ و لە دونیا بڵاوی بکاتەوە، پێموایە ئەو خەونەی لەیلا خەونی هەموو ئەو کوردانەیە کە دەگەنە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا و دەیانەوێ بە تواناکانیان پەیامێک بە جیهان بگەیەنن و بڵێن کوردەکان کێن و چین؟

جیا لە ناوەڕۆک، ئەم ڕۆمانە ئەوە هەڵدەگرێ لە چەند گۆشەیەکی ترەوە قسەی لەسەر بکرێ، گرنگترین خاڵ کە نووسەر لە دەقە ئینگلیزییەکەی بەکاریهێناوە و وەرگێڕی کوردیش ئاماژەی بە بەشێکیان کردووە، بەکارهێنانی کۆمەڵێک وشەو دەستەواژەی کوردییە کە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا بەکارهاتوون و نووسەر لە پەراوێزدا ڕوونی کردونەتەوە، کە ئەم کارە هەنگاوێکی گرنگە و دەکرێ بەشێک لە وشە و دەستەواژە کوردییانەکە لەنێو زمانی تری دونیاش بەکاربهێنرێ، وەک چۆن ئێستا دەیان و سەدان وشەی جیاواز دەبینین بنەچەکەیان ئینگلیزی نییە و لەنێو زمانی ئینگلیزیدا بەکاردێن، بەم هەنگاوە ئاڤا هوما ویستوویەتی لەپاڵ گەیاندنی چیرۆکی کورد بە دونیای دەرەوە هاوکات خزمەتێکیش بە زمانی کوردی بکات و وشە کوردییەکان بەرەو فەرهەنگە جیاوازەکان ببات.

لەپاڵ ئەمەشدا، لەنێو ڕۆمانی «کچانی دووکەڵ و ئاگر»دا بایەخێکی یەکجار زۆر بۆ ئەدەب و هونەر بە

شێوەیەکی گشتی و شیعر و میوزیک و فیلم بە شێوەیەکی تایبەتی دراوە، دەکرێ لەم بەکارهێنانەدا نووسەر دوو ئامانجی هەبووبێت، یەکەمیان جێکردنەوەی بەشێک لە ئەدەب و هونەر و کلتووری کورد لەنێو ئەو بەرهەمە جیهانییە بەزمانی ئینگلیزی، بە تایبەتی کە هەریەک لەم بەشانە لەنێو کورددا بۆ بەرگری بەکارهاتووە و بوونەتە ناسنامەی ناسینەوە و نیشاندانی بەرگری لای گەلی کورد.

دووەمیان دەرخستنی ئاگایی کورد و تاکی کورد لە ئەدەب و هونەری جیهانی، بەو مانایەی بە دنیا بڵێین ئەوە ئێمەین ئاگاداری دونیاین و دانەبڕاوین لێتان، ئەوە ئێوە و سیاسەتەکەتانە دەتانەوێ دامانبڕن.

خاڵێکی تری گرنگ لەم ڕۆمانەدا، کە نووسەر زۆر لێزانانە کاری لەسەر کردووە و جێی کردۆتەوە، بایەخ و گرنگی دایک و مامۆستایە، ئەو دوو کاراکتەرەی لەنێو کورددا هەمیشە ڕۆڵی پاڵەوان و قارەمان و پەروەردەکاری گرنگیان بینیوە و بەشێک بوونە لە بەزیندوو هێشتنەوەی زمان و کلتووری کورد.

لەم ڕۆمانەدا مامۆستا چیا لەپاڵ پیشەکەی دەیەوێ خوێندکارەکانی فێرکا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێن کە ئاسان دەست ناکەون و بڤەن، لە سەرووی هەموویانەوەش مێژووی کورد، لەولاشەوە بە نهێنی خەریکە لە سیستەمێکی قەدەغەدا منداڵەکان فێری زمانی کوردی دەکات.

هەرچی کاراکتەری دایکە لەم ڕۆمانەدا، لە سەرەتاوە بە زیندانی کردنی دایک و لەدایکبوونی کۆرپەکەی لە بەندینخانەدا نووسەر پێمان دەڵێ: تۆ شۆڕش و بەرگری بەند بکە، ئێمە لەوێوە لەدایک دەبین، ئەمە جیا لەوەی ئەم دایکە هەمیشە ڕێنیشاندەرە بۆ ڕۆڵەکانی و هاوکارێکی سەرسەختە لە سەرخستنی هیواو ئومێدی گەنجەکان، کە دواجار ئەم هیوا و ئومێدە هیوا و ئومێدی گەلێکی ستەمدیدەی خێرلەخۆنەدیوە.

ماوەتەوە بڵێین ناکرێ خوێنەر کە لە خوێندنەوەی وەها ڕۆمانێکی گرنگ دەبێتەوە، ڕۆڵی دیار و کاریگەری وەرگێڕێکی بەتواناو زمان پاراوی وەک «شەفیقی حاجی خدر» لەبیر بکا، ئەو وەرگێڕەی هەمیشە لە بەرهەمەکانیدا تام و بۆیەکی کوردییانەی تایبەت بەخۆی بە بەرهەمەکە دەبەخشێ و بە خوێندنەوەی «3-4» بەرهەمی ئیتر لەوانەیە پێویستت بەوە نەبێ سەیری ناوی وەرگێڕ بکەی، بەڵکو بە خوێندنەوەو بینینی وشە کوردییە جوانەکان و ئەو وشانەی خەریکە لەناودەچن و ئەو جارێکی تر زیندوویان دەکاتەوە دەکرێت بەرهەمەکە بناسیتەوە، یەکێکی تر لە خاسیەتە جوانەکانی ئەم وەرگێڕە ئەوەیە کە لێزانانە بەدوای ئەو بەرهەمانەدا دەگەڕێ کە پێویستە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و کتێبخانەی کوردی پێویستیەتی.

ئەوەی گرنگە بوترێ، پێویستە تاکی کورد ئاواتی ئەوە بخوازێ کە ژمارەی ئەو نووسەرانەی کوردن و بەزمانی بێگانە دەنووسن زیاد بکات و دەرفەتی گونجاویشیان بۆ بڕەخسێنرێ تا بە قەڵەمەکان و بەرهەمەکانیان هەوڵی بەجیهان ناساندنی دۆزی کورد بدەن و لەدواجاردا ببنە یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ لۆبی کردن بۆ کورد، ئەو گەلەی تا ئێستا خاوەنی کیانی خۆی نییە و هەر ڕۆژەو بە بیانوویێک و لەژێر هەژموونی بەرژەوەندی زلهێزێکدا دەکرێتە قوربانی.

خاڵێکی گرنگ هەیەو پێویستە بەوردی ئاماژەی پێ بکەین ئەویش بریتیە لە کێشەی هەڵەی ڕێنووس و هەڵەی چاپ، لەوانەیە کێشەی هەڵەی ڕێنووس بەهۆی نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگۆڕدرێت، بەڵام ناکرێ شابەرهەمێکی ئاوا هەڵەی چاپی زۆر تیابێ و تەنانەت لە هەندێک شوێن پیت پەڕی بێت، گومانم نییە کە نووسەرو وەرگێڕ هەڵەی خۆیان نابینن، بەڵام ئەرکی هەڵەبڕە زاڵ بێ بەسەر ئەمانەو نەهێڵێ تێپەڕێت، بەداخەوە کچانی دووکەڵ و ئاگر هەڵەی ڕێنووس و چاپیشی زۆر تێدایەو بەهیوام وەرگێڕ زاڵ بێت بەسەر ئەم کێشەیە، بەتایبەتی کە لە بەرهەمەکانی تریشی هەمان شت هەستی پێدەکرێت.

# هەڵوەستەیەک



**ئامانج غازی**

نووسینی ئەکادیمی و گەیشتن بەئاکامەکانی تێگەیشتن لەتیۆر و پراکتیکی ئامێرە موزیکییەکان سەلیقە و تێرامانی هونەری و پاڵپشتی هزری دەوێت، ئەو ڕوحییەتە هونەرییەم لە کتێبەکەی (نایف شێخانی)دا بینیوە، بەردەوامیش چاوەڕێی هەڵوێستی موکڕانەی لەوجۆرەی لێدەکەم.

لەدووتوێی ئەو توێژینەوەی نێو ئەو کتێبەدا (عود، لە دیرۆکی ڕۆژهەڵاتدا) گەڕانێکی ورد بەنێو شاکارەکانی یەکێ لەئامێرە ژێدارەکاندا دەکات، کە هەمیشە مشتومڕێکی زۆری لەسەر کراوە، شێخانی بەئاگاییەوە بەدوای سەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا گەڕاوە و پشتی پێبەستوون، کە دواجار هەموویان بەیەکەوە گۆڕانکاری ڕیشەیی دەخەنە سەر زانیارییەکانمان، سەبارەت بەچەکەرە و سەرهەڵدان و گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئامێری عود.




لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێ چەمکی هونەری بەدیدێکی ئەکادیمییانە خراونەتەڕوو، قوتابخانەکانی عود لە ڕۆژهەڵاتدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لەناساندنی پێناس و شوناسی عود، وەلێ لەهەمانکاتدا ژەنیاری فریتۆز و بەراوردکاری زانستی موزیک بۆگەیشتن بەئاکامەکانی سەرکەوتنی هونەری لەبواری بەیەکەوە بەستنەوەی (مێژوو و تیۆر و پراکتیزەکردن) کە ئەمەیان بابەتێکی نوێگەریانەیە.

(نایف شێخانی) دەیەوێ لەکۆمەڵێ پرسیاری وروژێنەرەوە هەندێ وەڵامی دڵنیاکەرەوەمان بۆبکاتە سەنگی مەحەکی بیروڕاکانی. بۆیە نووسین و گەڕان و کۆکردنەوەی سەرچاوە و دواتر بەیەکەوە بەستنەوەی زانیارییەکان لەڕۆژگارێکدا کەزۆرینەی سەرچاوە عەرەبییەکان هەولەکان بەئاراستەی خۆیان دەشکێننەوە، کارێکە پێویستی بەوردبوونەوە و هێوربوونەوەی دەمارگیری هەیە، لێرەدا شێخانی وەکو لێکۆلەرێکی پشوو درێژ بنەماکانی قوتابخانەی عود دەکاتە خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکی ناساندنی ئەو قوتابخانەیە.

لەگەڵ مێژوودا ڕێکارەکانی توێژینەوە بەرەو بەزانستکردنی موزیکی ڕۆژهەڵاتی دەبا، لەشیکردنەوە و شێواز و ستایل و مۆرک و ژەنینی ئەکادیمییانەشدا کۆمەڵێ نموونەی زیندوو دەخاتە نێو توێژینەوە زانستییەکان، کەبەڕای من ئەمە کارێکی جددی و لێوانلێوە لەکێبرکێ کردن لەگەڵ زەمەنی داهێنان و ئەفراندنی نێو قوتابخانەکانی عود و بەیەکەوە گرێدانێکی زیرەکانەی ئەو بوارەیە لەگەڵ ئەمڕۆی پێگەی ئامێری عود لە کوردستاندا.

بۆیە ئەو توێژینەوەیە دەستپێکێکی بەنرخە لەڕووی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نووسینی لێکۆلینەوەی زانستی و کردنەوەی دەروازەیەکی والا و گرنگی نووسینی ئەکادیمییە لە کوردستان، دەرئەنجام و ئاکام و ئامانجەکانی ئەم نووسینە لەوەدا بەرجەستە دەبن، کە چۆن بتواندرێ لەپێگەی ئامێرێکی ڕۆژهەڵاتییەوە بنەماکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی بەسەر نەتەوە جیاجیاکانی نێو میزۆپۆتامیا پەرش و بلاوبن، ئالێرەدا پشکی ئێمەش وەکو کورد کە لانکەزای کۆمەڵێ بابەتی زیندووین لەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا ڕۆشنایی هونەری ببینن و چیتر فەرامۆشی هونەری نەبێتە بەشی لێکۆلەر و شەونخونی (هونەرمەندانمان) بەفیڕۆ نەڕوات .

لەراستیدا کتێبەکە هەلتەکاندنێکی ڕیشەییە لە بواری شوناسی موزیکی ڕۆژهەلاتی بەگشتی و شوناس و میتۆد و شێوازەکانی ژەنینی ئامێری عود بەتایبەتی .

# هونەری

- **هەولێرو مۆسیقای مەجلیسی**

فەرهەنگ غەفوور

- **گۆرانی**

سالار کۆشار

# هەولێر و مۆسیقای مەجلیسی



فەرهەنگ غەفوور

هەولێر و دەوروبەری، بەتەواوی ناوچە دەشتایی و نزمایی و چیاییەکانەوە، ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەناو هونەرەکان بەگشتی و هونەری گۆرانی و مۆسیقای مەجلیسیدا هەیە، بەتایبەتتریش لەناو لاوک و حەیران و ئەگلنجە و بەستەدا، کە ڕیتمی تەواو ڕەسەن و کوردانەن و لەهەر کوێیەکی دونیا گوێبیستی بین، دەیناسینەوە و دەزانین کە مۆرکی هەولێر و دەوروبەرەکەی پێوەیە دیارە، هەروەک چۆن ئاخاوتن و سەخاوەت و جلوبەرگ و دابونەریت و یەکترقبوولکردن و بەخشندەیی خەڵکی مەملەکەتی هەولێری کۆن و دێرین بوونەتە کولتوور و پێی دەناسرێنەوە، هونەری مۆسیقا و گۆرانیشی ئەو تایبەتمەندییەی هەیە و لەناو هونەری دەوڵەمەندی کورد لەچوارپارچەی کوردستان دەناسرێتەوە.

هەولێر تەنیا بۆ کورد نا، بەڵکو بۆ تەواوی ئەو پێکهاتانەشی کە شانبەشانی کورد تیایدا دەژین، بۆ تەواوی ئەو غەریب و سەرهەڵگرتووانەش کە تیایدا گیرساونەتەوە، ئەو باوەشەی هونەری وەک باوەشی بۆ ژیان و گوزەرانیش بۆیان کراوە بووە و هەرگیز فەرامۆشی نەکردوون.

لاوک و حەیران و ئەگلنجە و بەستە و قۆریات و مەقام، کە بەهۆیانەوە گوزارشت لەداستانی قارەمانی و سەربردەی عاشقانی بەمراز نەگەیشتوو و دابونەریتی جوان و جوامێریی باوکوباپیران، دایکوداپیران، ڕۆڵە بەوەجەکانی دەکا، تائێستاش دەماودەم بەئەمانەتەوە هاتووە و پارێزراوە و ئەو هونەرمەندە میللییە داویەتییە دەست هونەرمەندێکی دیکەی میللی و ئەمیش هێناویە و داویەتیە ئەوانی دوای خۆی و تا گەیشتووەتە دەست خەڵکی ئەکادیمیش هەر بەردەوام بووە و پێش خراوە.

لەهەولێر و دەوروبەرەکەیدا، بەپێی جوگرافیاکەی، لاوک و حەیرانیش بڕێک تایبەتمەندیی تریان بۆ خۆیان خستووەتە ناو قاڵبە باوەکەی ئەو هونەرە، حەیرانی سەرچیایی ئەگەرچی هەمان حەیرانی پێدەشتە، بەڵام جۆرێک ڕیتم و تایبەتمەندییشی بۆ خۆی وەرگرتووە، کە ئەمە بابەتی پسپۆر و شارەزایانە قسەی لەسەر بکەن.

لاوک زیاتر سیمای خەڵکی چیا و حەیرانیش سیما و مۆرکی خەڵکی دەشتی وەرگرتووە، ئەگەرچی هەردوو ناوچەکە هەردوو شێوازی هونەرەکەشیان لەخۆ دانەبڕیوە و دەستیان پێوە گرتووە، بەڵام ئەگلەنجە و قۆریات و مەقام زیاتر تایبەت بووە بۆ ناو هەولێر و لەم جۆرە هونەرەشدا خوشک و برا تورکمانەکانیش هاوشانی کورد ئامادەیی تەوایان هەبووە و هەیە. هەرچی نەزم و بەستەی خێراشە، ئەوا لە تەواوی ناوچەکان، بۆ شایی و هەڵپەڕکێ گوتراوە و دەگوترێتەوە.

مۆسیقای مەجلیسی لەکۆڕ و کۆمەڵەی خەڵک و پێکهاتەکانی هەولێر، لەداوەت و بۆنەکاندا، ڕۆژانە و شەوانەش لەناو کۆڕ و کۆمەڵی ئاهەنگێڕدا پەیڕەو کراوە و لەڕێی ئەو هونەرەشەوە گوزارشتیان لەموعانات و ڕەسەنایەتی و داوارەواکانی کۆمەڵگاکەیان کردووە.

ئەو هونەرەی مۆسیقای مەجلیسی، ڕۆژ داوی ڕۆژ، لەگەڵ ڕۆژگاردا نوێکاریی بەسەردا هاتووە و تەنانەت کەسانی ئەکادیمیش خۆیان لەو هونەرە پەناگیر نەکردووە، بەڵکو بەشدارییان تێدا کردووە و درێژەیان پێ داوە.

هەولێر، چی وەک

# گۆرانی

مەملەکەتێکی زۆر دێرین و مێژوویی، کە لەناو مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و بەتایبەت لەمێژووی گەلی کورددا ناوێکی هەرە دیار و گەورەیە، لەشێوازە هەموو جۆرە جوگرافیاکەشی، لەدابونەریت و خەسڵەتە مرۆیی و ژیاندۆستییەکانی، لەتایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی، لەرەسەنایەتیی هونەر و کلتوور و کەلەپوورەکەی، هەر پێشەنگ بووە و کاریگەرییشی بەسەر تەواوی دەوروبەر و ناوچەکانی کوردستاندا هەبووە و هەیە.

لەم هونەری گۆرانی و مۆسیقای مەجلیسی لەهەولێر کۆمەڵێک هونەرمەندی دەسترەنگین لەسەر ئامێرەکانی موزیک، دەیان هونەرمەندی دیاری دەنگخۆشیش هەڵکەوتوون و زۆر جار و لەزۆر بۆنەدا ئاماژە بەناوەکانیان کراوە و بەرهەمەکانیان وەبیر هێنراونەتەوە و بە نەوەی رۆژگاری ئەمرۆ ئاشنا کراون.

پۆلێک هونەرمەندی دەنگخۆش و سەروەستای لاوک و حەیران و قۆریات و مەقام و ئەگلنجە و بەستە لە جوگرافیای بەربەرینی هەولێردا هاتوون و رابردوون، ئەگەر هەر بۆ وەبیرهێنانەوە ئاماژە بە هەندێکیان بکەین، ئەوا شەهابە و کاوێس ئاغا و مشکۆ و حەیدەرە کەچەڵ، حەسەن حەیران و حەسەن سیساوەیی، رەسووڵ گەردی و عوسمان حەیران، فوئاد ئەحمەد و ...... تا دەگاتە ئەو هونەرمەند و دەنگبێژانەی کە لەسەردەمی ئەمرۆماندا هەمان بناغە و رێچکەی رەسەنایەتی پەیرەودەکەن و .... چەندینی دیکە، هەریەکە و بە دەوری خۆی، رۆڵ و بەشداریی و کاریگەریی لە زیندووهێشتنەوەی ئەو هونەرەدا هەبووە و دەستاودەست و دەماودەم تا ئێرە هێناویانە..



**سالار کۆشار**

پێش هەمووشتێ گۆرانی پەیامە ، لە ناو ئەم پەیامەشدا، زمان هەیە، شێواز هەیە، مەقام هەیە، موزیک هەیە، شێوازی وتن، یان ئەدا هەیە.

ئەم پەیامەش دەبێ بەرگوێچکەکان بکەوێ ، دەبێ بەر رۆحەکان بکەوێ و ئاوێزانێک دروست بکا، بەردیدەکان بکەوێ و روانینە دوورەکان نزیک کاتەوە، دەبێ بگا ئەم پەیامە.

بۆگەیاندنی ئەم پەیامەش پێویستی بەتایبەتمەندی هونەری هەیە، پێویستی بە بەهرەی هونەرمەند هەیە، لەرۆحی هەرکەسێکدا گۆرانییەک هەیە لێ هەموو کەسێک ناتوانێ گۆرانییەکەی ناوەوەی دەربرێت، یان بگاتە ئەو بەهرەیەی بتوانێ گۆرانییەکەی ناخی دەربێنێ، یان بەدەنگ بیڵێ.

لێرەدا دەبێ بگەرێینەوە لای هونەرمەندە بەهرەدارەکان، چۆن گۆرانییەکەی ناخمان بۆدەردێنن، چۆن هەموومان پێویستمان بەوگۆرانییە هەیە، بەڵام چۆن و بە چ شێوەیەک گۆرانی دروست

دەبێ؟ کێ ئەو بەرپرسیاریەتە هەڵدەگرێ ؟ زمان، ئاواز، شیعر، موزیک، وتنی میللەتێک بەپاک و خاوێنی و بێلەکەو بێبۆن وبەرامەی گەلانی دیکە پێشکەشمان بکا؟

هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەو ئەرکە قورسە لەکۆڵدەنێ، هونەرمەندێک لەپشتی خۆیەوە نەتەوەیەک، کەلتوورێک، مێژوویێکی دوورودرێژ، لەدەنگ، ڕەنگ، هزر، دەبینێ .

دواجار ئەم پەیامە، یان ئەم گۆرانییە دەبێتە شوناسی میللەتێک، بەناوی نەتەوەیەک دەنگ وسەدای خۆی پەخشدەکا

بۆیە ئەو هونەرمەندەی هەڵدەستێ بەدروستکردنی میلۆدیەک، ئاوازێک، دەبێ ڕەچاوی هەموو ئەم شتانە بکات، ئەگینا نەدەچێتە ئەرشیفی ئەو میللەتە نەدەشمێنێتەوە، زوو لەبیردەچێتەوەو وەک ئەوەی نەوترابێ.

لەزۆربەی کاتەکانیش دەبێتە شێواندنی شوناسی هونەری ڕەسەنی ئەومیللەتە، یان ئەو گەلە .

کەواتە گۆرانی چۆن دروست دەبێ، یان ئەو پەیامانەی گۆرانی پێ دروست دەبێ چین؟

شیعر، ئاواز، دابەشکردنی موزیک، وتن .چەند جۆرێک ئاوازدانان هەن:-

جۆرێکیان ئاوازەکە هەیە، دەبێ شیعر بەپێوانەی ئاوازەکە بێ.

جۆرێکیتر شیعر هەیە ئاوازی بۆدادەنرێ، جۆرێکی تر هەیە کە دەگمەنە، ئەویش ئاواز و شیعرەکە پێکەوە لەدایک دەبن.

بۆ ئەمەش شارەزایی لەهەردوو بوارەکە پێویستە هەم ئەدەبی، هەم هونەرییەکە

ئاوازدانان بەهرەیە و هەموو ژەنیارێکیش ناتوانێ ئاوازدانێ، هەر وەکو شیعرەکە ئیلهام و بەهرەیە. کە ئاوازەکە داندرا و دڵنیابوویەوە کە ئەم ئاوازە لەهیچ شتێکی ترناچێ، بۆنی میلۆدی گەلانی دیکە و گۆرانی دیکەی لێ نایە و تازەیە.

ئینجا شیعر، شیعری گۆرانی جیاوازە و دەبێ وشەکان دەنگداربن سادەوسووک بێنە سەرزار لەهەمان کاتدا ماناداربن بەشێوەیەکی دیکە بابەت بێ.

شیعری لیریکی بێ، بەپێوانە ئاوازەکەش پێوراوبێ نابێ هیچ لەنگی و وشە قوتدان و کەرتبوونێک لەپیتەکان هەبێ، دەبێ شاعیرێک ئەو داڕشتنە بکا، نەک هەر ووشە ڕیزکردن بێ.

ئێستا ئاواز و شیعر ئامادەیە بەڵام تائێستاش هەرخامە، دەبێ بدرێتە ژەنیارێک تا بەباڵای ئاواز و شیعرەکە پێشەکی موزیکی و داڕشتنی موزیکی بۆ بکات، واتا ئەم ئاواز و شیعرە زانستی موزیکی بەبەردابکات. بەنۆتە دابەشکردنی بۆبکات لەسەر گروپی موزیک و هەموو ئامێرەکانی موزیک.

ئێستا هەرسێ پەیامەکە ئامادەیە، دەبێ بدرێتە کێ تابیگەیێنێتە گوێچکەی بیسەر، یان بینەر. بێگومان گۆرانیبێژ، گۆرانی بێژیش دەبێ لەئاستی هەرسێ پەیامەکەدابێ، بەکۆمەڵێک فلتەری دەنگ و سەدا و تاقیکرنەوەی تۆنەکانی دەنگ و موزیکداچووبێ، تا پەیامەکان وەکو خۆی بگەیێنێ، ئەگینا پەیامەکانیتریش دەسووتێنێ. لەگەڵ بێ ئاستی دەنگی گۆرانیبێژ ،کە وابێ هەرچوار پەیامەکە دەبێ کاری جدی و تاقەتپڕووکێنی بۆبکرێ دەبێ کەسانی شارەزا و بەهرەدار ئەو کارە گەورەیە بکەن، کە کۆمەڵێک پەیامە و گەلێکی پێدەناسرێتەوە. ئەگینا هەرگیز نابێتەکارێکی هونەری تەواو بەڵکو دەبێتە شێواندنی هونەری ڕەسەنیش.

لێرەدا هەرچوار پەیامەکە ئامادەیە و پێویستە گروپێکی تەواو کە زۆربەی ئامێرە موزیکییەکانی تێدابێ ئەم گۆرانییە تۆمار بکات و تێکڕای ئەم هەموو زەحمەتی و کارە وردانە پێی دەگوترێ گۆرانی.

ئەمە پێکهاتەی گۆرانییە بەشێوەی تەواو و ڕاست. دیارە کاری دەنگ و ئەندازەی دەنگ و تۆمارکردنی، ئەوە قسەی زۆرتر هەڵدەگەرێ، چونکە چۆنییەتی تۆمارکردن و ئەندازەی دەنگ و ئامێرەکان بەڕاستی کارێکی قورسە.

# لەبری بیرەوەری

- **ڕەسول بێژار گەردی ... میری حەیرانی کوردی**

ستار محەمەد ئەمین

- **نووسەران و خەباتی شاخ**

سەباح شوکر

- **(بوزیسینا) و (دالامپەر)**

فەرهاد جەمیل

## ڕەسول بێزار گەردی

# میری حەیرانی کوردی



ستار محەمەد ئەمین

هــەر کــە بــاس لــە حــەیران و پێناسە کردنی دەکرێت دەبێت بگەڕێینەوە دەشتی هەولێر و ئەو هەموو چیرۆک و ڕووداوە ڕاستەقینانەی لەکوردستان ڕوویان داوە.

حەیرانبێژی سەرکەوتوش ئەوە بووە کە توانیویێتی هەست و سۆزی خۆی تیکەڵ بەو ڕووداوانە بکات و کارەساتەکان ئەوەندە جوان بهۆنێتەوە، سەرنجی گوێگر بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

یەکێک لەو حەیرانبێژانەی دەشتی هەولێر کە بە میری حەیرانی کوردی ناوبانگی دەرکردووە، مامۆستا ڕەسوڵ بێزار گەردی هونەرمەندە، ڕەسوڵ گەردی ناوی تەواوی ڕەسوڵ ئیبراهیم سوڵتانە لەساڵی ١٩٢٢ لە هەولێر لە گوندی قەڵاتگەی دەشتی بەرانەتی لەخانەوادەیەکی ئایینپەروەر لەدایک بووە، ڕەسوڵ گەردی هەر لە منداڵیەوە باوکی کۆچی دوایی دەکات دوور لە سۆزی باوکایەتی پەروەردە دەبێت، هەر لە منداڵییەوە بەهرەی سروود و گۆرانی لێ بەدەردەکەوێت، ڕەسوڵ گەردی تاکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەبێتە سەرباز و لە شۆڕشی ڕەشید عالی گەیلانیدا بەشداری کردووەو بریندار دەبێت، لەپاشان دەبێتە پۆلیس.

لەم بارەیەوە مامۆستا جەلال خدر شارەزا لە ژیانی هونەرمەندانی شاری هەولێر و هەروەها نزیک لە مامۆستا ڕەسوڵ گەردی بۆی گێڕاوەوە و گوتی: دکتۆر عوسمان هەبوو لە هەولێرێ کە برای عەلی ئاغا بوو یەکەم کەس بوو بوویتە دکتۆر لەم شارە و عیادە دادەنێت مام ڕەسول لای ئەو ئیش دەکات ڕۆژێک کە دێتە دەوام مام ڕەسوڵ بێ تاقەت دەبێ، پرسیاری لێدەکات: بۆ وا بێ تاقەتی ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ دیسان ناوی عەسکەریم هاتۆتەوە و دەبێ ببمە عەسکەر ئەویش پێی دەڵێت دەبیە پۆلیس، ئەویش ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێ و دەبێتە پۆلیس.

هەر لەم بارەیەوە هونەرمەند باکووری دەگێڕێتەوە: من لەمنداڵی ڕەسوڵ گەردیم زۆر دەبینی، لە کۆیە لە قشڵە لەگەڵ باوکم پێکەوە پۆلیسی سوارە بوون، ئەو کاتە ئێمە ماڵمان لەناو قشڵە بوو، من جگە لەوەی ماڵمان لەوێبوو باوکیشم پۆلیس بوو لەوێ، ئەم قشڵەیە چوار قوڵەی هەبوو، ئینجا ڕەسوڵ گەردی دەهات لەم قوڵانەی قشڵەی یەک بەدەنگی خۆی هاواری دەکرد و بەدەنگێکی بەرز حەیرانی دەگوت، دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، ئێمە منالانی کۆیە، کە لەناو قشڵەکە دەژیاین گوێمان لەم دەنگە خۆشە ڕادەگرت.

ئەو ماوەی لەشاری کۆیە دەبێت پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئەو شارە دەبێت، لەو ماوەیەدا دەتوانێت پەرە بە هونەرەکەی خۆی بدات و شارەزاییەکی باش لە گوتنی مەقام پەیدا بکات و بەردەوام بێت لە حەیران گووتن و بەستە و مەقامی کوردی، لەم ماوەیەدا دەتوانێ شارەزایی خۆی بنوێنێ لە گوتنی حەیران و مەقام، هەروەها بەماوەیەکی کورت دەتوانێ لە شاری کۆیە ناوبانگ دەربکات و ببێتە خۆشەویستی شاری کۆیە.

لەم بارەیەوە مامۆستا باکووری دەڵێت: هەتا لەکۆیە بوو بە بەردەوامی دەهاتە ماڵی ئێمە پەیوەندی لەگەڵ



باوکم زۆر خۆش بوو هەر وەکو کوڕی ماڵێی لێهاتبوو، مامۆستا جەلال خدر دەڵێ: ئەگەر باسی ڕەسوڵ گەردی و هونەرەکەی بکەم دەبێ باسی دوکانەکەی مامم حەمەدەمین بکەم، چونکە لەوێدا زیاتر مامۆستا ڕەسوڵ گەردیم ناسی، لەبەر ئەوەی مام حەمەدەمین ناسراوبوو بە حەمەدەمین پۆلیس، لە کاتی خۆی لەگەڵ ڕەسوڵ گەردی پێکەوە پۆلیس بوون دوای ئەوەی خانەنشین دەبێ دوکانەکی بەقاڵی لەسەر پردی تەعجیلی دانابوو هەموو ئێواران هونەرمەندەکانی شاری هەولێریم لەوێ دەبینی (تاهێرتۆفیق، مشکۆی هەولێری و حەیدەرە کەچەڵ) ڕەسوڵ گەردیم لەوێ دەدیت کە دەهاتنە لای مامم، ئەو پەیوەندییەی من لە ساڵەکانی ١٩٦٣-١٩٦٤ لەگەڵ مامۆستا ڕەسوڵ گەردی لە ڕێگای حەمەدەمین پۆلیسی مامم بووە.

دیارە دوای ئەوەی لەشاری کۆیە نەقل دەکرێ بۆ شاری ڕانیە لە ناوچەی میرزا ڕۆستەم جێنشین دەبێ و لەوێ لە ساڵی 1944 هاوسەرگیری دەکا، ژیانی هاوسەری پێک دێنێت. تاوەکو ساڵی 1947 لە میرزا ڕۆستەم دەبێت و لە دوایی دەگەڕێتەوە بۆ ناو شاری هەولێر لەگەڕەکی تەیراوە، فلکەی ئێستای شێخ مەحمودی جێنشین دەبێت، ماڵەکەی ڕەسوڵ گەردی وەک شوێنێکی پێکگەیشتن و بنکەیەک وابوو بۆ هونەرمەندان.

لەو بارەیەوە هونەرمەند هەندرێن خۆشناو کە نەوەی مام ڕەسوڵە واتە کوڕی کچیەتی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: باپیرم پیاوەکی زۆر میوان دۆست بووە، ئەوەی من لەبیرمە ماڵەکەی ڕەسوڵ گەردی هەرگیز بێ میوان نەبووە بە تایبەتی بۆ هونەرمەندانی کوردستان و عێراقیش، ماڵەکەی وەکو دیوەخانێکی گەورەی هونەری لێهاتبوو ببووە ماڵی هەموو هونەرمەندان.

ڕەسوڵ گەردی جگە لەوەی ماڵەکەی سەنتەرێک بووە بۆ هونەرمەندان لەهەمان کاتیشدا زۆر مەوقیفی لەخۆ بوردەیی و پیاوەتی لێ دەگێرنەوە، مامۆستا جەلال خدر چەندین نموونەمان بۆ دەگێڕێتەوە دەڵێت: ساڵی 1989 مام ڕەسوڵ بەتەمای سەفەری حەج کردن بوو بۆ ماڵی خوا، ئێوارەیەک لە چایخانەی مام عەبد دانیشتبووم مام ڕەسوڵ هات گوتی وەرە با بچینە ماڵی بابی یەشاری مەبەستی (مشکۆی هەولێری)بوو، ئەو کاتە هونەرمەند مشکۆ نەخۆش کەوتبوو پێویستی بە نەشتەگەری هەبوو، لەگەڵ مام ڕەسوڵ چووین بۆ ماڵی مشکۆ، کە چووین لەسەر جێگا ڕاکشابوو، کۆمەڵێک خەڵک و هونەرمەند لەوێ دانیشتبوون لەوانە مستەفا ڕەئوف و جەودەت شاکر، دوای چۆنی و چاکی، مام



ڕەسوڵ زەرفێکی لەگیرفانی دەرهێنا و گوتی: ئەوساڵ بەتەمای سەفەری حەج بووم بەڵام ئەوە پارەکەم بۆ تۆ هێناوە نەشتەرگەریەکەتی پێ بکە، لە کاتێکی تر من دەچم بۆ حەج بەڵام مشکۆ پارەکەی لێ وەرنەگرت، پێی دەڵێت من ناوێرم نەشتەگەری بکەم، سوپاسی هەڵوێستی مامۆستا ڕەسوڵ گەردی کرد.

دەربارەی چوونی مامۆستا ڕەسوڵ گەردی بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا لە ساڵی 1947 لەسەر زاری خۆی لەو ڤیدیۆیەی کە کاتی خۆی بۆ گەلی کوردستان تۆماری کردووە لەکاتی سەردانی کردنی چەند نووسەرو هونەرمەندێک بەم دواییە لەلایەن هونەرمەند هەندرێن خۆشناو بەدەستمان گەیشتووە کەخۆی باسی دەکات و دەڵێت: (کەسی خاری ئێمە کە چووینە ئێزگە تەنیا عەلی مەردان لەوێ بوو، دەتوانم بڵێم ئەو ئێزگەیە لەسەر دەستی ئەو چوار پێنج گۆرانی بێژە پێش کەوت من و عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و نەسرین شێروان بوو) ڕەسوڵ گەردی یەکەم کەس بووە ڕووی لە ئێزگەی کوردی بەغدا کردووە و حەیرانی تۆمارکردووە هەر لە سەرەتاوە زۆر بەجوانی ئەدای حەیرانەکانی کردووە.

لەسەر ئەداکردنی حەیران بەم شێوە جوان و ڕێکوپێکە مامۆستا جەلال خدر دەڵێت: مامۆستا ڕەسوڵ گەردی یەکەم کەس بووە حەیران بباتە ئێزگەی کوردی بەغدا، دەمەوێ شتێک لەسەر مام ڕەسوڵ بگێڕمەوە، ئەگەر باس لە حەیران بکەین هەمووی لەسەر نەغمەی بەیات وتراوە وەکو مام خدری خرابەدراوی و حەسەن حەیران و مستەفا بەگ و حەمەد بەگ و عوسمان حەیران ئەوانە هەر هەموویان لەسەر نەغمەی بەیات حەیرانیان گووتوە تەنیا کەسێک نەبێ کە ناوی بەکرە کەچەڵ بوو، چایخانەی موعەلەقی هەبوو لە هەولێرێ کە لەساڵی 1961 کۆچی دوایی کردووە، تەنیا ئەو لەسەر نەغمەی مەقامی حیجاز مەقامی گووتوە.

لێرەدا دەمەوێ باس لە زیرەکی لێهاتوویی مامۆستا ڕەسوڵ گەردی بکەم جارێکیان کە دەچێتە ئێزگەی کوردی لەساڵی 1958 بۆئەوەی حەیرانێک تۆمار بکا هەموومان دەزانین حەیران لەسەر نەغمەی بەیاتە، کەچی مۆسیقا ژەنەکان یەکسەر دەچن لەسەر نەغمەی سەبا مۆسیقاکەی بۆ دەژەنن، دیارە ئەوەش بۆ حەیران بێژ زەحمەت دەبێ کەچی مامۆستا ڕەسوڵ گەردی زۆر بە ئاسانی لەسەر نەغمەی سەبا حەیرانەکە تۆمار دەکا، ئەوەش لێهاتوویی مامۆستا ڕەسوڵمان بۆ دەردەخات.

هەر لەم بارەیەوە هونەرمەند سابیر عەبدولرەحمان باس لە لایەنی هونەری حەیران و بلیمەتی مامۆستا ڕەسوڵ گەردیمان بۆ دەکات و دەڵێت: مامۆستا ڕەسوڵ گەردی لە هونەردا جەرائەتی گەورەی هەبووە و قوربانی زۆریشی داوە، توانی حەیران لەگەڵ مۆسیقا لە ئێزگە تۆماربکا، دیارە لە سەردەمی ئەو حەیرانبێژ زۆر بووینە بەڵام کەس ئەو ئازایەتیەی تێدا نەبووە بچێ لەگەڵ تیپی مۆسیقا بە کۆپلات حەیران بڵێت، تەنیا پێش



ئەو لەگەڵ شمشاڵ حەیران وتراوە، مامۆستا ڕەسوڵ فەزڵی یەکەمی لەسەر حەیرانی کوردییە ئینجا دووەمیان لەسەر جەماوەر و خەڵکی کوردستانە، چونکە خزمەتی هونەری حەیران و هونەرەکەی کردیە، ئەوەی لە باب و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە هەر هەمووی بە ئەمانەتەوە تۆمار کردووە و بۆ نەوەکانی ئێمەش ئەو ئەرشیفە دەمێنێتەوە.

لە بارەی نیشتمانپەروەریش هونەرمەند ڕەسوڵ گەردی گیانێکی پڕ لە کوردپەروەری هەبووە، هەروەها بەشداری لە زۆربەی ئەو ئاهەنگە نەتەوەییانە کردووە، بە تایبەتی هەموو ئەو ئاهەنگانەی نەورۆز جا چ ئەوانەی بە ئاشکرا چ بە نهێنی ئاهەنگەکانی بە سروود و حەیران دەرازاندەوە، بە تێکستە ڕەسەنەکان بەشداری دەکرد هانی ئامادەبووانی دەدا کە گەل و نیشتمانەکەی خۆیان خۆش بوێت لەبەر ئەوەی حەیرانەکانی مام ڕەسوڵ ستایلێکی تایبەت بە خۆیەتی، زۆر کەس ویستوویانە لاسایی بکەنەوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووینە لەبەر ئەوەی ئەو ستایلەی ئەو تایبەتە بەخۆی، زۆر کەسی تر حەیرانیان گۆتیە لەوانە حەسەن حەیران کە ستایلی تایبەتی خۆی هەبووە، هەروەها حەسەن سیساوە و کاوێس ئاغا و زۆری تر، بەڵام حەیرانی ڕەسەن لە دەشتی هەولێرو مولکیە و کەندێناوە و قەراج، مام ڕەسوڵ گەردی ئەوەی چەسپاندوە، بە تایبەتی ئەو فۆنەتیک و لەهجە کوردەوارییە ڕەسەنەی دەشتی هەولێری کە حەیرانی پێگوتوە، بۆ نموونە کە دیگووت (ئەوجا دەرێم نەیدەگوت ئەوجا دەلێم دەیووت دەرێم ئەری بابە ئەنگۆ برۆننێ) ئەوهای گۆتییە هەر کە گوێگر گوێی لە حەیرانەکانی بێت لە شوێنی خۆی بیلاوێنێتەوە.

مام ڕەسوڵ لە ڤیدیۆیەکی تۆمارکراودا کە لای من پارێزراوە گلەیی لەو هونەرمەندانە دەکات کە دەسکاری تێکستەکانی ئەویان کردووە و دەڵێت: (کەسی خاری 289 حەیرانم بڵاوکردیتەوە، لە گوڵبژێر و گوڵەمێخەکەی کوردستان، بەڵام بەداخەوە هەندێ کەس هاتوون لەدوای من گوتیتیانەوە بەڵام حەیفە. کرک و باریان کردیە، ئەوە لە سەری سەفینی کەنگی ئەوهایە ئەوان وایان لێکردیە چونکە ئەو حەیرانانە هەمووی دەبێ بگاتە یەکتری و لە جێی خۆی تەسلیمی یەکتری بکرێن).

هونەرمەند باکوری باس لە زانایی مامۆستا ڕەسوڵ گەردی دەکاو دەڵێت: بە ڕاستی زۆر زانایانەو وەستایانە وشەکان ڕێک دەخات و من ئەو کتێبانەی کە تێکستەکانی تێدا بڵاوکردیتەوە دەیانخوێنمەوە زۆر چێژیان لێ وەردەگرم، جا وەرە ڕەسوڵ گەردی بەو دەنگە ڕەسەنەی خۆی بۆتی بلێتەوە دەبێ چۆن بێت، هەروەها مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی دەڵێ: ئەگەر باس لە میلۆدییەکانی حەیران لە دەشتی هەولێر بکەین، ئەوە



ڕەسوڵ گەردی بە سەفیری ئەو هونەرە دادەنرێت، هەروەها تاکە کەسە کە بتوانێت حەیران بەو شێوەیە بەرجەستە بکات، جگە لەوەی ڕەسوڵ گەردی بە میری حەیرانی کوردی ناو دەبرێت کاتێک کە پێشمەرگەش بووە لەگەڵ تیپی مۆسیقای شۆڕش گەلێک سروودی نیشتمانی تۆمار کردووە زۆربەی تێکستەکانیش دەیووت: ئەوانە ئی خۆمن کە ڕەسەنایەتی زۆری پێوە دیاربوو لە زۆربەی زۆری سروودەکانیدا ناوی پێشمەرگە و کورد و کوردستانی دەهێنا.

لە یەکێک لەو ڤیدۆیانەی کە بەدەنگ وڕەنگ لای خۆم بەشی دۆکیۆمێنتی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر پارێزراوە دەڵێت: هەموومان، هەموومان دەبێ قوربانی ئەو کوردستانە بین، دەبێ دڵمان لەگەڵ ئەو کوردستانەیدا بێت.

**ئەم راپۆرتە بەشێکە لە بەرنامەیەکی تایبەتی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان – هەولێر**

# نووسەران و خەباتی شاخ

**سەباح شوکر**

لە مانگی پووشپەڕی (حوزەیران)ی ساڵی (١٩٨٥) لەگەڵ (حەمە موکری)ی چیرۆکنووس، لە نزیک مزگەوتی دێی بالیسان بووین، لەپڕ لە دوورەوە دەنگی کۆپتەرێک هات، تا دەهات دەنگەکە نزیکتر دەبووەوە، قیژە و هاتوهاراى ژن و منداڵان ئەوناوی پڕکردبوو، پێشمەرگەکان




دوو دوو، سێ سێ، بەپەلە خۆیان دەگەیاندە سەنگەرێک، سێ کۆپتەر، یەکی گەورە و دووی بچووک بەسەر ئاسمانی ئەوناوەدا تێپەڕین.

کەس تەقەی لێنەکردن، زۆر جاریتر، کۆپتەر بە ئاسمانی دۆڵی بالیساندا گوزەریان کردووە.

لەو کاتەدا (حەمەی موکری) بڕنۆیەکی لە شان بوو، منیش دەمانچەیەک، گوتی: با بڕۆین، پێکەوە بەرەو لای ماڵی (سەعدوڵا پەرۆش)ی شاعیر ڕۆیشتین، ماڵی شاعیران (سەعدوڵا پەرۆش، خەلیل دهۆکی و جەوهەر کرمانج) لە یەک نزیک بوون.

کاتێک گەیشتینە لایان لەنهۆمی خانووی سەرەوە تەماشای کۆپتەرەکانمان دەکرد، کە لەسەر دێی چیوەدا دەسووڕانەوە بۆلای بالیسان. (حەمە موکری) گوتی: ئێوە بە منداڵەوە بڕۆنە خوارەوە ئەو کۆپتەرانە بۆ شەڕ هاتوون، بەر هەیوانێکی فراوان بوو ماڵ و باخچە و جادەکەی لێدیار بوو، دوو کۆپتەرە بچووکەکە لوولەی دۆشکەیان دیار بوو هەرکە نزیک بوونەوە، تەقەی کلاشینکۆف و ئارپیچی و دۆشکەی (قادر دۆشکە)ی بەگڕ کەوتن، لەو گوللە بارانەیدا دوو کۆپتەرەکەش بە دۆشکە کوێرانە (بالیسان)یان کوتا ، لەوکاتەیدا (حەمە) بە بڕنۆکەی جارێک لەملا و جارێک لەولا تەقەی لە کۆپتەرەکان دەکرد، ئەوە بۆمن دیمەنێکی سەیر بوو! لە لایەک بۆیەکەمجار بوو شەڕی کۆپتەر و پێشمەرگە لەفیلمی سینەماوە بۆ ڕاستی ببینم، دوو، بەرگری نووسەرێک لە خاکەکەی، کە زۆر نەبوو (چیرۆکی سەگوەڕ)ی نووسی بوو، لەسەر ئەو چیرۆکە چەند پێشمەرگەیەک هەڕەشەیان لێکرد بوو. (مام جەلال)یش بەوتارێک بەرگری لێکردبوو.

دوای نیو سەعاتێک کۆپتەرەکان ئاسمانی (بالیسان)یان بەجێ هێشت و ئارامی کەوتەوە ناو دێیەکە.

دکتۆر کەمال خۆشناو، بەرپرسی مەڵبەندی سێی (یەکێتیی) بوو بە مەفرەزەیەکەوە هاتە ناو خەڵکەوە و ئامۆژگاری دایە پێشمەرگە و جووتیاران، بۆ ئەوەی ئەوڕۆژە ئاگاداری خۆیان بن.

هەروەها مەترسی هێرشیش هەبوو بۆسەر ناوچەکە، بە تایبەتیش لای جادەی (بێتواتە) بۆیە ئێواران مەفرەزەی بچووک بچووک بەنهێنییەوە دابەشی سەرچیا و شاخەکان دەبوون.

ئێوارەیەک لە دێی (کانی بەرد)ی نێوان (بالیسان و شێخ وەسانان) کە نووسینگەی



ڕاگەیاندنی مەڵبەندی سێی لێبوو، کە(پێشڕەو سەید برایم) بەرپرسی بوو، وێڕای چالاکی پێشمەرگە، جاربەجاریش کتێب و ئەدەبیاتیش چاپ دەکرا، ئێوارەیەک میوانی شاعیر (ئازاد ئەحمەد ئەسوەد) بووم، هەریەک لە (مەریوان وریا قانع و حەمە موکری و شوانی عەبدوڵا سەراج و برایمی شێوەکار و تاهیر خەلیلی گۆرانیبێژ و حاکم جەمال و فەیسەڵ دێهاتی و چاپوک و ڕابەری سەید برایم و سەڵاحە ڕەش و مەجید خۆشناو) لەنێو خۆیاندا باسی نووسین و دونیای کتێب و بەرگری لە کوردستانیان دەکرد.

لەو قۆناغە سەختەدا نووسەران دەستێکیان چەک و دەستێکیان قەڵەم بوو، هەر ئەو کاتە تاهیر خەلیل و مامۆستا مەجید خۆشناو خەریکی دانانی ئاوازێک بوون بۆ شیعری (لە قەندیلی سەربەرزەوە.. وەڵامت بۆ دەنێرمەوە) دواییش لە یادی پۆلێ شەهیدی (یەکێتیی) بۆ یەکەم جار بە گۆرانی بڵاوکرایەوە.

هەروەها کاکە (عەبەی شێوەکار) خاوەنی چەندین تابلۆی شێوەکاری بەرگری و کۆمیدی و تراژیدیا بوو، کارە هونەرییەکانی لەبڵاوکراوەکانی شۆڕش بڵاو دەکرایەوە.

یەکێک لەو تابلۆیانەی تا ئەمڕۆکەش لە یادمە، تابلۆیەک بوو کە تەعبیری لەکۆچ و ئاوارەیی دەکرد، ژنێکی دووگیان، منداڵێکی لەکۆڵە و یەکێکی لەدەستە، پیاوەکەش پێشمەرگەیە و لەلایەک لانکەی منداڵەکەی لەشانە و لەلایەکی دی کلاشینکۆف و مەخزەن و مەتارەی ئاوی پێیە، لەبڕی مەخزەنەکانیش (شوشە شیر) و سەرلوولەی کلاشینکۆفەکەشی (مەمەی منداڵ)ی بەسەرەوە بوو

لەو قۆناغە سەختەی شۆڕشی نوێ گەلەکەماندا، بە سەدان نووسەر وڕۆشنبیر سەنگەری بەرگرییان وەک پێشمەرگە هەڵبژاردبوو، بە قەڵەم و چەک، چەندین شاکاری ئەدەبیات نووسرایەوە، (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شێوەکاری، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ڕەخنە)ی ئەو سەردەمی، ئێستاش جێگای خۆیان گرتووە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، دیارە هەر لەو قۆناغەشدا ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی شار بە دڵسۆزیەوە لە ڕێگای نووسینەکانیانەوە بەناوی (نهێنی) بەشداری ئەدەبیاتی شۆڕشیان کردووە ئەوەش جێگای شانازییە لە نێوان نووسەرانی (شار و شاخ)دا.

# (بوزیسینا) و (دالامپەر)



فەرهاد جەمیل

(بوزیسینا) و (دالامپەر) دووکوێستانی دەستە خوشکی نێوان سێ سنووری دەستکردن، کەوتونەتە نێوان باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لەدیوی باکوور (شەمزینا) و(گارە ) لەدیوی باشور (خنێرە) و (لۆلان) لۆرانیشی پێدەڵێن لەڕۆژهەڵات مەرگەوەڕە کوێستانی خۆش ودڵگیرن، ئای کە دەچی بۆ ئەوێ تاچاو دیدە بکات هەر جوانی دەبینی، جاران سەدان ڕانە مەڕ و ئاژەڵێکی زۆری لێ بەخێو دەکرا کۆچەران و ڕەوەندایەتی هەرسێ لا هۆبە بەهۆبە دابەش دەبوون باروبنەیان دەخست ڕەشماڵیان هەڵدەدان (بێری)و شوان تێکەڵ دەبوون بەشمشاڵەکانیان ئاوازی کوردانەیان دەچڕی، هەریەکە بە شێوازی تایبەتی خۆی بانگی لە (بێریان) ڕادەهێشت و چاوی عیشق و خۆشەویستیان لەیەک دەبڕی هیوای پێکەوەنانی ماڵی تازەیان دەبەخشی وەلێ مخابن ئێستا بەدانانی پایگای زۆر و بۆردمانی فرۆکەکانی هەرسێ وڵات و کەمین و مین دانانەوە و جۆرەها ڕێگری تر و ئاستەنگ دروستکردن بۆ هاتووچۆی کۆچەران کوێستان و گەرمیان کردن کەم بۆتەوە زۆریان بەو هۆکارانەوە دەستبەرداری مەڕداری بوون، ئاخر بوزیسینا دەستەخوشکی قەندیلە و هەمیشە تارای سپی بەسەرەوەیە، بەفر بۆتە کۆڵە پشتی و لێینابێتەوە هەرکە گەرمای هاوین نەختێ مێرووولەی کرد شەختەی ناخی کەمێ توایەوە چاڵاوەکان پڕئاو دەبن شێوەی نیمچە دەریاچە وەردەگرن، ئاشگێڕە ئاو لەهەموو لایەک شۆڕ دەبنەوە کانیلە مێرگان سەوز دەکەن جۆگەلە ئاو ڕێچکە دەبەستن وەیکە بێری بەو تەزرە ئاوانەوە پرچی یەکتر دەهۆننەوە و کەزی دوو قاف و سێ قاف بۆیەکتر دەبەستن، یان کەزی و جۆگەلە ئاو پێکەوە بەکەند و لەندان سەربەرەو لێژ دەبنەوە لەجێ ژووانێ بەیەک دەگەن هەردوو ڕوباری گەڵیێ (بێنارێ)کە سەرچاوەی ئاوەکەی (دالامپەرە ) سوورە دووکەڵ لەبوزی سینا سەرچاوە دەگرێ و بە تەنیشت دزێی مەرگەوەڕ ڕەتدەبێ دروست هەرکە گەرما کەمێک هێزی دابەرخۆ بەدرێژایی گەلیێ (بێنارێ )دەستە دەستە تاخمێ کیژۆڵان و کوڕگەل بە هەرەوەزی و درێژایی ڕووبار خورییان)دەخەنە سەر تاتە بەردان و وەبەرکوتکایان دەدەن بەداخەوە ئێستا پولێکی قەڵپ ناکاو فڕێ دەدرێ جاران پارەی ئالیکی زستانی پەزو وڵساتی دەستەبەر دەکرد دۆشەگ و باڵیف و لێفەی خوری بووک و زاوای لێدروستدەکرا لە موو ڕەشماڵ و گوریس و تەنگە وەبەر دەهات

لەگەڵ وەشانی هەرکوتێک ڕشێنە ئاو دەڕژانە سەر باخەڵ و مەمک ڕشێن دەبوون ئەو گوپکە مەمانە هێواش هێواش چۆڕاوگەیان دەبەست دیمەنەکە مەستی خەیاڵانی دەکردی دەگەڕێمەوە ئەوێ ڕۆژێ وەی کەچاو سێرە دەگرێ نەخشی ئەو جوانیە لەهزرا پەخش دەکاتەوە چ دامانێک دادەمێنێ چ حەسرەتێک بۆ تەمەن دەخۆی خۆزگە قەڵەمەکەم مەودای ئەو جوانیەی باشتر دەبڕی و جواننووسی لەجوانبینی چاوەکانم قەرز دەکرد.



# وێستگەی دیوان


- زۆرن ئەوانەی ڕووداوێک ژیانی گۆڕیوون
- موحسین حەمرا
- لەیادی (فەرید زامدار)دا

# زۆرن ئەوانەی ڕووداوێک ژیانی گۆڕیوون

# ( پەناهی یەکێکیانە )

«بەخودام گوت: وەرە جیهان بەشبکەین
ئاسمان بۆ من و هەورەکان بۆ تۆ
دەریا بۆ من و شەپۆلەکان بۆ تۆ
خودا پێکەنی و گوتی:
تۆ بەندایەتی بکە
هەموو دونیا بۆتۆ
منیش بۆتۆ»

ڕۆژێک ڕووداوێک ڕوودەدات، ژنێکی گوندی دێتە لای حوسێن پەناهی، لێی دەپرسێ: مشکێک کەوتۆتە هیزە ڕۆنەکەیەوە، ئایا ئەو ڕۆنە پیس و گڵاو و حەرام بووە، یان نا، پەناهی دەزانێت کە بووە، بەڵام لەبەر



ئەوەی ژنەکە زۆر دەستکورت و هەژار بووە، نایەوێت ڕاستییەکەی پێ بڵێت، بەڵکو پێی دەڵێ: مشکەکە دەربهێنە و جێگەکەشی فڕێ بدە، ئەوی تری پاک و حەلالە، دوای ئەم ڕووداوە، پەناهی جبەی مەلایەتی دادەکەنێت و ئیدی واز لە ئایین دێنێت.

دیارە ئەگەر ئەو ڕووداوە لە ژیانی (حوسێن پەناهی)دا ڕووینەدابا، مومکین نەبوو، پەنابەرێتە بەر دونیای جوانی هونەر و ئەدەب و ڕۆحمان پاراو نەدەبوو بەو تێکستە جوان و ناخ هەژێنانەی و ئێمەش دەستمان بەوە ڕانەدەگەیشت ئەو چەند دێرەی لەسەر بنووسین.

پەناهی لەزاری خۆیەوە دەڵێ: کە منداڵ بووم، نەمدەزانی دەبێ بە زیندوبوونم دڵخۆش بم یان نا، لەبەر ئەوەی کە هیچ هەڵوێستێکی تایبەتیم لە بەرانبەر ژیاندا نەبوو و لێی تێنەدەگەیشتم .

پەناهی بە ڕۆمانی (کووندەپەپووی کوێر) سەرسام بووە، ڕۆمانی (دکتۆر ژیڤاگۆ)شی لا باشترین ڕۆمانی بیانی بووە.

کاتێ لەبارەی ژیانەوە لێی دەپرسن دەڵێ: ژیان کۆمەڵێ دووبارەیە، پڕ لەهیوا و هێڵکە و قالۆنچە و فەلسەفە و ئەڤین.

کاتێک لەئاوێنەش تەماشای خۆی دەکات دەڵێ: دڵم بەحاڵی خۆم دەسووتێ، هەست دەکەم ڕۆحم هیچ پەیوەندییەکی بەجەستەمەوە نییە، هەر بۆیەشە حەزی کردوە لەچڵ ساڵیدا بمرێ، بەڵام ئەو چوار پێنج ساڵێک پتر ژیاوە و لەساڵی ٢٠٠٤ دوای دواهەمین پەیوەندی بە (سینا)ی کوڕیەوە، پێدەچی هەر لەهەمان ڕێکەوتدا مردبێت، چونکە شەوی ٢٠٠٤/٨/٤، واتە سێ شەو دوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە لە لایەن (ئان)ی کچییەوە تەرمی (حوسێن

پەناهی) لەماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە.

پەناهی کاتێک لێ`دەپرسن کەی یەکەمجار هەستت کرد دەتوانی ببیت بە ئەکتەر؟ دەڵێت: ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار درۆم کرد.

(حوسێن پەناهی) باوەڕی وابووە کە خودا ئەو شتەیە کە منداڵان دەیزانن، نەک گەورەکان.

هەربۆیە دەڵێ: دەمەوێ بڵێم کلیلە ونبووەکانی ئێمە لە گیرفانی منداڵەکان و گیرفانی ئەوانەدایە کە وەک منداڵ وان.

لەبارەی مرۆڤی سادە و مرۆڤی ئاڵۆزەوە، پەناهی پێیوایە، مرۆڤی سادە ئەوەندە ئاسوودە دەمرێت، کە مرۆڤی ئاڵۆز تەنانەت ناتوانێ بەو ئاسودەییەوە بشخەوێت. بەڵام مرۆڤە سادەکان ئاڵۆزترین بوونەوەری سەر زەوین کە مێژوو ناچار بە دووبارەکردنەوە دەکەن.

نموونە بە قسەیەکی (مارکیز) دێنێتەوە کە لەڕۆمانی سەد ساڵ تەنیایدا دەڵێ: «من مرۆڤێکی هەژارم، کە بڕێکی زۆر پارەم هەیە».

پەناهی دەڵێ: من وەک فیل وام، مرۆڤ کە سەیری فیل دەکات، هەست دەکات ئەم ئاژەڵە قسەی زۆری بۆ گوتن هەیە، بەس هیچ ئەندامێکی یارمەتی ئەم قسەکردنەی نادات.

وەک بۆخۆی دەڵێ: ئەو لەیەک کاتدا هەم شاعیر بووە، هەم نیگارکێش، هەندێ جاریش نەیژەن، بەڵام هیچیانی بە بایەخەوە وەرنەگرتووە، بۆیە وەک دەڵێ ئەگەر وزەکەی لە یەکێ لەو بوارانەدا خەرج بکردایە زیاتر تێیدا قاڵ دەبووەوە و باشتریش بوو بۆ ژیانی ئەو.

« لە خواترسێک لە گۆێ ئەستێرکێک ڕۆنیشت

لەوبەری ئەستێرک

ژنێک گەردەن و گەردنبەندی لێدەرخستبوو

ئەم چاوی نوقاند و بەهێواشی گوتی:

دووربکەرەوە لەمن شەیتان

کە چاوی کردەوە


ژن

سنەوبەرێک بوو

گەردانەشی

مانگ

پەناهی لە کۆپلە شیعری برینەکانیشدا دەڵێ:




لە ترافیک لایتێکدا

منداڵێک بە چاوە پاکەکانی و

بەدەستە بچووکەکانییەوە گوتی:

لەزگەی برینت ناوێ

پێنجی بەسەد تومەن

ئاخێکم هەڵکێشا و لەبەر خۆمەوە گوتم:

هەموو لەزگەکانیشت لێبکڕم

نە برینەکانی من سارێژ دەبن

نەبرینەکانی تۆ

# موحسین حەمرا

لەو ڕۆژەوەی کە چوومە قوتابخانە، لە ساڵی ١٩٤٧-١٩٤٨و بەدرێژایی ژیانم، ناوێک، یان لەقەبێکم، وەک پاشگری ناوم بەکارهێنا، یەکەمیان (بەقال) بوو، ئەوەیان پەیوەندی بە پیشەی باوکمەوە هەبوو، دوکانەکەی ( الخان الابیض) کە کەوتبووە شەقامی (ئاشتی-شەقامی باتە) کە دواتر بەهۆی بەرفراوانی بیناسازی شار، نەما.



د. موحسین محەمەد حوسێن

دواتر نازناوی (حمرا، یان حمره) بۆ ناوەکەم زیادکرد، کە بۆ داپیری بابم، یان داپیری باپیرم دەگەڕایەوە.

واتە ئەو خستنەپاڵە بۆ (ژن) (بۆ دایک) شتێکی پەیڕەوکراوە لەهەولێر، کەسانی زۆرم بە بیر دێت لەهەولێر و دەوروبەری بە ناوی دایکیان ناسراون، لەو بارەیەوە قسەم بۆ دکتۆر(اثیر کاظم الخالدي) نەجەفی کرد، لە کتێبەکەیدا (مجهودي الفکري) کە ساڵی ٢٠١٧ لە زانکۆی (کوفە)ماستەری پێوەرگرت، لەوانەی بە بیرم دێن: (کەریم عەیشێ، عەبدوڵلا دایە خەجێ، نەجات عەلی فاتێ، مەجیدی عەیشێ، قادر فاتەکە، وەهاب عەیشێ) هەروەها لە دەوروبەری هەولێریش ئەوناوانەم بەبیر دێت: ( حەیشە غنیش، جاسێ...هتد).

نازناوی (حمرە)م لە سەرەتای قۆناغی ئامادەیی (١٩٥٣-١٩٥٨) بەکارهێنا، هەروەها لە خوێندنی زانکۆم، هەتا دوای دەرچوونم لە کۆلێژی پەروەردە لە ساڵی (١٩٦٢).

من لە قۆناغی ئامادەیی (١٩٥٦-١٩٥٨) پەیوەندیم بە (حزبی شیوعی)یەوە کرد.


هەندی کەس واگومانیان دەکرد کە ئەو نازناوەم پەیوەندی بە ڕەنگی سوورەوە هەیە، ڕەنگی جوولانەوە چەپ و شوعییەکان لە جیهاندا.

لە نووسراوی دەرچوونم و دامەزرانم لە قەزای (قلعة صالح/ لواء العمارة/میسان) ئێستا نازناوی (حمرە) نووسراوە.

لەسەردەمی ململانێکان لەگەڵ حزبی بەعس، لە کۆلیژ ڕقیان لێم دوو ئەوەندە بوو، تا ئێستاش شوێنەواری پەلاماری بە کۆمەڵیان لە ساڵی ١٩٦١ بۆ سەرم، بەسەرمەوە دیارە.

دوای دامەزرانم بەچەند هەفتەیەکی کەم کودەتای ڕەشی ٨-ی شوبات-ی ساڵی ١٩٦٣ ڕوویدا، ئەمە وایکرد نازناوەکەم بشارمەوە، بۆیە بەیەکجاری ( حمرة)م لادا، ئیدی ناوەکەم لە (قلعة صالح، اربیل) دواتریش لە بەغداد بووە (محسن محمد حسین) ئەوە هەتا دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخەکە و جێگیربوونیشم لە زانکۆی شارەکەم، بەڵام کاتێک لە ساڵی (١٩٩٦-٢٠٠٢) چوومە لیبیا ناوی شارە خۆشەویستەکەم وەک نازناو بەکار دەهێنا (محسن الاربلي) بەبێ ناوهێنانی بابم.

لەگەڵ ئەوەشدا نازناوی (حمرە) لە گەڵ هاوڕێکانمدا هەر بەکاردێ، هەتا لە گەڵ هەندێ مامۆستا و قوتابیانی خانەی مامۆستایان و پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر. وای چەندە دڵخۆش دەبووم، ئەگەر ئەو نازناوە جوانەم بۆ بگەڕابووایەوە.



محسن حمراء (ملحقاً باسمي)

لقد استعملت طيلة حياتي إسماً او لقباً منذ دخولي المدرسة ١٩٤٧-١٩٤٨، فكان اوله هو (بقال)، نسبة الى مهنة والدي، وكان دكانه قبالة (الخان الأبيض) الذي أزاله التوسع العمراني للمدينة بشق شارع (السلام/ شارع باتا). ثم اضيف لقب (حمراء/او حمرة) نسبة إلى جدة والدي او جدة جدي، وكان النسب الى المرأة (الى الام) طريقة معهودة في اربيل. اذكر اشخاصاً ذاع صيتهم في المدينة واطرافها عرفوا بأسم والدتهم. وقد تحدثت عن ذلك الى الدكتور (أثير كاظم الخالدي) النجفي في كتابه عن مجهودي الفكري الذي نال عنه درجة الماجستير في جامعة الكوفة عام ٢٠١٧، اذكر منهم كريم عيشێ، عبد الله دايه خەجێ، نجاة علي فاتێ، مەجیدی عەیشێ، قادر فاتەکە، وهاب عەیشێ، وكذلك في اطراف اربيل اذكر: حەیشە غنیش، جاسێ ...الخ.

استعملتُ لقب (حمرة) بدءاً من الثانوية (53-1958) وكذلك في الدراسة الجامعية حتى بعد تخرجي من كلية التربية 1962. وبما أني إنتسبت الى الحزب الشيوعي في المرحلة الأعدادية (56-1958) ظن البعض ان اللقب له علاقة باللون الأحمر لون الحركات الشيوعية واليسارية في العالم. وكتاب تخرجي ثم تعييني في قضاء قلعة صالح / لواء العمارة / (ميسان حالياً) كان فيه لقب (حمرة). وفي خضم الصراعات مع حزب البعث كان هجومهم عليَّ مضاعفاً في الكلية، وما زال رأسي يحمل آثار اعتدائهم الجماعي عليَّ سنة ١٩٦١.

بعد تعييني بأسابيع قليلة حدث انقلاب 8 شباط الأسود سنة 1963، فبات أمراً ضرورياً أن أخفي لقبي وأحذف (حمرة) فصار اسمي يكتب في قلعة صالح واربيل، ثم بغداد (محسن محمد حسين)، وحتى بعد أن استقر وضعي في جامعة مدينتي. لكن حين غادرت الى ليبيا سنة 96-2002 صرت استعمل اسم مدينتي الحبيبة (محسن الأربيلي) دون ذكر اسم الوالد، لكن ظل لقب (حمرة) يلاحقني مع أصدقائي، وحتى مع بعض اساتذة وطلبة دار المعلمين ومعهد اعداد المعلمين في اربيل، وكم هو بودي لو عاد لي هذا اللقب الجميل.

14/تموز/2021


# له یادی (فەرید زامدار)دا




دەمزانی، وێڕای هەموو شتێک، هەر ناتوانم
لێتان دووربم.
کۆچی زامدار، بۆ هەمووتان، ئەگەر کۆچی
پەپوولەش بێ، دواجار کۆچی شیعر و قسە و
لوتف و تێڕامان و دەست و پەنجە و جگەرە و
بادە و نۆشە.
درووود بۆ
گیانی پاکی فەرید زامدار.
ئەو زامدارەی، خۆی و
دەست و پەنجە و
جەگەرەکەی، تێڕامان و
شیعرەکانی بۆ هەمیشە
لە گەڵمانە.
(گەڕانەوە)
کە مناڵ بووم
سروشتی وێنەکردنم
کۆمەڵێلک
شاخی سەرکەش بوو
بیری ساوام لە وێنەدا

( ٢٠١٩/٧/٢١ -١٩٥٢/٧/١ )

نیگای نەرمی کوردستانی لە باوەش بوو
کە منالّ بووم
لە چاوگەی ئازار و ئێشا
سەرم هەڵدا
هێشتا پێنووسم ساکار بوو
وێنەی یەکەم
ئەشکی هیوام
لەزام کێشا!



# باخچەی دیوان

- ناساندنی ژمارە (١)ی گۆڤاری دیوان
- ساڵۆنی لاپەڕە (٩)

# لە ئێوارەیەکی قەشەنگدا ...
# ژمارە (١)ی گۆڤاری دیوان بڵاوکرایەوە




ئێوارەی ٢٦-٦-٢٠٢١، لەدرێژەی کارە ئەدەبی و ڕۆشنبیریەکانی خۆی، ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی لەهۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو لەبارەگای لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد ، ژمارە (١) ی گۆڤاری (دیوان)ی ناساند.

لەمەراسیمەکەدا کە ژمارەیەکی زۆر لەنوسەرو شاعیرو ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی شاری هەولێر ئامادەیبوون، سمکۆ عەبدولکەریم سەرنوسەری گۆڤارەکە وتەیەکی پێشکەش کردو گوتی: ئەو ڕەوتەی ئێستادەیبینین درێژبوونەوەی ئەو مێژووە دوورودرێژەیەی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردیە لەهەرێمی کوردستاندا کە یەکەم گۆڤاری کوردی لەساڵی ١٩١٣ بەناوی (ڕۆژی کورد) لەشاری ئیستەنبوڵ دەرچوو لەگەڵ چەندین گۆڤاری دیکەی کوردی .

گوتیشی: لەدوای ڕاپەڕین قۆناغێکی تازە هاتە پێش کە لەبواری ڕۆژنامەگەری بێ وێنە بووە کە دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار دەرچوون، بەڵام دەبینین بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هاتەپێش کە ڕۆژنامەگەری بەگشتی و ڕۆژنامەگەری کاغەز بەتایبەتی لەپاشەکشەدایە







کەسەرهەڵدان و پێشکەوتنی سۆشیال میدیاش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە وایکرد ڕۆژنامەی کاغەز دوابکەوێت و بەشێک لەنوسەران پێیان وابوو ئیدی کۆتایی بەڕۆژنامەی کاغەز دێت و سۆشیال میدیا جێگای دەگرێتەوە، بەڵام ماوەیەکە هەست دەکەین میدیای کاغەز بوژانەوەیەکی بەخۆوە بینیووە لێرەولەوێ دەست بەدەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی کاغەز دەکرێتەوە.


راشیگەیاند: هۆکاری دەرچواندنی گۆڤاری دیوان ئەوەبوو کە ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستیان بەکارو چالاکی خۆیان کردەوەو دوای کۆنگرەش بوژانەوەیەک دەبینرێت لەدەزگاکانی یەکێتی، یەکێک لەودەزگایانەی بایەخی زۆری پێدراوە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنە، بەتایبەتی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی کە یەکێک لەکارە هەرە باشەکانی کە دەستیپێکردووە دەرکردنی ئەو گۆڤارەیە، کە منیان ڕاسپارد ببم بەسەرنوسەری، ئەوەش بۆمن جێگای شانازیە، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو دەبینین ڕۆژێک لەڕۆژان زۆر کەڵە پیاوی گەورە، بەشی قانونی زانکۆکانیان تەواو کردووە تەنیا بۆ ئەوەی بتوانن خاوەندارێتی گۆڤارێک بکەن یان ڕۆژنامەیەک دەربکەن.


گوتیشی: بۆ ژمارە یەکی گۆڤاری دیوان ویستمان لەمەراسیمێکی ئاوادا بەئێوەی بناسێنین و سیاسەت و ئامانج و ستراتیژیەتی خۆمان وەکو کارەکتەری گۆڤارەکەو سیاسەتی گۆڤارەکەش بەئێوە بناسێنین و ئاشنابن بۆ ئەوەی هەمووتان هاوکاربن، چونکە ئەو گۆڤارە ڕاستە ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی پاڵپشتی دارایی دەکات ، بەڵام گۆڤارێکە بۆ سەرجەم ڕۆشنبیران بەبێ جیاوازی.


لەژمارەی یەکەمیدا دەبینن کە بەڕاستی ئێمە بەبێ جیاوازی دەنگە جیاوازەکان کاردەکەین. گۆڤارەکە ئەدەبی و ڕۆشنبیری گشتییە، پێمانوایە ئەدەب کایەیەکی زۆر گرنگە لەناو ڕۆشنبیری کوردی و بەهیچ شێوەیەک ناتوانین بەبێ ئەدەب کاری لەسەر بکەین.

سمکۆ عەبدولکەریم گوتیشی: نەمانویستووە گۆڤارەکە لەچوارچێوەی بوارێکی تایبەتی قەتیس بکەین جگە لەوەش مەبەستمانە ئاوڕێکی باش لەسەرجەم ئەو کەسایەتیە ڕۆشنبیریانە بدەینەوە چ لەکوردستان یا دەرەوە بەتایبەتی کەسایەتیەکانی هەولێر کە ئەو گۆڤارە بۆ نوسەران














و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و سینەماکارانە بەبێ جیاوازی. ئێمە ئامانجمان هەیە لەگۆڤارەکە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئامانجێکی بەرتەسک زاڵ نییە بەسەر کارکردنماندا، ئامانجی ئێمە خزمەتکردنی بەفەرهەنگ و ئەدەب و زمانی کوردییە.

دواتر لەلایەن فرمێسک وریا قانیع و زاهیر عەبدوڵڵا پەردە لەسەر ژمارە یەکی گۆڤارەکە لادراو پاشان گۆڤارەکە بەسەر ئامادەبواندا دابەشکرا.

**ڕەوەست نەوزاد**







# سالۆنی لاپەڕە

# (٩١)



خولی ڕۆژنامەنووسی بۆ ٧٨ گەنجی مەڵبەندی ٦ی سۆران لەڕەواندوز ٢٠٢١/٦/١٧




خولی ڕۆژنامەنووسی بۆ ٧٨ گەنجی مەڵبەندی ٦ی سۆران لەڕەواندوز ٢٠٢١/٦/١٧



خولی ڕۆژنامەنووسی بۆ ٧٨ گەنجی مەڵبەندی ٦ی سۆران لەڕەواندوز ٢٠٢١/٦/١٧



خولی ڕۆژنامەنووسی بۆ ٧٨ گەنجی مەڵبەندی ٦ی سۆران لەڕەواندوز ٢٠٢١/٦/١٧



خەڵاتی ڕێزلێنان لە نووسەرو ڕۆژنامەنووس ئازاد سەوزە
٢٠٢١/٦/٩




کۆڕی ناساندی چوار کتێبی شوان داودی
٢٠٢١/٦/٢٦




کۆڕی کتێبی (ڕاگەیاندن لەکاتی قەیراندا) بۆ هەردەوان مەحمود و د. ئاراز ڕەمەزان
٢٠٢١/٦/١٢



کۆڕی ڕۆمانی (گورگە مێیەکە) بۆ نوسەرو وەرگێڕ ستار باقی
٢٠٢١/٦/١٩




کۆڕی فەهیمە خان بۆ کتێبی (هەنگاوێک بەرەو سۆسیال دیموکراسی)
٢٠٢١/٦/١٥



کۆڕێک بۆ کتێبی (خەوشەکانی حوکمڕانی کوردی و ئاسۆی چارەسەر) د. ئەحمەد مەحمود
٢٠٢١/٧/١٠



کۆڕێک بۆ ساڵیادی کۆچکردنی هونەرمەند
جەلال بەیار ٢٠٢١/٧/٣



کۆڕێک بۆ ساڵیادی کۆچکردنی هونەرمەند
جەلال بەیار ٢٠٢١/٧/٣




کۆڕێک بۆ ساڵیادی کۆچکردنی هونەرمەند
جەلال بەیار ٢٠٢١/٧/٣



کۆڕێک بۆ ساڵیادی کۆچکردنی هونەرمەند
جەلال بەیار ٢٠٢١/٧/٣



یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەکتەبی ڕاگەیاندن
ناوەندی هەولێر

الاتحاد الوطنی الكوردستانی
مكتب الاعلام
فرع اربیل

PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN - MEDIA OFFICE - ERBIL CENTER

بەڕێز / م. ئازاد سەوزە

بابەت/ سوپاس و پێزانین

بەسوپاسێکی زۆرەوە ئەرشیفی جەنابتان کە پێکهاتبوو لە ژمارەیەک ڕۆژنامەو گۆڤار بە دەستمان گەیشت کە سودی دەبێت بۆ کتێبخانەکەمان، لە پای ئەم کارە دڵسۆزیەتان سوپاس و پێزانینت ئاراستە دەکەین.
هەرشادو سەرکەوتو بن

مەسعودی مەلا هەمزە
لێپرسراوی ناوەند

# دوا لاپەڕە



بێکەس حەمە قادر

ڤایرۆسی کۆرۆنا تا ڕادەیەکی زۆر ژیانی وەستاندبوو بواری داهێنان و ئەدەب و ڕۆشنبیری بەجۆرێک وەستاندبوو لە جووڵەی خستبوو گەرچی بۆ خوێندنەوەو نووسین دەرفەتێکی باش بوو .

ماوەیەکە خەریکە ژیان ئاسایی دەبێتەوە و بواری ڕۆشنبیری جووڵەی تێکەوتۆتەوە و بوارەکانی دیش وردە وردە وەگەڕکەوتۆتەوە. ئێستا کۆڕو سیمنار بەگشتی جمەیان دێ. هەولێر وەک پایتەختی باشووری کوردستان لەڕووی شەقام و تەلاری بەرز بەرز و زۆرینەی کونسولخانە و دەیان و سەدان کۆمپانیای زەبەلاحی لێیە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەچاو کەناڵی بینراو و بیستراو گۆڤار و ڕۆژنامەی کاغەزی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. ئێمە لەگۆڤاری دیوان وادەستمان پێکردووە دەبێت بەردەوام بین ببینەماڵێک بۆهەموو داهێنەر و ئەدیب و ڕۆشنبیران تێیدا کۆبکەینەوە و جیاوازتر کار بکەین دیوان هی هەمووان بێت و بشتوانین دەستی ئەوانەش بگرین کە بوونیان هەیە و دەسپێکی باشیان هەیە دەمانەوێت بۆ ئەوانیش هاوکار و پشتیوان بین لەبواری چاپ و بڵاوکردنەوە .

ئەوەی لای ئێمە جێگەی هەڵوەستە و ڕاوەستانە بواری ڕەخنەیە کە ڕەخنەگرەکانمان بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن و لەئەدەبیاتی ئێمەدا پشتگوێخراون دەمانەوێت لە دیوان گرینگی بەرەخنە بدەین لەئەدەبیاتدا.

رەخنە رۆح بەبەر ئەدەبیات دا دێنێتەوەو جووڵەیەک دروست دەکات و دەقی باش و خراپ لێک جودا دەکاتەوەو ئەو بەربڵاوییەی لە بواری داهێنان و نووسین هەیە. دەقی کرچ و کاڵ کە بەنێوی شیعرو چیرۆک لێرەو لەوێ دەیبینین، رەخنەگرەکانمان دەتوانن بۆمان ساخ بکەنەوە.

ئێمە لە گۆڤاری (دیوان) دەمانەوێ ئەو دەرفەتە بڕەخسێنین و رەخنەگرەکانمان دیوان بکەنە مینبەری بابەتەکانیان و بەرهەمی داهێنەرانەو دانسقە هەڵبژێرن و بیخەنە بەر نەشتەری قەڵەمەکانیان.

بۆیە کە دەبینین ئەدەبیات و کایەی ڕۆشنبیری گەشەی خێرا بەخۆیەوە دەبینێ و هۆلەکان جمەیان دێ لە چالاکی ڕووناکبیری و کاری ئەدەبی حەقە بەهەموو لایەک قیمەت بۆ کتێب و نووسراوی کاغەز بگێڕینەوە تا لەوێ نووسین و داهێنان بکەینەی سەرەتایەک تا نووسین و خوێنەر ئاشت بکەینەوە بە دیالۆگ و پەرە بە داهێنان بدەین